# جێتەنگی گوڵەکان

## ڕۆمان

## نووسینی: نەوزاد یوسف کاکەیی

ڕەنگە ئەمە دواهەمین تەقەلایەکی قڕکردنمان نەبێ، چونکە دەزانم یەکەمین نیە، زۆرمان بیستووە کە بە درێژایی مێژووی ئەم خاکە چەندین سوپاو لەشکری ڕەنگاڵە خاکو خەڵکیان داوەتە بەر نووکی ڕم و ڕاوەشاندنی شیرو بۆردومانو تۆپباران کردن، تەنها بەسەرهاتێکی لەو جۆرە لەوانی دیکە پتر باس دەکراو بە نیونیوەچڵی دەگێڕدرایەوە، دەڵێن تاکوو نوکەش ئاسەوارو بەڵگەی ڕاستی ئەو چیرۆکی قڕکردنە لە زاری ئەشکەوتێکی ون بوودایە، کە ڕێ ی پێ نابەینوو بە گۆڕی چیرۆکێ ناسراوە. چیرۆکی زەبرو زەنگوو عیشقبازی، کە سەردێڕی بە خامەی نیگار هەڵقەنێکی عاشق هاتۆتە نووسین و دەسپێك.

گەلێ عەوداڵی بیستنی ڕاستی سەربوردی ئەو چیرۆکە بووم.

ئەوەی ڕاستیو ناڕاستی گەیشتنم بەو چیرۆکەی پێبەخشیم، ئەو تابلۆ سەیرو سەمەرەیە بوو کە ئەو نیگارهەڵقەنە بلیمەتە هەڵی کۆڵیبوو، تابلۆکە لە سەر تاشە بەردێکی گەلەك قەبە بوو، دەکەوتە پێش دەروازەی ئەشکەوتێکی گچکە، زۆر لاڕێ بوو، هەر لەبەر ئەوەیش بووە کەسێ پەی بە شوێنەکەی نەبردووە.

من پێشتر گەلێ عەوداڵی دۆزینەوەی ئەو شوێنە بوومو گەلێك شاخو کێوو کۆسارانم پشکنیبوو، بەڵام چیم نەدیتەوە. ئێستەش بە ڕێکەوت و پاش هەڵاتنو خۆ حەشاردانم لە دەستی ئەو لەشکرکێشە قڕکەرە ڕێ ی وێڵم کەوتە سەر ئەم تابلۆیە، بۆ ماوەیەك لەبەر ئەو وێنەیە تاس بردمیەوە، هەرکەس ئەو ڕوخسارەی بدیبا یەکسەر بزەیەك دەکەوتە سەر لێوانیو تەلیسمێك سەرتاپای جەستەو گیانی دەهەژاند، منێك کە بێ هیچ تاوانێك لەشکرێ مەرگ بە دوومەوە بوو، ئارامو بێ سرتەو ترسو نیگەرانی لە پایەیا سڕ بوبووم.

پاش تێرکردنو شکاندنی تاسەی چاوەکانم کەوتمە هەڵوەدای دۆزینەوەی ئەو گۆڕی چیرۆکە کە دەماودەم بیستبوومەوە.

کات دەمەو ئێوارە بوو گەیشتمە ئەو شوێنەی کە چەندین ساڵ بوو تامەزرۆی دیتنی بووم، سەرەتا هەموو ئەمبەرو ئەوبەری تابلۆکەم کرد، دەورو خولی ئەشکەوتەکەم پشکنی، بەڵام بێ سوود بوو.. دنیا بەرەو تاریك بوون دەچوو، ناچار لقی درەختێکم گرتێبەرداو خۆم کرد بەکونە ئەشکەوتەکەدا، ئەشکەوتەکەبە چەشنێ ڕاڕەوێك دەستی پێ دەکرد، پاشان بۆشاییەکی چوون هۆدەیەکی نەختەك گەورە بوو، ناو ئەشکەوتەکە تاریك بوو. بە ترسوو پرینگانەوە دەچوومە پێش، پاشان سەرتاپای ئەشکەوتەکەم بەو مەشخەڵەی دەستم پشکنی، لە لایەکی ئەو بۆشاییەوە تاوێرێکم بینی کە چوون دوومبەڵێ نابوتو ناڕێك شوێنێکی گرتبوو، بەڵام گەر

تەماشای سەرەوەت کردبا بۆشایی ئەو قەبارەی تاوێرەت لە میچی ئەشکەوتەکە بەدی دەکرد. بە جۆرێك کەوتبوو کە بۆشاییەك کەوتبوە نێوانی تاوێرەکەو سووچی لای خوارەوەی دیواری ئەشکەوتە بیٚ ناو نیشانەکە، تیشکی ڕۆشناییەکەم لەو بۆشاییە نزیك کردەوەو خۆم بەرەو پێش چەماندەوە، هەردوو زرانیەکانم خستنە سەر زەوی، تەماشایەکی ئەو بەینی تاوێرەو سووچی دیوارەم کرد چیم نەدیت.

سەرنجی دیوارەکانمدا هەستم کرد نووسراوێك بە سەر پارچە بەردێکی تەختی سەر دیوارەکەوەیە، گەلیٚ هەوڵمدا دەستم بیگاتیٚ بەڵام بیٚ سوود بوو. ناچار گەڕامە دەرەوەو لقێکی گەورەی درەختێکم هێنا درێژم کردەوە ژێر تاوێرەکەو هەوڵمدا لەو شوێنەی تلدەم، بە ئاستەم بۆم دەبزوا. ئەو تۆزە بزوانە هیوایەکی سەرکەوتنی پیٚ بەخشیم گەلیٚ مانووی کردم هەتا قیچەك دوورم خستەوەو بە دەست درێژ کردن ویستم بگەم بە بەردە شت لە سەر نووسراوەکە، بەڵام دیار بوو کە تەواو شوێنی خۆی توند کردبوو ناچار هەر بەو لقی دارە کەوتمە لێدانی تا تەواو لە جێی چەسپبووی خۆیم لەق کرد، دیسانەوە دەستم بۆ درێژ کرد. هەرچۆنیٚ بوو زاڵ بوومو بەرەو لای خۆمم کێشت.

کاتیٚ تۆزوو خۆڵی سەر نووسراوەکەم پاکژ کردەوە، لە سەری نووسرابوو (گۆڕی چیرۆکیٚ ). باوەڕم بە چاوەکانم نەدەکرد، چەند جارێك چاوەکانم هەڵگلۆفاند چەند جارێك ڕووی ئەو تەختە بەردەم تەکاندوو فووم لێکرد هەمان شتم دەخوێندەوە. دیسانەوە تیشکی ئاگرەکەم لە شوێنی بەردەکە نزیك کردەوەو نووشتامەوە بۆ بینینی، هەستم بە بۆشاییەك لە پاینی دیوارەکە دەکرد، دەستم بۆ درێژ کرد، دەستم لە بۆشایی پەلەکوتەی دەکرد. ناچاربووم دیسانەوە بکەومەوە زۆران لە گەڵ تاوێرەکە، بەهەمان شێوە دارەکەم خستەوە بن جەستەیو کەومتمەوە هەولی لابردنی. هەندێك دوورترم خستەوە دیسانەوە دەستم درێژ کردەوە. دەستم بەر تەنێك کەوت کە نەمدەزانی چیە. زۆرم هەوڵدا کە هەندێك لە جەستەم پاڵنێمە بن تاوێرەکەوە.. هەر لە هەوڵدان بووم تا دەستم تەواو پیٚ ی گەیشت. شتەکی وەك گوێچکە هاتە دەستمەوە، لێیەوە ڕامکێشت کە هێنامە دەرەوە دەبینم گۆزەیەکە دەمی بە قوڕ سواخ دراوە، گۆزەکەم بە دیوارەکە دا داو شکاندم کۆمەڵیٚ کاغەزی لولکراوی زەردباوم چنگ کەوت.. بەو شەوە بەو ماندوییو هەڵاتنمە لە دەستی مەرگ، یەك یەك کوتمە خوێندنەوەیان

نووسینەکان بۆمن چوین دزەکردنی سەرمایەکی بەتین بوو بۆ ناو جەستەم، وا ڕۆ دەچوو هەستم دەکرد دەدا لە ئێسکم، مچوڕکەی پیٚ دێنام سەربوردەیەکی خەماوی پڕداخو کەسەر بوو.

گەر دۆزینەوەی ئەم چیرۆکە نەبا لەوانەیە هەستابام بە نووسینی ئەو کارەساتانەی کەلەو پرۆسەی قڕکردنە دیبومن. بەلاّم ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە چی پێویستیم بە نووسینەوەی وردەکاریەکانی ئەوە نەبێ کەمن لەم کاتەدا بینیبووم. گەر هەندێکیش بێنمەوە یاد ئەمە مانای ئەوە نیە هەر هەموو ئەوانەیە کە دیومن.

خەڵکی ئەو ناوچەیەو هەموو خەڵکانی گوندەکانی دیکە لە پێشوازی هاتنی بەهارو بەتەمای ماڵئاوایی بوون لەو وەرزە رچێنەرە. هەر وەك خۆیان دەیانگووت هەرگیز ئۆخەیمان لە وەرزی بەهار نەکردووە، لە هەموو وەرزەکانی بەهارو سەرەتای بەهار کارەساتەکان لێمان قوت دەبنەوەو گرێیەك لە دڵمان درووست دەکەنو لێڵیەك دەخەنەوە سۆمای چاومان.

نە من و نە خەڵکەکەش نەمانەزانی ئەو تاوانە چی بوو خرابوە پاڵمان تا بەو شێوە دڕندەیە سزا بدرێین. گەر تاوانێکیش بووبێ هەرگیز ناکرێ چی بوونەوەری دەڤەرەکەیە لە مرۆڤو گیانلەبەروو زیندەوەروو پەلەوەریش هەر هەموو تاوانبار بن.

هێرشەکە بە شێوەیەك بوو کە لە بیرو لێکدانەوەی کەسێکدا نەبوو، هەموو سەرسوڕماو لەو شاڵاوە بێ سنوورو بێ دەستپاراستنە دەمانڕوانیو گێژو وێژو بێچارە چاوەڕوان بووین ئەو ئاژەڵە دڕندەیە هەڵمانلووشێ.

لە بەر ئەوەی من کەسێکی رێبواری وەك میوان بووم چ بارگرانیەکم بە سەرەوە نەبوو، چی شتێك نەبوو دوام بخات لە هەلاّتنو خۆ دەرباز کردن.خەڵکان بە نیازی خۆ قوتار کردن بڕبڕ سەر دەکەوتنە سەر هەڵەتو گردوو کێوەکان، بە مەبەستی تەنها دوورکەوتنەوە لەو شوێنە سامناکە، بەلاّم هێزە کوێرەکە بە دویانەوە دەڕۆیشتو دیار بوو نەیدەویست کەسێ لە چنگی دەرباز بێت. ئەوە وای لێکردم کە دووی کەس نەکەومو بە دەستەجەمی لە تەك ئەوانی دیکە نەڕۆم، چونکە هێزەکە بەدوای زۆرترین ژمارە دەکەوت. بە دەستی پەتیو بێ هیچ چەکێك ملی ڕێ ی هەڵەتو زورگو بەرزاییەکانم گرتە بەر. رەچاوی ئەو رێگاو بانانەم نەکرد کە بۆ هاتووچۆ کرابوون، یا لە ئەنجامی زۆری هاتوچۆکردن بەسەریەوە بوبونە رێگا.

هەر ئەو لادانەش بوو رێی وێڵی ئێرەی پێ نیشاندام، بێ ئەوەی بزانم چەند بەڕێوە بوومو چەندم رێگا بڕیوە. چەند ئەستورکێك تویێشووی رێگەم بوون.

دۆزینەوەی ئەو نوسراوانە هەموو ئازارو ماندوێتی بیر بردمەوە، وام هەست دەکرد گەورەترین گەنجینەم دەست کەوتوون، ئەو نووسراوانە وای لێکردم کە پتر خۆم بە روحما هەڵواسم پارێزگاریو بەرگری لە مانەوەی خۆم بکەم، پاشان هەموویانم لە باخەڵم ئاخنیو کەوتمەوە رێ، بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم بەلاّم زۆر لە سەر خۆو بە ئاگاداریەوە ملی رێگام گرتەبەر،

هەرچی گوندی سەر رێگاکانم بوون خاپوور کرابوون، ترسی ئەوەم لێ نیشت کە کەسێکو ئاوەدانیەك نەمابێ، بەڵام پاشان کەوتمەوە ئاوەدانیو هەمووم شێردەوە، ئێستەش دەیخەمە پێش دەستی تۆی خوێنەر.

من ئاشقە پەتیارەو شێتو شیرەکەی ئەم گشت دەڤەرە بوومو چیم بە پێش بینادا تێپەڕیبا وێنەم دەکێشا...وێنەی شتی جوان و ناشرین، قەشەنگو دزێو، دارو بەردوی ئەم دەڤەرەم دەکردن بە وێنە، بوبومە گەمەو گەپجاڕی گەورەو گچکان. چیم وێنەکێشابا وردو خاشیان دەکردن. ماندوو نەدەبووم و وێنەم دەکێشان، تەنها وێنەیەك کە بۆم نەبوو بیکێشم وێنەو نیگاری هەیبەت بوو، ئەو هەیبەتەی کە هەموو ئیلهامی کارکردنەکانم لەوەوە پێدەگەیشتو ئەشقەکەی گینگڵی پێدەدام. کۆچی هەیبەت کۆستکەوتنی من بوو، تەنها رۆشنایی ئەو سەروو سورەتە هۆی ئۆقرەیی ئەو دۆزەخەم بوو، بۆ من تەنها گوڵێکی نێو ئەو هەموو دڕکە بوو، خاکێك لە تاریکیو لە بێدەستەڵاتیو بێسەروەریو بێئۆقرەیی.

خاکێك سەرتاپا دڕك، نەتدەتوانی بە چ لایەکدا خۆت تلدەی.. دڕکی بە جۆرو شێوە.. درێژ کورت پانو باریك، بنچکی قەبە، بنچکی گچکە، نوك تیژ، نوك پان، چی دیکەش ناوی دی بووبیٚ لە دڕك زێدەتر چی دیکە نیە، جا هەر لە بەر ئەوەیە چی کار هەنە بە دڕکەوەن، خەڵکان بە دڕکێکی بەربەرۆکەوە دەچنە سەر کار، بە هاوەڵی دڕکەوە دەچنە گەشتو گوزار

ئێمە هەر لە منداڵدانی دایکمانەوە دڕکێك وێڵداشمانە، پاش نۆ مانگ دڕکەکان جیق دەدەنو نوکیان دەبیٚ، مامانێك بە دەستی دڕکاویەوە بە شێنەیی بە بێئەوەی ئازار بە لقو پۆپی دڕکەکان بگەیەنیٚ لەو تاریکستانەمان دەردێنیٚ، لە لەشی گچکەو ناسکی خۆمان زێدەتر دڕکان خزمەت دەکات، پاشان ورد ورد ئەو دڕکە نازدارانە لە گەڵمان گەورە دەبن رێکو راست بەو خاکە دەچین کە تیا دەگوزەرێین. پاروەکان بیٚ ئاگایی دڕکێکو بیٚ ئەوان رازی نین بچنە گەرووەوە، هەر لە دەممانەوە دەمانچزێنن تا لە کۆممانەوە دەر دەپەڕنو دەکرێنەوە بن شینایی کێڵگەکان، هەموو شتێك بە بەرەکەتی دڕك دەڕوێن. دڕکەکان روحی مانوومان لەم بەندی بە ناو ژیانە هەڵدەکێشن، هەر خۆیانیش وەك بوونەوەرێکی پڕ سۆزو میهر بە شانمان دەدەنو جەستەمان لە گەنین دەپارێزنو وەبن گڵێکی دڕکاویمان دەنێن دەستە دڕکاویەکانیان رووەو ئاسمان بڵند دەکەنو نزامان بۆ دەکەن

هیچ ئەفسانەو مەتەڵێکی بەر ئاگردانی زاری کەلبووی پیرێژنە فەرهاد کوژەیەك بیٚ دڕك نەبووە، دڕك لە ئەزەلەوە غەزای ئەم خاکەی کردووەو دەسبەرداری نابیٚ، وەك بڵێی شوێنی ئەنجامدانی تاوانە گەورەکەی باوە ئادەم ئا لەم جێو رێیە بووبیٚ، وە یەزدانیش لە بری گشت شتێك دڕك بارانی کردووین. نەفرەتە.

دڕکی هیچ خاکێکی  ئەم گۆی زەویە وەك دڕکی ئەم خاکە خۆشەویستو بە پایە نەبوە، بنچکە دڕکێکی گەڕو گچکە دەتوانی گوڵستانێ لە خۆی بئاڵێنێو توخمی خۆی تیا بچێنێو ڕەچەڵکی بە دڕك هەڵگێڕێ.

کاتێك منداڵ بووین دڕك بارێکی قورس بوو بە سەرمانەوە، بەڵام وردە وردە رایان هێناین کە دڕك ناسکەو بێ زەرەرو زیانە، گوڵیش نابوتو دزێوە.

لە هەموو تابلۆکانما چقڵی دڕکێکم تێوەر دەدا، تا گشت لێم رازی بن، پێش رازی بوونی دایکو باوك دەبێ خوای دڕکان لێت رازی بێ. دەنا ئەوە هەتا هەتایە و تا لووتت بەر بەردی ئەلحەد دەکەوێ لە دەردو ژانو روتیو برسێتی دەناڵێنیتو پێوەی دەتلێیتەوە، بۆیە بێ داواکردنو جەغت کردن، خۆمان لە خۆمانەوە بەڵێنی دڕکایەتی خۆمان تازە دەکەینەوە، بەو بەڵێنەوە هەر ماوەی جارێك بە کۆمەڵ روو لەو دەشتو بانە دەکەینو گڕو کڵپە لەو چڕۆ گوڵانە بەر دەدەین، کە خەریکن لە نێوان لاسکە ناسکو تەڕەکانی دڕکانەوە بە دزیو خزی گەورەکانەوەو بە نیازو نیەتی بێدارو بێزارکردنی خاکێکی ئارامو نووستوی پاڵ دڕکو شێواندنی شێوەی ناسکو دڵگیری سەر بڵند دەکەن، پاشان ئاهەنگێکی گەرم ساز دەکەین و جوانترین و باڵاترین دڕك سەرچۆپی دەگرێو هەموو تێکڕا گۆرانی (دڕك دڕك ) دەڵێ ینەوە ئەوسا سەرکردەی دڕك پەرستان دەڵێ:

– ئای گەر دەزانن دڕك چەند بە نرخو پیرۆزەو گوڵیش چەند ماڵوێرانکەرو نەگریسە، هەچ کەسێ ناوو بۆنی گوڵێ بزانێ، یاخود جۆرەکانی چین، ئەوە دڵنیابن لەوەی کە ناپاکەو سەر بەم خاکە نیە، دەیگوت گوایە پێش زەمانێك یەکێك دڵخواز بووە، بە بێ ئاگایی خزمو کەس و هاوەڵو خوای دڕکانەوە، گوڵە سوورەیەکی وشکەوە بووی لە باخەڵ ناوەو بە ژووری ماڵەوەی خستووە، ئەوەندە نابا، هەر لە خواوە لە نیوەی شەو گڕو بڵێسە لوولیان دەداو خۆیانو دارو بەردو خاشاکی خانوەکە دەبن بە زوخاڵ، جا کێ دەتوانێ یاخود بوێری کاری وا نا یاسایی دەکا وەیان وشەی گوڵ لە فەرهەنگیا ناسڕێتەوە، ئەوەی ئارەزووی رەنگو بۆنی گوڵ دەکا با لەم خاکە گوڵسزە رەو بکات، گەر راستیش دەکەی گوڵ نیت دەبێ زوو زوو بەڵێنی دڕکێتی خۆت تازەکەیتەوە، تازەی کەرەوەو سەریەست و ساغڵەمە بگوزەرێ، دەیگوت ئەوەتا ئێمە هەموو دڕکایەتی خۆمان ئاشکرا کردووەو هەموو دڕکین، هەموو بێخەوشین. زیانی دڕك چیە گەر هەموو دڕك بین؟! لە شوێنانی دیکە چڕۆ لە دڕك دەپارێزرێ، ئێمە چیمان نیە لە دڕکی بپارێزین، ئێمە دەبێ کۆرپەکانمان لە گوڵو بۆنی گوڵ بپارێزین تا بە بۆن نەکەون.

ئەمە رای سەرپاکی ئەو درك پەرستانەی ئەو دەڤەرە بوو، بەڵام ئەوەی بۆمن جێی سەر سوڕمان بوو، هەست کردنم بوو بە بوونی گوڵێك، کە هێشتا بۆنی نەکردبوو و پەخش نەبوبوو بە لوتی کەسدا، کەس نازانێ لە چ غافڵ بوونێکدا دێتە کایە، دەکرێ لە بەزەییو دڵفراوانی گوڵانەوە بێ، ئەگینا کەسێکی وا نەدیوو نەناسیاو کوێرا لەو هەموو دڕکە دەبێ بە گوڵ..! دەبێ بە نەیارو نەفرەت لێکراوی خەڵکان و خوای دڕکان، کەسێکی وا بێ ئیمان و دژ بەو هەموو خواست و خۆزگانە دژ بەو هەموو خاکو خۆڵو دارو بەردانە لە سایەی چاوپۆشیو دڵپاکی دڕکانەوە نەبێ بە چ شێوەیێ دەتوانێ بگوزەرێ.

پاشی ماوەیەك وردە وردە گوڵێتی ئاشکرا دەبوو، خەڵکی لێیەوە دەدوان، تا دەهات ئەو گوڵە بە دڕك شێوەیە دەبوە پاڵەوانێکی دژو ئاستەنگی ئەو دڕکانە، چەند زێدەتریان لە بارەوە بگوتبا هێند باڵاتر دەبوو، بەرەو بەرزیو شکۆمەندی هەڵدەزنا، ئەو پرسیارە هاتبوە ئاراوە، داخۆ شێرۆ چۆن پەیدا بوو؟ جارێکیان ئەو پرسیارەم لە باوکی شەماڵ کرد، گوتی لە مێژەوە لێرەیە، ئەو وەڵامەی زیاتر خەڵکەکە پێی رازی بوون ئەوەیە، گوایە کاتی خۆی باوکی شەماڵ لە دووررا چاوی پێوە دەبێ تۆپەڵە بەفرێك لە لوتکەی چیایەکی گەلەك مەزنەوە خلۆر دەبێتەوە، جێی سەرنجی دەبێتو بەرەو وێندەر هەنگاو دەنێ.. کاتێ نزیك دەبێتەوە لە توێی سپێدەی بەفرەکە بەژنێکی زەبەلاح وێنا دەکا، تۆپەڵە بەفر وە بەر شکاندن دەدا مەردومێکی گەورە دێنێتە دەر، ئاگرێکی گەورەو بە تینی بۆ جۆش دەدات، تا بە بزاوتن دەکەوێ، هەر لەوێندەر چل شەوو چل رۆژان لە پێستی ورچی دەنێ، بە وزەترین خۆراکی ئەو دەڤەرەی بە گەروو رۆ دەکات، تا دەبێتەوە بە بنیام و لە گەڵ خۆی دەباتەوە بۆ باخەکە، سەرەتا رای دێنێ کە پێش هەموو شتێك دەبێ دڕکانی خۆش بوێتو بزانێ دڕك دۆستن و گوڵانیش دشمن. بەڵام پێش تەسلیم کردنی روح پێی گوتبوو:

– شێرۆ تۆ نە بووی بە دڕکو نەدرکانتیش خۆشدەوێن، ئەم خاکە بە تۆ ناکەوێ، پێشوەی بە فەتارەتچی خۆت ئێرە جێبێڵە. بەڵام شێرۆی کەللە بەرد چوون بەردان چەقیو نقەی لێوە نەهات و یەك بستیش دوور نەکەوتەوە. ئەوەتا خەریکی دنەدانی کوورەیەکە تەڕو وشکی تێدا بسوتێنرێ.

ئەو تابلۆیەی لەبەر زاری ئەم ئەشکەفتەم کێشاوە بەری رەنجی تەمەنێکی عیشقایەتیمە، پاش مردنی هەیبەت ترسی ئەوەم لێڕوا رەنگو روخساری لە هزرم کاڵ و کرچ بێتەوە، هەرچەنە بە مەحاڵیشم دەزانی بەڵام پێم خۆش بوو لە پای وێنەیەکی شیرینی دانیشمو رازەکانمی بۆ بدرکێنم، کاتێ فەتە بووە ئەوەی پێی بڵێن دەس مەعدەن، جیهانی من تەسکو تروسکو تاریك

داهات، دەڵێن کاتێ وێنەکەی دایکی خۆی دەبینێ ساتێك بە دیاریەوە راماوەو فرمێسکی ڕشتووە، پاشان بە یارمەتی ئەو کەسانەی کە بردبوویانە سەری دیوارێکی بە رویا هەڵچنیبوو. تابلۆو ئەشکەوتو کونی ئەشکەوتی لە بەر چاوان ون کردبوو، ئەوەی کە مابوەوە بیکا سزادانی من بوو، منیش هەرچی رێو شوێن و جێیەکم نەبوو لە باخەکە زیاتر، شێرۆ حەشاری دەدام، نان و ئاوی پێدەدام و خزمەتی دەکردم، داوای لێدەکردم وێنەی شتی جوانی بۆ بکێشم وێنەی گوڵو مەلو هەرچی ئەوانەیە لەو خاکە ڕەویان کردبوو. منیش تاکو تەراك لە هەندێ شوێنی پەنهان وێنەم بۆ کێشا، ئەوەندەی نەبرد فەتەو چەند کەسێ خۆیان گەیاندە باخەکە، شێرۆ جێو رێی هەڵاتنی بۆ کاتی وا پێ نیشان دابووم، بەڵام ئەوان کوتو پڕ خۆیان گەیاندە سەرمان، بۆ بەرگریکردنو قوتارکردنی من شێرۆ چەکی لە ڕوو ڕاست کردنەوەو چەند تەقەیەکی هەڕەشەیشی بە حەواداکرد، کەسێکیان چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد..ئەوان بێباك بوون لە هەرچی شتێ بیکەن ویستیان بە سەر تەرمی شێرۆوە خۆیانم پێ بگەیەنن، بەڵام باشاری شێرۆ نەبوون.. سەنگەری لێگرتن، من هەڵاتموو دوورکەوتمەوە، نازانم چۆن چۆن ئەو ڕۆژەیان بوارد، بەڵام بیستمەوە پاش چەند ڕۆژێك لە بۆسەیەکدا یەخسیری دەکەن، دەیبەنەوە گوندەکەی خۆیان، دوای پازدە ڕۆژ لێدانو ئەشکەنجەدان بە پارەو پولێکی زۆری باوکی شەماڵ ئازادی دەکەن، گەر باوکی شەماڵ نەبا دەیانکوشتو تەرمەکەیان فڕێ دەدا.
لەو ماوەیە جیهانی من بەرتەسکتر دەبۆوە، بۆم دەرکەوت کە ئەو دەڤەرە چی دیکە جێگای منی تێدا نەماوە، بڕیارمدا جێی بێڵم، بەڵام نەدەکرا چارەنووسی شێرۆ نەزانم، کاتێ شێرۆ گەڕایەوە پڕ جەستەی برین بوو، گەلێ پەستو نارەحەت بوو، چی وێنەم کێشابوو هەموویان شکاندبوو تێکدابوو، شەرمەزاریەك زەبوونی کردبووم، نەمدەزانی چۆن زار هەڵێنم، شێرۆ هەستی پێکردم خۆی کەوتە دڵدانەوەی من، گووتی "تا ئێستا ئێمە وێنەمان کێشان بەڵام لەمڕۆوە گوڵی زیندوو و بۆندار دەچێنین، کار بۆ پێکنانی گوڵستانێ دەکەم و چی دڕکو داڵ هەیە خاشە بڕیان دەکەم "، گوتی "تۆ کوێوە دەڕۆی بڕۆ بەڵام پێشوەی بڕۆی داوایەکم هەیە، دەمەوێ چی دارو درەخت هەن وێنەی جوانیان لە سەر هەڵکۆڵی هەتا پاش ماوەیك چاو بە چیدا بێنی لە گوڵو پەلەوەرو شتە جوانەکان پتر چی دیکە نەبینرێ "، منیش بە ویستی ئەو کارم کردوو سەدان گوڵو پەلەوەرو باڵندەو پەپولەم وێنە کێشا، پێش ڕۆیشتنم پێی گوتم: " ئێستا کوێوە دەڕۆی بڕۆ بەڵام نەکەی واز لە وێنەکێشان بێنی، ئەو وێنانەی کە لێرە قەدەغەو یاساغن تا دەتوانی بیانکێشە، ئەو شتە جوانانە بە هەموو دونیا پەخش و بڵاوکە ".

من جێم هێشتن ئەمانەشی دەینووسم شتگەلێکی لای خۆم گرنگن، بۆ ئەوەی هەرکەسێك دیتیەوە بزانێت کە ئەو تابلۆیە هی کەسێکی بە ناو هەیبەتەو کەسێکی عاشقی هەڵیکۆڵیوە.

ئەم چیرۆکە لەم ئەشکەوتە و لەم دواشەوەی نزیك بە هەیبەتە، دەکەمە گۆڕێکەوە، رەو کردنیشم لێرە دوور کەوتنەوە نیە لە هەیبەت و بەهرەکەم، من وێنەی هەیبەتم لە دڵو هزرم هەڵکۆڵیوە،دەڕۆمو بە پێی قسەکانی شێرۆ دەکەم، چوومە هەر جێگایەك ئەو وێنانەی کە یاساغن دەیانکێشم، گەر لێرەش رۆیشتم دیسانەوە ئەو دیوارە سواغ دەدەمەوە تا ئەم نووسراوانە لەم زەمەنی دڕکەیا بەردەستی دڕك پەرستان نەکەون.

کێ دەزانێ لەوانەیە تابلۆو نووسراوەکانیش رۆشنایی نەبینن، هەر وەکو سەدان شتی دیکە بێ سەرو شوێنو گۆڕ گوم بن، چونکە گەلێ لەم بوونەوەرە دڕندانەو مرۆڤ نەویستانە لە سەر ئەم خاکە دەستەڵاتدار بوونە،

من سخڵەت و بێزارو تەنگەتاو دەکرام، کەسێك رازی نەبوو شوێن دەستم بمێنێ بە کاری ناپەسەندو نارەسەنو ناشەرعیان لە قەڵم دەدا، چەند زمان درێژێکی چوون مار هانی خەڵکیان لێدەدام، پێیان دەگوتن ئەوەی ئەم بوونەوەرە بە بەندەی خوا نەکردووە دەیکا، دژی ویستی خوایەو دژی دابو نەریتە پیرۆزەکانمانە، دەیانگوت بە کاری دزێوو قێزەون هەڵدەستێ، بیری منداڵانو گەنجەکانو کچە جوانەکان تێك دەدا، ئەو وێنانەی ئەو دەیکێشێ شەیتان خۆی تێدا مەڵاسداوە، دەیانگوت چۆن دەکرێ کەسێکی هاکەزایی سادەو ساویلکە بتوانێ وێنەی لەو شێوانە بکێشێ! ئەگەر دەستێکی شەڕخوازی بەدکار لە پشتیەوە نەبێ. دەیانگوت ئەم وێنانە هەند رێك کێشراون ئەوەندەی کەمە روحێك بخرێتە بەریانو بکەونە وتە وتو قسەکردن، دەیانگوت روح خستنە بەر شتێك یا جەستەیەك تەنها کاری خوایە. ئەو خوایەی کە تەنهاو تەنها بۆ ئەوە دروستی کردووین کە سوجدە بۆ خۆی ببەین و لەو شتە جوانانە تێڕوانین لەو سەرو سورەتانەی کە کێشاویەتیو لە قاڵبی داونو روحی پێبەخشیون. ئەی ئەم سورەتانەی ئەم کافرە دەیانکێشێ چۆن چۆنو لە کوێوە روحیان بۆ دەخوازێ، سبەی چۆن وەڵامی خوای خۆی دەداتەوە چۆن وەڵامی ئەو پەروەردگارە دەداتەوە کاتێ پێی دەڵێ: سەرو سورەتکردن کاری منە تۆ چۆن جورئەتت کرد شوێن دەستم هەڵگریەوە؟.

بەم جۆرە قسانە کرابووم بە کەسێکی نەفرەت لێکراوی خواو خەڵکەکە، من چیم دەکردو چیم دەکێشان بە سەریاندەدام، بەری دەرگایان لێدەگرتمو تف بارانیان دەکردم، بە دایکمیان دەگوت تۆ ئەم بیژیەت چۆن خستەوە، کەنگێ لە گەڵ شەیتان نووستی؟ دەنگی شەیتان چۆن

بوو؟ پێیان دەگوت تۆو کوڕەکەت دەستی شەیتان دەگرنو ئەم ناوەی پێ نیشان دەدەن، دەیهێنن و دەیخەنە بن کلێشەمانەوەو بە گژی یەکترمان دەدەن.
دایکمیان بەو داخەوە روح کێشا،
من دەزانم رۆژێ هەموو ئەو وێنەو نیگارانەی لە سەر درەخت و بەردی باخەکە کردوومن هەموو دەسوتێنرێنە، باخەکەش گڕ تێبەر دەدەن، ئەو چاوانەش هەڵدەکۆڵن تەماشای ئەو وێنانە بکەن، شێرۆ هەر بەو دارانەوە لە خاچ دەدەنو روحی دەکێشنو دەیکەن بە عیبرەتی ئەوانەی کە رێگە بە کەسێکی وەکو من دەدەن وێنە بکێشێ و شتی جوان هەڵکۆڵێ.
من خەریکم دەتاسێم، چی رۆشنایی هەیە لە گیانما خامۆش دەبن، دەبێ ئێرە جێ بێڵم دەبێ بچم شوێنێ بدۆزمەوە شتی جوانی لێ قەدەغە نەبێ، من لێرە دەچمو دوور دەڕۆم، دەڕۆم و ئەم هەموو وێنانە لە مێشکم لە زەینم هەڵدەگرم دەیانکێشمو نیشانی خەڵکی جوانی دەدەم.. ئەوانەی خوا دروستی کردوون شتی جوان ببینن.. ئەو شتە جوانانەی خوا لە ناخی مرۆڤا حەشاری داون و داوایان لێدەکا هەوڵ بدەن بیاندۆزنەوە. بیدۆزنەوەو ئەو کارامەییو مەزنیەی ئەویش دەرخەن تا ئەوسا رێکترو جوانتر سوجدەی بۆ ببەن.
خەڵکان وێنەکانم ببینێت کە تێبگەنو ئاگادار بن کە خوا کەسی دەبەنگو بێئەقڵی خۆشناوێن، خوا ئەو چاوانەی ناوێ کە نازانن شتی جوانو ناشیرین لێك جودا بکەنەوە.
ئەوانەی ناوێ کە بۆ مەرامێکی خۆیان بە شێوەیەکی جیاواز خۆ نیشان دەدەن. من دەزانم دەڕۆمو خوا ئاگرێك لێرە دەبارێنێ ئاوی، تا ئێستا چەند بارانی باراند تەنها دڕك شین بوون. دڕك باڵا دەکاتو گوڵەکان دەژاکێن، ئەوەندە دڕکە مەگەر ئاگرێکی خوایی بتوانێ قڕیان تێ بخا.
من دەزانم هەندەم نەماوە ببم بە دڕك، ئەوەتا باسی دڕکی خۆم دەکەم. ئەوەتا زمانی ئەوان فێر دەبم، خەریکم وشەی ناڕێك و نا پەسەند فێربم، من چیتر ناڵێم: هەر ئەوەندە دەڵێم ئەم خاکە لە دڕك پەستاوە جێ دێڵم، دەچمە شوێنێ گوڵ پێشڕەو بن، گوڵ بە یەخەی تابلۆکانەوە بن.

من ڕەئوفی گوندی میرزا ئاغام و کەسێکی نەویستی ئەوو پیاوەکانیم. شێرۆ زۆر بە بێدەنگی کاتی بە سەر دەبرد، دەگمەن دەنگی دەبیسرا، کاریٚ زۆر گرنگ نەبا قسەی لێوە نەدەکرد، کەم کەس لەو ناوچەیە گوێی لە دەنگی بووبوو، نەك پێکەنین تەنها بزەیەکیش بە لێوەکانیەوە نەدەبینرا، بەردەوام گۆشەگیرو تاکو تەنیٚ بوو، لە شوێنێکا گرمۆڵە دەبوو چوکلێکی لە خاکەکە وەر دەداو بە خۆڵ یاری دەکرد، لە بچوکترین چەوو بەردی ئەو ناوە ورد دەبۆوە، لە تەقینی کانیاوەکانی دەڕوانی، کوێرەوە بووەکانی پاکژ دەکردنەوە، بە شەوانو ڕۆژان بە دیاریانەوە کروشکەی دەکرد، بە یەکەم دڵۆپە ئاوی سەرکردوو تینوێتی دەشکاندو سوجدەی بۆ دەبرد. بە چاوی پیرۆزەوە لە هەموو سروشت رادەما، لە چوکترین و مەزنترین باڵندەی دەڕوانی، لە کاتی پووش و پەڵاش بە دەندوك نانو هێلانە چێکردندا، تا وەکو درزی هێلکەو سەرەتاتکێی زەڕنەقوتەکانی دیقەت دەدا. لە چنگو نوخانی دڕندانی دەپاراستن، دیقەتی زیندەوەرو جمو جوڵەی سروشتی دەدا، چاوەدێری گۆڕانکارێکانی دەکرد، هەستی بە ئاستەم بزوانی تاوێرو بەردەکان دەکرد، ئەمە گشت ژیانی شێرۆ بوو، چ نەبیٚ پاش مردنی باوکی شەماڵ، گەلیٚ لەو ئافرەتانەی لەویٚ کاریان دەکرد چوبوونەوە شوێنی خۆیان و باخەکەیان جیٚ هێشتبوو، بەڵام چەندەها کەسی بێکەسانیش مابوونەوەو لەو چەند ژوورەی پەڕی باخەکە سەقامگیر بوبوون، کە تایبەت بۆ حەسانەوەی کرێکار بنیات نرابوون، خێرو بێری باخەکە بەشی زۆری دەکرد، ئەوانەی مابوونەوە کۆست کەوتوو ماڵ وێرانو پەڕاگەندەکان بوون، زۆربەیان بێوەژن کەوتووی دەستی شەڕانگێزی دڕکانی بە دەسەڵات بوون، سەرپشك بوون لە هەڵسو کەوت، شێرۆ ئازووقەیەکی زۆری لە ئەمبار نابوو، چی پێویستیەکی بە کۆمەکی خەڵکو ئاغاکان نەبوو، بەڵام بە زۆر شێوە قەڵسی کردبوون، هەر پاش مردنی پیرەمێردی خاوەن باخ چی کاروبار بوو رای گرتو چی دی سەرانەی بە ئاغاکان نەدا، پێی دەگوتن چاوەڕوانی هاتنەوەی میراتگر بن و لە تەك خۆی بدوێن،

شێرۆ دوورە پەرێزو وەك نامۆیەك لە دووڕا لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی دەڕوانی، هەرگیزاو هەرگیز بەشداری ئاهەنگو زەماوەندەکان نەدەبوو، تەنانەت لێشیان نزیك نەدەکەوتەوەو بە دەنگی داوەتەکانیشەوە نەدەچوو. ئەو کاتەی تەرمی بێگیانی یوسفیان هێنایەوە من لە باخەکە بووم لای شێرۆ، تەرمەکەیان بە نێوەندی باخەکە تێپەڕاند، ئەوەش تەنها بۆ تۆقاندنی شێرۆ بوو. من لە ترسی ئەوەی لەویم نەبینن خۆم حەشێر دابوو، ئەوەیان کردوو وەکو نیشانەی سەرکەوتن تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد. تا گەیشتنەوە گوند دەنگی ئەو تەقانە نەبڕایەوە.

کاتی ناشتنی تەرمەکە شێرۆ بەرەو نزیکی گۆڕستانەکە کەوتە ڕێ منیش بە شوێنیەوە، پێشوەی بگەینە نزیك گۆڕستانەکەو پێش ئەوەی کەسێ بمبینێ لێی جودا بوومەوە، تا لەوە زیاتر ناپەسەند نەبم، تەرمی بێگیانی یوسف لە تویێی تابوتێکدا بوو و خەڵکی گوندیش بە دەوریەوە بازنەیان بەستبوو، دڕکەکان سەرە تاتکێیان بوو، هێشتا سەر پەنجەکانیان لە خوێنی یوسف سوور دەچۆوە، یوسفی علشقی کەتنکەر دڵخوازی ئەو کەسەی کە بە کچی هەیبەتیان ناو دەبرد، ئەو هەیبەتەی کە کەسی دیکە وەك نیگار کێشەکە جوانیەکەی نەدەدیو نەدەپێوا، ڕاستە ئافتاو شێوەی دەچوە سەر هەیبەت بەڵام نەك بەو ڕادەیەی کە باسیان دەکرد، جوانیەکەی ئەمیش گەلێ بە تین و بڕەر بوو ، ڕۆژەك ئۆخەی لە یوسفی دەسگیرانی نەکرد، هەردەم وە بەر نووکی تیژی دڕکانو تەرفەنەی ئەو هەردو هەڵەتانە دەکرا، شێوەی چوبوە سەر گوڵی مێرگە دوورەکانو بوبوە دەعبایەکی نابوتی بەر دیدی دڕکەکان، جار جار وەکو خشۆك لە بن دەمی دڕکەکانەوە خۆی دەخزاندە باوەشی گەرمی ئافتاوو لە پشت پەردەی تاریکی کورەی تاسەو عەشقیان تاو دەداو تا لە یەك نەتوانایەوە ئارام نەدەبوون.

ڕەنگی خوێن و وشەی مەرگو دیمەنی تابوت شتی گەلێ تۆقێنەر بوون بۆ ئافتاو، لە کارەساتە مەرگەساتەکاندا پاش چوونی ڕۆژێك بە سەریا ئەوسا دەیتوانی لە ماڵ بێتە دەرو هاوخەمی خۆی بنوێنێ، ئەم ترسەی ئافتاو لە تابوتو مردنو شەرو شۆڕ بۆ گش کەسو کارو خەڵکی گوند شتێکی مالووم بوو، بۆیە باوەشدانی ئافتاو لە تابوتێك جێی سەرسوڕمان و پرسیار بوو.

خەڵك دەیانپرسی ئەم بێترسیەی لە کوێوە هانیوە! چۆن چۆن تابووتی لێ گچکە بۆتەوە؟.

بە نرخترینو خۆشەویستترین بوونەوەری ئافتاو لەو تابوتە ئاخنرابوو، دایکی یوسف بە دەم لاواندنەوەوە ئەو بێترسی و ئامێز لە تابوتدانەی ئافتاوی بە گوێی دڕکو داڵەکان دەگەیاندو باسی جوانی و گەنجی یوسفی دەکرد.

شێرۆ هەرگیز دیقەتی نەدەدایە دڕکەکان تەنها ئارەزووی دیتنی سیما گوڵچەشنەکانی دەکرد، بێئاگا بوو لەو ڕەنگە تایبەتیەی ڕوخساری خەڵکەکەی گرتبوو، لە چارەی ڕەشیان حەرفەکانی کەتن دەخوێنرایەوە.

کەسێك نەبوو بوێری وتنی وتەیەکی هەق بکا، جگە لە ئافتاوو پیرەمێردێك. مام پیرۆت وەکو داوڵێك خۆی دابوە سەر گۆپاڵکەی و دڵۆپی فرمێسك لە لۆچی دەمو چاوی دەبریسکانەوە، خەڵکی چاوێکیان لە تابووتەکەو چاوەکەی دیکەیان لە مام پیرۆت بوو، گوێشیان لە دەنگی ئافتاوو دایکی یوسف ڕادەدێرا.

مام پیرۆت یوسفی ئاشقو جوانەمەرگی هەند کوڕێکی خۆی خۆشدەویست، ئەوانەی کە ئەو خۆشی دەویستن زوو نەدەمان، دەبوونە مایەی کۆمەڵێ خەمو پشتیان پتر بە کۆمبوون دەدا، وا کاس بوبوو هیچی نەدەدیت، وام هەست دەکرد ئەو خەڵکەی وەك تارمایی دێنە پێشچاو. کاتێ شوێنەکەی دەگۆڕی بە لەترەوە دەچوو، بەر کەسانی ئەملاو ئەولای دەکەوت، شێوەی ئەو خەڵکە وەکو خۆی نەمابوو بە هەموو شتێکیان دەکرد تەنها مرۆ نەبێ. منیش لە ناو گۆڕستانەکەوە لە شێرۆم دەڕوانی، چ خۆم تێنەگەیاند تا مەراسیمی ناشتنەکە کۆتایی پێهات، لە شوێنی خۆی جمەی نەکرد، من لە تەك هەندێ لە خەڵکەکە بەرەو گوند گەڕامەوە، شێرۆم لەو رامانی خۆیا جێهێشت ، هێشتا رۆژ قەیەرێکی مابوو لە ئاوابوون بدات.

تازیە بارەکان ئەوانەی هێشتا بە دەم هاتووچوونەوە لە گەڵ کەسو کارە کوژراوەکانیان دەپەیڤین، لە قەبرسانەکە مانەوەو شینیان دەگێڕا و دەوری گۆڕەکانیان پاکژ دەکردەوە.

گوندوەکو هەموو جار کپ دەچۆوە، پیاوە بێکارو کردەوەکان دوو دوو و سێ سێو پتر، لەبنی دیوارو پاڵ درەختەکان خەریکی مەگەزەکزێی دالْغە لێدان بوون، بەڵام گۆڕەپانی بەر مزگەوتی ناوەڕاست گوندەکە دەنگێکی دیکەی هەبوو و نەغمەیەکی دیکەو شتی جیاوازی لێدەبیسترا، پیاو کوژەکان ئەوانەی یوسفیان کوشتبوو بێ منەتو بێ دەربەست قاقا پێدەکەنین، نەجمەدین ئاغا سەرسوکو بەرزە دەماغ دیاربوو، دەتوت نەجمەدین ئاغاکەی خۆمان نیە ئەوەی لەو رۆژی هەڵاتنی ئەو جووتەوە دەماندی، تەواو خوێنی کەوتبووەوە بەرو بەوەی دەکرد لەکەو پەڵەی شەرمەزاری لێ شۆرابێتەوە، دەنگیان بە گوێچکەم گەلێ ناخۆشو ناساز بوو، ئەو دەنگانە پاڵیان پێوەنام بچمەماڵەوەو دەرگاکە داخەم، خوشکەکانم هێشتا نەهاتبوونەوە، لەوانەبوو لە شەوێکی وادا نەیەنەوەو ئافتاوی دەستە خوشکیان لەو میحنەتە بە تەنێ جێنەهێڵن، ئەو کەسە زوڵم لێکراوانە هەندیان پێدەکرا بێن بە کەسی یەکترو دڵنەوایی یەکتر بکەن، لەوە تێپەڕیبا دەستەڵاتێکی دیکە نەبوو، چەندین کەس لەشێوەی بەرهەڵستکار هەڵدەکەوتن، بەڵام لە شەوێکی تاریکو بارودۆخێکی تەمو مژاوی لە ناو دەبرانو دەنگیان هەتاهەتایە کپ دەبۆوە، لە گەڵ کپکردنەوەی دەنگی ئەوانە دەنگەکانی دیکە زیاتر دەتاسانو خەفە دەبوون.

دەنگی لێدانی دەرگاکە بە ئاگای هێنامەوە، کاتێ مام پیرۆتم لە پێش دەرگاکە بینی هەستم بە شەرمەزاری کرد، دەبوا من دەستپێشخەریم بکردایەو بچومایە بۆ لای، بەڵام دەکرێ لە کاتێکی وادا ئەقڵ لە خاوی بدات و لە کاتی پێویستدا رەفتاری گونجاو پەی پێنەبا، هێشتا دڵۆپە فرمێسك بە سەر رووەمەتو لۆچی دەمو چاویەوە دیار بوون، بێدەنگ هاتە ژوورەوە بەڵام دانەنیشت، من فەرمووم لێدەکردو ئەو نەیدەبیستم، گوتی:" ئەو کوڕەمان کوشت دامانە بەر

کەڵبەی گورگەکانو لەتو پەتیان کرد "، من نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە دیار بوو هێشتا قسەی پێبوو، گووتی: " هەرکەسێکمان تاك دەبێتەوە دەسبەرداری دەبین، دەبوا چەند کەسیٚ دووی کەوتنایەو پشتگیریان لێکردبا "، دەیگوت " دەمانتوانی لەو هەڵەت و هەردانە دوژمنەکانمان لە ناو ببردایە، بەڵام بیٚ ئەمەکین ئێمە دەماری پیاوەتیمان پساوە "،

ئەو قسانەی مام پیرۆت، دەیکردم بە تنۆکیٚ ئاو و ئارەقی شین و مۆرم دەردەدا، گوتم:" مام پیرۆت ناکریٚ کەسێکی وەکو من کچی جوان و جحێڵ بە تەنیٚ جیٚ بێڵیٚ "، گوتی:" کاکە رەئوف کوڕی خۆم ئێمە لێرە بین و لێرە نەبین چی لە مەسەلەکە ناگۆڕیٚ تەنها ئەوەندەیە نۆرە نەگەیشتۆتە سەرمان، ئەگەرنا لە کەس ناپرنگێنەوە ".

قسەکانی مام پیرۆت راست بوون ئەوەی بیانویستبا بە رۆژی نیوەڕۆ ئەنجامیان دەدا. مام پیرۆت گەلیٚ قسەی کرد هەندیٚ لە داخەکانی هەڵڕشت، من هەرگیز لیٚی زویر نەدەبووم، پێویستی بە کەسیٚ بوو گویٚی لێبگریٚ کەسی وای زەحمەت دەس دەکەوت تا دەردەدڵی خۆی بۆ هەڵڕێژیٚ، بە پێخشاندن رۆی و جێی هێشتم.

ئەو شەوە دەتوت بسمارێك بە دڵماندا رۆکراوە، چەندین کەس بەدەم گوێگرتن لە شبنگێڕانی ئافتاوەوە رۆژی کردەوە، کەسە دڵسۆزو بێدەستەڵاتەکان لە نێو ماڵەکانی خۆیانەوە و بە بێدەنگی ئەو ماتەمینەیان دەگێڕا. بەدەم لاواندنەوەی ئافتاوەوە فرمێسکیان دەباراند، تەنها یوسف کوژەکانو ئەوانەی کلکە سوتەیان بوو دەستی ئۆخەیان بە دڵە پیسەکەیاندا دێنا، باقی خەڵکەکە دەست بە ئاسمانەوەو دەم بە دوعاو نزاوە داواکاری فریادرەسێك بوون کە لە پەروەردگار بەولاوە بۆ ئەو مەبەستە شك نەدەبرا.

پێدەچێ کەسێکتان تاوەکو نوکە نەتاندیتبێ یاخود بیستبێ روحێك هەندێ شتی چوین چیرۆکێکتان بۆ بگێڕێتەوە، من روحێکی دەرچووی جەستەی مرۆیەکی پاکی دوور لە زەبرو زەنگو تێکدانی ئافەریدەکانی دەستی خودا بووم.

کاتێك نیگارکێشە بلیمەتەکە ئەو نووسراوە چوون بیرەوەریانەی لە چاڵێکی شێوە گۆڕێکی گچکە ئاخنی.. باوەڕی ئەوەی نەبوو کە رۆژێ لە رۆژان بکەوێتە دەستی خەڵکێ لەو زمانە بفامن کە ئەو پێی دەپەیڤێ، ئەو ئەگەرەی بە رێژەیەکی زۆر کەم لێکدەدایەوە، ئەوەی وا لەم زەمەنەی ئەم شتانەی تێدا نووسرابوون و روویدابوون شایەنی ئەوە هەن کە نەمر بکرێن و وەك راستیەك بگەیەنرێ بە نەوزادگەلێ کە دوورو خۆ پارێز بن لەو کولتورە دزێوی توندو تیژیو خۆرکەیە.

ئەو کۆمەڵە کەسەی کە لە شەرێکی تێشان وە پێشانەوە رو بە روی هێرشی لەشکرێکی دڕندەی دەست نەپارێزراوی بێگانە بوونەوە. هەمان روداوگەلیان لە زمانی گەورەکانەوە بیستبۆوە، ئەوە یەکەم کارەساتی لەو جۆرەی ئەو خاکو نیشتمانە نەبوو، لە بەر ئەوە وایان بە باش زانی کە چ مێژوویەکی لە سەر نەنێن و بە شتێکی زیندەی بەردەوامی بهێڵنەوە، ئەوانیش ئەو دەستپێکەی نیگار کێشەکەیان بە پیرۆز زانیو بە پەیڕەوی ئەوو پەڕاوی ئەوو پێنوسەکانی سەر گوزەشتەی خۆیان و ئەوانەی دیبویان خستنە سەر کاغەزو لە گەڵ هی نیگار کێشەکە لە گۆزەیەکیان ناو دیسانەوە ئاخنیانە نێو ئەو گۆڕە گچکەیەوە، وا منیش هەندێ تیشکی پتر دەخەمە سەر ئەو رۆژە رەش و نەفرەت لێکراوانە بە ئومێدی دیتنەوەیان و دووبارە نەبوونەوەیان.

ئەو کاتەی یوسفیان چوون باڵندەیەکی تۆرو تار لەو کێوانە خەڵتانی خوێن کرد، هەستیان بە حەسانەوەو دڵ سوکناکی دەکرد، ئەوە سەرکەوتنێکی نەبەردانە بوو بە لایانەوە.

جەستە بێگیانەکەیان بە نێوەڕاستی باخەکەو بە بەر چاوی شێرۆوە تێپەڕاند و شانازیان بەو تاوانەی خۆیان دەکرد، تەرمەکەیان چوون کەلاکێ لە بەردەم ماڵی خۆیان فڕێدا. نەجمەدین ئاغا هاتە سەر تەرمەکەو بەپێش چاوی دایکیو ئافتاوەوە تفێکی لە سەر ڕۆکرد. ئافتاو هیچی نەدەدیو هیچیشی نەدەبیست سەری لە گێژەوە دەچوو، دەبورایەوەو بە ئاگا دەهێنرایەوە.

منی روح لە هەموو ئەو مەراسیمی ناشتنە ئامادەبووم، لەو دەنکە شوێنە دوور نەدەکەوتمەوە، هەموو ناخی مرۆڤەکانم لێ ئاشکراو روون بوو، هەر کەللەی ئاوازێکی تێدا دەژێنرا، گەلێ روحلەبەر هاوخەمی کەسو کاری ئەو جوانە مەرگە بوون. گەلێکیان بە زۆر دانیان بە خۆدا گرتبوو و چاوەڕوانی دەرفەتێ بوون ڤینی تازەو کۆنەی تیا شەنو کەو بکەن، رۆژ بە رۆژو

سات به سات دڕکەکان نابوتترو دزێوتر دەیاننواند، ئەو کەفو کوڵە مت بوانە پێشبینی ڕۆژانێکی سەختو دژواری لێدەکرا، شێرۆ دەمێ بوو چەقۆی لە هەسان دەسوو، ئەو کردەوانە ڕقی ئەستورترو سەرکێشیەکەی توندتر دەکردەوە. گەڵێ خەمناك و دڵگران و داخ لە دڵ بوو بەرامبەر بەوەی بە سەر یوسف هێنرابوو، لە دوورەوە لە ناشتنەکەی دەڕوانی.

نەجمەدین ئاغا خواستی ئەوەی هەبوو پاش یوسف شتێك لە ئافتاو هەڵکڕێنێ، بۆیە وای بەبیردا هات لەو ساتەوە کار بۆ ئەوە بکات و لەو سرووتی مەرگەساتە بەشداربێت، ویستی وا خۆی بنوێنێ کە گەورەی گوندەو دڵیشی هەند ئەو قەبارەی دەستەڵاتە گەورەیەو بە میهرو بەزەییە.

شێرۆ کزو کپ لەو ناخۆشیەی دەنۆڕیو گوێ قوڵاغی لاواندنەوەی ئافتاو بوو. ئافتاو شینی دەگێڕاو دژوێنی دەنارد، خەڵکەکە گوێیان بە دەنگی ئافتاو ئاشنابوو لە دژوێن بەولاوە چی دیکەی نەبوو بۆ ئاغاو پیاوەکانی. نەجمەدین ئاغا بە سەر خۆی نەدەهێنا دەیگووت: – " وازی لێ بێنن با داخی دڵی خۆی هەڵڕێژێو تووشی دیق کردن نەبێ ". ئەویش هەر دووبارەی دەکردنەوە، هەندێ لە خەڵکەکە دەیانگوت ئەوە لەبری ئێمەشی دەدا بۆیە نایبڕێتەوە، بە حەسرەتی بیستنی ئەو قسانە بوون،

دەمەو ئێوارە ئافتاوو دایکی یوسفیان بە زۆری زۆردارەکی بەرەو ناو ئاوایی بردەوە، بەڵام کەسێ نەبوو بە شێرۆ بڵێ بڕۆوە یاخود بمێنە، کە تاکو ئەو کاتەش دڵ پڕ کەسەر لە دوورەوە وەستا بوو، من زۆر نزیکی دەکەوتمەوە حەزم دەکرد خۆمی پێدا هەڵسووم هەستی دەکرد کە شتەك لە نزیکیەوە دەبزوێ، بەڵام بێسوود بەملاو بەولای دەڕوانی.

پاش چۆڵ بوونی گۆڕستانەکە بەرەو ئەوێندەر کەوتە ڕێ تا درەنگانێ لە سەر گۆڕەکەی یوسف مایەوە. لەولایشەوەو لە ناو گوند روحەکان لە هەژین بوون شتێك ئارام نەبوو تەنها ئەو مندالانە نەبێ کە نەیاندەزانی چ دوارۆژێ چاوەڕوانیانە، ئەو شەوە تا ڕۆژی کردەوە دەنگی لاواندنەوەو کروزانەوەی ئافتاو لە گوێی ئاوایی نەبڕایەوە، دەنگەکە بە پێخاوسی بە سەر دڕکەکاندا رادەبورد.

پیرەمێردی چوستو چالاکیش بە دیار ئەو دەنگەوە کروشکەی کردبوو، دڵۆپە فرمێسکی بە تاو وەر دەدا، شیوەنی مام پیرۆت تەنها شیوەنی یوسف نەبوو، شیوەنی چاکو خراپی ئەو دەڤەرە بوو، خەمی ناهەمواری هەموو کەسی لە خۆ بار کردبوو، تا دنیا ڕوناك بۆوە چەندەها جار ئافتاو لە هۆش خۆی چوو ئاوی دەکرا بە سەراو بە ئاگا دەهێنرایەوە. لە گەڵ یەکەم دەماری ڕۆشنایی، خۆی گەیاندە ئەو گۆڕستانەی کە کەسێکی بێهاوتای لێ زەوت کردبوو.

گۆڕستان وەك زاری ئەژدیهایەك بە پێش چاوی خەڵكەوە جەستەكانی لوش دەدا، بوبوە مایەی سەرنجی خەڵكەكە كە لەماڵەكانیانەوە دیاربوو. هەردەم دواڕۆژیانی بە بیر دێنانەوە، دەنگی كڕوزانەوەی ئافتاو لە سەر گۆڕەكە دەگەیشتەوە گوێی خەڵكەكە. چاویان بە بیستنی گریان هەڵدێنا. ژنە رەشپۆشەكان ئەوەیان بە هەل دەزانیو دەچوون ئازیزە لە دەستداوەكانی خۆیانیان بە سەر دەكردەوە. لە گەڵ هەموو كۆست كەوتنێ كۆستیان دەكەوتەوەو شیوەنیان نوێ دەبۆوە.

مام پیرۆتیش وەك ئەوان خۆی گەیاندە گۆڕستانەكە، چووە پاڵ ئافتاو و فاتیحایەكی خوێندەوە. لە دەنگی ئافتاو هەموو خەڵك بێدەنگ بوون گوێیان لەو تیرو توانجانە دەگرت كە ئافتاو لە دڕك پەرستانی دەگرت. سوكناكی بە روحی گوڵەكان دەدا، خەڵكی دەیانزانی كە ئەم بێترسیو جورئەتەی ئافتاو بەرامبەر بە ئاغای دڕكەكان لە كوێوە دێت، نەجمەدین ئاغا پشت و پەناو ناحەزی ئافتاو بوو. هەندەی خۆشدەویست كەسێ نەیدەوێرا بە كاڵیو كرچی ناوی ببات. بەڵام لە لای ئافتاوەوە ناحەزێك بوو كە ژینی لێ تاڵ كردووەو ژینی هەموو كەس و كارو خەڵكانی كردووە بە دۆزەخ. نەجمەدین ئاغا هەر لە مێرد منداڵیەوە ئالودەی ئافتاو بوو، دەیگوت یەكەم جوان هەیبەت بوو، دووەمیش كچی هەیبەت، ئافتاو كچی هەیبەت نەبوو، وەلێ سەرتاپای جوانیەكەی دەچووەوە سەر ئەو. ناخۆشترین شتێك كە لە ژینی نەجمەدین ئاغا تۆمار كرابێ ئەو وە دوو كەوتنەی ئافتاو بوو ئەو رووداوە لە پەلو پۆی خستن و جیهانی لە بەر چاو تاریك داهێنا. ئەو كارە بە ئاگایی دایكی ئافتاو ئەنجام دراو كارێك بوو كە چەند گوڵێ جەستەی شیرینیان لە دڕكایەتی تەكاندو گوڵڕەنگی خۆیان ئاشكراكرد، دایكی گەلەك ئافتاوی خۆشدەویست كە تەنها ئەو كچەی هەبوو. باوكی ئافتاو وەك زۆربەی پیاوانی دیكە لە شەڕی خۆبەخۆییدا تیا چوبو.

ئەو شەوە پێی گوتن بڕۆن هەر بڕۆنو بە هیچ شێوەیەك ئاوڕ لە پاژێكی تێپەڕیو نەدەنەوە خەمی چیتان نەبێ، بێباك بنو چش بكەن لەوەی جێی دێڵن. ئەوانیش دەستەكانیان راموسیو بە دڵی شەیداییەوە خەڵكو خانوو دایكو هەموو كەسێكیان جێهێشت. بەڵام زۆر بە ترسەوە بەرەو پێش ملیان دەنا، یوسفی ئاشق هەندە ترسی هەبوو دەتوت چی ترسی ژیانی هەیە لەو شەوە پێی دەدەنو دەیبڕنەوە، چەند جارێك بە لەترەوە دەچونو راست دەبوونەوە، وایان سەر لێشێوابوو نەیاندەزانی چەندیان بڕیوەو بە كوێ گەیشتوون، ئەوان تەنها ئەوەندەیان دەویست لەو دەڤەرە دووركەونەوەو كەسێ پێكەوەیان نەبینێ، پاشان دەتوانن تەكبیرێكی خۆیان بكەن، ئەوان غەرقی ئەو ترس و دڵە راوكەیە بوون لە ناكاو كسێك لێی خوڕین، قەڵەمی دەست و

قاچیان شکا، یوسف هەند ترسنۆك نەبوو، بەڵام بە کچێکی واوە وەزعەکە جیاواز بوو، لە گەڵ دەنگی لێخوڕینەکە ئافتاو ویقەیەکی لێ بەرزەوە بوو، شێرۆ لێیان نزیك کەوتەوە یوسف دیقەتێکی دایە قەلافەتەکەی ناسیەوە، تێگەیشت کە نزیکی باخەکەن، بە ناسبنەوەی شێرۆ هەندێ لە ترس و دڵەڕاوکەکەی رەویەوە، شێرۆ نزیکیان کەوتەوەو پرسی: – "بۆ کوێ؟"

یوسفیش گوتی:

– " وادەبینی ". شێرۆ لێی پرسینەوە:–" دڵخوازن؟" یوسف بە ئەرێ وەڵامی دایەوە،

کەوتە پێشیانو گوتی:" دوومکەون"، سەرەتا ئافتاو ترسێکی گەورەی لێنیشت، بەڵام لەو شێوە نەغمەیەی شێرۆ پێی دەدوا هەستی بە بوونی گوڵی لە توێدا دەکرد، هەرگیز ئەو هەڵسوکەوتەی بە هی دڕکان نەدەچوو. شێرۆ پێی گوتن گەر لەو باخە وچانێك بخۆنەوە باشترە، بەم شێواویەوە خۆتان تووشی قەڵبەیەك دەکەن، ئەو شەوە لە باخەکە دوور لە یەك مانەوە دایە مریەم ئافتاوی بردە ژورێکەوەو لە گەڵ خۆی هێشتیەوە، یوسفیش لای شێرۆ مایەوە ئەو شەوە ئاشنایەتیەکی باش لە نێوانیان دروست بوو، شێرۆ پێی گووت:– " تۆ لەمڕۆوە هاوڕێو دۆستی منی، هەچکەس دژی ئەو دڕکانە بێ دۆستی منە ". دەمەو بەیان پێش گزنگدان قۆناغێ بە ڕێی خستن و شوێنێکی ئارامی پێ نیشان دان، پێی گوتن دەتوانن بۆ ماوەیەك لێرە بمێننەوە، بەڵام پاشی پتر لە مانگێ لەبەر ژیان سەختیو سۆراخکردنی پیاوانی ئاغا بە دوویانەوە یوسفی ناچار بوو ئافتاو بەگەڕێنێتەوە ئاوایی، بەڵام ماڵی ئافتاو وێرانەیەکی دارو دیوار بە سەر یەك داڕوخاو بوو. دایکی ئافتاو شەوێك لە گۆڕەپانی پێش مزگەوت ئاگر لە بەژنی خۆی هەڵدەگیرسێنێ، هیچ شتێکی هەند جەستەی خۆی پیس نەدەهاتە پێش چاو، وای هەست دەکرد بە جۆرێك پیس بووە بە هەرچی ئاوی دنیا هەیە بیشۆیتەوە پاکژ نابێتەوەو لەو پیسیەی داناماڵێ، کە هەموو کات نەیارەکانی ئافتاوو یوسف بە بیانووی تۆڵەستاندن بە سەر ئابڕویان دەتکاند.

ئافتاو ناچار چووە لای دایکی یوسف کە هەر پاش شەوی کارەساتەکە خۆی گەیاندبوە لای دەستەڵاتدارەکانو بێئاگایی خۆی لەو مەسەلەیە عەیان کردبوو.

مام پیرۆت لە گۆڕستانەکەو لە تەنیشت گۆڕەکەی یوسفەوە هەندێ خۆڵی لە شێوەی گۆڕێك گرد کردبووەوە، ئافتاو کە ئەو دیمەنەی بینی پاڵێکی بە هێزی بە مام پیرۆتەوە نا خەریك بوو بکەوێتە سەر ئەردەکە، بەڵام بە زۆر خۆی گرتەوە، مام پیرۆت دەستێکی بەزەیی بە سەر ئافتاودا هێناو گوتی:

– " قەیدی چیە کچم با ئەویٚ بۆ تۆ بیٚ منیش لە پاینی پیٚتانەوە شویٚنیٚ بۆ خۆم دەگرم"، ئافتاو نیگایەکی شەرمەزاریو پەشیمانی لە مام پیرۆت گرتو سەری خستە سەر سنگیو دایە پرمەی گریانیٚکی بە کولٚ،

چوونە سەر گۆڕو شین گیٚڕان بووە بەرنامەیەکی رۆژانەی ئافتاو، ماوەیەکی دوورو دریٚژی بەو شیٚوەیە بوارد، تا هیٚدی هیٚدی خەمو پەژارەی لە کزی دەداو دەسوا، کەسیٚ نەبوو لەو گوندە بارتەقای نەجمەدین ئاغا چاوەدیٚریو گرنگی پیٚدانی ئافتاوی لە خۆ لول دابیٚ، هەر ئەویش بوبوە ئاستەنگی رکو کینەی میرزا ئاغای کاکیو پیاوەکانی، بەرامبەر بەو کەتنەی کە کرابوو.

ئەو کاتانەی نەجمەدین ئاغا بە بەرزە فڕی خەیاڵی، کاسەی ژینی لیٚواو لیٚوی خۆشیو شادی دەبوون لەو جیهانە بە خەیاڵ خولٚقاوەی خۆی، دەمو لیٚوی لە سەر گۆناو سنگو جەستەی ئافتاو هەڵدەسوو، ئافتاو دارو درەخت و سیٚبەرەکانی لیٚ دەبوون بە یوسف و بزەی بۆ دەکردن و جار جار لە گەڵیان دەدواو رازی دلٚی بۆ هەڵدەڕشتن، هەرگیز کەسیٚك بە بیرە تیٚکچرژاوەکەی رانەدەبورد یوسف نەبیٚ. هەڵچون و گریان و پیٚکەنینی نەجمەدین ئاغا بۆ ئافتاو کاریٚکی یەکلایەنی بوو، رۆژ بە رۆژ ئەو شەیداییەی پەرەی دەسەندو شیٚتانەتر لە ئافتاوی دەڕوانی.

من خۆم هەرگیز لە بارێکی ئاساییو ئارامدا نەبووم، هەواڵی مەرگی ئەو پیرەمێردە بەناو باوکەش بارەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد، هەرچەندە چ پەیوەندیو کاریگەریەکی وای بە سەر ژیانمەوە نەبوو، بەڵام وەکو تروسکاییەکی رۆشنایی لە خەیاڵمم سوڕ دەدا، بەو هەواڵە ئەو تروسکاییەش خامۆش و تاریك داهات.

بەیناو بەین هەواڵ و سڵاوی بۆ دەناردم، بەڵام هەرگیز لە کەسێکم نەبیستەوە بڵێ داوات دەکا و خوازیارە بچیە کنیو لە نزیکەوە بتبینێ، تەنها بەناردنی ئەو هەواڵانەو هەندێ یارمەتی ئەو پەیوەندیەی درێژە پێدەدا.

من گەلێکم لە دایکمەوە بیستبوو سەبارەت بە ئاڵۆزیو دژواریو سەختی ئەو ناوچەیە، زۆریشم لە بارەی خەڵکەکەوە بیستبوو، کە چەند توندو تیژو شەڕانگێزو سەر بە بەڵان، لە بەر ئەوە ئەوەندە گلەیی نەویستنی ئەو پیرەمێردەم لەدیتنم نەدەکرد.

لە گەڵ گەیشتنی ئەو هەواڵی مردنی و ئاگادار کردنەوەم لەوەی کە شێرۆ هەموو کاروباری راگرتونو چاوەنۆڕی میراتگر دەکا کە من بووم، من چ شتێکم شك نەدەبرد کە لە پێناویا بمێنمەوە، بڕیاری ئەوەمدا کە گۆڕانێ بە ژینی خۆمدا بێنم، چەندین رۆژو شەوان کەوتمە بیرو خەیاڵی ئەو ژینە نوێیە کە دەمەوێ بەرەو رووی بڕۆم. پریاسکەیەکی پڕو توندم لە خۆزگەو هیواو رازەکان شەتەك دابوو. بە پەلە نوکە پێیەکم بە هەموو ئەو شتانەی کە بە ژیانی ئەوێی دەبەستمەوە کێشاو تورمدانو رووەو زێد ملی رێم گرتە بەر، بەڵام لە گەڵ یەکەم پێنانم بەو خاکە، بەرەو رووی دڕکەڵانیکی چڕو پڕی چزێنەر بوومەوە. جەستەو پریاسکەم خوێنیان لێ دەچۆڕا، ترسێکی سامناك لە هەرەس باڵی بە سەردا دەکێشام، گەر گوڵێتی شێرۆ نەبایە لەوانە بوو چوین دیوارێکی درز بردووی بەر لێزمەی باران و لافاو بە لادا بهاتبایەم و خۆمو پریاسکەم نوقمی دەریایەکی بێ بن بایەین و بە گووم بوون چووباین، بەڵام شێرۆ هەند بە داناییو دڵفراوانی لێم نزیك کەوتەوە کە پاڵی پێوە دەنام منیش پتر بچمە پێشەوە، هەند ئەو خاکە دڕکاویەی خۆشدەویست، وردە وردە منیشی فێرە ئەو خۆشەویستیە دەکرد، زۆر لە سەر خۆ باسی ئەو دەڤەرەی بۆ دەکردم، بۆی باس دەکردم و پێیەکانمی پیوە دەلکاند، بەو باسانە ترسو سامی دەڤەرەکەی لێ کەم دەکردمەوە و پریاسکەکەم گەورەترو فراوانتر دەبوو، کاتێ هاتمەوە سەرخۆم یەکەم کارێ کردم چوومە سەر گۆڕی ئەو پیرەمێردەی کە لە دوورەوە دەمناسیو لەدووریشەوە باوکم بوو، ئەو گۆڕە تاقو تەنێ لە پانتاییەکی بەرز بوو، چ گۆڕێکی دیکەی بە دەورەوە نەبوو. کاتێ پرسیاری ئەوەم لە شێرۆ کرد، گووتی:-" دەبێ گۆڕستانێکی تایبەت بە خۆمانمان هەبێ ". سەرەتا نەمدەزانی مەبەستی چیە، گۆڕستانێ تایبەت بە خۆمان

**یانی چی، گوتی: -" ئەم جەستە پاکە ڕەوای ئەوە نیە لەو دڕکستانە و لای دڕکەکان بنێژرێ، بەڵکو دەبێ ئا لەم بەرزیەوە لە خاکێ پاك بڕوانێ، خاکێ کە لەمەو پاش گوڵی تیا بڕوێ، ئەو خاکەی کە تاکو ئێستە گوڵی تێدا تاسێنراوە وهەڵپڕوکێنراوە، هەرچی گوڵە دەبێ لێرە بنێژرێن. ئێرە ببێتە مەزاری گوڵە شەهیدەکان".**

**دەیگوت مامۆستا :- " ئێرە دەبێ ببێتە مەنزڵگای ئەو کەسانەی لەمەو پاش سەری گوڵەکان بەرز رادەگرن، ئەوانەی کە دڕکەکان بنبڕ دەکەن و ئەم خاکەیان لێ پاکژ دەکەن. ئەوانەی دەیانەوێ هەند پریاسکەکەت بپەنمێ بەشی هەموو دەڤەرەکە بکات، ئەو دەڤەرەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکپارچە لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگو جۆراو جۆروەك بووکی ژێر تارای شادی بخەملێ ".**

**وای دەگوت و هەناسەی توندتر دەبوو، شێرۆ چ کاری دیکەی نەکرد لە قسە کردن زیاتر چ نەبێ بۆ ماوەیەك، بست بە بستی خاکەکەی بۆ دەپێوام، هەموو دڕکەکانی بۆ دەژماردم، کە هەرگیز لە هەژماردن نەدەهاتن، باسی ئەو گوڵانەی بۆ دەکردم کە دڕکەکان حەشاریان دابوون، ئەوانەی کە لە جێتەنگیو لە بێهەناسەیی دەخنکان. ئەوانەی کە چاوەڕێی دەستگەلێ بوون تا سەیوانە هەمیشەییەکانیان لە سەر لابا، هێند قسەی بۆم کرد وام هەست کرد بە قەد هەموو دنیا قسەی کردووە، بە قسەکانی دەوروژام، قسەکانی هەند کاریان تێدەکردم سەرم گەرم دادەهات، جار جار گوێم لە قسەکانی ئەو نەدەبوو، بەڵکو خۆم قسەم بۆ خۆم دەکردو شتەکانم لێك دەدایەوە و پریاسکەکەم لە مێشکمدا سوڕ دەدا، پریاسکە تا دەهات گەورەتر دەبوو، گەورە گەورە تا وای لێدەهات بەری ئاسمانی دەگرت، هەرچی خەڵکو خەرات بوون لێیان دەڕوانی، چاویان ئاوی دەکرد ملیان ڕەپ دەبوو، تەماشایان دەکردو ئەویش پتر دەپەنما، پریاسکە تا دەهات تەنك دەبۆوە لە هەموو لاوە تۆقڵەی دەکرد، تۆقڵەکان گەورەترو رروونتر دەبوون، لە ناکاو پریاسکە وەك جەواڵێك شێرەی دێو دادەدڕێ، سەرەتا بۆنێکی خۆش، هەوایەکی سازگار بە سەر خەڵکەکە هەڵدەکا، پاشان هەرچی نێو پریاسکەکەیە، نەرم نەرم وەك کولوە بەفر دێنە خوارەوە، منداڵان پێش هەموو کەس دەس دەکەن بە چەپڵەو هەڵبەزو قونەقون، بەو ناوە غار دەدەن و دەست بە حەواوە دەگرن، پاشان ئافرەتە ڕەشپۆشەکان، ئینجا باقی خەڵکەکە، گوند دەخرۆشێ، خەونەکان دەپرژێنە سەریان، خەونی ڕەنگاو ڕەنگ، گوڵە گەنمو مێرگو گیاو گوڵ و باڵندەی نەخشین و پەپولە، هەموو ئەو شتانەی کە شێرۆ باسی کۆچکردنیانی لەو دەڤەرە دەکرد، لانەوازان دڵنیایی بە دەست دێنن، بیمارەکان تاکانیان دەڕەوێتەوە، پەتاکان مردارەوە دەبن، جۆگەلەکان دەبنە هەرزاڵی ئاوەکان، کێڵگەو وەردەکان دەبوژێنەوە، گوڵە سەر کزەکان ختوکەی گیانیان دێ.. تریق تریق بە دەم باڵندە**

نەخشینەکانەوە پێدەکەنن، ئەو کاتەی وام خەیاڵ دەکرد بزەم دەهات، شێرۆ باڵی راوەشاندم گوتی: -" ماموٚستا گوێت لێمە؟ " پێکەنینێ ناخی گرتم گوتم: - " بەڵێ گوێم لێتە "، گومانی ئەوەی هەبوو کە گوێم لێی بووبێ، وام هەست دەکرد کەسێکی چنگ کەوتوە تا رازەکانی خۆی بۆ باس بکات، باسی ئەو شتانەی بۆ بکات کە تا ئێستا لای کەس باسی نەکردوون، کە تاکو ئێستا وەکو گرێیەك لە ناخیا چەقیونو زەمینەیەکی نەبوە هەڵی رشێنێتەوە سەری، ئەو جیهانەی شێرۆ لە خەونو خۆزگەکان وێنەی کێشابوون گەلێ جیهانێکی رازاوەو جوان و گرنگ بوون، بەڵام چ شارەزاییەکی ئەو زەمینەیەم نەبوو ئەو شتانەی لە سەر بکرێنە واقیع و هێنانە دی و دروست بوون. هێندەی نەبرد شێرۆ قۆڵی لێهەڵماڵیو کەوتە دروێنەکردنی ئەو شتانەی نامۆن بە باخەکە، بە کەسێکی نەدەگوت ئەو کارە بکە خۆی دەستی پێدەکردو هەرکەسیش لەوێ بایە بە شوێنیەوە ئەو کارەی دەکرد، لەو روانینەی لێم کاتێ نوشتامەوە بۆ کار کردن بۆم دەرکەوت کە چاوەڕوانی ئەوە نەبوە من دەست لە چ کارێ وەردەم. هەندێك لێم راماو پاشان دەستی کردەوە بە کارکردن، منیش بە هەمان شێوە ی ئەو کارم دەکردو گژو گیاو دارو دەوەن و رووەکو دڕکەکانم هەڵدەکێشان، زۆرتری کارەکان هەڵکیشانی ئەو دڕکانە بوون کە نەدەبڕانەوە، دڕکەکان لەو پەڕی باڵا کردندا بوون، هەموو بن درەخت و قەراخ جۆگاکان یەك پارچە دڕك بوون،

هەردوو کووڕەوە بوبوین، هەتا ئەو جارێك پشتی راست دەکردەوە من دەیان جار ئەوەم دەکرد، ئارەقە سەرتاپای شەلاڵ دەکردم، ئارەقەی سوێر دەڕژایە سەر برینەکانی دەست و قاچم کە دڕك ونجڕ ونجڕی کردبوون، سەیرم دەهات و هاوارم بوو لە دەست ئەو هەموو دڕکە، دەمگوت خوایە چۆن دەبێ لە تەنها شوێنێ ئەمەندە دڕکە هەبن. رۆژانە دڕکمان قڕ دەکردنو وردە وردە بە شوێن دەستمانەوە تاکو تەراك گوڵ سەری دەردێنا.

شێرۆ ئەو پەستیەی منی بەرامبەر بەو هەموو دڕکە پێ باش بوو،رووی دەمی تێکردم و گوتی: - " نەدەبوا دڕك نەبوایە؟" گوتم:- " دڕك لە هەموو جێگایەك هەن، بەڵام لە هیچ کوێ بەم زۆریەم نەدیوە. لە هیچ کوێش خاکی وا بێگوڵم نەدیوە ".

گوتی: - "دڕك لە هەر جێگایەك بەری لێنەگیرێ بەم شێوەیە زاڵ دەبێو چی خاك هەیە داگیری دەکا ".

وای گوتو زۆر پەتیارانە شانی پێوەنا، هەند بە توندیو رقەوە دڕکی هەڵدەکێشان، دەتوت تەنها کارێ کە خوا پێی سپاردبێ لەم سەر زەویە، لە ناوبردنی ئەو دڕکانەیە، لە کۆتایی ئەو هەڵمەتە هەندێ برین و زام وەکو شایەتحاڵی ئەو کارە بەسەر دەست و قاچمان مانەوە،

**تاماوەیەك ئەو زامو برینانەمان پێوە دیار بوون، پاش ئەوە ئاوی بەردایەوە ناو باخەکەو بە هەموو کونو کەلەبەری باخەکە تەوژمی دەبرد، بیٚ ئەوەی لە شوێنیٚ پەنگ بخواتەوەو ببیٚ بە زەلکاو بۆ مێشولەو مێشو مەگەز، دارو درەختو لقەکان دەلەرینەوە دەتوت سەما دەکەن، وردە وردە رەنگەکەی خۆیانیان دەگرتەوە،بە کەسێکیان دەکرد لە تویٚی نوێنی بیماریا راست دەبنەوەو ئازارەکانیان رەویوەتەوە.**

**رۆژ بە رۆژ درەختەکان پەلو پۆی پتریان دەهاویشت، گولٚ وردە وردە سەریان دەردێنا، باڵندەو پەلەوەر جریوە جریویان خستەوە روحی باخەکە، بۆنی ژیان بە هەموو کونو کەلەبەریٚ پەخش دەبوو، ئاگام لێبوو شێرۆی گولٚ هەموو سپێدەیەکو پێش هەموو شتێك سورێکی نێو باخەکەی دەخوارد و گوێی بۆ ئەو سروشتە جوانە هەڵدەخست و پڕ بە سیەکانی هەوای پاکی هەڵدەمژی، جارجارە وەکو منداڵێك بەو ناوەدا غاری دەداو بە ناو چیمەنەکانا تلو پلی دەکردو خۆی دەگەوزاند، سەمای دەکردو قاقا پێدەکەنی، سەرنجی وردترین و باریکترین شینایی دەدا، هەموو درەختەکان و هەموو گوڵە وردەکان و گشت تاڵە دەزووە سەوزاییەکی دەناسیەوە، بە چڕی چاوەدێریانی دەکرد، کە چۆن گەڵاکان پانو پۆڕ دەبن، دوگمەکان چۆن دەم دەدەن و روو لەرۆژ دەکەن و بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن.**

**گەر پێی بکرابا ناوی لە هەمووی دەنا، هەموو بەیانیەك بانگی دەکردن و بەیانی باشی لێدەکردن، دیقەتی میوەجاتەکانی دەدا کە چۆن خڕ دەبن، چۆن قەبارەی خۆیان وەردەگرن، چۆن رۆژبەرۆژ رەنگیان دەگۆڕیٚ و رووەو گەیین دەچن، جار جارە پەلکێشی دەکردمو بە ناو باخەکەدا گڕی دەدام بە درەخت و قەدو لق و گەڵاکانی دەناساندم، دەیگوت:**

**– " مامۆستا دەبیٚ یەك بە یەکیان بناسی تا خۆشیانت بوێن و ئاگاداریان بکەی، تا بتوانی هەست بە سیس بوون و لاوازیان بکەیت و رەحم و بەزەییت بجولیٚ و وەك و منداٚێکی خۆت پەروەردەیان بکەیت ".**

**هەستم بە دڵسۆزیو راستگۆیی قسەکانی دەکرد، مەزنی مرۆڤێکی گەورەم تێدا بەدی دەکرد، ناخی یەکچارچە بەهار بوو، لە گەلٚ بوژانەوەو زیندوو بوونەوەی باخەکە شێرۆش بەو جۆرە رۆژ بە رۆژ دەبوژایەوەو گەورەترو مەزنتر دەبوو.**

ئەوەی کە رووی دەدا، نەك تەنها روحێکی وەك و منی بێ جەسە ئاسمانیشی هێنابوە لەرزین، ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نەبوو شەماڵ هاتیوە دەڤەرەکە ، تەرمی حەسەنی باوکی تەهایان بە ساردو سڕی خستە پێش دەستی کەس و کاری، حەسەن دوا کوژراوی ئەو شەڕی خۆبە خۆییەی نێوان گوندەکان بوو، دوژمنی سێیەم هەموویانی یەك دەخستەوە، ئەوانەی یەك خستەوە کە یەك فەرهەنگ و یەك کولتوری زەبرو زەنگیان هەبوو، هەر هەموویان لە درك زێدەتر چی دیکە نەبوون، کولە مەرگی هەموو گوندەکانی گرتبوەوە، پرسەو شین و واوەیلاو نوزەی هەتیوان و دەنگی رۆ رۆ لە گوێی دانیشتوان و دەرو دەشت و ئاسمانی ئەو ناوە نەدەبڕایەوە، ئەم برین ساڕێژ نەدەبوو، ئەم کۆست بیر نەدەچۆوە، برینێکی دیکەو کۆستێکی دیکە سەری هەڵدەدا و پەردەی رەشی بە سەر بینایی دێنا، ئافرەت یەك چارچە رەش دەچوونەوە، دەرفەتی ئەوە نەدەبوو جگە لە رەش رەنگێ دیکە بێتە ئاراوە، ئەمە بەدەر لەو جلو بەرگانەی دەستەڵاتدارەکان بە هەموو رەنگێ دەیانپۆشی، چ لاوێك مانای قۆزیو لازو گەزافی نەدەزانی، تەنها منداڵ و ژن و کچی ئەو دەستەڵاتدارانە نەبێ کە هەر وەکو بڵێی چی شتێك رووی نەدابێ لە بەزم و کەیفی خۆیان نەدەکەوتن و دەتوت ئەمانی دیکە خوا دروستی کردوون بۆ حەسرەت کێشان و هەناسە سارد بوون. ئەوان هەرگیز لە سەنتەنەتی خۆیان نەدەکەوتن.

ئەو رۆژە رۆژێکی دیکەی پڕ مەینەت بوو، تەرمی حەسەن لە نێوەڕاستی خەڵك دانرابوو. شین گێڕان بوبوە کارێکی رۆژانەی ژنە رەشپۆشەکان، هەموو تازیەبارەکان لە تازیەیەکی تازەو نوێ تازیەیان تازە دەبۆوە، مەرگی حەسەن ژنی کوژراوەکانی هێنایەوە مەراسیمی پرسەو چەندەها ژن خۆیان دەکوشت و قژو رومەتیان دەڕنیەوە، ئافتاو هێشتا دەنگە داگیراوەکەی چاك نەبوبوەوە دیسانەوە بە گریان و فیغان سنگی دەکوتیەوە، ژنان بە شیوەن و پیاوان دۆش داماو لە گۆڕەپانی پێش مزگەوتەکە گرد بوبونەوە، مام پیرۆت لەو دەنگە دڵ داخورپێنەرانە بە ئاگابوو، بەدەم بتو بۆڵ و جنێو بارانیەوە بەرەو گۆڕەپانی پێش مزگەوتەکە ملی دەنا، دەڕۆیشت و ورتە ورتی لێوە دەهات و سەری با دەدا، لە گەڵ گەیشتنی مام پیرۆت تابوتێ لە مزگەوتەکە هێنرایە دەرەوە لەپێش دەستی ژنەکان دانرا، بە فیزاح و گریانەوە خۆیاندا بەسەریاو قژیان دەڕنیەوە، تەهای کوڕی نەیدەزانی چۆن بگاتە تابوتەکەو دوا سەرنج لە شێوەی باوکی بدات، چاك دەیزانی کە جارێکی دیکە نایبینێتەوە ئەو سەفەرەی باوکی دەیکا دوا سەفەرەو گەڕانەوەی نیە، هەروەك چۆن ئەوانەی پێش ئەم هەمان سەفەریان کردو تەنها بە

خەیاڵ جار جار بیر دەهاتنەوە. بیری ئەوەی دەهات بە مێشکدا کە لەمەو پاش وەك ماڵە باوك کوژراوەکانی دیکە پیاوانی ئاغا بە سرتەو دزیەوە خۆیان دەکەن بە حەوشیاندا.

مام پیرۆت لە گەڵ گەیشتنی بە گۆڕەپانەکە لە دوورەوە گۆپاڵەکەی رادەوەشاندو جنێوی دەدا، سەبەبکارو پیاوکوژەکانی ڕیسوا دەکرد، خەڵکەکە بە ترسەوە گوێیان لە مام پیرۆت دەگرت و چاوە چاوی نەجمەدین ئاغایان بوو کە لەوێ راوەستابوو، بەجمەدین ئاغا بە سەرپیاوەکانی نەڕاندی:

– " ئەرێ ئەوە.. ئەو پیرە سەگە چیەتی؟".

سالەی پارێزەرو یەکەپیاوی گوتی: – " لێی مەگرە ئەقڵی لە دەستداوە".

نەجمەدین ئاغا بەوەی دەکرد وەڵامەکەی سالەی بە دڵ نەبوبێ، بۆیە یەکسەر توندتر ئەمریدا کە تابوتەکە هەڵگرن و بەرەو گۆڕستانەکەی ببەن، بە سەڵەوات لێدان تابوتەکە لە ژێر دەستی ژنەکان دەرهێنراو بە سەر شانەوە کەوتنە رێ.. خەڵکەکە بە هەنگاوی گچکە کەوتنە دووی تەرمەکە، هەر چەند هەنگاوێکو یەکێ یەکێ دیکەی هەڵگری تابوتەکەی دەگۆڕی، زۆربەی ئەوانەی دووی تەرمەکە کەوتبوون، بیری رۆژی مەرگی خۆیان دەکردەوەو خۆیان لەو تابوتە دەبینیەوە وایان لەو خەڵکەیان دەڕوانی کەوەك ئەوە وان بە دووی تەرمی ئەوانەوە بن،

گۆڕهەڵکەنەکان لە گۆڕستانەکە بە دیار گۆڕێکی ئامادەوە چاوەڕوانی تەرمەکە بوون، کاتێ تەرمەکەیان پێگەیشت زۆر دەست و بردانە ناشتیان و بۆ بڕای بڕ لە بەر چاویان شاردەوە، مەلا بە دەنگێکی پڕ پەژارەوە تەلقینی خوێندو پاشان خەڵکەکە فاتیحایەکیان بۆدا. خەڵکی ویستیان بچنەوە، بەڵام سالە پێی راگەیاندن کەس نەڕوات ئاغایان کاری پێیانە، نەجمەدین ئاغا چووە سەر تەپۆڵکەیەك و سالەو چەند کەسێکی دیکە بە دەوریەوە بوون، بە دەنگە باریکەکەی کە رێك پێچەوانەی دەنگی میرزا ئاغای برای بوو، کە گڕو زل بوو، دەستی بە قسەکردن کرد.

– "برایینە حەز دەکەم فاتیحایەکی دیکە بۆروحی سەرجەم گەلا پاکژە هەڵوەریوەکانمان بخوێنین "،

هەموو فاتیحایەکی دیکەیان خوێندو بێدەنگ بوون، تەنها دەنگی ژنی حەسەن و تەهای کوڕی و ئافتاو دەبیسترا. دەگریان. نەجمەگین ئاغا پاش تەواو بوونی فاتیحا خوێندنەکە دیسان دەستی پێکردەوە.

– "برایینە ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەم دوژمنایەتیەمان ماڵ وێرانی زۆری بە شوێنەوە بوو، بەڵام خۆ نابێ غەدر قبوڵ بکەین "، مام پیرۆت پشتی لێکردن و بەرەو گوند بۆوە،

خەڵکەکە چاویان پێوە بوو، نەجمەدین ئاغا پێی نارەحەت بوو. دەنگی بەرزتر کردەوە: – "تەنها ئەوانەی کە خەمخۆری خاکو ئاوو شەرەف و ماڵی خۆیان نین، زوڵم و دەستدرێژی قبوڵ دەکەن". مام پیرۆت تفێ رۆ دەکاتە ئەردەکە. " ئیمەش کە جوامێری و چاو نەترسی وەك میرات بۆمان ماوەتەوە، مەحاڵە قبوڵی دەسدرێژی کردنە سەرمان بکەین، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دەڵێم شەڕ خراپەو ماڵوێرانی بە دواوەیە، مەبینن جار جارێك شەهیدێکمان لێ دەکەوێتەوە، ئێمەش دەستی چاکمان لە دوژمنەکانمان وەشاندووەو زۆرمان لێیان کوشتووە، هەرگیز نەمانهێشتووەو ناهێڵین خوێنی گەشی ئەم جوامێرانە بە فیڕۆ بچێ، هەرچەندە خوێن رژاندن لە پێناوی سەربەرزی بە فیڕۆ چوون نیە، دەبێ بزانن چ هێزێك نیە بتوانێ لە رووی رۆڵەکانتان بوەستێ و بەرگە بگرێ. هێزی ئێمە گەلێك مەزنە، لە گەڵ ئەم هەموو هێزو توانایەش کە هەمانە، میرزا ئاغای کاکم بیر لەوە دەکاتەوە سنورێ بۆ ئەم شەڕە دانێت و کۆتایی بەم وەزعە نالەبارە بێنێ و چی تر کەسەکان لە یەکتر جیا نەبنەوە و نەبنە سوتەمەنی شەڕ.وا خەریکە چەند پیاو ماقوڵێك بە سەر پەرشتی مامۆستا بنێرێتە لای دوژمنەکانمان و ئەم شەڕە راگرن. وە هەرگیزیش سەر بەرزی و نەبەردی ئێوە لە بیر ناکەین و بە پێی تواناش یارمەتی ماڵ و منداڵی کوژراوو شەهیدەکانمان دەدەین، پشت بەخوا ئەم شەڕەش دەوەستێو تا هەتایە بە شادیو سەلامەتی دەژین"،

لە کاتی ئەو ئاخاوتن و خوتبەدانەی چاوێکی لە ئافتاو بوو، تا بزانێ گوێی لە قسەکانێتی یاخود نا، بەڵام ئافتاو لە سەر گۆڕەکەی یوسف تاس بردبوویەوەو لە خەمی خۆیا غەرق بوبو، هەر لە بەر ئافتاویش نەجمەدین ئاغا دەنگی پتر هەڵدەبڕی و هەوڵی دەدا قسەی رێکو پێکتر بکات.

قسەکانی تەواو دەکاتو بە لە خۆ رازی بوونێکەوە لەو بەرزیە دێتە خوارەوە، ئیزنی خەڵکەکە دەدەن و سەر پشکیان دەکەن لە رۆیشتن، خەڵکەکە ئەوێ جێ دێڵن، خۆیشی بە تەنێ بەرەو لای ژنی حەسەن دەڕوات و سەرەخۆشی لێدەکات، پاشان بەرەو لای ئافتاوو نزیك گۆڕەکەی یوسف دەوەستێ، دوو جاران بانگی ئافتاو دەکات ئافتاو هەر ئاوڕیشی لێ ناداتەوە، پاشان نزیکتر دەکەوێتەوەو دەڵێ:

– " ئافتاو خان تاکەی وا لە خۆت دەکەی؟ ئەمە ئەمری خوایەو هەمووومان رۆژێکی وامان هەیە، دەبێ هەرکەسەو بە جۆرێ بڕوات، گوناهی کەسی تێدا نیە"، ئافتاو بە قینەوە تەماشایەکی دەکات بەڵام نەجمەدین ئاغا مەمنونی هەر ئاوڕدانەوەیەکە بە هەرچی شێوەیەك بێت. دیسانەوە دەکەوێتەوە قسەو دەڵێ: – " هەستە پێویست وایە تۆ دڵی ئەوان بدەیتەوە"،

**دەستی بۆ دەبا بە نیازی ئەوەی هەڵیسێنێ بەڵام ئافتاو توند خۆی رادەوەشێنێ و قبوڵی ناکا، نەجمەدین ئاغا دڵگران دەبێت، بە دڵی شکاوەوە پشتی لێدەکات و ئیشارە بە پیاوەکانی دەدات و بەرەو گوند دەبنەوە.**

**ئافتاو بە پەلە دەورو بەری گۆڕەکەی یوسف گسك لێدەدات و بەرەو لای گۆڕی حەسەن دەڕوات، وەك بڵێی قسەکەی نەجمەدین ئاغا کاری تێکردبێ. دەنگی گریانی کزو نزمی تەها سنوری گۆڕستانەکەی نەدەبڕی، تەها دەگریاو ترسی لەمەو پاشی بێباوکی لە خۆی لول دابوو، لە پەڕی گۆڕستانەکە سەری نابوە نێو ئەژنۆکانیەوە و هەنسکی دەدا، ئەوەندەی زانی دەستێك لە سەر سەریەتی، سەری بەرز نەکردەوە خاوەن دەستەکەببینێ، بەڵام دەیزانی دەستێکی گەورەو گرانی پیاوانەیە، شێرۆ خاوەنی ئەو دەستە بوو گوتی: – " کوڕی حەسەن.. تۆ گەورەی و گریان چ دادێکت نادات، هەموو رۆژێ یەك دووکەس وەك باوکت بە لادا دێنو جێتان دێڵن، ئەم گریانە ببڕەوەو ببە بە حەسەن، چاوەکانت بسڕەوەو ببە بە پیاو".**

**ئەو شێوە قسەکردنەی لا نامۆ بوو، ئاوڕێکی لە خاوەن دەنگەکە دایەوە، ئەوە یەکەمجار بوو لەو نزیکەوە شێرۆ ببینێ، هەستی بە دڵسۆزی ئەو پیاوەکرد، هەستی دەکرد ئەم قسە جدیانە بێ مەرامی خراپەو چی پێویستیەکی بەو نیە، شێرۆ بەو شێوەیە دوایی بە قسەکانی خۆی هێناو گوتی:**

**– " من ناوم شێرۆیەو لە باخەکەم، پێویستیت بە چی بوو دەتوانی بێیە لام. دڵنیابە هیوابڕت ناکەم"، بەم قسانە تەهای جێ هێشت، بەڵام پێش رۆیشتنی بەرامبەری وەستاو دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد، تەهای ناچارکرد هەستێتە پاوەو دەست بنێتە نێو دەستی، شێرۆ چاوی بڕیە نێو چاوی، تەها لەو چاو تێبڕینە راما هێزێکی لێوە سەند، شێرۆ پشتی لێکردو بێ ئاوڕدانەوە ڕێی باخەکەی گرتە بەر، تەها هەروا بە شوێنیەوە تەماشای دەکرد، چاوەکانی سڕیو چووە سەر گۆڕەکەی باوکی تۆزێ راوەستاو پاشان بەرەو گوند بۆوە، لەو ساتەوە تەها شێوەیەکی دیکە بوو، هەوڵی دەدا وەکو گەورەیەك رەفتار بکات، زۆر یارمەتی دایکیو خوشکە هەشت مانگانەکەی دەدا، بێدڵی دایکی نەدەکرد، هەرچ قسەو باسێکیش پەیوەندی بە باخەکەو شێرۆوە بوایە هەموو جەستەی بۆ دەکردن بە گوێ ,**

من دڕكیٚ بووم لەو دڕكانەی كە بۆ تاسان و پلیشاندنەوەی گوڵەكان هاتبوینە كایە، ناوم ڕەشەیە، دڕكێتی من دژی ویستی خودی خۆم نەبوو، لە دوڕیانێكا دەبوا بە لایەكەوە چوبام، كە ئەولاكەی مایەی فەلاكەت و تیاچون و ژیانی كولە مەرگی بوو.

ئەملایە جیهانی دڕكان و تاوان و بگرەو بەردەكان و ماف خواردنەكان بوون، لە بەرەی دەستەڵاتداران، چ پاكانە ناكەم و پاساوێكی كارەكانم ناهێنمەوەو ئەو ڕێگایەشی كە هەڵم بژاردبوو بە ڕاست و هەقم نەزانیوە، بەڵام هەردەم خۆم لادەدا لە بكەربوون و ئەنجامدانی تاوانەكان، لە گەڵ ئەوەشدا دەستێكی ناراستەو خۆمی تێدا بوو، من و ڕەحیم كە پورزاو خاڵۆزا بووین، هەردەم یەكترمان ئاگادار دەكردەوە لەو كارانەی كە بە هەر كامێكمان بسپێردرایە. زۆرجاریش ئەو كارانەی كە بەسەرپێچی ناسرابوون بە تەنیٚ بماندیبا چاوكوێرو گویٚ كەر خۆمان لیٚ گێل دەكردو كەمو زۆر نزیكی نەدەكەوتینەوە، هەردەم چاوەڕوانی دەرفەتیٚ بووین خۆمان لەو تاوانانە راستكەینەوەو هەندەك ئارامی بە ویژدانمان بدەین. بە سرتەو دوور لە چاوی ئاغاكانەوە دەستی یارمەتیو كۆمەكیمان بۆ نەیارەكانی دەسەڵاتدارەكان درێژ دەكردو لە هەڕەشەو گوڕەشەیان ئاگادارمان دەكردنەوە. تەواو ژیان سەخت بوو بۆ ئەو نەیارانە. چی زەوی و كێڵگە هەبوون سوتێنرابوون، كە كەسێك نەیدەوێرا زەوی و زاری خۆی كەردە كێڵ بكات، ئاژەڵداریو ماڵداری بڕینی ماوەیەكی زۆر دوورو درێژی دەویست تا بە لەوەڕگا بگات، گەر پاش ئەوەیش ئەو لەوەڕگایە ببوایە، پەلەوەرو باڵندەو ئاژەڵە كێویەكان لە دەنگی تەقەو ئاژاوەو كەوتنە دەشتی ئەو چەكدارانەی ئەملاو ئەولا تەواوی ئەو ناوەیان جیٚ هێشتبوو.

سەرتاپای خاك دڕك بوو، دڕك ببوە یەكپارچە گڕو بڵێسەو چی ڕووی لەو ناوە بكردبایە هەڵی دەپڕوكان، ناوچەیەكی دابڕاو لە ژیان دەتوت لە سەر گۆی زەوی نین. بە ساڵان كەسیٚ ڕێی نەدەكەوتە ئەو ناوچانەمان. هەرچی دەنگی خۆیان بوو خۆیان و ئاغاكان دەیانبیستەوە، وەلیٚ ئاغاكاش دەنگێكی بە ئاوازی خۆی دەویست، نەك ئەو دەنگانەی كە تەواو گویٚ ئازار دەدەنو مێشك دەوروژێنن. ئەو دەنگە كاسكەرانە هەبوون. بەڵام ئەوەندە نەبوون كار بكاتە سەر بیر كردنەوە، تەنها وەك نووزەیەك دەهاتن و وە ئەو دەنگە كزانە باجیان گەلیٚ قورس و ناڕەحەتكەر بوو. ئێمە سەرمان سوڕ مابوو لەو كەسانەی كە ئەو دەنگانەیان هەبوو، چۆن چۆن دەگوزەران، ڕەئوفو ئافتاوو مام پیرۆت و بوكە بێوەژنەكەی و چەند دانەیەكی دیكە. دەنا باقی خەڵكەكە هەموو پیاو كوژو كارەكەرو سوجدە بردووی خوانی ئاغا بوون. گەر لەو خوان و دیوە خان و سێبەری ماڵی ئاغایانە دوور كەوتبانایەوە گەڕو گول و بە عیبرەتی گچكەو گەورە دەبوون.

کەتنەکەی ئافتاوو یوسفە عاشق گەورەترین گورزێك بوو کە تێیان سرەوێندرابوو. بەڵام ئەویش باجەکەی گەلێ گەورە بوو. قسەیەك لە ئارادا بوو کە گوایە ئەو دەنگدارانە یارمەتیو بژێویان لە باخەکەی باوکی شەماڵەوە چنگ دەکەوێ، ئەمە گەلێ ئاغاکانی ناڕەحەت کردبوو، بەڵام نەیاندەویست ئەو لایەش لە خۆیان تێکدەن، چاوەڕێیان دەکرد ئەم شەڕی گوندەکانی دیکەیان لە مل بێتەوە، ئەوکات ئاورێك لەوانیش بدەنەوە، حەسەن دواکوژراوی ئەو شەڕە نەگریسە بوو، لەوەتەی باوکی شەماڵ نەمابوو وەزع لە گەڵ باخەکە بەرەو ئاڵۆزیو بشێوی دەچوو، شێرۆ هەردەم ناتەباو روو گرژ دەبینرا، پەیدابوونی شەماڵ هێزو برەوێکی زۆرتری دابوە شێرۆ، قسەو قسەلۆك دەهات و دەچوو، مقۆ مقۆ کەوتبوە نێو خەڵکەوە، کە گوایە ئەو بەشە سەرانەیەی ئاغاکان لە باخەکەیان چنگ دەکەوت لێیان بڕاوە، ئەم قسەیە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە نەهاتبوو، بەڵام ئەوەش نەبوو کە میرزا ئاغا تەواو فەرامۆشی بکات و چ حسابێکی بۆ نەکردبێ، هەر قسەیەکی لەو بابەتە بکرابا دەچوە بنج و بنەوانیەوە، رایدەسپاردین کە بزانین ئەو قسەیە چەند راستەو لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

دواهەمین هەواڵێك کە لە باخەکەوە گەیشت، ئەوە بوو کە شێرۆو شەماڵ کاریان مەیسەرەو ماڵ دەنێرن بۆ ئەو مەرزەی کە پاشان لێیەوە دەچێ بۆ شوێنانی دیکە، چەندین ساڵ بوو پێنج یەکی خێرو بێری بەری باخەکە دەبوا بۆ ئاغاکان بێت، بە چاوەدێری یەکێ لە پیاوەکانیان. کەراستی ئەو هەواڵەیان بۆ ساغ بۆوە بڕیاریاندا کەسێك بنێرن بۆ لایان و بە هەمان دەستووری جاران چاوەدێری ئەو برە بەشەیان بکات، سەرەتا ویستیان فەتە دەس مەعدەنی کوڕی هەیبەت بنێرن، بەڵام لە بەر بێحەوسەڵەیی فەتەو لە ترسی ئەوەی نەوەك تووشی کێشەیەکیان بکات لەو هەڵبژاردنە پەشیمان بوونەوەو رایان لە سەر سالەدا، پێشیان راگەیاند کە تەنها وەکو نێردراوێ دەڕوات و قسەی کەمو زۆر ناکات، سالە بەوپێیە کە رایانسپاردبوو رۆیشت و دەست بەتاڵ هاتەوە، پێشتر هەندێ شتی باوەڕ پێنەکراویان بیستبوو تایبەت بەو مەسەلەیە، بەڵام بە گومان بوون لێیان، کەچی ئێستا خەریك بوو مەسەلەکە بە راست دەگەڕا.

دیوانی میرزا ئاغا جمەی دەهات، کاتێ منو رەحیم چووین جێگا نەبوو دانیشین، بە پێوە راوەستاین و گوێمان لە قسەکان دەگرت، نەجمەدین و میرزا ئاغا هەردوو بەرامبەر دانیشتبوون، هەرکەسەو پیاوانی باوەڕپێکراوی خۆیان بە دەورەوە بوون، تەنها مەلا لە تەنیشتی میرزا ئاغاوە بوو، بابەتی باسکردنەکە ئەو هەڵوێستەی شێرۆو شەماڵ بوو، بەڵام پتر ناوی شەماڵ لە ئارا بوو چونکە ئەو خاوەنی شەرعی باخەکە بوو، کە ئێمە گەیشتین هیچ تورە بوون و شپرزەییەکیان پێوە دیار نەبوو، بە شێوەیەکی گاڵتە جاڕانە باسیان لە مەسەلەکە

دەکرد، هەر هەموو بەو تیرو توانجانە پێدەکەنین کە لە شێرۆو شەماڵیان دەگرت، تەنها فەتە دەس مەعدەن نەبێ کە هەر وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی مرو مۆچ و بێدەنگ لە ناو دەرگاکە وەستابوو، یەکێکیان گوتی:– "ئاغا بە شەرەفم بەس نازناوەکەی فەتە ببیسن زارە تەرەك دەبن"، رایان وابوو کە شێرۆ چ ناو مەجلیس و بنیادەمانی نەدیتوەو هەردەم وەکو ئاژەڵێکی کێوی نێو دارستان، ژیانی بەسەر بردووە، شەماڵیش کوڕی ناسکو بەردەستی مامۆستا ناسکەکانی وڵاتان و شاخو دەرو دەشت نەدیوە، یەك پخەی لە تاریکیا لێکەی لەوانەیە بە جۆرێ بڕوات هەرگیزاو هەرگیز نەڵێ من کەسی ئەو جێیەم و زەویو زارو موڵکم لە شوێنێکی وادا هەیە، یەکێ دیکە هەڵی دایە:– " گەورەم ئاغام. کوڕینە بە زاتی خوا گەر ببەینە ئەم شارە شڕانەی خۆمان و بیدەیتە دەستی یەکێ لەو گەوادانەی کە خۆمان دەیانناسین بە شەوو رۆژێ چی موڵکو ماڵێ بە میرات جێماوی هەیە لە سوزانیەکی تاپۆ دەکات"، یەکێکی دیکە درێژەی پێداو بە پێکەنینەوە گوتی:– " کورە دوور نیە شێرۆشی لە گەڵدا بێ "، هەموو دایانە قاقای پێکەنین، ئێمەش بە ناچاری پێدەکەنین تا لە گەڵ ئەواندا هەمان رەنگمان هەبێت، یەکێکی دیکە لێیانی سەندەوەو گوتی:

– "وەڵە گەر بزانن شێرۆی لە گەڵە بە یەك فلسی قەڵبی ناکڕن شێرۆیێ نە قسەیێ بکات نە بزەیێ نە پێکەنینێ بۆ چیانە، ئەوان ئەهلی کەیف و بەزمن شێرۆیەکی وەك بەردیان بۆ چیە".

میرزا ئاغا  بە تەنیشت مەلاوە شانی دادابوو تەسبیحە کەهرەبەکەی لە نیوان پەنجەکانیدا با دەداو پێدەکەنی نەجمەدین ئاغا گووتی: –" نانا بۆ هەندێ ئیش و کاری پێش و پاش دەرگا بە کەڵکیان دێت"، دیسانەوەهەموو پێکەنین، خزمەتچی دەهاتن و دەچوون، جۆرەها خواردەمەنیو خواردنەوەیان دابەش دەکردەوە بەوەی دەکرد پێشتر قسەیەکی ئەوتۆیان لە مەسەلەکە کردبێ بۆیە میرزا ئاغا رووی دەمی کردە مەلاو گوتی: – " ئێ مەلا رات چیە دەڵێی چی؟" مەلا هەندێ سەری هێناو برد نەهاتە گۆ، لەولاوە عارفی خوارزای میرزا ئاغا هەڵی دایەو گوتی:

– " ئەوەندە قسەی ناوێ بەشی کردنە سەرێك ناکەن، با بەو شێوەیە بڕێتەوە"، میرزا ئاغا پێی گوت:– "رۆڵە تۆ جارێ وسکتبە با جارێ بزانین گەورەکان دەڵێن چی"، مەلا گوتی:– "کوڕم هەموو کێشەیەك و رێگەو چارەی خۆی هەیە، هەموو شتێك نابێ بەو شێوەیەی تۆ باسی ئەکەی بڕێتەوە، بە تایبەت لە سەرەتاوە گەر هیچ رێگە چارەکانی دیکە دادی نەدا، ئەو کات ئەو شێوەیە بیر لێدەکرێتەوە "، نەجمەدین ئاغا گوتی:

– "کەواتە ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی کاکیشمە، جارێ سەبریان لێ بکەین و بە گیانەکەم و چاوەکەم رەفتاریان لە گەڵ بکەین"، مەلا گوتی:

– "من وای بە باش دەزانم، بە تایبەت، ئەوان قەبارەیەکی وایان نیە زۆر باشیش دەزانن کە بەرامبەرەکەیان کێن و چین"، میرزا ئاغا گوتی:

– "باشە مەلا تاکەی واین چەند سەبرکەین؟ راستە ئێمە لە سەرەتاین هێشتا نەبۆتە کێشە بەڵام ئەگەر بووە کێشە؟" مەلا گوتی:

–" گەورەم ئاغایەتیو سەرپەرشتی کردنی خەڵکەکان وەك کاری حکومەتی وایە، گوتویانە حکومەت بە عەرەبانە کەروێشك دەگرێ، وە دەوڵەت بەحرە جێی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە. ئێوەش وەکو ئەو دەوڵەت و حکومەتەن چیتان لەوان کەمترە؟ بۆ ئەم خەڵکە دەبێ باوکایەتی نیشان بدەن، بۆ باش و خراپی خەڵکەکە".

ئەم قسانەی مەلا هەندێ کاریگەری هەبوو بە سەر میرزا ئاغاو نەجمەدین ئاغاو هەموو خەڵکەکەوە. نەمانزانی مەلا چۆن ئەم قسانەی بە سەر زاردا هاتن هەرچەندە پیاوی خوا بوو، بەڵام پێشتر هەرگیز لێمان نەدیبوو بەو شێوەیە ژیرانەو حەکیمانە لە مەسەلەکە بڕوانێ. کە خەڵکەکە بینیان میرزا ئاغا قسەکانی مەلا کاری تێکردوون وردە وردە هەموو رایان لە سەر قسەکانی مەلادا، بڕیاری ئەوەیاندا کەسانی دیکە بنێرنە لایان تا تێیان بگەیەنن.

من وەکو کەسێکی نامۆ رووم لە ناوچەکە کردبوو، ماوەیەکم پێویست بوو تا بە خەڵکەکەو ناوچەکە ئاشنابم، شێرۆ هەوڵی لە گەڵ دەدام تا بە کەس و شوێنەکانم بناسێنیّ، کەسەکانی پیّ دەناساندم بێئەوەی لەویّ بن، یەك یەك باسی کەسایەتیو پیاوکوژو دڕندەو پیاو چاك و غەدرلێکراوەکانیشی بۆ دەکردم، باسی ئەو کەلێنەشی بۆ دەکردم کە هەبوو لە نێوان خەڵکی سادەو رەش و رووت و خەڵکانی بە دەستەڵات، کە دوو جۆر مرۆڤ و دوو چینی دوور لە یەك بوون، هەموو ئاغاو پیاو ماقول و بەگەکانی ناوچەکە ئامۆزاو ژنو ژنخواز بوون، چی پەیوەندیەکی هاوخێزانیو خزمایەتی نەکەوتبوە نێوان دەستەڵاتداران و مسکێنان، تەنها پاسەوان و پیاوانی تایبەت لەو خەڵکانە بوون، ئەوانیش هەوڵی ئەوەیان دەدا زێدەتر بەرەو ئاستی دەستەڵاتدارەکان بەرز ببنەوە، بەڵام ئەو هەوڵەیان بێسودو بەترەف بوو. یەکیّ لەوانە سالەی داردەستی نەجمەدین ئاغابوو، رۆژێکیان سالە رووی لەباخەکە کرد، شێرۆ دەیزانی مەسەلە چیە، هەند پەرژا گوتی: –" مامۆستا ئەمە کەسێکی ناپەسەندە"، سالە زۆر بوێرانەو بیّ شەرمانە و بێباکانە هاتە پێشەوە، لە خاوەن ماڵ پتر هەستی بە ئاسودەیی دەکرد، سڵاوی لێکردین و گوتی: – " دەستتان خۆش بیّ، وا دیارە کارەکان بە رێوە دەچن"، بە خۆ بەزلزانیەکی بیّ سنور ئەو قسانەی کرد، وەکو لێپرسراوێك سەردانی شوێنیّ بکات رەفتاری دەنواند، هەر بەو شێوەیەش بیّ ئەوەی چاوەڕوانی فەرمووبەك بکات بە فیزێکەوە بەرەو ناو باخەکە کەوتە ریّ، بە چاوێکی بەرزو وردەوە دیقەتی دەداو پێشمان کەوت بێئەوەی گویّ بە رای ئێمە بدات بەرامبەر بەو هەڵسو کەوتانەی، ئەوە یەکەم دڕکیّ بوو من لە نزیکەوە دیتمن، پاش زۆرێك ئۆقرەگرتن پرسیارم لێکرد کە چ کارێکی هەیە بتوانین بۆی ئەنجام بدەین، وای وەڵام دامەوە کە چاوەڕوانی ئەوە بوونە ئێمە بنێرین بە دوویاندا بەڵام کە دەنگمان نەبوە ئاغای رایسپاردووە کە بێتو دەس بە کار بێت، منیش خۆم لە مەبەستی بێئاگا کرد کە وایش بوو، تەنها ئەوەندەم پێگوت: – "ئێمە چ پێویستیمان بە کرێکاری پیاو نیە"، بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە گوتی: – "کرێکار؟!". گوتم:

– "بەڵیّ"، تەماشایەکی شێرۆی کرد، شێرۆ ورتەی لێوە نەهات، بە پەستیەوە گوتی:– " باشە من هەر ئەوەندە دەستەڵاتەم پێدراوە". بە پەستیو نارەزاییو بیّ خوا حافیزی جێی هێشتین، ئێمەش چاومان بە شوێنیەوە چەقی تا دوور کەوتەوە.

شێرۆ پێی راگەیاندم کە پێنجیەکی بەرو بووم بۆ ئەوانەو لە لایەن کەسێك لە خۆیانەوە چاوەدێری ئەو برە بەشە دەکریّ، وەگوتیشی ئەو برە دەگاتە نیوەو جار جار پتریش، بە راستی وام هەستکرد کە زوڵمێکی زۆر لەوپیرەمێردەو شێرۆ کراوە.

دەمەو ئێوارە لە پێش خانووی ناوەڕاستی باخەکە دانیشتبووین، شێرۆ قەڵەم بڕێکی بە دەستەوە بوو، چڵەدارێکی بە دەستەوە بوو و دایدەهێنا، ئەمە خۆشترین گەمەیەکی هەمیشەیی شێرۆ بوو، تەواو نووکی دادەهێناو پاشان لە خۆڵەکەی پێشی وەر دەدا و بە خاك و خۆڵەکە گەمانی دەکردو بە چاوەکانیشی سەرنجی دارو درەخت و باخەکەی دەدا، هەستی بە شێواوی خوڵکی کرد، گووتی:

– " مامۆستا کارەکان وا بە ڕێوە چوون، باوکت پیرەمێردێکی مانووی حەز بە ئاشتی بوو، خواپەرست و بە بەزەیی بوو، هەرگیز فووی بە ئەسکڵێکدا نەدەکرد کە ئەگەری ئاگر کەوتنەوەی لێ بکرایە. هەر لە بەر ئەوەش بوو پێی باش نەبوو بگەڕێیەوە ئێرە، پێی وابوو گەر بگەڕێیتەوە لەوانەیە قبوڵی ئەم شتانە نەکەیت و تووشی بەڵایەك بی"، دیسانەوە کەوتەوە گێڕانەوەی ڕەفتاری دەستەڵاتدارەکان و باسی وردو دڕشتیانی بۆ دەکردم، زۆر باسی لەو شتانە دەکرد، دیار بوو دەیویست ڕاست و ڕەوان وەڵامی من و ڕای من و هەڵوێستم لەو بارەوە بزانێ، من کارێکی وام نەدەکرد بەڵام ئەو ئێوارەیە هەستم بە ماندوویی و بێپرستیەکی کوتو پڕ کرد، گوتم:

– " بچینە ژوورەوە "، بە شوێنمەوە هاتە ژوورەوە، قسەی دەکردو بێدەنگ دەبوو، منیش حەزم لێبوو زیاتر بڵێ تا ئاگاداری هەموو شتەکان بم، یان هیچ نەبێ ڕای شێرۆ ڕاشکاوانە ببیستم، بێئەوەی لێی داوا بکەم، کاتێ لە ژوورەوە دانیشتین شێوەی قسە کردنەکەی گۆڕا، گوتی:

– " مامۆستا هاتنی سالە تەنها بۆ بۆنکردنی دەممان بوو، لەمەولا کەسانی زیاترو بە دەستەڵاتتر دێن و تا ڕای تەواومان بزانن". گوتم:

– " مەبەستت چیە؟" گوتی:– " ئەیچۆن.. خۆ ئەمە شتێك نیە هەروا بە دوو قسەیان ڕازی بکەین".

لە گەڵ کردنەوەی دەرگای ئەم بابەتە ڕەنگی بە جۆرێ گۆڕا دەتوت بەرامبەر بە تاقی کرنەوەیە، یاخود چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەنجامێکی چارەنوسسازی خۆیەتی. بێئەوەی چاوی لە سەر هەڵگرم وتم:

– "بەرای تۆ چیمان پێ دەکرێ بەرامبەر بەوانەی کە باسیان لێوە دەکەی؟"

هەستایە سەر پێ و گوتی: – " مەبەستت چیە؟" گوتم:

– "به قسەکانتا دیارە گەر وەکو سالانی پێشوو رەفتاریان لە گەڵ نەکەین هەروا بە سانایی دەست لە یەخەمان ناکەنەوە". هەناسەی سوار بوو رەنگی هێناو رەنگی برد وەکو گومانێکی لە قسەکانما بەدی کردبێ، گوتی:

– " بێگومان هەروا بە سانایی واز ناهێنن". گوتم:– "کەواتە چار چیە؟" گوتی:– " ئەوە بە دەستی تۆیە، تۆ خاوەن موڵکی و تۆ سەرکاری ".

گوتم:– "وای دانێ من لێرە نیم و نەهاتوومەتەوە چۆنت رەفتار دەکرد؟" گوتی: – " گەر وا بایە بەرەکانم نەدەفرۆشتن و دەمهێشت هەڵوەرێن و بە خەسار بچن ".گوتم:– " باشە بۆ؟" گوتی:

–" قبوڵی ئەوە ناکەم کەسێ بەری رەنجم بخوات"،

ئەم قسەیەی زۆر بە دەمار گرژیەوە کرد، هەستم بە رك و کینەیەکی بێسنوری زەمەنێکی دورو درێژ لە ناخیا کرد. گوتم:

– " شێرۆ گوێ مەدەیە گەر هاتنەوە بێگومان وەڵامێکمان بۆیان دەبێ". بزەیەکی گاڵتەجاڕی بۆ کردو گوتی: – "مامۆستا بۆ وا دەزانی کەسێکی وەکو خۆت بە حەوسەڵە دێتە خزمەتت؟".

هەرگیز چاوەڕوانی ئەم قسەیەی شێرۆم نەدەکرد، وام هەستکرد دەتوانێ شتەکان لێك جودا بکاتەوەو چینەکانی کۆمەڵ بناسێ، نەمویست لەوە زیاتر بیشێوێنم گوتم:– "با بێن، کەس نازانێ چارەنووس بە چی دەگا، سواری ئەم کەشتیە دەبین بزانین دەریا چیمان نیشان دەدا ".

دڵەڕاوکەی شێرۆ نەدەبڕایەوە، بێئارام دەهات و دەچوو، بەوە دەچوو نەیەوێ قسەکان بەو شێوەیە کۆتاییان پێ بێ، بە دڵی پڕ پەژارەوە دەرچوە دەرەوە، دنیا بولێڵ بوو، لەوە ترسام دڵیم یەشاندبێ، ناچار دووی کەوتم و وردە وردە بە شوێنیەوە چووم، وام نیشاندا بۆ پیاسەکردن دەرچووم، هەستی بە دەنگی پێکانم کرد، هەنگاوەکانی کورت کردنەوە تا گەیشتمە ئاستی، لە سەر جۆگایەکی بن درەختەکان وەستاو دەستی دایە درەختێکەوە، منیش نزیکی وەستام شتێکم لە ناو ئاوەکە بەدیکرد کە زۆر لە سەر خۆ ئاوەکە پاڵی پێوە دەنا، جار جار دەوەستاو پاشان لە بەر لێشاوی ئاوەکە دەکەوتەوە جوڵە ویستم بیدوێنم گوتم:

– "ئەوە چیە لە ناو ئاوەکە؟". شێرۆ دیقەتێکی داو دەمانچەکەی دەرهێناو گوللەیەکی پێوەنا گوتی: – "ئەوە؟".

سەرم سوڕما لەو دەست و نیشانەی بە تایبەتی نیشانەکە شتێکی وا بچوکی جوڵاو بێت، دەنگی گوللەکە رایچڵەکاندم ئەوە یەکەمجارم بوو لەو نزیکەوە گوێم لە دەنگی تەقەی دەمانچە

بێت، گوتم:- "بەڵێ ئەوە"، گوتی:-" ئەوە کۆتەرەی دڕکە". گوتم:- "چۆن توانیت ئەوە بکەی؟!" گوتی:- "بۆ خۆت تاقی ناکەیتەوە؟".

سەرەتا دوودڵ بووم بەڵام زیاتر هانیدام، دەمانچەکەم لێوەرگرت خستمە سەر پێ دەستم بەرەو بەرزی ئاراستە کرد، نیشانم لە لقی درەختێ گرت، تەقەیەکم کرد هیچم نەپێکا گوللەکە بە نێو لقەکاندا بەرەو حەوا چوو، چەند جارێك ئەوەم دووبارە کردەوە، دیار بوو شێرۆ نیازی ئەوەی هەبوو فێری بە کار هێنانیم بکات و رام بێنێ لە سەری، هەموو رۆژ هەوڵی ئەوەی لە گەڵ دەدام، پێم دەگوت:-" شێرۆ دەتەوێ فێری چیم بکەی؟ دەتەوێ چەکم خۆش بوێ؟".

گوتی:- " مرۆڤ هەموو شتێك بزانێ باشە، هەر رۆژێ پێویستت پێی دەبێ ". گوتم:- "بەڵام دەکرێ خۆمانی لێ لابدەین، خوا زمانی پێداوین تا لە رێیەوە لە یەکتر بگەین. چەك رێگە چارەیەکی خراپە، رێگای هەڵدێرە، رێگەی تاڵکردنی ژیان و لە یەکتر دابڕینە". پێی گوتم:

- "مامۆستا تۆ بەم خەڵکە نامۆی نایانناسی، تۆ پەروەردەی نێوان دیوارەکانی، هەموو شتێکت بە قسە دەسکەوتوە، باوەڕ ناکەم زللەیەکت لێدرابێ"، گوتم:- "بە دەستی خۆم بووە زللەم لێبدرێ یاخود نە"، گوتی:

- " لێرە بە دەستی خۆت نیە، لێرە دەبێ زللە بوەشێنیو زللەش بخۆی، ئەو چەکەی تۆ باسی دەکەی لێرە ئیشی پێ ناکرێ، کارەکانو خواستەکانو ویستەکان لە رێی ئەم جۆرە چەکانەوە مەیسەر دەبن، من چ رێگەیەکت لێ ناگرم لە بە کارهێنانی ئەو چەکەی تۆ بڕوات پێیەتی، بەڵام بە مەرجێ نەتخاتە ژێر باری بەزینەوە ".

بەڵێنی ئەوەم پێدا کە چی سەروەری ستاندنەوەیەك لێم قبوڵ ناکەم و نایەڵم ماڵم بە فیڕۆو تاڵان بچێ. بەوەی دەکرد ئەوەندە باوەڕی بە قسەکانم نەبێ گوتی:- "مامۆستا بەم زووە راستیو ناڕاستی قسەکانمت بۆ دەر دەکەوێ"، پاش دوو رۆژ میرزا ئاغا خۆی و دوو پیاوی هاتنە لامان، رەوشتی میرزا ئاغا لە هی سالە گەڵێ بە حورمەتتر بوو، خاوەن سەرو سورەتیکی بە هەیبەت بوو، بە رێزەوە بەرەو ژوورەوەمان بردوو دیسان بە خێر هاتنمان کرد، پیاوەکانی گەڵێ ئارامو بێدەنگو بێچرکە وەستابوون، چاویان لە ئاستمان بەرز نەدەکردەوە، من وای بۆ چووم ئەم هەڵسو کەوتانە نەخشەکێشراوو رێنمایی میرزا ئاغا خۆی بێت، ئەم پیاو ماقوڵانە هەند ناو دیوەخان و ناو مەجلیسیان دیوە و هەن کێشەیان یەکلایی کردوونەتەوە لەو بوارە دەتوانن داهێنان بکەن، رازی نەبوو هیچ بخوات گوتی:- "ئێمە بۆ کارێك هاتووینەتە خزمەتتان، کە رێککەوتنێکەو شێرۆش ئاگای لێیەتی، جا نازانم بۆی باسکردووی یان نا؟"

گوتم:- "فەرموو ئاغا قسە بکە". گوتی:

-" ئێمە کاتی خۆی لە گەڵ باوکە ڕەحمەتیەکەت ڕێککەوتنێکمان کردبوو کە ئێمە پارێزگاری لە باخەکە بکەین لە دزو جەردەو چاوچنۆکان و لە ڕاپەڕاندنی هەندێ کاروباریش یارمەتی بدەین، ئەویش بڕێك لەو خێرو بێرە بەرامبەر بەو خزمەتانە بە ئێمە بدات، وا ئێوەش ماوەیەکە کەوتونەتەوە کار وامانزانی خۆتان دەنێرن بە شوێنمان، خۆمان دەستمان نەدەگەیشت سەرێکتان لێ بدەین ". گوتم:- "ئاغا خەریکی چی بوون وا دەستتان نەدەگەیشت؟" گوتی:- "ئەوە کارێکی تایبەت بوو بە هەندێ کێشەوە و لە کۆڵمان بۆوە، ئێستەش بۆ ئەوە هاتووم کە لە سەر هەمان دەستوری باوکە خوا ناسەکەت بڕۆیت و ئەو ڕێککەوتنە کاری پێ بکرێت".

گوتم:

-" ئاغا هیچ سەنەدو کاغەزێك لەئارادا هەیە؟". گوتی:

- "کوڕم لەم ناوچانە کار بە کاغەزو ماغەز ناکرێ، قسەکان سەنەدن". هەستامە سەرپێو گوتم:

- "ئاغا ئێوە پیاوی بە ڕێزن و خاوەن زەویو زارێکی زۆری ئەم ناوچەیەن، ئەوەیشی لە گەڵ باوکم کردوتانە لە پاراستنی موڵکو ماڵ و زەویو زارەکانی جێی ڕێزو ستایشە، وای بە باش دەزانم ئەو مەسەلەیە بە بڕێ پارە ببڕینەوە"، گوتی:- "مامۆستا ئێمە نەهاتووین داوای قەرز بکەینەوەو قەرزیشمان لاتان نیە، بەڵام ئەمە پەیڕەوی کارکردن بووەو دەمانەوێ بەو شێوەیەش بەردەوام بێت". گوتم:-" ئاغا ئەو کات باوکم کابرایەکی پەککەوتەی بە ساڵاچوو بووەو لەوانەیە هەندێ کاری پێ هەڵنەسوڕابێ، بەڵام ئێستە خۆم لە هیچم کەم نیەو لە گەڵ شێرۆ دەتوانین باخەکە بەڕێوە ببەین و پارێزگاری لێ بکەین". میرزا ئاغا هەستایە سەرپێو ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و گوتی:

- "گوێم بدەیە.. وا نیە کە تۆ لێی تێگەیشتووی، بێ ئێمە کەسێ لە ناوچەکە ناتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات"، ئەوە یەکەمین و گەورەترین هەڕەشەیەك بوو کە لە لایەن بە دەستەڵاترین کەسی ناوچەکەوە لێمانکرا.

گوتم:- "ئاغا بە پێچەوانەوە من وای نابینم، ئەوەی بیەوێ دەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات، بە تایبەتی لە ناو ماڵەکەی خۆیەوە". گوتی:

-" مامۆستا وا دیارە باشیان تێ نەگەیاندووی، من مۆڵەتی چەند ڕۆژێکت دەدەمێ تا بیر لە قسەکانم بکەنەوە، وەدەبێ ڕازی بن بەوەی لە سەری کارمان کردووە ". گوتم:- "ئاغا پێویست بە هەڕەشە ناکا ماڵی خۆمانەو چۆنمان بوێ وای هەڵ ئەسوڕێنین ".

زۆر هێمنانه گوتی:– "ئەوەی پێم بوو وتم". خوا حەفیزی لێ کردین و جێی هێشتین. ئەم سەردانەی میرزا ئاغا ترسناکترین سەردانێك بوو بۆمان، بە دواهەمین سەردانی ئەوانم زانیو وام بە بیردا هات لە هەر ئان و ساتێکدا بێت دەکەوینە بەر هێرش و پەلاماریان. نازانم چۆن وا درێژەم بەو هەڵوێستەم دەدا، بەوەی دەکرد بمەوێ دڵی شێرۆ خۆش بکەم، یان چ نەبێ لە پێش چاوی هەندێ خۆم بەرزو بە توانا نیشان بدەم. شێرۆ بە پێچەوانەی منەوە هەستی بە ئاسودەییەکی بێ سنور دەکرد، ئەو ئاسودەییو دڵخۆشیەی پێوە دەبینرا، بە تایبەتی دوای رۆیشتنی میرزا ئاغا باوەشی پێدا کردم و بە خۆیەوە نوساندم. بە خۆیەوە گوشیم تا تاسەی شکا، ئەوسا بێ هیچ قسەیەك بەرەڵای کردم و جێی هێشتم. پاش ماوەیەك بە سندوقێکی مەیلەو قاوەیی کە هی چەك پاراستن بوو لە بنەڕەتا، گەڕایەوە لامو لە پێشی دانامو دەمەکەی هەڵدایەوە چەند پارچە چەکێکی تێدابوو. پرسیم:– "ئەمانە چین شێرۆ؟". گوتی:

– "لەمەوپاش بە کەڵکمان دێن"،

دەری هێنان و یەك یەك کەوتە پاککردنەوەیان.

من گەلێ سەرسامی ئەو کینە پەنگ خوادووەوەیەی شێرۆ بووم ، گومانی ئەوەم هەبوو کە کارەساتێکی گەورەو کاریگەری بە سەر هێنرابێ، هەرگیز بە ئەقڵەوە نەدەچوو هەروا لە خوتو خۆڕایی ئەوەندە تینووی خوێنی ئەو نەیارانە بێ، گەلێ لە شەوانی درێژو ڕۆژە دەست بەتاڵیەکان دەمدواند، بەڵام هەرگیز باسی شتێکی بۆ نەدەکردم کە تایبەت بێ بەخۆی، هەمیشە دەیگوت: ئەمانە دوژمن و ناحەزی هەموو شتێکن، دوژمنی خاکو ئاوو دارو درەخت و زەویو ئاسمانن. ئەمانە ناحەزی هەموو روحلەبەرێکن، ئەمانە وا پەروەردە بوون کە هەموو شت موڵکی ئەوانەو ئەوانەی ئەم هەوای زەپۆشەش هەڵدەمژن لە ماڵی ئەوانی دەبەن.
هەرگیز قەناعەتم نەدەکرد ئەمانەی باسی دەکا پاساوی ئەو رکو کینانە بن کە هەیەتی، ئەوەندەی لە نزیکیەوە ژیام ئێستەش شتێکی تایبەت بە خۆیم نەدیت، نە یادگاریەك، نە بیرەوەریەك، نە هیچ شتێك دەلالەتی ژیانی پێشووی بێت، دەتگوت بە دەستی ئەنقەست ئەوەی هەبوە لە کۆڵی کردوونەتەوەو ئەوەی بە رابوردوی دەبەستێتەوە لە گۆڕی ناون.
دەتوت هەر وەك دارو دەوەنە خۆرسکەکان هاتۆتە کایە. رۆژێ پێی گوتم:
-" تۆ بە دووی چیدا وێڵی؟" گوتم:- " مەبەستت چیە؟" گوتی:
- "ئەوەی ببێتە رابوردوو و رابورێ نابێ لە سنوری خەیاڵو رامانەکان تێپەڕێ" گوتم:- "بەڵام ئەمانەی تۆ دەیانکەی کەڵەکبووی ژیانی رابوردووتن". گوتی:-" ئەوانەی من دەمەوێ بیانکەم، دوارۆژی من و تۆو کەسانی دیکەشی پێوە بەندە". گوتم:
- "دەکرێ مرۆڤ هەندێ کێشە بەلاوەنێ و بیکاتە ئەو رابردووە مردووەی تۆ باسی دەکەی".گوتی:- "یەکجارو دوو جار بۆت هەیە سەرتاپای ژیانێك بخەیە رابردوویەکەوەو سەر لە نوێ بەرەو رۆژانی دیکە سەرخۆت هەڵگری، بەڵام هەر هەموو جارێ و لە هەموو جێگایەك ناتوانی ژیانی خۆت بسڕیتەوە، هەڵاتن و خۆ لادانیش سنوری هەیەو تاقەتی دەوێ "، بەوە دەچوو کۆمەڵێ شکستیو ئازارو گرفتی لە جێیەکی دیکە جێ هێشتبێ، لەوانەشە لە چەندین جێگای دیکە ئەوەی کردبێ، بۆیە پێی گوتم:
-" ئەمە دواهەمین قۆناغمەو ئەو بارو بنەیەی لێرەم داگرتووە قابیلی گواستنەوەی دیکە نیە.
دەبێ بزانی ئەوەی دەمەوێ بیدورمەوە بنە تۆوی ئەردێکی دیکە نیە هەر هی ئێرە خۆیەتی".
من چ پەیوەندیەکم بە ژیانی دورو درێژی شێرۆوە نەبوو، مەبەستم تەنها زانینی ئەو شتە نوێیانە بوو کە لەم دەڤەرە تووشی بوبون، مەبەستم تەنها زانینی رەهەندی ئەو کینەیە بوو کە لە خۆی چاندبوو.
رۆژێ دایە مریەم یەخەی گرتم و گوتی:

– "تۆ زۆر ئازاری شێرۆ دەدەی، دەست لە یەخەی بکەرەوەو سەر مەخە سەری، ئەوەی هەیەتی با بەس بۆ خۆی بێ، گەر بیەوێ کەسێ دیکەی لێ شەریك بكات ئەوە دەتوانێ ئەوە بکا"، گوتی: –" تۆ کوڕی من دڵتەنگ و خەمبار دەکەی". سەرەتا وامزانی کە بە راستی کوڕی ئەوە پاشان درێژەی بە قسەکانی داو گوتی:

–" تۆش دەتوانی ببیە کوڕی من، من دەتوانم ببمە دایکی هەموو ئەوانەی دایکیان جێ هێشتووە، یاخود دایکیان جێیانی هێشتووە، بەڵام کوڕی سوکناك و ئارامم دەوێ، کوڕێکم ناوێت ئازاری کوڕەکەی دیکەم بدات یا کچەکانم دڵگران و رەنجاوبکات". گوتم:

–"دایە مریەم من نامەوێ ئازاری شێرۆ بدەم، من شێرۆم خۆش دەوێ ویستم لەو ئازارانەی کەم بکەمەوە کە تا ئێستاش پێیەوەیان دەناڵێنێ"، گوتی:

– "ئازارەکانی تۆ هی خۆتەو ئەوانەی شێرۆش هی شێرۆن". گوتم:

– "من ئازاری چیم هەیە؟". گوتی:

– "ئەوەی لە دەستی ئازارێکی گەلێ مەزنتر هەڵنەهاتبێ نایاتە ئەم کانگای ئازارەوە. چی ماڵو موڵکیش لێرە بە پارەیەکی قەڵب ناچن، گوتی ئێرە شوێنی مردوانە شوێنی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ بمرن".

دایە مریەم راستی دەکرد ئەوەی من جێم هێشتبوون باوەڕ ناکەم لە هی شێرۆ باشتر بوبن، هەمووومان پێویستیمان بە گۆڕێکە هەندێ شتی قێزەونی خۆمانی تێدا وەشێرین. باوکم هەموو خەڵکی بەوە تێگەیاندبوو کە کوڕێکی هەیەو لە شارە گەورەکان دەخوێنێ، بەڵام من خۆمیش نەمدەزانی بۆ وا دوور بووم لەو پیاوەی کە دەیگوت من باوکتم. دایکیشم پێی دەگوتم تۆ ئازادی گەر دەتەوێ ببیە کوڕی کەسێ دەتوانی ببیە کوڕی ئەو، کە دەیەوێ ببێتە باوکت، پێم دەگوت:– "چۆن دەیەوێ ببێتە باوکم؟ ئەدی خۆی باوکم نیە؟" دەیگوت:– "دەکرێ باوکت بێ، گەر نەتەوێ ئەوە نابێ". من نەمدەویست بەو باسانە دایکم لێو بە بارو دڵداغتر بکەم، ئێمە لە شوێنێ دەژیاین کە کەسێ کەسمان نەبوو، ئەوانەشی کە سەردانیان دەکردین دایکم دەیگووت:– " ئەوانە خزم و کەسمان نین، ئەوانە تەنها ناسیاوو هاوڕێی ئێمەن". هەر کەسیش پرسیاری ئەسڵ و فەسڵمی بکردایە دەمگوت ئێمە خەڵکی ئەم شارە نین هاکا جێمان هێشت.. دەمگوت:–" من کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن زەویو زارێکی فراوانم، لە بەر هەندێ کێشە لێرەین، هاکا ئەو پیاوە هاتەوە دوومان و بردینیەوە ناوچەکانی خۆمان".

له نێوان دوو ئافەریدەی حەواو ئادەم له گومانی حەرامو حەڵاڵزادەیی خۆم دڵکرمەم پێکەوتبوو، هەرگیز جورئەتی ئەوەم نەدەکرد تەواوو بە نیازی یەکلاییکەرەوەیی و لادانی ئەو تەمتومانی باوکداریو بێباوکیە پێداگرم له سەر زانینی راستیەکان، هەردەم دەمامکێکم پێوە دەپێچان و لەو پێچی تاریکیە دوور دەکەوتمەوە.

پێم باش بوو باوکێکم هەبێ، گرنگ نەبوو چۆنەو چی دەکا، گرنگ ئەوە بوو منیش وەك خەڵك مەرجەکانی تاکی کۆمەڵم هەبێ. ئەستەمە مرۆ ناحەزی هەموو خەڵك بێ، من له خودی خۆما ناچار بووم گۆشەیەك له هزرم بکەم بە گۆڕستانی هەندێ نهێنیم.

ئەو باوکە کەنەفت و تخێل بووەی بەر زەردەی تەمەن، پەیتا پەیتا هەواڵی بۆ دەناردم، پارەو پولو ئەحواڵ پرسینی بۆ رەوانە دەکردم. هەرگیز نەینارد بە دوومداو له تەکیا بژیم، هەردەم هەواڵی بۆ دەناردم کە ئەوێ جێی ئازارو برینەکانە، گوتبووی روحکێش لێرە گەلێك زۆرن، تەمەنیشی تێدا کورتترە وەك له شوێنانی دیکە.

ئەوکاتەی هەواڵی کۆچکردنیم پێگەیشت پێیانیش راگەیاندم کە شێرۆی سەرکار ئیشەکانی راگرتووەو چاوەڕوانی میراتگر دەکات. پتر له ساڵێ دیکەش دایکم کۆچی کرد، تاك و تەریك مامەوە، دایکم گەلێ جار پێی دەگوتم هەر کاتێ ویستم بچمە ئەو ناوچانە دەبێ ئەوەندەی لێ بمێنمەوە تا ئەو موڵکانە دەکەم بە پارەو پول و پاشان وای جێدێلم هەرگیز بۆی نەگەڕێمەوە.

هەر بە جلکی ئەفەندیانەوە کەوتمە سوسەی دیتنی ئەو خاك و موڵکەی کە تەنها دوراو دور شتم له بارەوە دەبیست، بە شێوەو رواڵەت هەر بە خانەدان و بەگزادە دەچووم، بەو جلکانەوە خەڵکی بە مامۆستایان بانگ دەکردم، خاوەنی چ بەڵگەنامەیەك نەبووم، بەڵام خوێندەواریو زرنگیەکەم له ئاستێکی باشدا بوو. زۆرم حەز له خوێندن و فێر بوون بوو، تامەزرۆی دیتن و خوێندنەوەی گۆڤارو کتێبەکان بووم، باشترین شتێك بوو کە له دڵە راوکەو گومان و خۆ خواردنەوە دووری دەخستمەوەو ئارامیەکی پێدەبەخشیم.

هەندێ خەسڵەتی زرنگیو هێمنیم وایان لێکردبووم بچمە هەر جێیەك رێزو حورمەتم لێ بگیرێ و گوێرایەڵی قسەکانم بن.

ئەو کاتەی بڕیاری بەرەو زێد چوونمدا، چیم لە خەیاڵدا نەبوو. چی بڕیارێکی لەوەو پێشم نەدابوو، کە گەیشتمە ئەوێ چی ئەکەمو چی ناکەم، موڵکەکان دەفرۆشم یاخود نە. ئەوەم بەلاوە گرنگ بوو ژینم بگۆڕێ، حەزم لێبوو شوێنێکی گونجاو بێت و هەندێ رازو نیاز کە دەمێکە له پریاسکەم ناون بێنە دی.

لەو ساتەوەو لە دەرکەوتنی ئەو هەڵوێستە لە شەماڵەوە رەنگ و روو و بۆن و شێوەی شەماڵ لە دیدی شێرۆ گۆڕا، شەماڵ ئەو شەماڵەی پێش چەند ساتێك نەمابوو، لە مرۆیەکی ناسکی بەر سێبەر پەروەردەوە، بووە لەش داپڵۆسراوێکی لەش خۆشە بووی زەبرو زەنگ و جەورو ستەمەکان، دەمارەکانی لە خاوی پساندبوو و توند توند شەتەکی دابونەوە، جەستەیەکی توندو چالاکو بزێوی لێ دەبینرا، شێرۆ خەریك بوو گرکانی خۆشیەك سنگی لێك بترازێنێ وەك میزڵدانێکی پڕ هەواو پەنماو بتەقێو پڕ بەو دەشتو کێوانە دەنگ بداتەوە.

شەمال سەری سوڕمابوو لەو هەموو گۆڕانەی بە سەر شێرۆدا هات، بیری لەوە دەکردەوە داخۆ چی وای لێ کردبێ ئەوەند تامەزرۆی شەڕو شۆڕێك بێت دژ بەو تاقمە، دەیگوت:

– "شێرۆ من خۆمیش نازانم چی پاڵی پێوەنام کە بەم جۆرە رەفتار بکەم، وە هەرگیز پێشبینی شتی باش ناکەم لە خراپ زیاتر"، شێرۆ پێی گوتبوو:

–" مامۆستا کەس فشاری ئەوەی لە سەرت نەبوو کە چۆن هەڵسوکەوت بکەیت، گەر لە دەرئەنجامەکەی نیگەرانیو مەترسی ئەوەت هەیە سەرو ماڵت بخەیە خەتەریەوە دەتوانی هەڵوێستەکەت چاککەیتەوە، باوەڕیش ناکەم بەم زووە رەتدانەوەی خراپیان هەبێ، وە زۆر وای بۆ دەچم کە بواری دەرفەتێکی دیکەمان بدەن، لەوانەیە ماوەیەك بەم جۆرە بمانهێڵنەوە تا بتوانن ترسو دڵەڕاوکەمان تێدا بچێنن و پاشان چەند کەسێ دیکە بنێرنە لامان، لەوانەشە پێش ناردنی کەسێ دەستێکی سوکی هەڕەشەمان لێ بوەشێنن، تۆ سەرکاریو سەرپشکی لەوەی دەتەوێ بیکەی و ئەوەشی کە رات لە سەر نیە نەیکەی".

کاتێ میرزا ئاغا شەماڵ و شێرۆی لە باخەکە جێهێشت ، لای روون بوو کە ئەو پێداگرتنەی شەماڵ پێداگرتنێکی جدیو بێ پاشگەز بوونەوەیە، بەڵام نەیدەزانی ئەو هێزە چیە کەوا پشتیان پێی بەستووەو سڵ ناکەنەوە لە ئەنجامەکەی،

ئافتاو خەمەکانی هەندێ کاڵ بوبۆوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە هەموو رۆژێك سەردانێکی ئەو هەمیشە نوستووانە نەکات و لە بیریان بکات.

بێ بژێویو کەم دەرامەتی تەنگی بە هەموو خەڵکی گوند هەڵچنیبوو، بە تایبەتی ئەوانەی لە بەرەی دەستەڵاتدارەکان نەبوون، ئافتاو یەکێ بوو لەو دەستکورت و برسیو رووت و رەچاڵانە، شێوەی ناسکو دڵگیری گەورەترین سەرمایەیەك بوو کە هەیبوو، بەڵام هەرگیز بە بیریدا نەدەهات لە تای نێو لێی بفرۆشێ، زۆر لە پیاوانی ئاغاو کەسانی دەستەڵاتدار لە خەیاڵی خۆیانیان سووڕ دەدا، بەڵام دەیانزانی یەك پەل هاویشتن بەو ئاقارە کاردانەوەی سزایەکی گەورەو بێبەزەییانەیان لە نەجمەدین ئاغاوە پێدەگا،

دەڵێن هەندێ کەس هەن خودا لە گوناهیان دەپارێزێ، بە ڕێی گوناهو گوناهکارانیان نابا، هەردەم دەسیان بە باڵاوە دەگرێ، ئافتاو خۆی بە یەکێك لەو خۆشەویستانەی خودا دەژماردو لەو جیهانە چکۆلەو تەسکیو بەرەڵاییو بە زەبرو زەنگ و ئابڕو تکانە سەر بەرزو ڕوو سورو بە هەیبەت دەشەکایەوە، مام پیرۆت هەمیشە سەردانیو چاوەدێری و دڵنەوایی دەکرد و هەردەم هانی ئەوەی دەدا کە ورە بەرنەدات و لەو قاوغی خەم و پەژارەیە بێتە دەرو بە گوڕو تینێکی نوێوە لە ژیان بڕوانێو ئاگاداری ئەو ژنە ڕەشپۆشەکانی دیکە بکات کە زۆربەیان ناچارو بێدەستەڵاتانە دەکەونە کۆتی هەوەسبازەکان و ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە پیس بوونی خۆیان دەکەن،

مام پیرۆت چاوو گوێ کراوە ملە قوتێی باخەکەی بوو، سەردانە بێسودەکەی میرزا ئاغا کەوتە سەر زاران، گشت خەڵکی گوندو خەڵکانی دیکە بە واق وڕماویەوە باسیان لەو هەڵوێستەی شەماڵ دەکرد، زۆرینەی خەڵك گاڵتەیان بەو ئەقڵە دەهات و بە بوڵقی سەر ئاویان دەشوبهان، دەیانگوت دەم ڕووتەڵەیەکی چوون ئافرەت چۆن زاتی ئەوەی کردووە و بە چ فامێکەوە دەیەوێ بە کەیف و مایەشەی خۆی کار بکات.

من وەکو روحێك بە حەواوە، وەکو پەرە سەندنی ڕوداوەکان توندو تیژڕەوانە ئەو دەڤەرەم تەی دەکرد، کاتێ ئەو هەواڵە گەیشتەوە گوێی ئافتاو، زۆر بە لایەوە سەیرو سەمەرە بوو بەراوردی ئەو دوو بەرامبەرەی دەکرد، هەرگیز پێی بەراورد نەدەکرا جیاوازێکە گەلێ گەورە بوو، ئەو شەوەی بیرکەوتەوە کە شێرۆ هاتە سەر ڕێگاکەیان و شەوێك داڵدەی دانو خزمەتی کردن، ناوی شێرۆ ئاشنا بوو بە گوێی بەڵام شەماڵ نامۆو نەناسیاوو نەبینراو بوو، بیری لەم باسە تازەیە دەکردەوە، بیری لە ڕاستیو ناڕاستی ئەوە دەکردەوە کە دەکرێ کەسێ وا هەبێ بتوانێ بە ویستی خۆی ڕەفتار بکات؟ هەندێ هێزوو گووڕی لە شێرۆ بەدی دەکرد لە میانەی ئەو قسانەی کە یووسف بۆی باس کردبوون، لەو شەوانەی داڵدەی دەداو لە پیاوانی ئاغای دەشاردەوەو بەرگری لێدەکرد، بەڵام هەرگیز بە بیریدا نەدەهات کەسەکی شاری وەکو شەماڵ چ توانایەکی بەرهەڵستکاریو شەرو هامبازبوونی هەبێت، ئافتاو چەند سەری هێناو سەری برد شتێکی لێ هەڵنەکڕاند، بۆیە بەو دان و دۆیەوە وازی لێهێنا، مام پیرۆت پێی باش بوو ئافتاو بچێتە باخەکەو ئەو گوندە ترسناکە جێ بێڵێ، بەڵام ئافتاو چەند بیری لێدەکردەوە دڵی نەدەهات دایکی یووسف بە تەنێ لەو گوندە جێ بێڵێ هەردوو وەکو کچو دایکێك یەکیان دەویست، ئافتاو لەم غایەلەو بیر کردنەوانە بوو، دەرگای حەوشەکە خرایە سەر پشت و مام پیرۆت خۆی کرد بە ژوردا، مام پیرۆت تروسکاییەکی دڵی ئافتاو بوو لەو تاریکستانە، گەلێ

دڵی پێ دەکرایەوە، ڕێك و ڕاست و بە پەلە بەرەو پیری چوو فەرمووی لێ کرد بەڵام ئەو نیازی دانیشتنی نەبوو، پێش ئەوەی مام پیرۆت شتێك بڵێت، ئافتاو بە پەلە لێی پرسی:

– "ئایا ڕاستە شێرۆو شەماڵ دەستیان بە ڕووی ئاغایانەوە ناوەو نایانەوێ دەس لە کاریان وەردەن؟" مام پیرۆت شاگەشکە بوبو پێی زەوی نەدەگرت، چۆنی بیستبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە، ئەو قسەی دەکردو ئافتاو بزەی دەهات، مام پیرۆت گەلێ شادمان بوو بەو هەستەی ئافتاو، پێشی ڕاگەیاند کە ئاغا بە تەمایە دەستەیەکی دیکە بە سەرۆکایەتی مەلا بنێرێتە لایان و قسەی کۆتاییان لێ وەر بگرن و لایەك بە لایەك ببێتەوە، ئافتاو گوتی:

–" هەرگیز بە ئەقڵمدا ناچێت ئەو پێداگرتنەیان تا سەر بێت، بە هەرچی جۆرێك بێت دەیاهێننە قەناعەت"، مام پیرۆت بەوە دەچوو هەندێ بڕوای بە ڕاکەی ئافتاو هەبێت، بۆیە تۆزێ ئارام بووەوەو گوتی:

– "بەڵێ ئەوان تەنها دوو کەسن، هەرچۆنێك بێت پاش دووسێ ڕۆژی دیکە هەموو شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە "، وە گوتیشی:– " دەتەوێ کار بکەی ئەوە دەتبەمە لایان و دەیەڵم دات بمەزرێنن"، هەرچەندە ئافتاو پێشتر بیری لەوە نەدەکردەوە، بەڵام حەزی دەکرد پێداگرتنەکەیان تا سەر بێت و ئەمیش ببێتە کەسێ لەوان و بە ڕەنگاری بکوژەکانی یوسف ببێتەوە، بۆیە پێی گوت:–" منیش یەك دوو ڕۆژی دیکە بڕیاری ئەوە دەدەم با بیرێکی لێ بکەمەوە "، مام پیرۆت دەیزانی ئافتاو بە جوانی بە تینەو بە هەڵوێستیش نەبەردو پیاوانەیە، لێی ڕوون بوو ئەمڕۆ بێ یا سبەی خۆی لەو گێرمەو کێشەیە هەڵدەقورتێنێ.

مام پیرۆت سەری لە هەموو کەس نەدەداو لە هەموو مەجلیسانیش دانەدەنیشت و ڕووی بە هەموو کەسیش نەدەدا، ئەم ڕەفتارانەی مام پیرۆت زۆرێکی لە پیاوانی گوند دەهری و پەست و تووڕە کردبوو، نە دەچوە دیوەخان و نە سەری لە مزگەوتیش دەدا، بە تایبەتی لەو ڕۆژانەی کە شتێك ڕووی بدایەو خەڵك بە لێشاو بە سەریان بکردبایەوە و گرد بوونەوەو ڕا گۆڕینەوە بەردەوام بوایە، ئەو شتانە لەو کاتانە دەبوون کە هستیان بکردایە کێشەیەك سەر هەڵدەدا و خەڵکیان تێرو خەنی دەکرد بۆ پشتگیری کردن لێیان، لەم دەمانەدا مەلایان ناچار دەکرد زمانی وەکو ئاش بکەوێتە گەڕو ببێتە هەمبانە دەمەی کورەیەك کە ئێسکو پڕوسکیانی تێدا دەبوە ڕەژوو، لەو کاتانەدا ئەو قسانی لە زار دەرڕژاو ڕەشو ڕوتانیش نزاو دوعای پیاو چاکانیان دەخواست و هەواڵەی ئاسمانێکی بێ بنیان دەکرد.

ناردنی مەلا بۆ باخەکە بە مەبەست دوا خرابوو، وایان لێکدایەوە کە لەو ماوەیە بیرێك دەکەنەوەو ئەقڵ دێننەوە کەللەیانو خۆیان لە فەنابوون قوتار دەکەن، وە دەیانگوت ئەم ماوە

بێدەنگیە تۆقێنەرە ترسێك لە دڵیان دەچێنێ و وردە وردە باڵا دەكات و بە داوای لێبوردنەوە ڕەزامەندی لە سەر هەموو داواكاریەكانیان نیشان دەدەن، خەڵكان دەیانگوت:

– "باشە گەر ئاوا بە ترس و لەرزو داوای لێبوردنەوە ڕەزامەندی نیشان بدەن ئەم بوق لێدانەی مەلا بۆ چیە؟" میرزا ئاغا قاقا پێدەكەنیو دەیگوت:

–" با بوقی مەلا لە كار بێت تا پیاوەكانمان پشتوێن خاو نەبن"، دەشیگوت:– "بەشەر شیری خامی خواردووە نەوەك لە كەللەی شەیتان نەیەنە خوارەوەو ئەو پێداگرتنەیان بەڕاست بگەڕێ"، وای دەگوتو لە كۆتایی قسەكانیدا پێكەنینێكی بە تەوسی بۆ دەكرد كە لە سەر دەمو لێوی مەجلیسەكە دریژتر دەبۆوە، روحیان بە روحی ئاغاوە گرێ دابوو پێكەنین و گریانیان پاشگری پێكەنین و گریانی ئاغایان بوو، ئەو قسەو گاڵتەپێكردنە بە شەماڵو شێرۆ دەبوە توێشووی پیاوەكانیو لە گوند دەبەخشرایەوە، لەو مەجلیسانە هەر كەللەیەكو پەرستگایەكی تێ بنیات دەنرا، ئەو پەرستگای نێو كەللانە بێ ئامادەیی دەستەڵاتدارێكو بێ هیچ داوا كردن و پاڵەپەستۆیەك سوجدەیان بۆ دەبراو بە پێی ڕێنماییەكان رەفتار دەكرا، وەلێ چەند كەسانێ هەبوون دەتوت پەموویان لە گوێ ئاخنراوە چ پەرستگایەكیان تێ نەدەچێنراو بنیات نەدەنرا، گێژو وێژ، بێڕا، بە دەوری خۆیان خولیان دەخوارد، بەڵام نەیاندەزانی چی شتێكە خەریكە رۆ دەچێتە ناخیان و دەیانهەژێنێ، هەستیان بە بۆنێكی جیاواز لە بۆنەكانی پێشوتر دەكرد، بۆنێك كە كەس نەیدەزانی چ بایەكو لە كوێوەی دێنێ، لە گەڵ هاتنی ئەو بۆنە زاریان هەڵدەپچڕی و پڕ بە سیەكانیان هەڵیان دەمژی و بە مولوولوكانیان رۆ دەچوو، بۆنێك بوو كە لە مێژ بوو چوەڕوانی بوون، دارو دەستەكان ئەو بۆنەیان لێڵو وێڵ دەكردو بە قێزەون و زەرەرمەندیان وەسف دەكرد، دەیانگوت كێ ئەو بۆنەی هەست پێكرد با هەناسە نەدات، مردن گەلێ لە هەڵمژینی ئەو بۆنە چاكترە، هەڵمژینی ئەو بۆنە گوناهكاریەكی مەزنەو خودا لێبوردنی نابێ بۆی.

لە لایەك بۆن و لەلایەك تۆقاندن و ترساندن و مەرگ بە پێش چاونان، خەڵكێكی بێدەستەڵات و سەرلێشێواو نەیاندەزانی چۆن رەفتار بكەن و بە كاملادا شایەتمان بێنن، چ دەرفەتێكی دەرباز بوونیان لەو مەملەكەتە سامناكە پەی پێ نەدەبرد، لە حەژمەتا قیروسیایان لە خۆیان و ماڵ و منداڵ و دنیا دەكردو چشیان لە هەموو بوونی ئەم گێتیە دەنا، دەیانزانی روو بە هەر كاملا وەرگێڕن گڕو بڵێسەی ئاگرێك دەیانسوتێنێ، چشیان دەكردوو تەنها بیریان لەو چەند رۆژە دەكردەوە گەر لە ژیانیان مابێ، لە گیانی خۆیان جاڕس بوبون چیتر بەرگەی كارەساتە یەك لە دوای یەكەكان ناگرن، دەیانگوت كاكە بۆچی رۆژێكو دوو رۆژو مانگێكو ساڵێكە؟ هەر هەموو

ژیانمان بگرەو بەردەو زەبرو زەنگە، گەر لەوە باشتر چاوەڕوان بین ئەوە چی تێناگەین، ئەمە غەزەبی خوایەو فەرمانی خۆیشی لە سەرە، ئەگەر نا لە سەر عەردێکی دیکەی دەناین، لە وڵاتێکی دیکەو خاکێکی دیکەی دەزاندین، مامۆستا راست دەکا هەر هەموومان ئان و ساتێکی مردنمان هەیە، کەسیش ناتوانێت لێی دەرباز بێت، پێشی بخات یا دوای بخات، دەیانگوت خوا ئەمەی بۆ بڕیوینیتەوە دەبیٚ ئەم تاڵاوە بنۆشین، لەوانەیە سزای گوناهێك بێتو دابێتی بە سەرمانە، بەڵیٚ ئێمە خۆمان گوناهکارین، نە سوچو قەباحەتی ئاغاکانمانەو نە هی ئەوانەشی لە گەڵیان دەجەنگین، ئەمە چارەنوسمانە و دەبیٚ پێی رازی بین،

ئەمە دروشمو بنەمایەك بوو بۆ ئەو رۆژە تاڵو سەختانەی کە تووشیان دەبوو، بەڵام ئەمجار تاڵێکە هەندێك ساناتر دەهاتە پێش چاویان، وایان دەبینی کە بە یەك شەوێك هەرچی باخو گوڵستانو ئاژەڵو زیندەوەرو پەلەوەریش لەویٚ دەلەوەڕێنو دەژین هەڵدەپڕوکێن و ئەسەریان نامێنیٚ، بەڵام کەسانیٚ هەبوون بە شێوەیەکی جیاوازتر دەیانبینی، وایان دەبینی کە هەرچەند کەمو چکۆلەن بەڵام توانای چاندنی ترسی گەورەیان هەیە لە دڵی نەیارەکانیان، وایان دەگوتو دەسڵەمینەوە، دەترسان لە ناکاودا لە خوێنی خۆیانیان بگەوزێنن، لە پاڵێکدا بە گوێلیٚ خوێنەوە روح دەرکەن، دەیانزانی ئەوەی دەیڵێن لەوانەیە وەکو ئەمانەتیٚ لە زاری ئەمانەوە هەڵگیریٚ و بگەیەنرێتە سەر خوانی دیوەخان، وایان بیردەکردەوەو چاوە چاوی ئەو گوڵستانە بوون کە خۆی نمایش دەکرد، زۆریش دڵنیا نەبوون لەو پشت و پەنایە چاوەڕوانی هەواڵی نوێترو گەرمو گوڕتریان دەکرد لەوێوە.

ئەو کاتەی نەجمەدین ئاغاو مەلاو چەند کەسێکی دیکەی چەکدار گەیشتنە باخەکە شەماڵ لە نێو قۆزاخەیەکی تەسکی رامانو تێفکرینو لێکدانەوەکان هەندەی تۆزێکی لێ هاتبوو، شریتی دوورو درێژی ژیانە بێماناکەی خۆی خستبوە گەڕو هەمووی هێنانەوە پێش چاوی خۆی، تا ناو باخەکەی دێناو لەوێ دەپسا، دەورو بەرەکەو ئەو ژیانو مرۆڤە نوێیانەی بە هی پێشوتر بەراورد دەکرد، بەراوردی خاکەکەو هەواو دارو درەختەکانو مرۆڤە کلۆڵەکان، ئەو مرۆڤانەی کە جێی داخێکی گەورەی بوون و نەیدەزانی چۆن ئەوەندە تەمەنەیان بە سەر بردووە، بیری لە منداڵەکانیان و بێوەژنە رەشپۆشەکان دەکردەوە کەگەلێ جیاوازبوون لەوانەی کە ئەو دیبونی لە شوێنانی دیکە، ژنو کچانی ئەم دەڤەرە بە هیچ شێوەیەك دەلالەتێکی مێیینەیان پێوە دیار نەبوو، سەر تاپایان رەش دەچۆوە، تەنها ئەوەندە نەبێ وەکو پیاوەکان سمێڵێکی دیارو دڕیان نەبوو، بیری لەو کوڕە گەنجانە دەکردەوە کە چیان کەمتر نەبوو لە کلۆڵی بەرامبەر بەو رەگەزەکە، زۆر بە دەگمەن جووتێکی وەکو ئافتاوو یوسف هەڵدەکەوتن، ئەوەش دەبوە مایەی کێشەیەکی گەورەی ماڵ وێرانکەر، منداڵەکان لە پەراوێز بە دەم درمەکانەوە نوزە نوزیان بوو مانو نەمانیان درابوە دەستی خواوە، بوکە شوشەو نوقڵو نەبات و کراسو پێڵاوی جەژنەو دیاری و لاواندنەوەیان شتێکی نامۆو نەبوو و نەکراو بوو، نە باخچەو نەسەیران و نە قوتابخانەو نە هۆڵی شانۆو یاریگاو بۆنو وێنەو یادگاریو بیرەوەری تۆمارکردن و بینینی شارەکان و چ زانیاریەکی دەرەوەی گوندەکانی خۆیانیان نەدەزانیو نەدیبوو و دوور نیە هەرگیز ئەو شتانەشیان نەبیستبێ.

شەماڵ لەم جیهانە فەنتازیە هەناسە سوارکەریە بوو، شێرۆ هێنایەوەئاگا، شەماڵ بە سرتە قامکێکی بە سەر چاویدا هێناو تفێکی قوتدا، شێرۆ لە هاتنی جەماعەتی ئاگادار کردەوە، هێشتا بارگرانی ئەو خەیاڵبازیەی نەڕەویبۆوە گەیشتنە سەری، ژمارەی میوانەکان زۆر بوون شەماڵ وای لێکدایەوە بە هەرچی جۆرێ بێ ئەوڕۆ کارەکە یەکلایی دەکەنەوە، شێرۆ هەندیك دووری گرتبوو ئەویش دڵەڕاوکەی پێکەوتبوو، چەکەکەی بە دەستەوە گرتبوو و پەنجەی لە سەر پەلەپیتکە بوو، هەموو پیاوەکان ئاگاداری شێرۆ بوون و بە یەکتریان نیشان دەدا، رەشەو رەحیمیشیان لە گەڵدا بوون، تەنها ئەو جووتە سەریان کز کردبۆوەو چەکەکانیان بە خاوی گرتبوو، شەماڵ نەجمەدین ئاغاو مەلای بەرەو ژوورەوە برد، شێرۆ داوای لە پیاوە چەکدارەکانیش کرد بچنە دیوی ژوورەوە، خۆیشی لە بەر دەرگاکە راوەستا، ئەو رەفتارەی شێرۆ تەواو نەجمەدین ئاغای پەست کرد، بەڵام ورتەی نەکردو دانیشتن، شەماڵ بە خێرهاتنی کردن، مەلا گوتی:

– " مامۆستا وا بزانم دەزانی بۆچی هاتوینەتە لاتان".

شەماڵ بە بێزاریەکەوە کە هی پێشوتر بوو گوتی:

– "نەخێر نازانم فەرموو پێمی بڵێ". مەلا گوتی:

– "پێش ئێمە ئاغای گەورەمان هاتبوە لاتان بە ئەنجامێك نەگەیشتبوون، هەرچەندە ئەو زیاتر بۆ سەردانیتان هاتبوو، بەڵام ئێستە منو نەجمەدینی برای کە وەکو برایەکی منیشە، لە سەر راسپاردەی ئەو هاتووینەتە خزمەتتان، بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلەیەك کە هەقی ئەوانی تێدایە.."

شەماڵ قسەکەی پێ دەبڕێ دەڵێ:

– "کام هەق مامۆستا.. پێم ناڵێی هەق چیە؟" مەلا هەندێ خۆی با ئەدا و دەڵێ:– "کوڕم ئەو هەقەی کە ماف دەداتەوە دەستی خاوەنی خۆی. هەق ئەوەیە کە پیاو لە سەر شتێك رێککەوت لێی پاشگەز نەبێتەوە، هەق هەقەو بە بەر چاوەوەیە، پێویست ناکا خۆمانی لێ گێل بکەین".

شەماڵ گووتی:– "ئەی مامۆستا ئەوە هەق نیە من خاوەنی شتێك بم و بمەوێ بە کەیفی خۆم هەڵیسوڕێنم؟ "مەلا گووتی:

– "بەڵێ کوڕم زۆریش هەقە، بەڵام بە مەرجێ رێککەوتنێ لە سەر ئەو هەقە نەکرابێ". لە ناو باخەکە هەواڵ گەیشتبوە ژنە رەشپۆشەکان کە نەجمەدین ئاغاو مەلا لە باخەکەن، کەوتبوونە چاوە چاوی خانوەکە، هەندێکیان خۆیان دەخواردەوە، چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو مشت و مڕەی ژوورەوەیان بوو، ناوی نەجمەدین ئاغا هەندێ لە ژنەکانی وروژاندبوو، ئەو ناوە کۆمەڵێ تاوان و ئیهانە کردنی وە بیر دێنانەوە، هەموو لە پشت درەختەکانەوە چاویان لەو شوێنە بڕیبوو چەکدارەکانیان دەبینی. یەکێکیان گووتی:

– "دەبێ بۆچی هاتبن؟" یەکێ دیکە گووتی:

–"ئەو دەویتە دەیەوێ لێرەش پارووی دەممان لێ بگرێتەوە، لە هیچ شوێنێ وازمان لێ ناهێنن، دەست لە یەخەمان ناکەنەوە". یەکێ دیکە گووتی:

–" دەیانەوێ لە هەموو شتێك شەریك بن، دەیانەوێ ماڵی خەڵك بە تاڵان ببەن"، ئەوەکەی دیکە گووتیەوە:

– "ئەم ستەمکارانە یەکێ لە خۆیان دڕندەتریان دەوێ سنورێکیان بۆ دانێ، ئەم مامۆستا ناسکو بە بەزەییە چی پێ ناکرێت". یەکێ دیکە سوخوتمەیەکی داو گوتی:

– "کچێ قسەی وا مەکە با نەکەوێتەوە گوێیان، پێی دڵگیر دەبن، ئەمانە هەند بێ ئەقڵ نین حسابێکی حاڵی خۆیان نەکردبێ، قابیلە هەروا بە سانایی خۆیان بدەنە بەر کەڵبەی ئەم گەلە

گورگە، بەڵام هەرچۆنێك بكەن هەر بە زەرەری ئێمە دەشكێتەوە، با بێو باران بێت هەر لە بەفر كەم دەبێتەوە، گووتی وەڵا ئەگەر ئەم پەناگەمان لێ وێران بێت ئاغا بە پەنمان دەكات"، ئەوەی دی بزەیەكی بۆ كردو گووتی:-

"بە پەندی چی؟ چیمان ماوە پێمان بكەن، بە پەندكردن چۆن دەبێ ها؟! ئەو سەگبابەی ژوورەوە ناوكی كام بێوەژنی نەدیتوە؟ پەنپەنی لەمە زیاتر دەبێ چی بێ، ئەو خوای دەكرد بشێویەك بێتە ئاراوە ئێمە چیمان دەوێ، ئەوەندەم عومر دەوێ كەلاكی ئەمانە ببینم، خوا ئەكا وا دەبێ بە دەستی خۆم تۆڵەی خۆم دەستێنم، ئێستەش لە رەفتارە دزێوەكانیان هێڵنج دەدەم، ئێستەش شوێن نینۆكەكانیان ئازاری جەستەم دەدەن، ئەو تەرەس و گەوادانە هەڵمەتی نامووسی نێزكترین كەسی خۆیانیش دەدەن، ئەو شەهوەتبازانە هەرگیز دەست لە یەخەمان ناكەنەوە، چەندین كچانیان بە سەربڕیندا، چەندماڵیان وێران كردوو چەند خێزانیان رەو پێكرد. ئەمانە لە توخمی شەیتانن، دایكیان داوێن پیسێكی دۆستی شەیتان بووە، بە رەچەڵەك ژنەكانیان لە شەیتان كەڵ دەگرن".

ئەم هەموو قسانەی كردوو دایە پرمەی گریان، گریانێكی بە كوڵ پڕ بە ناو باخەكە قیژاندی هەموو كەسانی ناو باخەكەی لە خۆ كۆكردەوە، دایە مریەمی دایكیان سەری نایە باوەشی خۆیەوەو دەستی هێنا بە سەریداو پێی گووت: -"بگری كچم بگری، با روحت ئاسودە بێ، با خەمەكانت بڕەوێنەوە، بگری گریان دیاریەكی خوایە بۆ بێچارو بێدەستەڵاتەكان"، لە دەنگی قیژەكە شەماڵیش هاتبوە دەرەوە، میوانەكانیش پاش ئەوەی چیان دەست نەكەوت بە شوێنیەوە هاتنە دەرەوە، ژنەكە سەری بەرز كردەوەو دەستی كرد بە دژوێندان: - "هۆو نەجمەدینە گەواد هۆو"، ژنەكانی دیكە ترس دایگرتن هەندێكیان دوور كەوتنەوە، دایە مریەم نقەی نەدەكرد هەروا لێی دەڕوانیو دڵۆپ دڵۆپ فرمێسكی دەڕشت، ئەویش یەخەی كراسی تا ناوكی دادڕیو سنگی وشك هەڵاتووی خستە دەشت و جنێوی بە سەر میوانەكان دەباراند، شێرۆ بە نیگایەكی خەماویەوە لە ژنەكەی دەڕوانیو دەستی لە سەر چەكەكەی بەرز نەدەكردەوەو چاوەدێری هەڵوێستی پیاوەكانی ئاغای دەكرد، ژنەكە لە سەر رێگاكەیان وەستابوو، دایە مریەم قۆڵی گرت تا چیتر نەچێتە پێشەوە، ژنەكە هەڵمەتی بەردێكی داو لێیانی گرت، دایە مریەم توند بەرەو دواوەی كێشایەوە، پیاوەكانی ئاغاخەریك بوو بەرەو ژنەكە بچن، شێرۆ بە پەلە كەوتە نێوانیانەوەو میلی لێیان راكێشا، تەواو دەهری كردن، نەجمەدین ئاغا گووتی:-

"زۆر باشە با وابێ". لێیاندا رۆیشتن. ژنەکە یەك دوو جنێوی دیکەی بە شوێنیانەوە داو دایە مریەم بە زۆر داینایە سەر عەردەکە، شەماڵ گریانێك بینی گرت، بە پەلە بەرەو ژوورەوە چوو، شێرۆ دەستڕێژێکی بە ئاسماندا کردو کەفو کوڵی خۆی دامرکاندەوەو دەنگی ژنەکەشی پێ کپ بوو.

منیش بە تافی ئاسمانەوە وەکو هەر روحێك بە دەم شنەوە بەرزو نزم دەبوومەوە، شتەکانم بە روونی دەبینی، ئەو رۆژە کەسێ ورتەی لێوە نەهات، شەماڵ گەڕایەوە قاوغەکەی جارانی بە بیرێکی جەنجاڵەوە گینگڵی دەدا، دیمەنە سامناکەکەی ژنەکە لە پێش چاوی نەدەچوو، شێرۆش بە هەمان شێوە خۆی دەخواردەوە، تاو توێی رۆژانی لەمەو پاشی دەکرد، بیری لە پێکهێنانی هێزێك دەکردەوە کە ئامانجەکانی پێ بێنێتە دی، چەندەها کەسی بۆ ئەو مەبەستە بە بیر خۆ دێنانەوە، ئەوانەی کە سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر دەکەن، بیری لە سوتەمەنی رۆژانێکی تەڕو تووشی هەڵلەرزێنەر دەکردەوە، هیوای بەو کوڕانە بوو کە رۆژێ لە رۆژان ئەملاو ئەولایان دەتەنیو لە نێو دوکەڵو تەقینەوەکان بە شکست نەدەهاتن، ئەوانەی کە لە نێوەندی ئەو جەستانەی بە لادا دەهاتن رزگاریان دەبوو، بیری لە مانەوەی ئەو گوڵستانە دەکردەوە کە خەریك بوو پەلوپۆ بوەشێنێو باڵندە پەڕاگەندەکان لە سایەیا بحەسێنەوە، ترسی ئەوەی بوو پاش ماوەیەك ئەو گوڵستانە ببێ بە قەرەبرووت لە خاکێکی وێرانەو سوتماك پتر چی دیکەی لێ نەمێنێتەوە، شێرۆ لەو ئانو ساتەدا تاکو تەریك لە ئەگەرەکان رامابوو، بیری لەوە دەکردەوە، دەبێ ئەمجارەش بە راوەستاوی بمێنێتەوەو بەو جۆرە لەو کێشەیە قورتار بێت؟ بیری لەوە دەکردەوە دەبێ چەندی تەمەن مابێ، ئایا ئەوەی ماوە شکستیەکانە یا سەرکەوتن، تەمەن شتێکی بە بەهاو خۆشەویست نەبوو لەو دەڤەرە، کەسێ دڵی بەو تەمەنەی کە مابوو خۆش نەبوو هەموو چاوەڕوانی کۆتاییان دەکرد لەوێ تەمەن کورت بوو،

ئەو گوندەی میرزا ئاغاو هەموو گوندەکانی دەورووپشت خرۆشابوون، عالەم کاس بوبوون نەیاندەزانی چی شتێك لە چەقی رێگاکان چاوەڕوانیانە، چەندەها ئەگەرو شتی نوێو گۆڕانکاری سەرەتاتکێیان بوو، رەتدانەوەو پێداگرتنی شێرۆو شەماڵ مێشکەکانی لەق کردبوو، هەندێ لە جەستە وشکەوە بووەکان خوێنیان تێدا کەوتەوە بزوتن، ئیفلیجەکان کەوتنەوە جمەجم، خەڵك بە دوو ئاراستە بە دوو شێوەو بە دوو دید لە دۆخەکەیان دەڕوانی، سەرجەم لە ملە ماتکێو گوێ قولاغی هەواڵەکان هاوبەش بوون، ئەو هەوالانەی کە رۆژ بە رۆژ گەرمترو نوێتر دەهاتنە کایە، گوڵە بە کۆیلە کردووەکان ختوکەیان پێکەوتبوو، چاوەڕوانی لە بە لاداهاتنی ئەو لاسکە دڕکانەبوون کە بە خوێنی ئەمان سوور دەچوونەوە، چاویان لە سەر لا نەدەدان چاوەڕوانی ئەو رۆژە بوون لە ریشەڕا هەڵکێشرێنو بەری رۆژیان لێ بەردا، ئاوی جۆگەکان نەرم نەرم دەهاتن و خوڕە خوڕ دەمیان دەنا بە گوێیانەوەو باسی پەیدا بوونی گوڵستانێکیان بۆ دەکردن، باسی عەردێکیان بۆیان دەکرد کە دڕکی تێدا نامۆو نابووتە، را دەبوردنو باسی پەلەوەرو باڵندە نەخشینەکانیان بۆ دەکردن، باسی جریوەی جێژوانەکانیان دەکرد، ئەوانیش بە چاو قوچاوی گوێیان هەڵدەخستو خۆشترین ئاوازیان دەشنەفت،، باسی پەپولەو مێشهەنگوین و تیشکی رۆژو سێبەری درەخت و دڵسۆزی شێرۆیان بۆ دەکردن، هەند گوێیان را دەگرت تا بەو نەغمەیەوە خەو دەیبردنەوەو خۆیان لە گوڵستان دەبینیەوە، ئەو خەونانەیان دەبینی کە ئاواتیان بوو حەزیان نەدەکرد هەرگیز لەو خەوە شیرینە رابێن،

رەئوفو خوشکەکانی، مام پیرۆت و ئافتاو، کوڕە جحێڵەکان، ئەو کوڕانەی تازە دەنگیان دەگۆڕا، گشت عەودالی بیستنی ئەم بەندو بالۆرەیە بوون، تۆزو گەردیان لە خۆ دەتەکاندو ئەژنۆکانیان دەشێلتن، دەتوت نیازی سەفەرێکی دوورو درێژیان هەیە، وەك جیوە هەر لە بزووتن بوون و وەستانیان نەبوو، هەواڵە تازەکان پێش هەموو کەس لە دەرگاکانی ئەمانی دەدا، هەرگیز رۆژی وا خۆشیان بە خۆوە نەبینیبوو، نەیاندەزانی چیە ئەوەی وا بڕوا بەخشیانی کردووە، چیە ئەوەی وا بڕوای سەرکەوتنی ئەو هێزە کەمەی گوڵستانی پێ هێناون.

مام پیرۆت دەیگووت:-

"زەمەنێکە لە خەندەقێ دەگەڕێم تۆڵەستانەوەی تێدا بێ، لە نیشتیمانێ دەگەڕێم بۆنی گوڵی لێوە بێ، زەمەنێکە لە سنگێ دەگەڕێم دڵێکی وەك خۆر گەشی هەڵگرتبێ، لە هزرێ دەگەڕێم خێر خۆی تیا مەڵاس دابێ، زەمەنێکە لە هەڵپەڕکێیەك دەگەڕێم بە پێی ئاوازم بێت"، تەوێڵی ئافتاوی ماچ کرد بە پەنجە کەڵەی فرمێسکی سڕتنەوە، دەستی رەئوفی گوشی، باوەشی بە

ئاسماندا کرد، گۆپاڵەکەی بە عارد دەدا تفی لە دیوەخان دەکرد، لچی لە پیاوە خەساوەکان دەر دەکرد، دەچوە سەر گۆڕی یوسف و حەسەن، ئەو گۆڕەکانی دیکە، گۆڕە گچکەکان، ئەوانەی کە هیچ قورساییەکیان بە سەر کەسەوە نەبوو، ئەوانەی کە وەك پەپولە بۆ چەند ساتێ هەوایەکی پیسی ئەم دڕکستانەیان هەڵمژی، مام پیرۆت ئەو شەوە خەو نەچوە چاوی، هەر لە گەڵ سپێدە بەرەو خەندەق کەوتە ڕێ، گەلێ پەلەی گەیشتنی بوو، پەلەی دیتنی ئەو پیاوانەی بوو کە لە پیاوانی دیکە جیاواز بوون، دەڕۆیشت و بە دەم ئەو گشت دارو بەردو تەپۆڵکەو ئاسمانانە دەخەنیەوە، هەند پەلەی گەیشتنی بوو تا دەهات ئەو ڕێگایەی لێ درێژتر دەبوەوە، دەڕۆیشت و پێی بە دڕکەکاندا دەنا، پێی پێیاندا دەناو ئاوڕی لێ نەدەدانەوە، منیش وەکو باو لە ناو باوە بە دەوریدا خولم دەخواردو بە ریش و سمێڵە چەرمووەکەی گەمەم دەکرد، دەستی پێیاندا دێنا ئەو نەیدەزانی ڕوحێکەو گەمانی لە گەڵ دەکات، ئەو وای دەزانی کێشولەو ئارەقی هەنیەیەتی دەڕژێنە سەر ڕوومەتی و ریشو سمێڵی دێننە جوڵە، منیش بەو گوڕو تینە نوێیەی ئەوەوە پێشوازیم لە ڕۆژە نوێکان دەکرد، منیش نەمدەزانی ئەنجام بە چی دەگا، هەرچی ئەنجامێك لەو دۆخە سەقامگیری چوون بەردە ،باشتر دەبینرا، من ئاگاداری دووری باخەکە بووم، دەمزانی مام پیرۆت چەندی ماوە بگاتە ئەو جێیەی کە پەلە پەلی گەیشتنیەتی، گۆپاڵەکەی ڕادەوەشاندو وەکو دەروێشێك سەری با دەداو نزیك دەکەوتەوە، تا گەیشتە قەراخی باخەکە هەردوو پیاوەکە بەرەوپیریەوە هاتن، باوەشی بە شێرۆدا کرد نێو چەوانی شەماڵی ماچکرد، کڕنوشێکی درێژی بۆ جیهانی گوڵ برد، فرمێسکە قەتیس ماوەکانی بەریان نەگیراو هێدی هێدی هاتنە خوارەوە، شەماڵ گریانی خۆی حەشێردا، شێرۆ باوەشی پێداکرد، بە ڕێزەوە بەرەو خانوەکەیان برد، مام پیرۆت لە سەر بەردێك دانیشت. گوتی:

– "چی دی ناچمەوە توێی دیوارەکان، چاو خۆم ناچوقێنم، خۆ حەشار نادەم، لە قوسورم خۆش بن، من هەند گەمژەم وام دەزانی من دەتوانم نەسیحەتی ئێوە بکەم، دەمویست نەسیحەتی ئەوەتان بکەم کە دوژمن زۆرن، وەکو بڵێی ئێوە ئەوەتان لێك نەدابێتەوە، دەمویست پێتان بڵێم نەکەن پاشگەز ببنەوەو تەسلیم بن، دەمویست فێری خۆڕاگریتان بکەم، دەمویس پێتان بڵێم قەت لەمانە غافڵ مەبن، لە ناکاو دەتانپێکن، شەو بە کەماڵی ئیسراحەت نەنوون، دەمویست ئەو شتانەتان پێ بڵێم، بەڵام وا لە چارەتان هەموو شتێك دەخوێنمەوە، دەمویست پێتان بڵێم دوژمن تەنها ئەو کەسە نیە ئیللا ئازارو غەدرێکی پێگەیاندبن، دەمویست بزانن کە دوژمن هەر دوژمنە، هاتم پێتان بڵێم لە گەڵتانم، چەند کوڕگەلێ لە گەڵتانن، هەموو مندالە

هەتیوەکانو بێوەژنە ئەتککراوەکان لە گەڵتانن، هەر هەموو داروو بەردوی دەڤەرەکە لە گەلتانن، هاتم پێتان بڵێم ئێوە زۆرن دوژمن گەلەك کەمو گچکەن، دوژمن گەلێك ترسنۆکە، یەخەی شێرۆ دادەتەکێنیٚ: دوژمن گەلێك زاڵمە توخوا گەر نەیانتۆپێنن، من هاتووم پێتان بڵێم ئازوقە پەیداکەن، لەشکر دروست کەن، خانوو بەرە بکەن، ژمارەتان زۆر دەبیٚ، رق ئەستورەکان یەکجار زۆرن، جێتەنگەکان لە ژماردن نایەن، گشت رێگاکان رووەو ئێرەن، ئێرە دەبێتە مەملەکەت، مەملەکەتی روحە پاکەکان، بۆنو بەرامی گوڵستانەکەتان بە گشت بستێکی دەڤەرەکە پەخش بووە، دەمەویٚ بزانن دڕکپەرستەکان گەلیٚ شپرزەن، گەلیٚ شڵەژاون، گەلیٚ پەستن، هاتوم پێتان بڵێم هەموو نەبەردەکان سلاوتان لێدەکەن، چاوەڕوانی خەندەقی پاکن، چاوەڕوانی تۆڵەن، دەمەویٚ پێتان بڵێم ئەوەی بیرمان لێدەکردەوە گەلیٚ لێرە دوورتر بوو، بەلاٚنەکی وا دیارە زۆر کار دەستی خودای تێدایە، ئەو خودایەی کە تا نووکە لێرە تەنها سوڵتانەکانی دیوە، ئەوەی کەوا دەزانین خەریکە ئاوڕێك لە کۆیلەکانی سوڵتان دەداتەوە"، شێرۆ و شەماڵ زۆر بە چاوی دلسۆزانە دیقەتی مام پیرۆتیان دەدا، لە هەست و نەستی رامابوون، ئەویش هەر دەیگوتو دەیگوتەوە:-" من هاتووم تا پێتان بڵێم ئەمشەو لاتان دەمێنمەوە، وتم ئێشکتان بۆ دەگرم، نەکا ئێوە ماندوو بن و دوژمن زەفەرتان پێبەریٚ من وەك باخەوانێك هاتووم خزمەتی نەمامێك بکەم هێزوو برەوی بدەمیٚ هاتم پێتان بڵێم دڕندەکان کەڵبەکانیان بە هەساندا هەڵدەسوون، نیازیانە ونجڕ ونجڕتان بکەن، دەیانەویٚ ئەم مەملەکەتی گوڵستانە خاپوور بکەن، دەیانەویٚ بۆنە خۆشەکان بخنکێنن، گوڵەکان بزەیان دیٚ بە زارەتەرەکبوونی دڕکەکان، سەرکردەی سەگان هاروو شێت بووە، جنێو بە عەردوو ئاسمان دەدا، خوتبە خوێن خوتبە دەدا فتوای فلیقاندنەوەی گوڵەکان دەدا، چاو لە نەیارەکان باز دەکەنەوە، باسو خواستی شەڕێکی نویٚ دەکەن، خەڵکی ئامادە دەکەن دایکو خوشکەکان خەفەتبارتر دەکەن، باسی بچوکیو کەمی ئێوە دەکەن، من هاتووم پێتان بڵێم من لە گەڵتانم، ئێشکتان دەگرم، کوڕینە یەکەم دەست گەلیٚ گرنگە، یەکەم هەنگاو دەبێت رێکو راست بیٚ، ورە بخەنە بەر تەپیوەکان، تیشکی هیوا بزێنن، پەردە تاریکو چڵکنەکان هەڵتلیشێنن، چاویان بشکێنن، تا چی دی چاو لە مندالاٚن باز نەکەنەوە، دەستیان ببڕنەوە تا چی دی ئازاری جەستە ناسەکەکان نەدەن"، مام پیرۆت هەندە قسە دەکا تا بڕستی لێدەبڕیٚ، شێرۆ دەگریٚ لە باڵی بەرەو خانوەکەی دەبەن، پەرداخیٚ ئاوی دەدەنیٚ، چاوی بە چەکو تفاقی شێرۆ دەکەویٚ بزەی دیٚ، پیٚی دەڵیٚ:

-" ئافەرین کوڕی خۆم ماوەیەکی زۆرە وەك مامەت ئۆقرەت گرتووە، کێ بە بیری دەهات شێرۆ دەبێتە چقڵ.. چقڵی چاوی دوژمنەکان"، شێرۆ دەستێکی نایە سەر شانی مام پیرۆت و پرسی:- "مامە دەنگو باسی گوند چیە؟" مام پیرۆت گووتی:-
" گەلێك وەزعیان خراپە، کاتێ لای ئێوە گەڕانەوە خەریك بوون گوند سەرو ژێر بکەن، خەریك بوون بتەقێن، نەجمەدین چاوی هیچی نەدەبینی. هەرچی گەورەو چکۆلەی گووند بوون بە زەبری تێلا گردیان کردنەوە، لە بەر دەرکی مزگەوت رایان گرتن، تەنها چەند کەسانێ نەبن، من لە حەوشەی خۆمانەوە دەمبیستن، هەند بە هێز دەینەڕاند ترسنۆکەکانی بێقەرار دەکرد، نەیدەزانی چۆنو بە چ جۆرێ کەفو کوڵی دڵی داخکراوی دامرکێنێ، سەرەتا هەندەی لێزمە بارانێ جنێوی باراندە سەر نەیارەکانی، ئەوانەی کە خۆی دەیناسین، پاشان هوردە هوردە دەستی کردە نوزانەوە و پاڕانەوە، کەوتە ستایشی پیاوە خوێنڕێژەکانی باسی ئازایەتی دەکردن.. بە پیاوی رۆژی تەنگانەیانی دەشوبهان، هەند بە سۆز باسی لە زەبونیو دڵفراوانی خۆی و کاکی دەکرد جێی بەزەیی دەبینران، باسی ئەو شەڕو ماڵوێرانیەی هێنایەوە یاد کە گوایە بە سەریان هێناون، هۆکارەکانی شەڕ هەڵگیرسانی خۆیانی دەدایە پاڵ خەڵکانی دیکە، زۆری لەم جۆرە رست، بە قسانەی دەیویست پاساوی شەڕیکی دیکە بداتەوە، جار جارە بە شەری لە قەڵەم نەدەدا، دەیگووت گەر بیانەوێ چەند کەسێ دەنێرنە سەرتان قۆڵبەستتان دەکەن و دەتانخەنە بەر پێیان، گەلێ باسی لە بچوکیو کەم هێزیو بێ برەوی ئێوەی دەکرد، سەگەکانی هوتافیان دەکێشاو بە قوربانیان دەبوون، هەڕەشەیان لێدەکردن، ئامادەیی بە قوربانی بوونی خۆیان نیشان دەدا، وا ئەوەی بوو پێتانم وت، دەبێ حسابێکی حاڵی خۆتان بکەن، ماوە نەدەن زەفەرتان پێ ببەن، وەك پێتانم وت من هاتووم ئێشکتان بگرم، هاتووم یارمەتیتان بدەم..ها؟ وتتان چی؟ "
شەماڵ تەماشایەکی شێرۆی کردوو پاشان مام پیرۆت و گووتی:
-" مام پیرۆت ئێمە نامانەوێ ببینە هۆی نانەوەی بشێوی، من پێم خۆش نیە لە رێی ئێمەوە خوێنی مرۆڤەکان بڕێژرێو کەسەکان لە یەکتر جوودا ببنەوە، من خۆمیش نازانم چی وای لێکردم بەو شێوەیەیان لە گەڵ رەفتارکەم، ئەمانەی تۆ باست لێوە کردن پێشبینی شەڕێکی گەورەو گرانی لێدەکرێ".
مام پیرۆت بە تەوسێکەوە گوتی:
- "هەی سلاو لە ئەقڵت، چما چی دیکە چاوەڕوان دەکەی؟ بۆ وا دەزانی هەروا بە سووکو ئاسانی واز لەم باخچەو گوڵستانەت دێنن".

شەماڵ بە دڵگرانیەکەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:-

" مام پیرۆت دەکرێ لە رێی قسەکردن لەو کێشانەوە رێگە چارەیەکی بێ زەرەرو زیان بدۆزینەوە، دوور بێ لە خوێن رشتن".

شێرۆ واقی وڕمابوو لەو قسانە گوتی: - "چۆن چۆن مامۆستا؟" شەماڵ گوتی:

-" شێرۆ، مام پیرۆت، خۆمانو ئەوانەی لێرەن توشی زەرەرو زیانێکی زۆر دەبین ماڵی چەندەها کەسی دیکە بە وێران دەدەین، خۆیان کەمیان نەچەشتووە تا ئێمەش تووشی کارەساتێکی دیکەیان بکەین". شێرۆ گوتی:

- "کەواتە با بێن چیمان هەیە بیبەن و ببنە خاوەن ماڵ و بە ئارەزووی خۆیانی بەش بکەنەوە". شەماڵ گوتی:

-" من هەر ئەوەندەم مەبەستە نەبمە هۆکاری ئەو شتانەی باسم کردن".

مام پیرۆت بەم قسانە دڵی دەگوشرێ، هەڵدەستێو لە ژێر لێوەوە خوا حەفیزیان لێ دەکات و دەڕوات، بێئەوەی ئاوڕێك بداتەوە، دەڕوات و هەناوی خۆی دەخواتەوە، بە دڵی پڕ کەسەرو داخو دەردەوە دەبوا رێگایەکی دوور ببڕێ، بە پێچەوانەی هاتنەکەی زۆر بێ وازو لە سەر خۆ ولاخی دەژۆ، دابویە بەر داڵغەیەکی رەشبینانەی هیوا تاساو، شێرۆو شەماڵی لەوە گچکەتر هاتە بەر دیدە کە وێنەی کێشابوون، داخو ئەسەفی ئەوەی دەخوارد کە ئەوەندە قسەی بۆ بە فیڕۆدان، لە بەر خۆوە جنێوی پێ دەدان دەیگووت:

- "حیزینە گەر ئێوە پیاوی رۆژی سەختو دژوار نین ئەو کەشو فشەتان لە چی؟! ئەو قسە وشکانەی کە دەرهەق بەو ناموسسزانە دەتانکرد چی بوون؟ نابێ هەر هەمووی درۆو فشە بووبێ، ناشێ کەوتبنە سەر پێڵاوەکانیان و تکاو نزاتان لێکردبن کە هەندێك وەك خێر لە ماڵەکانی خۆتان پێدەن"، بیری بە لای ئافتاوو رەئوفدا دەچوو، بە لای ئەو کوڕە خوێن بە جۆشانەی گوند، ئەوانەی چاویان لە دەروازەیەك بوو والا بێت گڕو کڵپەی تۆڵەی لیوە بێت، بیری لەوە دەکردەوە ئەمجار یەکپارچە گشت دەبنە پیاوو پیاو کوژی ئاغا، هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو دەیگووت:

- "وەی لەم شۆڕە سوارە تۆڵە سێنانەی کە چاوەکانمان لە رێیان بە قولا چوو، وەی لەم هەرچەو پەرچانەی هەر بە قسە و فشە خەریکن هەموو لە خشتە ببەن، هەی غیرەت سزینە، ئەو جێیە جێبێڵن، ئەو پیرەمێردە گەلێ لە ئێوە مەردتر بوو، حەیف بۆ ئەو پیاوانەی جێیان هێشتین، وەی لەم بە ریسوا بووانەی کە ریسوایان کردم، وامدەزانی سەردانی کەڵەمێردان دەکەم، سەردانی پیاوان دەکەم، خۆ هەموو پێیان زانی دەچمە وێندەر و ئافەرین و

دەستخۆشیان لێ بکەم، ئێستە بنچکە دڕکەکان لە سەر ڕێگەی گەڕانەوەم بە تەوسەوە لێم دەڕوانن، قاقا بە ئەقڵی خامو جەستەی شەکەت بووم دەخەنن، هەی نەحلەت لەو کەللەی سەرەتان بێ خەریکن دەمکەنە گاڵتە بەزمی سەر زاری هەرچەو پەرچە"، تا نزیك گوند بۆوە بۆڵەی دەهاتو جمانی وێدەدان، نەیدەزانی لە چ ڕێگایەکەوە بە سرتەو دوور لە چاوەکان خۆی بکا بە گونددا، وای هەست دەکرد ناگاتەوەو گیان لە دەست دەدا، دەیگووت:

– "ئەوانەبکوژی منن ئەوانە دەیانەوێ بمکوژن، دڵی جەللادەکانم پێ شادکەن"، گێژو وێژو بێئاگا لە خۆی، ولاخەکەی لۆژە لۆژ دەیبردەوە، کاتێ بە ئاگا هات لە پێش دەرکی خۆیانی ڕاگرتووە، دەنگی بووکەکەی ڕایچڵەکاند گووتی:

–" مامە بۆ نایە خوارەوە چیت لێ قەوماوە؟" مام پیرۆت هەند ماندوو دەبینرا دەتوت گەشتی چوار دەوری زەوی کردووە، ورتەی لێوە نەهات، خزیە بنی ماڵەوە، وەکو بیمارێ لە سەر لبادێ ڕاکشا، بووکەکەی چەندی لێ پرسی چەندی هەوڵدا زاری هەڵنەپچڕی، پێی گووت:

–" مامە گوێ مەدەیە گەر ڕوویان پێت نەداوە، لەوانەیە لە بەر هەندێ بێ پیرەمێردێکی وەکو تۆ تووشی جەزرەبە نەکەن، ئەوانە پیاوی ئەسڵزادەن نایانەوێ کەسێ دیکە تووشی چەرمەسەری بکەن"، مام پیرۆت هەمینی وەکو چاوی خۆشدەویست، بۆیە لە سەر خۆ گووتی:

– "کچم واز لەو گەوادانە بێنەو بە بیرمیان مەهێنەوە"، هەمین زۆر دڵگران بوو بۆی دەترسا دیق بکات، دەترسا لە حەژمەتا ڕوح بسپێرێ، بە دزی مام پیرۆتەوە خۆی گەیاندە ئافتاو، باسی وەزعی مام پیرۆتی بۆ کرد، لە گەڵ خۆی هێنایەوە سەری، ئافتاو چووە ژوور سەریو دەستەکانی ماچ کرد، گووتی:

– "مام پیرۆت هاتووم بزانم ئەوڕۆ چیت دیوە؟ هاتووم باسی ئەو گوڵستانەم بۆ بکەی، باسی خەڵکانی ئەو مەملەکەتەم بۆ بکەی، مام پیرۆت وەڵاممدەوە پێم بڵێ کەی دەقەومێ؟ کەی دێن سەری ئەو دڕندانە پان دەکەنەوە"، گووتی:– " مام پیرۆت زۆر چاوەڕێی هاتنەوەی تۆمان کرد، زۆر دواکەوتی، وامان زانی ئەمشەو نایەیتەوە، ئاگادار بووین لە چوونت، مام پیرۆت ئاغاکان هەڕەشە لە هەر کەس دەکەن بچنە ئەو باخەو لەوێ کار بکەن، چی بووە مام پیرۆت بۆم بگێڕەوە".

مام پیرۆت بزەیەکی تاڵ دەکاتو دەڵێ:

– "کچم ئافتاو، کچە شیرینەکەم، بۆ وا دەزانی گشت پیاوێ پیاوە؟ دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە، دەبێ چیم دیبێو چیم بیستبێ، دوو کەسی ترسنۆکو دوو کەسی بێ ورەو دوو قسەی ناپیاوانەم لێ بیستن، ڕایان سپاردم، داوایان لێکردم، بەئاغاکان بڵێم ئەوانە پیاو نین و خاوەن

قسەی خۆیان نین، ئەوەی کردویانە هەڵەیەك بووە، دەیانەوێ بە ئێوە بڵێم ئەوانە پیاو گەلێکی جێی متمانە نین". ئافتاو واقی وڕدەمێنێ، دەڵێ:

-" مام پیرۆت ئەوە دەڵێی چی؟! باسی کێ دەکەی؟!" ئەویش دەڵێ:

- "باسی شێرۆ شێتو مامۆستای شارەکی دەکەم، ئەو پیاوەی کە هەرگیز تاریکی شەوی نەدیوە، ڕێگەی هەورازو نشێوی نەبڕیوە، ئەوەی کە خەریکە ئێمەو خۆیشی دەکاتە گەپجاڕی هەموان". ئافتاو بە دەمێکی خەنیناویەوە دەڵێ:- "مام پیرۆت گیان قسەکانی تۆ لە سەر سەرموو خزمەتکاری تۆم، بەڵام من وای نابینم، من جۆرێکی دیکە پێشبینی دەکەم". جار جارە بەبزەوە تەماشایەکی هەمینیش دەکات، هەمینیش وا تێدەگا دەیەوێ دڵی مامی بداتەوە، بۆیە ئەویش بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە. ئافتاو درێژەی بە قسەکانی داو گووتی:

-" مامە گیان من وا هەست دەکەم شەڕێکی گەورەو خوێناوی بەڕێوەیە، ئەو شەڕە ئێستە بە بەر چاومەوەیە، ئەو ناحەزانە لە خوێنی خۆیان دەگەوزێن، دنیا هەمووی غەرقی ئەو خوێنانە دەبن، ڕۆژ بە ئاسمانەوە نامێنێ". ئافتاو وردە وردە گەشیەکەی دەکوژایەوەو ترسێك باڵی بە سەردا دەگرت. گووتی:

-" مام پیرۆت من بە شەو خەوم نیە، کەچی ئەوڕۆ بە ڕۆژی نیوەڕۆ خەوم لێکەوتبوو، وەك بڵێی کارێکیان بەو خەوەم هەبوبێ و بیانەوێ شتێکم نیشان بەن، مام پیرۆت خەو دەلیلە، ئەوەی دیومە بڕوام پێیەتیو دێتە دی، ئەوەی من لەو خەوە دیومە ئەوە نیە تۆ باسی دەکەی، لە خەوما ئەو تەپەو تەلانە ئەو کێوانە گشت گڕیان گرتووە، ئاغاکان لە ناو گرکانێکی گەورەو زەلام شایلۆغانیان بوو، کەیفساز بوون، زەماوەندێکی گەرم بوو، بارانیش بە خوڕ دەباری، دەباریو ئەوان لە تویێی ئاگرو باران هەڵدەپەڕین، منیش بە جلکی بووکێنیمەوە قاقا پێدەکەنیم، پێدەکەنیم و ڕووەو یوسف دەڕۆیشتم، خۆی پۆشتە کردبوو چ برینێ چ جێی گوللەیەك لە سەر لەشی نەمابوو، دەستەکانی بۆ درێژ کردبووم و بانگی دەکردم، ئاگر چوار دەوری گوندو هەموو ناوچەکەی تەنیبوو، بە نێو ئەو ئاگرەدا ڕووەو یوسف دەچووم، شێرۆو شەماڵ و چەندین کەسی دیکە گورزیان بە دەستەوە بوو، بەو ناوەیا غاریان دەداو پێدەکەنین، هەموو لە بەر لێزمەی باران و کڵپەی ئاگر پێدەکەنین، گشت بە شێت دەچوون، ئاسمان تا دەهات بۆرو چڵکن دەچۆوە، پیاوەکانی ئاغا تەقەیان لە وئاسمانە دەکرد، ویستم خۆم بگەیەنمە یوسف، گوللەیەك لە پشتەوە پێکامی، یوسف بە تاو خۆی پێگەیاندم پێش ئەوەی بکەومە سەر زەویە گڕگرتووەکە گرتی لە دەستمو بەرەو ئاسمانی بردم. مام پیرۆت من خەوێکی ئاوام دیوە، تۆ باسی چی دەکەی ئەوانە گۆبەنێ دەگێڕن"، هەمین هەڵیدایەو گوتی:

– "باوانت بڕمێ بۆ خەوێ دیوتە، خەوێکی تا بڵێی خەراپت بەخۆوە دیوە، بۆ جلکی بووك لە بەر کردن و لە گەڵ مردوو ڕۆیشتن بە چی تێدەگەی؟ خوا نەکا خەوەکەت بێتە دی". مام پیرۆت گەلێ ناڕەحەت دەبێ بەو خەونە، بەڵام نایەوێ دڵی ئافتاو داخورپێنێ، بۆیە گووتی:

"– کچم هەمین.. ئەوەی ئافتاو دیویەتی سەر تاپای گوندی گرتۆتەوە، زیاتر سواری سەری ئاغاکان دەبێ، پشت بە خوا ئافتاو هیچی بۆ نابێ"، گوتی:–" کچم ئافتاو منیش وەك تۆ دڵم بەو جووتە خۆش بوو، بەڵام وا دەر نەچوون، داوایان لێکردم بچمە لای ئاغاکان و بڵێم ئەوانە شەڕیان ناوێ و لە بەڵا دوورن، کچم ئەوانە ترسنۆکی خۆیان بۆم عەیان کرد". ئافتاو پێدەکەنێو دەڵێ:

– "مام پیرۆت من باسی خەونی خۆمم کردوو گێڕامەوە کەچیم دیوە، چوومە لای پورە مەنیجیش پێی گوتم کە خەوێکی باشم نەدیوە، بەڵام مادام سەری ئەوانیشی تێدەچێ چی دەبێ با ببێ، من چاك دەزانم خەونەکەم ئیشارەتی نەمانی خۆمە، بەڵام وا تێنەگەن دەترسێم، چ باکم نیە، چیم نیە جێی بێڵم و چیشم نیە بۆی بژیم، بەڵام من قسەیەکم بیستووە دەڵێن ئاغاکان مەبەستم نەجمەدین ئاغا کەسانێکی ڕاسپاردووە ئەمشەو دەستیان لێ بوەشێنن، جا نازانم چ دەقەومێ، خوای کردبا ئەم جاری یەکەمە چ بەڵایەکیان بە سەر نەیەت، پاشان دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان و ئەوانەش بکەن کە لەمەو دوا دەدەنە پاڵیان، هەق نەبوو تۆ بهاتیتایەتەوە چ نەبێ دوو چاوی چاودێری زیادی دەکرد و نەختێ نەسیحەتت دەکردن، ئەوانە کەم ئەزمونن". مام پیرۆت لە نوێن ڕاست بۆوەو لێی دانیشت، گوتی:

– "بە ڕاستتانە؟دەنێرنە سەریان؟" هەمینیش قسەکەی پشتڕاست کردەوەو گوتی: –" منیش ئەوەم بیستووە، لەوانەیە ئێستە چووبن". مام پیرۆت هەستایە سەر پێ گووتی: – "گەر ئەوە ڕاست بێ، ئەمشەو دەرباز بونیان نیە، ئەوانە ترس لە دڵیان چەکەرەی کردووە، شێرۆ نازانم، بەڵام ئەو مامۆستایە زۆر بێ ورەیە، نایەوێ چ بەڵایەك بەر دەرکەی بگرێ، لەوباوەڕەم هەر لە دوورەوە دەست بە حەواوە بەرەو پیریان دەچێت و داوای ڕەحم و بەزەییان لێ دەکات"، ئافتاو گەلێ بەو قسانەی مام پیرۆت دڵگران بوو، بە پەلە ئەو شوێنەی جێهێشت، تا درەنگانێ مام پیرۆت دەماری خاو نەبۆوەو پەستیەکەی نەڕەویەوە، بیری دەکردەوەو دەیگوت گەر ڕاست بێو زەلامیان ناردبێتە سەریان ئەوە شتێك دەقەومێو دۆخەکە دەگۆڕێ، خۆ هەروا بە سانایی کارەکە نابڕێتەوە، گەر کوڵیش بدەن و بکەونە سەر پێڵاوەکانیان ئەوە تا مردن بە کۆیلەیی دەمێننەوە، دەبن بە درك و ناحەزی گوڵان، چی گوڵستانێك و خەندەقێکی پاك لە گۆڕێدا نامێنێ، گەر ئەوەش نەکەن خوێنیان دەڕژێنرێت و ئەسەرێکیان نامێنێ، مام پیرۆت ماوەیەکی

زۆری لە غایەلەو دالغە بە سەر برد، تا کات گەیشتە درەنگانێ، هەمین کە لە حەوشەکە بوو بە پەلە خۆی کرد بە ژووورداو بانگی دەکرد:

"– مامە، مامە، مامە گوێم لە دەنگی تەقەیە"، دنیا بە جۆرێ کپ بوو بە جوانی دەنگی تەقەکان دەبیسترا، مام پیرۆت گووتی:

– "تەقە؟! لە کوێ؟" هەمین گوتی:

– "وا دیارە هەڵیان کوتیوەتە سەریان، تەقە لای باخەکەوە دێ". مام پیرۆت بە پەلە دەرچووە حەوشەکە، گوێی هەڵخست راست بوو دەنگی تەقە دەهات، دەرکەی حەوشەکەی کردەوەو دەرچووە دەرەوە، هەمین بە شوێنیا بانگی لێدەکرد کە بێتە ژوورەوە، بەڵام ئەو گوێی پێنەداو هەمینیش ناچار چووە ژوورەوە، ترسی ئەوەی هەبوو لەو تاریکیە شتێکی لێ بەسەر بێنن، مام پیرۆت پشت و پەنایەك بوو بۆی، هەرچەند پیرو بێواز بوبو بەڵام هێشتا سامێکی تافی گەنجی لێ مابۆوە، چ نەبێ ئەو خەسڵەتی دلێریەی کە بە درێژایی تەمەنی هەیبوو بوبوە سەر مایەی رێزلێنانی، چەندین پیاوی ئازای دەڤەرەکە قەدریان دەزانیو رێزیان لێدەنا و لە تەنگانەدا خۆیان تێ دەگەیاند.مام پیرۆت هێشتا لە ناو دەرگاکەی خۆیان بوو گوێی بۆ دەنگی تەقەکان رادێرابوو، دەنگەکە تەنها لە یەك شوێنەوە نەبوو، دەنگی تەقەکان جیاواز و پچڕ پچڕ و کەمو کوت بوون، لەو دەنگانە دەرکی بەوە دەکرد کە غافڵ نەبوون و هاتوونەتە دەس، ئەگینا ئەو تەقە کردنانە درێژەی نەدەکێشا، لە ناکاو دەنگەکە بڕایەوە، بەڵام مام پیرۆت هەر چاوەڕوان بوو، دەرگاکەی بواردوو چووە دەرەوە، بەبنی دیوارەکەدا دەچووە پێشەوە، لە هەندێ ماڵەوە نوزەو گریانی منداڵە نەخۆشەکان دەهات، کۆکەو پرخە پرخی پیاوە بە ساڵاچووەکانی دەبیست، زۆر دوور نەکەوتەوە دیسان دەنگی تەقەی بیستەوە، ئەمجار تەقەکان زۆر نەبوون و لە جێگایەکی دیکەوە دەبیسترانو زوو بڕانەوە، مام پیرۆت سەری لەوەیان دەر نەچوو، بەرەو لای دەرگای خۆیان بووەوە، چووە ژوورەوەو لە دیوی حەوشەکەی خۆیانەوە دیسانەوە چاوەڕوانی دەنگەکانی دەکرد بەڵام هیچی دیکەی نەبیستەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگی زەلامی گوێ لێبوو، پەشۆکاو دیاربوون، حەزی لێبو زۆرتر بمێنێتەوە گەر پێی بکرایە ئەو شەوە نەدەچوە ژوورەوە بەڵام ماندوێتی چوونی بۆ باخەکە دڕی پێ هەڵچنی، ناچار چووە ژوورەوەو بە ئاسوودەیی خۆی خزاندە نێو نوێنەوە هەمین هێشتا نەنوستبوو گووتی: –"مامە چی بوو؟" مام پیرۆت گووتی

– "چی دیار نیە پشت بەخوا بە دڵی خۆمان دەبێ"، مام پیرۆت زۆری تلدەداو تاو توێی شتەکانی ئەو رۆژەی دەکرد، خۆیشی نەیدەزانی نوستوە یاخود نا، بینی دنیا رووناك

دەبۆوە، دەنگە دەنگ بوو لە دەرەوە، هەمین لە حەوشەکە بزنی دەدۆشی، مام پیرۆت هاتە دەرەوەو پرسی: – "ئەو دەنگە دەنگە چیە هەمین؟" هەمین گووتی:

– "نازانم.. بەلاّم بە دەنگی پیاوەکانی ئاغا دەچیّ، بەوە دەکا کیّشەیەکیان تووش بووبیّ"، گووتی:– " من وای بۆ دەچم پەیوەندی بە تەقەکانی دویّنیّ شەوەوە بیّ. لەوانەیە پیاوەکانیان نەگەڕابنەوە"، مام پیرۆت گەلیّ کەیفساز بوو گووتی:

–" ئەیچۆن.. ناگەڕێنەوە.. چۆن دەگەڕێنەوە، بۆ ئەمیش چوونە مالّی بێوەژنە بێکەسەکانە بە کەیفی خۆیان بۆی بچن و کەی بیانەویّ بگەڕێنەوە". پێلاّوی لە پێکردوو لە مالّ دەرچوو، هەمین بانگی لێکرد گووتی:

–" تۆ ئێوارەش شامت نەکردووە وەرە بەرچایی بخۆ"، بەلاّم ئەو خۆی تێنەگەیاند، بە لای مالّە دۆستەکان چوو، عەودالّی هەوالّێك بوو کەسیّ شتێکی نەدەزانی، بەرەو مالّی رەئوف بۆوە، رەئوف پەشۆکاو دیار بوو، نەیدەزانی چی رویداوە، مام پیرۆت دەستی بە قسان کرد، باسی دویّ شەوی بۆ رەئوفو خوشکەکانی دەکرد، باسی تەقەکان غەلّبە غەلّبی پاش تەقەکان، مام پیرۆت پیّی گوتن ئەو تەقانەی شەو بیستبووی هی ئەوە نەبوون بە ئاسانی شوێنیّ گیرابیّ، شەڕێکی شکاندنی هێرشبەرەکان بوو، گووتی:

–" دەنگی تەقەکان تا دەهاتن دوور دەکەوتنەوە"، رەئوف گووتی:

– "مام پیرۆت گەر ئەمان بشکابایەن دەبوا دەنگی تەقەکان نزیکتر ببنەوە بەرەو ئێرەوە هەلّبێن"، مام پیرۆت گووتی:

–" لەوانەیە بەرەو شوێنێکی دیکە هەلاّتبن تا کەس نەزانیّ خەلّکی ئەم گوندەن"، مام پیرۆت بەو لێکدانەوەیەی رەئوف خەریك بوو دلّی کرمیّ بکا، رەئوف گوتی: –" مام پیرۆت هەڕەشەیان لێکردووین کە نابیّ کەسێك بچیّ لە باخەکە کار بکات، دەلّێن ئەوەی روو لەو باخە بکات دوژمنی ئێمەیە". مام پیرۆت ویستی پیّبکەنیّ کۆکە مۆلّەتی نەدا، هەرچۆنیّ بوو کۆکەکەی کپ کردەوە گووتی:

– "کارکردنی چی؟ باخی چیو هەڕەشەی چی؟ کەس بەو شتانە ناپەرژیّ"، گووتی:– " خەونەکەی ئافتاو بواری کارکردن و قەدەغە کردن و هەڕەشە کردن بە کەس نادات "، لەم قسانەدا بوون هەراو زەنایەك لە گوند بەرز بۆوە، هەموو راچلّەکین ویستیان بەرەو دەرەوە بڕۆن، ئافتاو بە تاو بەرەو روویان هات گووتی:

–" مام پیرۆت ئاخرەکەی بوو، خەونەکەم بە راست گەڕا وا هەلّگیرسا"، گووتی:– " مام پیرۆت کەس نەیتوانی زەفەریان پیّ ببا یەکەم دەست بۆ ئەوان بوو"، ترسێکی بیّ سنوور

**خوشکەکانی ئافتاوی داگرت، خەونەکەی ئافتاویان بیستبۆوە، خەوەکەی ئافتاو بەر گوێی هەموو خەڵکی گوند کەوتبۆوە، هەموو سەرزەنشتیان دەکرد، دەیانگوت سەرەخۆرەیە، لە پای دەزگیرانێکی، گوندێ بە وێرانکردن و قڕکردن دەدا، دیسانەوە لەو بەیانی رۆژە نوێیەو بۆ کارەساتێکی دیکە خەڵکەکە لە بەر گۆڕەپانی مزگەوتەکە کۆ بوونەوە، دیسانەوە ئامادەی مەراسیمی ناشتنی دوو تەرم و  پێشوازی کردن لە شەڕو بەڵایەکی دیکە بوون.**

که مام پیرۆت جێی هێشتین شیرۆ گووتی:- "مامۆستا ئەو پیرە مێردەت تووشی نائومێدی کرد، میناشکێنت کرد، لە پێش چاوی ڕەش داگەڕاینو گچکە بووینەوە، تۆ چ ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانەت لە پێش نیە، ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە بە دڵی تۆ نابێ، بە دڵی منیش نابێ، ئەوان شتێکیان دەوێ بە دڵی خۆیان بێت". پێم گووت:

-" شێرۆ ئێمە بەم بێکەسیە چیمان پێ ناکرێ، ئەبێ تۆزێ بوار بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین تا چارەیێ حاڵی خۆمان بکەین، ئەوان بە پەلە هاتنو منیش پەلەتر دەسم نا بە ڕوویانەوە، کێشەکە ئاڵۆز بووە، ئێمە بە هیچا ناپەرژێین"، گووتم: -" من دەزانم لە کۆتاییا ئێرەمان پێ جێ دێڵن ئەگەر دەرفەتی ئەوەشمان پێدەن بە ساغو سەلامەتی دەرباز بین". شێرۆ پێکەنیو گووتی:

-" مامۆستا من بە هیچ شێوەیەك ئێرە جێ ناهێڵم، بشکوژرێم جێی ناهێڵم، کەسێ ناتوانێ بێتە ئێرە، مەگەر بە سەر تەرمەکەمدا ڕابوورن، ئێمە بێکەس نیمان بۆ ئەو مەبەستە هەنێ کارم کردووە، هەواڵم بۆ هەندێ کەسی هاوڕێ ناردووە کە سەردانیمان بکەنوپاڵپشتمان بن، لەمەو دوا بێکەس نابین، ئەگەر تۆ تەنها خەمی ئەوەت هەیە ئەو خەمە لە دڵی خۆت دەرکە، گەر باوکە خوا لێ خۆشبووەکەت ڕازی بووایە لە زووەوە ئەم کێشەیەم یەکلا کردبۆوە، ئەو پیرە مێردە بە شێوەیەکی جیاوازو تایبەت مامەڵەی لە گەڵ دەکردن، ئێمە ئەوەمان پێ ناکرێت. ئەوان دەیانەوێ خاوەنی هەموو شتێك بن، ئێستە داوای بەشێك دەکەن، چەند ڕۆژی دیکە هەموویان دەوێ، ئێستە لە ڕێگای شەڕەوە بتوانن بمانکوژن، بە بێشەڕیش هەر دەمانکوژن، ئەوان دەبێ هەموو شت هی خۆیان بێ گەر وا نەبێ نابێ هی کەسیش بێ، هەر بەو شێوەیە ماڵی زۆرێکیان زەوت کردووە، ئەوانە زۆرن کە پاڵپشتیمان لێ دەکەن، ئەوانە تەنها پەناگەیەکو ڕێ نیشاندەرێکیان دەوێ کە ئاراستەیان بکەنو کۆمەکیان بن".

من نەمدەزانی هەنگاوەکانی لەمەو پاش چۆن دەبن، ئەو ڕۆژە هەر لە عەسرەوە چوومە ژوورەو لە ژێر لێفە سەری خۆم شاردەوە، خەوەکەم لەو ڕۆژ بە سەربردنە پێ باشتر بوو، دەمەو ئێوارە دایە مریەم بە خەبەری هێنام گووتی:

– "نان ئامادەیە ، پێش ئەوەی سارد بێتەوە نانەکەتان بخۆن"، هەستام چووم دەستو دەمو چاوم شت، تا گەڕامەوە نانی ئامادە کردبوو، هەروا بە دیاریەوە دانیشتم چاوەڕوانی شێرۆم دەکرد، دایە مریەم کە هێشتا لەو ناوە بوو گووتی: – "مامۆستا تۆ نانی خۆت بخۆ شێرۆ نایەت"، سەرم سوڕما لەو قسەیەی گووتم : – "بۆ؟!" گووتی: – "شێرۆ لە دەرەوەی باخەکەیە". گووتم:

- "بۆ؟!" گووتی:

- "چاوەدێری دەورو بەری باخەکە دەکا". پرسیاری دیکەم لێ نەکرد، لەو ساتەوە بۆم دەرکەوت ئێمە کەوتووینەتە شەڕەوە، بە پەلە دوو سێ پارووم خواردو دەستم کێشایەوە، دایە مریەم لە دەرەوە بوو، هەستامو لە ناو دەرگاکەوە بانگم لێکرد، هاتوو گووتم: - "شێرۆ لە کوێیە؟" گووتی: - "لە دەمی گردۆڵکەکەیە". گردۆڵکەیەك لە سنووری باخەکە بوو، لە سەرەوەی گردۆڵکەکە چاڵیەك هەبوو دەتوت دەمێکی کراوەیە، شوێنی دوو کەسی تێدا دەبۆوە بە دانیشتنەوە، کەوتمە رێ بەرەو ئەوێ، دایە مریەم بانگی لێکردم گووتی: - "مامۆستا بۆ کوێ دەچی؟" گووتم

- "بۆلای شێرۆ". گووتی: - "گەر بە ئەزیەتی نازانی لە گەڵ دەستی خۆت نانی بۆ ببەی". گووتم:- "نا ئەو دەنێرمەوە لێرە نانەکەی بخوات". دیار بوو شێرۆی لە من باشتر دەناسی، گووتی:

-" بۆی ببەی باشترە من ئەزانم نایاتەوە". نانەکەی ئامادە کردبوو، دایە دەستمەوەو ویستم بڕۆم دیسان رای گرتمەوەو چەکێکی بۆ درێژ کردم گووتی:

-" ئەوەشت پێ بێ باشە". ئەویشم کردمە شانموو کەوتمە رێ، هەستم بە کەم ئەزموونی خۆم دەکرد لەو ژیانەی لەوێ بە رێوە دەچوو، کە لە تەپۆڵکەکە نزیك بوومەوە بانگم لە شێرۆ کرد گووتم بزانم لەوێیە، شێرۆ گووتی: -" مامۆستا لێرەم وەرە"، کە چوومە پێشەوە دەبینم تەواو خۆی بەستووەو فیشەکێکی زۆریشی دانابوو، بەوەی دەکرد مسۆگەر شەڕێکی لە پێش بێت، گووتم: - "ئەوە نانم بۆ هێناوی". سوپاسی کردمو گووتی:

- "دادەنیشی یا دەڕۆی؟" گووتم:

- "تۆ چی دەکەی لێرە شتێ رویداوە؟" دەستی کردە نان خواردنو گووتی:

- "ئەوەی رویداوە تۆ خۆت ئاگاداریت و شتی تازەتریش نیە. بەڵام لەوانەیە شتێك روو بدات، ئەوەی بوو کەم نەبوو نابێ غافڵ بین". گووتم:

- "باشە تاکەی دەبێ وابین؟ مەبەستم لەم دڵەڕاوکەیە بژین؟" گووتی:

- "مامۆسا تاکەی وا دەبین مالووم نیە، بەڵام ئەوانەی کە ناردبووم بە دوایاندا بۆ پاڵپشتی کردنمان سبەی دەگەنە جێ". نەمویست چی دیکە لەو بارەیەوە بڵێم، هیچی واشم شك نەدەبرد بیڵێم، دەترسام چی بڵێم دووبارە کردنەوە بێ بۆیە کڕو کپ دانیشتم و تەماشای ئەو دەورو بەرەم دەکرد، رۆژ ئاوا ببوو، شێرۆ خەریکی نان خواردن بوو، کاتێ لێ بۆوە گووتی:

– مامۆستا تۆ بڕۆیەوە باشە، خانوەکەش پێویستی بە بوونی کەسێك هەیە گووتم: – باشە تۆ بۆ ناڕۆیەوە ماندوێتیت دەربێنی من لە جێگاکەت ئێشك دەگرم. بەڵام ڕازی نەبوو، ناچار من گەڕامەوە. تا گەیشتمەوە لای خانوەکە دنیا هەندێ تاریك داهاتبوو، گوێم لە دەنگی دایە مریەم بوو گووتی:

– "مامۆستا هاتیەوە. وای گووتو بە چەکێکەوە بەرەو رووم هات". گووتم:

– "ئەوە چیە؟" گووتی:

– "مامۆستا نابێ بێئاگا دانیشین، ئەوانە جێی متمانە نین، دوور نیە زەفەرمان پێ ببەن". پریاسکەی خواردنەکەی لێ سەندمو بەرەو ژوورەوەی برد، کە ئەو وەزعەم بینی ناچار منیش لە شوێنێکەوە بە چەکەکەمەوە دانیشتم، ئەوەندەی پێ نەچوو دایە مریەم گەڕایەوە و ئەویش چووە پاڵێکەوەو دانیشت ، هەستام چوومە لایو گووتم:

– "دایە مریەم حەز ئەکەی تۆ بڕۆ بۆ لای ژنەکان، وا من لێرەم". گووتی:

– "ئەوانیش دوو چەکیان پێیە، ئێرەش پێویستی بە دوو کەس هەیە". گووتم: – "وا دیارە هەموو لێرە دەزانن چەك بە کار بێنن؟" گووتی:

– "بەڵێ لێرە بەرگری لە خۆ کردن تەنها بە چەك دەبێ پێویستە هەموو کەس بزانێ بە کاری بێنێ". تۆزێ بێدەنگ بووم پاشان گووتم:– "دایە گەر من لیرە نەبام حاڵ بەم حاڵە دەگەیشت؟" گووتی:– "مەبەستت چیە؟" گووتم: – "وا هەست دەکەم من دۆخەکەم ئاڵۆز کردوو گەیاندمە ئەم رۆژە. من لەو ریککەوتنە پەشیمان بوومەوە کە چەندین ساڵە پێی کار دەکەن، داوای لێبوردن ئەکەم ئێوەم تووشی ئەم کێشەیە کرد بەڵام شێرۆ وای پێ خۆش بوو بەوە دەگەشایەوە، دەشزانم ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێ هەق نیە، بەڵام دەبێ هەندێ جار چاوپۆشی لە ناهەقی بکرێ، بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە". گووتی:

– "مامۆستا ئەوەی تۆ کردت راست بوو، گەر وات نەکردایە هەموو لێت زویر دەبووینو سەر زەنشتمان دەکردی، وە هیچ باکی ئەم وەزعەمان نیەو هەرچیەکیش ببێ گوناهی تۆی تێدا نیە". گووتی:–" ئێمەو شێرۆو هەموو خەڵکانیش چاوەڕێی رۆژێکی وا بووین، ئەمە دەبوایە لە زۆر زووەوە بکرایە".

دایە مریەم بێوەژنێکی تەمەن پەنجا ساڵ بەرەو ژوور بوو کەڵەگەتێکی گەنم رەنگ بوو، لەش ساغو وتو وریا بوو. دەیانگووت دوو شووی کردووە لە هیچیان منداڵی نەبوە، هەردوو پیاوەکەی ناحەزی دەستەڵاتداران بوونەو دەستیان لێ وەشاندوون و داویانەتە ئەو هەردانە، هەردوکیشیان هەر بە دەستی ئەوان بە کوشت چوون. هەموو ئەو کەسانەی کە باس دەکران

لەو دەڤەرە  هەموو کوژرابوون. مێژووی دەڤەرەکە لە خوێن ڕشتن بەولاوە چی دیکە نەبوو، دایە مریەم دەیگووت:

– "ڕاستە من منداڵم نەبوون.. بەڵام ئەم هەمووە کە لیرەن هەموو منداڵی منن"، هەر بەو رووحی دایکایەتیەوە مامەڵەی لە گەڵ دەکردن، هەموو بە دایە مریەمیان بانگ دەکرد، سەرپەرشتکاری ژنە رەشپۆشە کرێکارەکان بوو، هەموو وەکو دایکێکی دڵسۆز ڕێزیان لێدەناو لە قسەی دەر نەدەچوون، هەرچی کارێکی بکردبا زۆر بە ڕێکو پێکی ئەنجامی دەدان کەسێ نەبوو پێی بڵێ چی بکات و چی نەکات، خۆی کارەکانی لە هەموو باشتر دەزانی رۆژێ لە رۆژان نەمبیست شێرۆ کارێکی پێ بسپێرێ، هەندێ شت دەبوو بە شێرۆم دەگووت هەقە ئەوە بکرێ دەیگووت مادام دایە مریەم هەیە ئەوەی ڕاستو پێویست بێ دەکرێ، هەر وایش بوو، ئەوانەی زەروور بوو یا خۆی یا یەکێك لە ژنەکانی ڕادەسپاردو دەیانکرد.  بارسەنگیەکی تەواوی لە نێوان کەسەکانی ناو باخەکە ڕاگرتبوو، هەند خەمی کارەکانی دەخوارد دەتوت تەنها ئەو تاکە خەمخۆری ڕاپەڕاندنی کارەکانە.

نازانم بۆ چی بوو دایە مریەم هەستا چووە ژوورەوە، منیش لە جێگاکەی ئەو دانیشتمو چەکەکەم نایە باوەشم و لەو دەورو پشتی خۆمە ڕامام، گوێم بۆ ئەو دەنگانە شل کرد کە لە پەلو پۆی باخەکەوە دەر دەچوون، وا تێگەیشتم کە دایە مریەم نایاتەوە بە تایبەتی کە من جێگاکەیم گرتبوو، بۆیە تەواو لەوێ دامەزرام، کەوتمە تاوتوێ کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لەو چەند رۆژە ڕوویاندا، لە فکرەوە چوبوم لە ناکاو هاتەوە بیرم کە من لە ئێشك گرتندام، سەیرم بەو بڕوایەی دایە مریەم هات کە بە تەنێ لەوێی جێ هێشتم، من کابرایەکی کارامەی ئەو بوارە نەبووم، تۆزی خۆم لەو داڵغانە ڕاتەکاندو ویستم وەکو سەربازێ ئەو کارە ئەنجام بدەم، دەنگی دەسترێژێ ڕایچڵەکاندم، تەواو لێم مالووم بوو دەستڕێژی دەستی شێرۆیە، چاوم بۆ دەرگای خانوەکە چوو تا پەرچە کرداری دایە مریەم ببینم، بەڵام کەچی لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی خانوەکەوە بانگی کردم گووتی:

– "مامۆستا ئەو تەقانە لای شێرۆوە بوو، لێرە چاو کراوە بە دەچم بزانم چیە". بەڵام من ئەوەم بە باش نەزانیو خۆم بەرەو لای شوێنەکەی شێرۆ ڕۆیشتم، دایە مریەم بانگی لێکردم کە سەرم نزم کەمەوەو لەسەر خۆ بڕۆمو ئاگاداری ئەملاو ئەولای خۆم بم. بەو شێوەیەی ئەو گووتی خۆم گەیاندە لای تەپۆڵکەکە، بەڵام چەند من دەچوومە پێش، دەنگی تەقەکانیش ئەوەندە دوور دەکەوتنەوە. چوومە سەر تەپۆڵکەکە شێرۆ لەوێ نەمابوو، ناچار بە دەنگی بەرز بانگیم کرد، ئەویش بەوشێوەیە وەڵامی دامەوەو داوای لێکردم لەوە زیاتر نەچمە پێش.

منیش به قسەم کردوو لەو دەمی تەپۆڵکەیە دانیشتموو چاوەڕوانی ئەنجام بووم. دەنگی تەقەکردن دەبڕاوەو دیسان تاکو تەراك دەستی پێدەکردەوە. بەڵام دوور لەو جێیەی کە من لێی بووم. نەمزانی چەند لەوێ مامەوە پاش ماوەیەك گوێم لە دەنگی شێرۆ بوو گووتی:-" ماموٚستا لەوێی؟" زۆر دڵخۆش بووم بە بیستنەوەی دەنگی، ئەو رووداوە لەو قاوغەی ئەو رۆژەی دەرهێنام، شێرۆ گەیشتە لام گووتم:

- "چی بوو ئەوە؟" گووتی:- "نازانم دوو کەس بوون، وا دیارە هاتبوون بمانترسێنن". گووتم:- "باشە چیان لێهات؟" گووتی:- "وابزانم هەڵاتن".

ئەو ڕۆژە دۆست و دوژمنی میرزا ئاغا کۆبوونەوە، تەرمی دوو کوژراوەکەیان لە جێیەکی پڕ گوومانو پرسیار دۆزیبۆوە، سەرەتا شکی ئەوەیان بوو کە دوژمنە کۆنەکانیان ئەو کارەیان بە سەر هێنابن، بەڵام هەموو ئەو ڕۆژە سوێندیان بۆ خواردنو بێئاگایی خۆیان لەو مەسەلەیە پێڕاگەیاندن، قادر ئاغا کە لە هەموو ئەوانی دیکە بە ناو بانگترو جەربەزە تر بوو، زیرەکی ئەو کەسەی بە میرزا ئاغا راگەیاند کە بەو کارە هەستاوە، وە زیاتر مەبەستی شێرۆ بوو. میرزا ئاغا هەموو پیاوەکانی خۆیو نەجمەدینی برایشی ئاگادار کردەوە کە کەسێ لە خۆیەوە رەفتار نەکات.

نە لە پرسەو نە لە دیوەخانیش کەسێ پرسیاری ئەوەی لە ئاغاکان نەکرد کە ئەو جووتە چ کار بوونە بەو شەوە، میرزا ئاغا ئەو هاتنی میوانانەی بە هەل زانیو ویستی بە قازانجی خۆیا بیشکێنێتەوە، بۆیە بابەتێکی نوێی وروژان کە ئەویش بەڵێن بەستنێك بیت لە نێوان ئەو پیاوە دەستەڵاتدارانە و کۆمەکی یەك بن، هەموو پیاو ماقوڵ و ئاغاو بەگەکانی ناوچەکە پاش وتو ویژێکی دوورو درێژ رەزامەندیان نیشانداو چوونە مزگەوتی ماڵی خوا کە سوێن بخۆن جارێکی دیکە دەس لە خوێنی یەك بەر نەدەن و کێشەی هەر لایەك بە هی خۆیان بزانن و لە کاتی داواکردن و پێویستدا کۆمەکی یەکتر بکەن. ئەم هەواڵە زۆر خێراو بە پەلە گەیشتەوە گوێی خەڵکی ناوچەکە، ئەمە هەواڵێکی هەند سووکو سانا نەبوو، بیستنی ئەم هەواڵە وەك بیستنی درێژ بوونەوەی تەمەنیان و روح خستنەوە بەرو بەر چاو رۆشنییان بوو، یەکپارچە شادمان و گەشو دەم بە خەندە لێکیان دەڕوانی، دەیانگووت:

– "کەم نیە جارێ دیکە کەس نەکوژرێ، کەس نەمانبات بۆ شەڕ، جارێ دیکە دایکان سنگ نەکوتن و منداڵان هەتیوو ژنان بێوەژن و کچان خەفەتبار نەبن"، دەیانگووت" کەم نیە چیتر کەسەکان لە یەك جودا نەکرێنەوە"، باوەڕیان بەو خۆشیە نەدەکرد کە لەوەو پاش roویان تێدەکا، ژیانی ئاسوودەییو ئارامی دوور لە شەڕو شۆڕ.. هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد، باوەڕیان نەدەکردو دەیانگووت:

–" ئەو دەستە مەزنەی ئاسمان.. کە هەموو گێتی گرتووە، چی شتێکی دڵخۆشکەری بۆ نەناردووین، لەوەتی هەین نەهامەتیو نەبونیو کوشتن و بڕین بەشمان بووە"، دەیانگووت: –" ئەو شای شاهانە هیچ باکی ئەم شتانەی نەبوە، باکی ئەو هەموو جەستانەی نیە کە دەڕزێن و ئەو روحانەی کە دەسوتێنرێن، ئەو هەموو خەڵکەی لە دووری ئازیزەکانیان دیق دەکەن"، دەشیانگووت "ئێمە گلەو گازندەمان لەو دەستەڵاتە میهرەبان و مەزنە نیە، ئێمە لەو رەفتارانەی دەرهەقمان دەیکا ناڕازی نین، بەڵام داوا دەکەین تۆزێ چاکترمان بکا، لێمان گەڕێ

ئەو وشەی خۆشیە ببینین و بیناسین،بێت بێرەدا رابووریٚ و چ زریان و لافاوێکی بە شوێنەوە نەیەت، بەو وشەیە هاورێو ئاشنامان بکات و لێی نەسڵەمێینەوە"، دەیانگووت" ئێمە باس لە خراپی خۆمان دەکەین ئەمانەی بە سەرمان دیٚ بەری چاندنی خۆمانە، باسی ئەو غەریزانەمان دەکەین کە بە چاو نوقاویەوە تێریان دەکەین، بیر لە کارگەڵیٚ دەکەینەوە کە نابیٚ بیکەینو پاشان دەیکەین، باسی ئەو درکانە دەکەین بۆ منداڵەکانمانیان دەچێنین و لایان پیرۆزیان دەکەین".

بەم شێوەیە نە بڕوایان هەبوو نە دڵنیاش بوون لەو شتەی کە پێی دەڵێن خۆشی، دەیانگووت:- " لەوانەیە بێت لە دەرکەشمان بدات باوەڕ نەکەین هەوەو دەرکەی لیٚ نەکەینەوە"، دەیانگووت "ئەو شتە میرووی ملی دەڵە دێویکە وەك قەتران رەش، چاوی وەك گڕ بلێسەدارە، زمانی وەك شیر تیژە، ئەوەی دەیەویٚ پرشنگی ئەو میروەی بەرکەویٚ با بچیٚ ئەو دەڵە دێوە بکوژیٚ، با بچیٚ سۆراخی بکا وەك ئەوانەی چوون و نەگەڕانەوە".

مام پیرۆت گەڕابوەوە تافی لاوی، بەو ناوە جرت و فرتی بوو، پێی دەگووتن: – "ترسنۆکینە ئەو شتە لە نێو دڵی خۆتاندایە، خۆتان لە خۆتانتان تاساندووە، دەیگووت بە دوای چیدا وێڵن؟ ئیوە خۆتان بیٚ دڵن، بیٚ روحن، ئێوە بیٚ خۆشی لە دایك بوون، مامانە دەست دڕکاویەکەتان لە گەڵ نافەتانە بڕیویەتیو فڕیی داوە"، گاڵتەی بەو خۆشیەیان دەهات، پێی دەگوتن:

– "هەڵپەڕن.. پێبکەنن، شاباشی فڕاندنی سەری خۆتان بدەن، هەڵبەزن و دابەزن با منداڵەکانتان ژنەکانتان بتانبینن چەند بە ساویلکەیی جێیان دێڵن، تا دەتوانن پێکانتان توندتر بدەن بە زەویدا، تا شوێن پێتان بمێنیٚ، وای بدەن بە زەویدا تا لە شێوەی پێی ئادەمیان دەردەچیٚ، با قاڵبی خۆیان وەرگرن، هەڵپەڕن و سەرچۆپی بگرن چی پەڕۆی رەنگاو رەنگ هەیە بیگرن بە دەستەوەو سووڕیدەن، با لەم خۆشیەی خۆتان مەست بن، با هەر بەو مەستیەوە چەقۆ بخرێتە سەر گەردنتان، تا هەست بەو ئازارە لە رادە بە دەرەی نەکەن".

مام پیرۆت بەو ناوەدا دەهات و دەچوو و قسەی بە گوێی خەڵکەکە دێنا، هاواری دەکرد "دەی، دەی، هەڵپەڕن دەی، نەکا ئەو گەردەلوولەی بەرێوەیە راتان پێچیٚ، چاوشەکان دەهۆڵەکانتان چەورکەن، زورناژەن گوپەکانتان پڕ هەواکەن، بۆیان لێدەن، با لەم شایلۆغانە خۆیان مەستکەن، دەی جەستە خۆ لەرزێنەکان خۆتان بلەرزێنن، خۆتان راوەشێنن، ئاسمان پڕ تۆزو غوبارکەن، با دنیا لێڵ بێت، چ ئاگایەکتان هەیە لە خەونەکەی ئافتاو، ئەمە سیناریۆی

خەونەکەی ئافتاوە، ئەمە رەهێڵی روح تەپێنە، ئەوە سوارەکان ئەسپەکانیان زین دەکەن، ئەوە روح کێشەکان قولاپ لە خۆ دەدەن، وا بە رێوەن پسولەی سەفەرێکی نەبڕاوەتان بۆ دەبڕن".

قسەکانی مام پیرۆت دەیهەژاندن، لە ناخیاندا سەدای هەبوو، بە چاوی پڕ ئەشکەوە هەڵدەپەڕین، بە دڵی پڕ کەسەرەوە لێوەکانیان زەردەی دەهات، نمایشی دوا مەرگەساتیان دەکرد، دڕکەکان قەبارەیان لە گەورە بوونی دەدا، پتر باڵایان دەکرد، هەڕەشەی توندتریان لە گوڵە ژاکاوو سیسەکان دەکرد، مۆڕەیان لە گوڵە بزێوەکان دەکرد، گوڵەکان لە بن لاسکەکانەوە فسە فسیان بوو، بە پێچەوانەی ئەوانەوە خۆشی تیایاندا قوڵپی دەدا، جەژنە پیرۆزەیان لە یەك دەکرد، پیرۆزی جەژنەیەك کە لە خەونەکەی ئافتاوەوە دەیانبینی، خەونەکەی ئافتاو بە سەر هەموو لالەزارەکاندا رادەبوردو دەنگی دەهات، روحی وە بەر نەمامی شکاوو وشکەوە بوو دەخستەوە، بۆنێکی سەیرو سەمەرە، بۆنێکی زاخاودەر، تێکەڵ بە وشەکانی تەفسیری خەونەکە دەبوو، ئەو ئاوێتە بوونی بۆن و تەفسیرە لە زەتێکی تایبەتی دەدانیٚ، ئەو منداڵانەی کە گوێیان لە قسەکان دەبوو.. لە برا گەورەکانیان، لە باوکیان، لە میوانەکان و رێبوارەکان، پێی دەگەشانەوە، هەستیان بە زوو گەورە بوونی خۆیان دەکرد، هەستیان بە ژیانێکی تێرو پڕ گوڵ و بەرامە دەکرد، وایان هەست دەکرد کە تەمەنیان لە هی ئەوانەی پێشوویان درێژترو جوانتر دەبیٚ، ئەم شتانەیان بە بێدەنگی هەست پیٚ دەکرد، بیٚ ئەوەی گەورەکان ئاگایان لێیلن بێت، کە ئەو مەردوومە گچکانە هەست بەو وشە بۆندارانە دەکەن. مام پیرۆت چاوەکانی بە دوو لادا بەشکردبۆوە، یەك بۆ ساویلکەییو گومڕایی شایلۆغان گێڕەکان و دووەمیانی لەو جێیە گرتبوو کە بۆنەکە لێوەی دەهات، ئەوشوێنەی خەونەکەی ئافتاوی لێوە بەدی دەهات، چاوەڕوانی روودانی شت بوو، شتگەلێ بیٚ ئەوەی بزانیٚ چۆن پەیدا دەبن، بیری لە قەدەری پەیدابوونی ئەم جۆرە مرۆڤانە دەکردەوە، ئەوانەی خەریکی خۆ ئامادە کردنی گڕ تێبەردانی ئەو ناوەن، بیری لە مانەوەی خۆی دەکردەوە، بیری لەو روحە هەڵوەریوانەی ئێمە دەکردەوە، کە بیٚ هیچ تاوانیٚ لە جەستەکانمان دەرهێنراین، ئەو رووداوانەی رابوردووی چوون بیرەوەریەك دەهاتنەوە یاد، خۆی وەك پارچەیەك لەو سروشتە دەهاتە پێش چاو، دەیگوت:

– "من لە رەگەزی مرۆ نیم ، ئەگینا چۆن تا ئێستا مامو چۆن بەرگەی ئەو هەموو مەینەتیانەم گرت". بیری لە ئافەریندەی خۆی دەکردەوە، دەبیٚ بۆ ئەمەندە تەمەنەی پیٚ دابیٚ، بۆ پێی باشە ئەم شتانەی نیشان بدات، پێش ئەوەی روحی بکێشیٚ ئەم ئازارانەی پیٚ بچێژیٚ، مام پیرۆت تەنها ئەو رۆژە دەستەکانی بەرز رادەگرتو رووی لە ئاسمان دەکردوو سوپاس گوزاری خوا بوو، سوپاسی ئەوەی دەکرد کە ئەوەندە تەمەنەی داوەتیٚ تا لە گۆڕنانی ئەوانە ببینیٚ کە

هەموو ژیانیان لێ ستاندبوو، خۆیو دەورو بەرو روحدارو بێ روحی بیر چوبۆوە، چوبوە جیهانێکی چوڵو هۆڵ، دەمو چاوەکانی دێنانە پێش دیدی خۆی ئەو دەمو چاوانەی کە بزر بوبون و ئەوانەی کە ترس و پەژارە شێواندبوونی، ئەوانەی کە داهێزرابوون و چاوەڕێ بوون هەواڵێکی نوێ جیاواز لەوانی پێشوو بیانگۆڕێ. دەمو چاوی شێرۆو شەماڵی دەدی، هی ئافتاو، بوکەکەی، دەموو چاوە گەشەکانو خەماویەکان، دەمو چاوی بە پێکەنین و گریاناوی، لە گەڵ بینینی هەر دەمو چاوێك دەمو چاوی خۆیشی دەچوە سەر، دەنگێك ، لەترێك، کۆکەیەك، پژمینێك، بە ئاگای دێنایەوەو زوو بە زوو دیسان دەکەوتەوە گڕخواردن، دیسانەوە ماخۆلانی تێدەکەوت ، بە کوچەو کۆلانی گونددا گێژی دەخوارد، بە رووی گوڵپەرستەکان دەخەنیو بە رووی دڕکەکانیش گۆپاڵی توند بە عارد دەداو چارەی گرژو مۆن دەکرد، جار جارە وەکو شێتۆکەیەك بەرەو باخەکە ملی دەنا، چەند هەنگاوێك دەڕۆیشت و پاشان دەگەڕاوە، بەم شێوەیە خۆی شەکەت و ماندوو دەکرد.

ئەو گۆڕانکاریانە رۆژانێکی لە گەڵ خۆی دێنا کە هەرگیز کەسێ پێشتر نەیدیوە، نەك تەنها مام پیرۆت هەموو خەڵکەکە بارێکی نائاساییان هەبوو، چەند رۆژێك بەو شێوەیە گوزەران، پاشان سات بە سات سوکناکو ئارام دەبوونەوە، تا تەواو بێدەنگیەك پەیدا دەبوو، نەیاندەزانی ئەو بیدەنگیە چۆن پەیدا بوو، تۆقاندبوونی، خۆیان دەئاخنیە نێو ماڵەکانیان، وەك خۆ مەڵاسداوێك لە ترسی دەعبایەکی دڕندەی بێناو نازانن چیەو لە چ سات و کاتێکدا پەلاماریان دەدا، جار جار غەڵبە غەڵب و دەنگی ناسازی پیاوەکانی ئاغا ئەو بێدەنگیەیان دەشکاند، بەڵام ئاستی ترسەکانیان بەرزتر دەکردەوە، نەجمەدین ئاغا وەکو جاران نەمابوو، شێتگیریەك سواری ملی بوبو، کەس نەیدەوێرا خۆی نیشان بدات، تەنها سالەو فەتە دەس مەعدەن نەبێ، کە لە پاراستنی ژیانی خۆیو میرزا ئاغای کاکی رۆڵی گرنگیان دەبینی،دەمەو ئێوارە بوو، کاتێ نەجمەدین ئاغا بە خۆیو چەند پیاوێکیەوە چوونە بەر دەرکی رەئوف، بانگیان کردە دەرەوە، پێیان راگەیاند کە نابێ خوشکەکانی بچنە سەرکار، بیستبویانەوە کە نیازیان بووە بچن لە باخەکە کار بکەن، بەوەی دەکرد نەجمەدین ئاغا لە بیانویەك بگەڕێو بڕیاری دابێ رەئوف ئازارو سزا بدات، بە پێش چاوی خوشکەکانیەوە سوکایەتی پێ بکات، بۆیە بەس بە ئاگادار کردنەوەکە وازی نەهێنا، هەڕەشەی ئەوەی دەکرد گەر خوشکەکانی سەرپێچی بکەن واو وایان لێ دەکا، رەئوف ویستی دان بەخۆیدا بگرێت ، بەڵام نەجمەدین ئاغا نەیبڕیەوە، پەیتا پەیتا قسەی ناشرینی بە خوشکەکانی دەکرد، خوشکەکانی رەئوف لە دەنگی نەجمەدین ئاغاو لە ترسی براکەیان هاتنە دەرەوە، نەجمەدین ئاغا ئەوانی دیت قسەکانی ئاراستەیان

کرد، دەرو دراوسێ هاتنە بەر دەرگا، بەڵام کەسێ خۆی لە مەسەلەکە تێ نەدەگەیاند، رەئوف گووتی:

– "ئەوەی بۆی هاتبووی زانیمان.. پێویست بە قسەی زیاد ناکات"، نەجمەدین ئاغا سوور بۆوە، دەتوت چاوەڕوانی قسەیەکی وابوو، ئیشارەتێکی بۆ پیاوەکانی کرد، هەموو کەوتنە وێزەی رەئوف، خوشکەکانی بە گریانو هەرا ویستیان لە چنگیان دەربێنن، بەڵام پاڵیان بەوانیشەوە نا ئەوانیش لە ترسی حەیای خۆیان لە گریان زیاتر هیچیان بۆ نەکرا، بە چاوی داواکردنی یارمەتی لە خەڵکەکەیان دەڕوانی، بەڵام کەسێ بوێری خۆ تێ قورتاندنی نەکرد، لەولاوە ئافتاو بە هەڵەداوان خۆی پێگەیاندن و خۆیدا بە سەر رەئوفدا، نەجمەدین ئاغا ویستی ئافتاو قەرزار بار بکات، ئەمری بە پیاوەکانیدا کە دەسی لێ هەڵگرن، بۆیە وتی:

– "ئەوە لە بەر خاتری ئافتاو خان ئەمجار وازت لێ دێنین"، وەگوتیشی" بۆ دواجار بە تۆو هەموو خەڵکی گووند دەڵێم، ئەوەی بە کارو بێکار روو لەو باخە بکات گوناهی خۆی بە گەردنی شکاوی خۆی، کارێکی پێدەکەم هەرگیز بیری نەچێتەوە". دیقەتێکی ئافتاویدا کە خۆی دابوە سەر رەئوف، خۆزگەی بەو ساتەی رەئوف دەخواست، دیسان دەستی کردەوە بە هەڕەشەکردن گووتی:

– "ئەوەی دڵی لای باخەکەیە با ئەم گوندە جێ بێڵێ، ئەوەی دۆستایەتی دوژمن بکات ئەوە دوژمنی ئێمەیە"، چاوێکی بە خەڵکەکە خشاند کەسێ ورتەی لێوە نەهات، رووی وەرگێڕا بە نیازی ئەوەی بڕوات، ئافتاو بە شوێنیەوە گووتی:– " من ئەچم بۆ ئەو باخە، من لەم شوێنە گلاوە خۆم دەرباز ئەکەم".

نەجمەدین ئاغا دەتوت چەکوشێکیان بە سەریدا داوە، وەك بت لە شوێنەکەی خۆی وەستا، ئاوڕێکی لە ئافتاو دایەوە ئافتاو ئارەقەیەکی خەستی لە تێوڵی نەجمەدین ئاغا بە دی کرد، نەجمەدین ئاغا هیچی بۆ نەوترا دیسان رووی وەرگێڕاو ئەو ناوەی جێ هێشت.

هەر لەو ساتەوە قسەکەی ئافتاو لە مێشکیا دەنگی دەدایەوە، هەناوی خۆی پێ دەخوارد، لە ئاستی ئەو قسەیە گەلێك بچوك دەبۆوە، هەستی بە لاوازیەکی مەزن دەکرد لە ئاستی ئەو بوونەوەرە ناسکو جوانە، لە ناکاودا خەیاڵێك بە مێشکیدا هات، خەیاڵێك کە رق و کینەو ماندوێتی ئۆقرەگرتنی تێدا دادەمرکایەوە، یەکێ بوو لەو خەیاڵانەی کە دەیان جارو دەیان کچو ژنی تێدا سووڕ دەدا، خەیاڵی وای دەکردو بە مافی رەوای خۆی دەزانی، دەیگووت:

– " دەبێ ئەم رام نەبوە چی مەخلوقێ بێ، دیارە خەڵکی گوندی من نیە، دیارە درەختی باخی من نیە، چ بەری درەختێ دەبێ لە من حەرام بێ، مەگەر درەختێکی بێبەری بێ لقو پۆپو بێ

ریشه بێ، ئەگینا مافی خۆمه دەستم به گشت بەرێکو گشت گەڵا پانو پۆرو سەوزو تەڕەکان بگات، کام بەر شیرینو به تامو لەزەته دەبێ من نۆشی بکەم.. پێش ئەوەی کەسێك بڵێ من خاوەنی درەختم، یاخو باخی میوەدارو میوەجاتی به لەزەتم هەیه، کەچی ئێستا درەختی ئافتاو، ئافتاوی درەخت، درەختی بێ خاوەن، بەرێکی بێ باخەوان خۆیم لێ حەرام دەکات، هەردەم دڵم به بەر سوژن دەداو کون کونی دەکا"، دەیگووت " ئەمشەو ئەو داینه سەر کێشه رام دەکەم، تاسبەی سمکۆڵ نەداو خۆی را نەپسکێنێ، تا خەڵکی ببینن به تەنها شەوێ ئەو سەر شێته چۆن ئاقڵو گوێ رایەڵ بووە، پێش ئەوەی ئەم درەخته ئێره جێ بێڵێ و روو له باخێکی دیکه بکات چی بەری پێوەیه دەیڕنم، گەر رۆیشتیش با ٛلێره بێفەڕ بڕوات"، ئەم قسانەی دەکردوو لیرگاوی لەزەتێ دەمی پڕ دەکردو  قووتی دەدایەوە.

ئافتاوو چەندین کەسی دیکه له ماڵی رەئوف بوون، کەس قسەی خێری نەدەکرد، دەترسان قسەیێ له زاریان بڕژێو بگاته دیوەخان، ئەوەندەی پێ نەچوو مام پیرۆتیش لەوێ ئاماده بوو، هەر له پێش دەرگاوە وەکو برێشکه جنێوی باراند به سەر ئاغاو پیاوانی، چووە ژوورەوە هەموو له بەر پێی وەستان هەندێ کەسی لەوێ دیتن که مایەی لچ لێدەرکردن بوون، لچی لێ دەرکردن، ئەوانه خۆیان دەناسی، له ترسی دەمی ئەوێیان جێ هێشت، مام پیرۆت دانیشت، گووتی:

- "کوڕم ئەوەی ئەوان کردوویانه کەڵه مێردی نەبوە، ئەوەیشی به تۆ کراوە مایەی شکانەوەت نیه، ئەمەی ئەوان دەیکەن کاردانەوەی ئەو ئازارو خەتەرناکیەیه که سەری لێکردوون، ترسی ئەو مەرگەیه که له رێگاکەیان چاوەڕوانیان دەکات". رەئووف دەستی کرد به هەڕەشه کردن، مام پیرۆت گووتی: - "هەڵەی وا نەکەی.. تۆزێ دان به خۆتدا بگره هەموو شتێ به دڵی خۆت دەبێ". خوشکێکی رەئوف به دەم گریانەوە گووتی:

- "نابێ چیتر لێره بمێنین، با سەری خۆمان هەڵگرینو لەم دڕندانه دوورکەوینەوە، گرنگ نیه کوێوە دەچین، هەر کوێیەك بێ لێره چاکتره، باوەڕ ناکەم هیچ شوێنێ دیکه لێره خراپترو ترسناکتر بێت". مام پیرۆت گووتی:- "راست دەکەی کچم.. لێره خراپتر هەرگیز نیه، لەمانەش دڕندەتریش له هیچ کوێ نیه، دوور کەوتنەوە لێره دوور کەوتنەوەیه لەبەڵاکان: گەردەتانەوێ ئەوە بکەن ئێسته کاتێکی باشه، ئافتاو گووتی:- " وا بزانم مەبەستت باخەکەیه؟" مام پیرۆت گووتی:

- "حاڵی حازر ئەو باخه لەهەمووشوێنێ دیکه چاکتره". بەوە دەچوو روئوف ئەو رایەی به دڵ بێت بۆیه گووتی: - "نازانم بڵێم چی". ئافتاو گووتی:

- " هیچ مەڵێ.. هەرچی شتێك لێرە بتەوێ بیکەی بە زەرەرو زیانی ئەو کچانە دەشکێتەوە، سەرەتا دەبێ شوێنێ بۆ ئەوان داپین بکەی، شوێنێ دوور بێ لە دەستی درێژی ئەو داوێن پیسانە، من وای بە باش دەزانم هەر ئەمشەو لێرە دەرچن". مام پیرۆت گووتی: - "رەئوف ئافتاو قسەی دروست دەکا، گەر بە گوێی بکەی باش دەکەی". رەئوف ئاهێکی هەڵکێشاو گووتی:

- "چۆنی بە باش دەزانن وا دەکەم". مام پیرۆت خۆی راست کردەوەو گووتی:- "من دەچم سەری منداڵەکان دەدەم، گەر پێم کرا دێمەوە، گەرنا ئەوە هەرکە بە سەلامەتی گەشتنە ئەوێ رێزو سلاوم بگەیەنە بە گوڵستانەکەو ئەوانەی لەوێن". ئافتاویش بە هەمان شێوە گووتی:

-" منیش دەبێ بچمەوە سەرێ ماڵ بدەم، دایکی یوسفیش لە ماڵ نیە دەرگاکان دادەخەمو دێمەوە لاتان".

ئەوان چوون و ئەمان کەوتنە پێچانەوەی شمەکەکانیان، کە شتێکی وا زۆر نەبوو، تەنها چەند دەستە جلکێکو سێ چوار دەستەپێخەف بوون، لە گەڵ چەند قازان و قاپو قابلەمەیەك، خوشکەکانی رەئوف بەدەم شت پێچانەوە و هێنانەوە یادی بیرەوەریەکان فرمێسکیان دەرشت.

من کە تەنها روحێکی بێ جەستەی بێ دەست و پێ بووم تەنها ئەوەم پێ دەکرا لە رووداوەکان بڕوانم، ئافتاو بێ ئاگا لەوەی کە چی روو دەدا زۆر لە سەر خۆ دەرگاکەی کردەوەو چووە ئەو دیوەوە، نەجمەدین ئاغا ماوەیەك بوو لە ژوورەوە خۆی بۆ مەڵاس دابوو، هەرکە پێی نایە ژوورەکەوە پەلاماریدا و پاڵی بە دەرگاکەوەنا، ژوورەکە تاریك بوو، ئافتاو چەندی دەویست خۆی دەربازکا بەڵام بێ سوود بوو، دای بە ئەرزەکەداو دەستی دەنایە سەر دەمی تا دەنگی دەر نەچێ، ئافتاو چەندی هەوڵ دەدا بەو دەستە بێ هێزو لاوازانەی نەیدەتوانی دووری بخاتەوە، نەجمەدین ئاغا هەوڵی دەدا لارومەتو لاملی بلێسێتەوەو رامی بکا، بەڵام ئافتاو ئارام نەدەبوو، بەملاو بەولادا دەستی درێژکردوو لەپە کوتەی بوو بەو ناوەدا، خۆیشی نەیدەزانی لە چی دەگەڕێ، بیری بەلای مشتکە هەوانەکەوە چوو کەلەبن دیواری ژوورەکەی دانابوو، بە هەرچی حاڵێ بوو خۆی پێگەیاند، بەڵام هەوانەکەی هات بە دەستەوە، هەندێ خۆی شل کرد، نەجمەدین ئاغا وایزانی تەسلیم بووە ئافتاو بوارێکی دەست بەرز کردنەوەی زیاتری بۆ رەخسا، تا توانی هەوانەکەی کێشا بە پشتی سەریدا، نەجمەدین ئاغا کەوت بە سەر ئافتاودا، ئافتاو بە پاڵ لە خۆی دوور خستەوە بە پەلە هەستا لالەکەی پێکردوو لە سەری نزیك کردەوە، نەجمەدین ئاغا خوێن رژابوە سەر دەمو چاویشی، ئەو وا تێگەیشت کوشتوویەتی بۆیە بە

ترسێکی زۆرەوە پریاسکەیەکی شتی خۆی کۆ کردەوەو بە پەلە لە ماڵ دەرچوو و تا ماڵی رەئوف نەوەستا، هەرکە گەیشتە ئەویٚ دایە پرمەی گریان، جلکی دڕاوی ئافتاو دەلالەتی روداوەکە بوو، خۆیدا بە سەر سنگی خوشکی گەورەی رەئوفو بە دەم گریانەوە دەیگووت:- " کوشتم ئەو داوێن پیسەم کوشت". ئەوان تێگەیشتن مەبەستی کێیە، بۆیە ویستیان بە پەلە ئەوەی ماوە کۆی کەنەوەو بڕۆن، بەلاَم پەیدا بوونی دەنگە دەنگیٚ وای لێکردن تەنها ئەوانەی پێچراونەتەوە لە ولاَخی بنێن، کەچی دەنگەکە پتر دەبوو ناچار رەئوف گووتی:

- "واز لەوشتانە بێنن". ترسی ئەوەی لیٚ نیشت بە شوێن ئافتاودا بێن و تووشی کارەساتێکیان بکەن، زۆر بە ترسو لەرزەوە ئەوەی کردبویان جێیان هێشتو بە سرتە بە بن دیوارەکاندا لەگوند دەرچون و بەرەو باخەکە ملی رێیان گرتە بەرو گوندیان لەو هەراو زەنایە جیٚ هێشت.

ئەو شەوەی کە تەقەکانی تێ کرا.. خوا تا ڕۆژی کردەوە ئێمە لە دەرەوەی خانوەکەو لە دەرەوەی پێخەف کروشکەمان کردبوو، کەسێکو شتێك نەبوو ئەو شەوە بێدارو دڵە راوکە نەبوبێ، ئێمە چمان نەدی تەنها بیستنی تەقەکان نەبێ، نەمانزانی ئەنجامی ئەو تەقانە چی بوو، من وای بۆ چووم گەر شێرۆ زیانێکی بەو کەسانە گەیاندبێ ئەوە سبەی و دوو سبەی دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێ، ئێمە نەك تەنها ئەو شەوە شەو نخوون دەبین، بەڵکو تووشی ئەگەری لە ناو چوونیش دەبینەوە، شوێنەکانی ئێشك گرتنی من و دایە مریەم نزیك بە یەك بوو، بە ئاسانی دەنگمان بە یەك دەگەیشت، جار جارە دەمدوانو قسەم لە گەڵ دەکرد، تا چی نەبێ بتوانم ئەو بێداریەم درێژە پێ بدەمو لەو دڵە راوکەیەش خۆم دەرباز بکەم، هەندێ جاریش هەڵدەستامو پیاسەیەکی کورتی ئەو ناوەم دەکردوو بە دەم ئەو پیاسەیەوە قسەم لە گەڵ دەکرد، هەندێ لەو قسانەم لە شێوەی پرسیا بوون. گووتم:

– "دایە مریەم دەبێ سبەی چی روبدات؟!" گووتی:

– "چی رودەدات با رووبدات، ئەوەی ئەبێ ناتوانین پێشی لێ بگرین"، گووتم:– "دایە مریەم، ئێمە بەم ژمارە کەمەوە چیمان پێ دەکرێ؟ من هەڵەشانە رەفتارم کرد، بە لامەوە گرنگ نیە من چیم بە سەردێ، بەڵام تەواو دەبمە سەبەبکاری لە ناو چوون و مایەی ئێش و ئازار بۆ ئێوە". گووتی:

– "مامۆستا سبەی چەند کەسانێ دەگەنە ئێرە، شێرۆ هاوڕێو هاوخەمی زۆری هەیە... وەڵامی بۆ ناردوون کە کاری پێیانەو دەبێ بگەنە لای، پێشی وتوون ئەو هاتنەی کە دێن لەوانەیە دواهاتن بێ و گەڕانەوەیان نەبێ، شێرۆ تێی گەیاندوون کە بۆچی ناردویەتی بە شوێنیان، تا سەر پشك بن لە هاتن و نەهاتن، لە بەر هەندەش خۆی نەچوو بە دویاندا تا لە ڕووا نەمێنن گەر ویستیان نەیەن". وەکو ئەوەی دایە مریەم نەیەوێ لەوە زیاتر قسەی لە گەڵ نەکەم، یاخود نەوەك پرسیاری دیکەی لێ بکەم گووتی:

– "مامۆستا پێشتریش و چەند جاری دیکەش پێم راگەیاندی کە ئەمەی رودەدا تۆ سەبەبکاری نیت، وە دەبوا لە زووەوە ئەمە ببوایە، وە بە دڵنیاییەوە سبەی چەند کەسێ دێن بە دەنگمانەوەو ئەم بارەمان هەندێ سوکتر دەکەن". تۆزێ بێدەنگ بوو و گووتی:

– "مامۆستا ئەوانەی دێن مرۆڤی ئاسایی نین، بە خوتو خۆڕایی شێرۆ نەیناردووە بە دویاندا، ئەوانە کەسانێکی شارەزای ئەم بوارەن، ڕۆژانی سەختی پڕ بگرەو بەردەکانیان دیوە". گووتم:

– "دایە مریەم من لە هێزێك دەگەڕێم دڵنیایی پاراستنی ئێوەم پێ ببەخشێ". گووتی:– "وا خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە گەر تۆزێ بنووی چاکترە". بەڵام من خەوم زڕابوو کە بینی بێ سوودە

خۆی جێی هێشتم، تاکو تەنها لەوێ مامەوە، ویستم چاوێ گەرم بکەم پێڵوەکانم شۆڕ کردنەوە دیاربوو خەوم لێکەوتبوو دەنگی شێرۆ بە ئاگای هێنامەوە، هەندێ حەسابوومەوە، هەرچەندە دەمزانی خەوەکەم ئەوەندە نەبوو بەڵام وەزعم باشتر بوو، شێرۆ داوای لێکردم کە بچم بنووم بەڵام بەوەی نەدەکرد زۆر پێویستم بە خەوتن بێت، بۆیە پێم گووت: – تازە کاتی خەو نەماوە با بمێنێ بۆ دوای، هەواڵی دایە مریەمی لێ پرسیم گووتم:

– چووە سەرێ لە ژنەکان بدات، بەڵام دایە مریم گەڕابووەوە و لە خانوەکە بوو من ئلگام لە هاتنەوەی نەبوو، دایە مریەم دیار بوو لە ژوورەوە چاوی بە شێرۆ کەوتبوو بۆیە هاتە دەرەوەو گووتی: – " قاوەڵتیتان بۆ بێنم؟" شێرۆ گووتی: – "بەڵێ دایە"، ئەو کەوتە رێ منیش بە دوویەوە، چووە سەر تەپۆڵکەیەك لێی دانیشت بە منیشی وت کە دانیشم، پاشان گوتی:

– "با لێرە نانەکەمان بخۆین"، منیش دانیشتم، هەندێ قسەی ئاسایی ناو باخەکەمان کرد تا دایە مریەم نانی بۆ هێنایین، دەستمان کرد بە نان خواردن ، گوتی: – "ئەمڕۆ چەند کەسێ دەگەنە لامان، ئەم شەوەمان دژوارو سەخت بوو، بەڵام شکور بۆ خوا بە ئارامی تێپەڕیو ساغو سەلامەت دەرچووین"،

دیار بوو شێرۆ شتێکی بە سەر ئەوانە هێنا بوو کە شەو هاتبوونە سەرمان، بۆیە وا شکور بوو بەو ساغو سەلامەتیە، هەند ماندوو بووم توانای چەنو چوونم نەمابوو لە گەڵیا، پێم گوت: – "پێویستیت پێمە؟" گوتی

– "نەخێر.. گەر بچی پشویەك بدەی باشترە، پێش ئەوەی هاوڕێکانمان بگەنە جێ ". منیش هەستامو چووم بەرەو خانوەکە، چەکەکەم لە نزیك خۆمەوە داناو لە سەر نوێنەکەم راکشام، بەڵام لە بارێکی ئارامدا نەبووم، خەوەکەم کاڵو کرچ بوو لە نێوان ئاگاو بێ ئاگاییدا بووم، دەنگی ئافرەتەکانو هەندێ دەنگی خەو دیتنم تێکەڵ بە یەك دەبوون، نەمدەزانی کامیان خەو دیتنەو کامیان راستیە دایە مریەم تەقەی دەستی دەهات دیار بوو خەریکی قابو قاچاغ بوو، بەوەی دەکرد چێشت لێنێ، ئەو دەنگانەش سەرباری ئەوەکانی دیکە ناڕەحەتی کردبووم، بەو شێوەیە لە نێوانی خەوو بێخەویدا نازانم چەند کاتم بە رێ کرد، دایە مریەم بانگی لێکردم گوتی:

–" مامۆستا ئەوە هاوڕێکانی شێرۆ گەشتنە ئێرە".

کاتێ هەستام هەندێ وزەو توانام تێکەوتبووەوە، چوومە لای میوانەکان تەنها سێکەس بوون، وام لێکدایەوە کە تەنها ئەوانە هەموو یارمەتی دەرمان دەبن کە زۆر کەم بوون، بە خێر هاتنیانم کرد و جوان دیقەتیانمدا رێك وەکو قسەکەی دایە مریەم وابوون شێوەیەکی

تایبەتیان هەبوو، شێوەیان بەو شێوە داهێزراوانەی ئێمە نەدەچوو، هەموو گەنم رەنگو لەش باریکی چوست بوون، هەر سێکیان چەکی خۆیانیان بە شانەوە بوو، پاش ئەوەی شێرۆ بە یەکی ناساندین، دایە مریەمیش لەویَ ئامادەی بە خێرهاتنیان بوو، شێرۆ فەرمووی لێکردن بۆ ژوورەوە بەڵام رازی نەبوون، گوتیان حەزمان بە شوێنی بەرەڵای ئازادە، لەو سەر عەردە دانیشتن شێرۆ زۆر سوپاسی ئامادە بوونیانی کرد، پێی گوتن:

– "داوای لێبوردن دەکەم وام لێکردن چەك بنێنە شانو توشی کێشە ببنەوە". یەکێکیان گوتی: – "کاکە شێرۆ ئێمە بۆ هیچ نازێین، ئێمە لەو رۆژەوەی لە دایك بووین خوا ئەم چەکانەی بە دیاری پێداوین"، گوتی:–" ئێستە لێرەین گەر نەکوژرێین و بمێنین لە شوێنێکی دیکە دەگەڕێین، شوێنیَ هاوارو فیغانی لیَ ببیستریَ و پێویستی پێمان بیَ، ئێمە لە خۆمانەوە ناچین و بە خۆڕایی چەك لە کەس راست ناکەینەوە، ئەوە لە سەر داوای تۆ هاتووین و دیارە خەتایەك غەدرێك لێرە هەیە ئەگینا بۆ دەنێری بە دوماندا". شێرۆ گوتی: – "چەکم بۆ ئامادە کردبوون پێویستی نەدەکرد ئەوەنە رێگایە چەك هەڵگرن". گوتیان:

– "ئێمە چەکی خۆمان خۆش دەویَ". نەدەبوو هەروا کرو کپ گویَ بگرم گوتم:–" بە راستی ئێمە شەرمەزار دەبین بەرامبەرتان ئەمە ئەرکێکی گەورەو گرانە دەدریَ بە سەرتانا".

یەکێکیان کورتە باڵایەکی خڕە بوو ریشێکی تەنکی بەردابۆوە گوتی:

–" مامۆستا.. کاکە شێرۆ.. ئێمەو ئەم چەکانە تەواوکەری یەکین بیَ یەکتر بێمانا دەبین، ئەوە ئێستە ئێوە لەو بێماناییە دەرمان دەکەن پێویستە سوپاستان بکەین. گوتی کاکە شێرۆ ئەوەی دەتەویَ ئێمەبە هەموو توانامانەوە و بیَ رارایی جێبەجێی دەکەین، ئەو خەتەی تۆ دەیکێشی ئێمەلە سەری دەڕۆین ئەو ئالایەی تۆ بەرزی بکەیتەوە ئێمە سلاَوی بۆ دەسێنین".

وا قسەیان دەکرد وەکو ئاگاداری هەموو کەینو بەینێکی ئێرە بن، دەتوت هەموو شتێکیان لە سیرەوە تا پیاز بۆ گێڕاونەتەوە. دەیانگوت:

– "لە کویَ دڕك باڵا بکات ئێمە لەویَ دەبین، لە کویَ شۆڕشی گوڵ بەرپا بیَ ئێمە بۆی دەچین و دەبینە پشتیوان، دەستی گوڵکان دەگرین و دڕکەکان دەدورینەوە".

پاشان گوتیان:–" ئێمە زۆرین تەنها ئەوەندە نین لە پاش ئێمە برادەرانی دیکە دێن کارەکانیان یەکلایی دەکەنەوە و دەگەنەوە جیَ". پاش چەند رۆژیَ نۆ هاورێی دیکەیان گەیشتنە جیَ. ئێمە هەڕەشەو گورەشەی دەستەڵاتدارانمان پیَ دەگەیشتەوە ئاگامان لیَ بوو چۆن هەڕەشە لەوانە دەکەن گەر توخنی ئێمە بکەون، هەڕەشەیان بۆ ئەو کرێکارە ئافرەتانەی ناو باخەکەش دەنارد، شێرۆ دایە مریەمی راسپارد کە ئەو ئافرەتانە تێگەیێنیَ کە مانەوەیان لێرە مایەی

ئەشكەنجەیەو ئەگەری لە ناوچوونیشیان دەبیٚ، پیٚی گوت سەر پشكیان بكات لە مانەوەو نەمانەوەیان لێرە، وە پێشیان بڵیٚ گەر دەسو برد نەكەن لە رۆیشتن جارێكی دیكە ناتوانن بگەڕێنەوە گوند.

كارو باری باخ هەمووی نرابوە لاوە هەموو هەوڵەكان خۆ سازدان بوو بۆ بەر پەرچدانەوەی هەر هێرێك بكرێتە سەر باخەكە، وایان پێشنیار كرد كە ئەو خانوانەی كرێكارە ژنەكانی تێدابوون تەرخان بكرێت بۆ ئەو چەكدارانەو ئەوانیش بگوێزنەوە خانوە سەرەكیەكەی ناوەڕاتی باخەكە كە دوور دەبن لە هەر مەترسیەك، بەڵام كرێكارەكان رازی نەبوون شوێنی خۆیان بەردەن گوتیان ئێمە دەتوانین پارێزگاری لە خۆمانو باخەكەش بكەین وە كەسێكیش بەوەی نەدەكرد تەمای ئەوەی هەبیٚ كە باخەكە جیٚ بێڵیٚ . ئەو شەوەی رەئوفو خوشكەكانی گەیشتنە نزیكی باخەكە شێرۆ یەكەم كەسیٚ بوو كە گوێی لە دەنگیان بوو، ئێمە گوێمان لە دەنگی شێرۆ بوو كە بانگی لێكردن ئێوە كێن وامانزانی بە هەمان ئەو شەوەكەی دیكە هەڵیان كوتیوەتە سەرمان بەڵام پاشان گوێمان لە فەرموو فەرمووی شێرۆو دەنگی گریانی ئافرەت بوو زانیمان كە شتێك لە گوند رویداوە، ئێمەو چەكدارەكانی هاوڕێی شێرۆش بەو دیمەنە هەژاین زوڵمو زۆرێكی زۆرمان درك پێكرد لەو گوندە دەرهەق بە خەڵكی سادەو رەشو روت، وەزعی ئەو هەڵاتوانە گەلیٚ خراپ دەهاتە پێش چاو، دایە مریەم بە پیری ژنەكانەوە ژوو یەك یەك دەستی لە ملان كردن و ئەملاو ئەولایانی ماچ دەكرد پێی گوتن دەبوا لە زووەوە بهاتنایە، گووتی نازانم تا ئێستا چۆن لە گەڵئەودەویتانەهەڵتان كردووە، بەڵام ئەوان هەر هەنسكیان دەداو چ قسەیان پیٚ نەدەكرا .

پێش ئەوەی بگەڕێمەوەو یەکەم هەنگاو بنێم بەرەو ئەم خاکە گەلێکم پرسو را کرد لەو بارەیەوە تا رادەیەك شارەزاییەکم لە چۆنێتی ژیان بە سەردن و جوگرافیای شوێنەکەم لا گەلاڵە بوبو وام، لێتان ناشارمەوە وام بە بیردا دەهات کە کەسێکی خوێندەواری لە شار گەورە بووی وەکو من کەسێکی بەلای ئەو شوێنە دەبم کە بۆی دەچم، وام دەزانی کە هەموو کەسێکی ئەویٚ لە من گچکەترو لاوازترەو وەکو کارامەیەك مامەڵەم لە تەکدا دەکرێت، تەنها شت دەدەمو کەسێك ئەو توانایەی نابیٚ بتوانیٚ شتێکم پیٚ ببەخشیٚ، دەمزانی ژیانو جیهانی ئەو ناوچانە چەند بە شێوەیەکی سەرەتاییو ساناو بیٚ ماناو مێژوویەکی بیٚ بەها تێدەپەڕیٚ، چەند بیٚ بڕوا بە خۆ بوون لە هەڵپەی شت وەرگرتنن، بیٚ ئەوەی بیر لە بەخشینێك بکەنەوە، بەلام شێرۆ یەکەم تەور بوو کەوتە داپاچینی ئەو هەموو غرورییەتانەی کە من لە خۆم ئالاندبوو، شێرۆ یەکەم کەسیٚ بوو کە رتوشی ناراستی سڕیمەوەو وردە وردە چوکو نزمی دەکردمەوە، سەرەتا کە شێرۆم بینی گەلیٚ بیٚ پەرواو بیٚ سڵەمینەوە تێم دەروانی، گەلیٚ بە چاوی لاوازو بێواز تێم دەڕوانی، بەلام وەك بڵێی زەوی لە بن پێم رۆ دەچێت سات بە ساتو رۆژ بە رۆژ لە رۆچوونی خۆما بوومو ترسی ئەوەم لیٚ نیشتبوو ئەم بچوك بوونەوەو لە کورتدانەم بەردەوام بێت و هەندی قەزەمێکم لیٚ بیٚ و ببمە گەپچاڕی ئەو سادەو ساویلکانەی پێکەنینیان بە هەموو شت دیٚ، بەلام شێرۆ هەند بالا بەرزو زەبەلاحو مەزن بوو کە توانالی دەستگرتنی گچکەترین نەمامو وردترین زیندەوەرو لاوازترین بونەوەری هەبوو کە چەندی بویٚ بەرزیکاتەوەو پێی بلیٚ تۆیش بۆت هەیە بەرزو زەبەلاحو بە هەیبەت بی، سەرەتا لە بڕینی دڕکەوە یارمەتی دام فێری کردم چۆن داسویلکە بگرم بە دەستەوە، چۆنی رابوەشێنمو دڕکەکان چۆن هەڵکێشم، لە گەلْ ریشەکێش کردنی ئەورووەکە بیٚ بایەخانە وردە رووەکی لەش جوان و ناسك و بۆنخۆشی نیشان دەدام، پێی دەگوتم: –" ئەم ئارەق رشتنەی تۆ بە زایەحە ناچیٚ، تۆ دیمەنێکی دڵگیری ون بوو ئاشکرا دەکەی، تۆ سروشتێکی بە نابووتکراو دەگۆڕیە دیمەنێکی دڵگیرو دلڕفێن، سیما یەزدانیە رەسەنەکەی خۆی پیٚ دەبەخشیەوە، تۆ گوناهکارو خەتاباران سزا دەدەیو خۆشەویستەکانی بوونەوەرە خۆشەویستەکانی خودا رازی دەکەی، لە برەودانی ژیان بە شێوەیەکی رێکتر بەشدار دەبیو لە مرۆیەکی ئاسایی دەر دەچیو دەبیە کەسێکی خاوەن پەیام".

تا ئەو کاتە وامدەزانی کە ئەم وشەگەلە تەنها لای ئێمەی خوێندەواری زمانزانی زمان درێژ هەیە، نەمدەزانی کە دەکریٚ کەسێکی وەك شێرۆ کە لە سەر شوێنێکی نادیاری گۆی ئەم زەویە بە بێدەنگی دەگوزەریٚ ئەم شتانە بلێت و ئەم هەموو سۆزو خۆشەویستیانەی لا کەڵەك

بووبێ، لەو شوێنە جیهانێکی نوێم بینی ژیانێکی نوێ زەویەکی نوێ، ژیانێ کە کەم کەس دەتوانێ بیگوزەرێنێ، ژیانێ گەر شێرۆی لێ نەبایە من نەمدەگوزەراندو هەر زوو پشتم لە زێدو هەڵوێست و خاکی خۆم دەناو بەرەو شوێنانی بێ ئەزیەت و بێ مانا بۆی دەر دەچووم، لەو هەموو بگرەو بەردانە خۆم دۆزیەوە، باشتر بڵێم شێرۆ دۆزیمیەوەو تەسلیمی دەستی خۆمی کردمەوە، مێخی لەو عەردە کوتیم و پێی وتم لەو خۆڵەیا تل بدەو بگەوزێ تا ئاشنابن بە یەکو یەکتان خۆش بوێ و بەڵێنی وەفا بەیەك بدەن، یەك بە یەك گوڵە سەر کزو نەمامە کۆرپەکانی پێناساندم، بە یەك بە یەکی ئەو درەختانەی ناساندم کە کەس نەیدەزانی تەمەنیان چەندەو چەند بەرزن، سەرەتا تەنها شێرۆم شك دەبرد بەڵام هێدی هێدی شێرۆو مێرگو خاکو دارو درەخت و گوڵ و نەمامم ناسی، پاش ماوەیەك وام هەست دەکرد لە شوێنێکی قەرەباڵەغی ناو کەس و کاری خۆم لە دایك بوومەتەوە و دۆنم گۆڕیوە، وام هەست دەکرد ئەو شتانەی سەرەتا پێم نامۆ بوون دەیانناسیمەوەو پێشوازیان لێدەکردم و بە کەسی ئەزیزی خۆیانمیان دەزانی، بەرووی گەشو پێکەناویەوە لێیان دەڕوانیم، گەیشتبوومە ئەو راستیەی کە منیش دەیانناسمو خۆشیانم دەوێ، وام هەست دەکرد دڵخۆشن بە ئامادەگیم لەوێ و بوونم بە کەسێکی شێرۆ لە شەوە زەنگی تەنیایی و یەکدەستەیی، بوونی خۆمم بە خاوەنی خاکو کۆمەڵێ درەخت و گولاڵەی تازە زاوو مێژوویەك بۆ روون بوبۆوە، لە هەمان کاتدا دەمزانی بووم بە شەریکی کەسێك لە گێڕانی گۆبەنێك، بۆ هێنانە کایەی جیهانێ لە دەڤەرێکا کە زۆری تیا تامڵ کراوەو کاتی ئەوە هاتووە گەردەلوولێ هەڵکرێ دەستە نینۆك درێژەکان لە سەریان لادات، یاخود هەمووی وا لولکات لە هیچ کلۆجێکی ئەم گێتیە ئەسەریان نەمێنێ.

دانی پیا دەنێم سەرەتا خەریك بووم هەڵێم و خۆم رزگارکەم، ئەو رۆژەی کە ئاغاکان هاتنو داوای شتێکی وەکو سەرانەیان دەکرد، نازانم چی وای لێکردم کە بە شێوەیەکی گاڵتەکردن بە ئەقڵیان داواکەیان رەتکەمەوە، پیرۆزی ئەو جۆرە هەڵوێستانەم لە چاوی شێرۆ دەخوێندەوە، ئەو کارانەم دەکردوو هەڵوێستی لەو جۆرەم بە شانازیەوە دەنواندو پاشان کە بیرم لێ دەکردەوە دوا رۆژو دەرئەنجامێکی پڕ مەینەتیم درك پێدەکرد، ترس دەستێکی بالای هەبوو بە سەر هەموو بوونمدا، ئەو دەیڕوخاندم و شێرۆ دروستی دەکردمەوە، شێرۆ کەسێکی هاکەزای چوون کەسانی دیکە نەبوو، هەرکەسێ تەنها ساتێ لە نزیکەوە لە گەڵیا بگووزەرایە بێ ویستی خۆی بە پەلەو لە کانگای دڵیەوە هۆگری دەبوو، خۆشی دەویست بە مەرجێ ئەو کەسە گومان لە دۆستایەتی نەبایە، سەرەتا بە کەسێکی ساویلکەم دەزانی بەڵام شێرۆ کەسێك بوو دەیتوانی بە هەموو زمانی مرۆڤە جیاوازەکان دەمو دوو بکات، هەرگیز باسێکی خۆی بۆ

نەدەكردم، دەیگوت مامۆستا مادامەكی تۆ دۆستی منی هەردەم بە دۆستت دەمێنمەوەو هەردەم لە گەڵ هەموو دۆستێك وا دەبم، هاوڕێكانی باسی شێرۆیان بۆ دەكردم باسەكان لە ستایش كردن بە دەر نەبوون كەچی پێیان دەگوتم نەكەی بڵێی كە باسی شێرۆیان بۆ كردووم، ئەو باسانە هەمووی بلیمەتیو ئازایەتی ئەو مرۆڤە خۆ نەویستە بوون، من شێرۆم خۆش دەویست و ئەویش بەو جۆرە بوو لە گەڵما، كەسێكم نەدیبوو وەك ئەو بە پێی خۆی بەرەو مەرگ بچێ، من لە هەموو ژیانما وا فێر بوبوم كە مرۆڤ چاكترین بونەوەرێكە یەزدان خوڵقاندبێتی و ئەو ژیانەیشی كە پێی بەخشراوە دەبێ هەوڵی درێژ بوونەوەو پاراستنی بدات دووریخاتەوە لەو مۆتەكەی كە لە یەكەم فامكردنیەوە باڵی ترس بە سەریا دێنێ كە ئەویش مەرگە، بەڵام شێرۆ وای لێكردین كە بە پێی خۆمانو بە قەناعەتەوە روو لە چنگی ئەو مۆتەكەیە بنێین و لە بن پێیەكانیەوە رمبازی بكەین و بچینە گۆڕەپانێ كە ئەو تێیدا بە خۆیو قولاپە روح كێشەكەیەوە ئامادەیە. زۆرم هەوڵدا كە خۆم و شێرۆو ئەو خەڵكە لە شەڕێكی ماڵ وێرانكەر دوور بخەمەوە، بەڵام بێسوود بوو شێرۆو دایە مریەمو مام پیرۆتیش بەو قسانەم دڵگران دەبوون خۆمم بە كەسێكی لاوازو بێ فەڕ دەزانی چونكە وام هەست دەكرد ئەوان بەو شێوەیە لێم دەڕوانن، كەچی وا نەبوو بە هەمان چاوی جارانەوە تەماشایان دەكردم و بە هەمان نەغمە قسەیان لە گەڵ دەكردم، وام دەكردو كەچی وردە وردە خۆم ساز دەدا، خۆم دروست دەكرد، لە هەنگاوە بەرەو پێشچوونەكانی شێرۆ بەرەو كارەساتەكان، بەشدار دەیووم و پێشم لێ نەدەگرت، بە دڵەراوكەوە لە گەڵ ئەو ئەو میكانیزمی بەرەو پێشچوونە مامەڵەم دەكرد، كەسەكاری ئەو كەسانەم دێنانە پێش چاوی خۆم كە هێشتا نەكوژرابوون، ئەو نەكوژراوانەی كە دوور لە چاوی ئازیزەكانیان لە پاڵ بنچكێ یا تلە بەردێ یاخود درەختێ نەتلی خوێن دەبنو ناپەرژێنە ئەوەی كە دواهەمین قسەیەك كە نەیانكردبێ بەو كە سە ئازیزەیانی بلێن و بە حەسرەتەوە روح دەسپێرن، من ئەوانەم بە بێتاوان لە قەڵەم دەدان گەر بهاتنایە شەڕیشەوەو هەوڵی لە ناوبردنی ئێمەشیان بدایە، تاوانكارانم بە چەند كەسێكی هەڵگیرسێنەرو سەبەبكاری هێنانە كایەی ئەو شەڕانە دەزانی، خۆمیش كەسێكی بەدەر نەبووم لەو تاوانبارانە، بەڵام كەسێ نەبوو گوێ لەمن بگرێ، شێرۆ پێی دەگوتم:-" مامۆستا ئەوانەی تۆ دەیڵێیت هەرچیەك بن، نابنە هۆی چاو پۆشی كردنمان لەوانەی روو دەدەن، هەموو رۆژێ چەندانێ خەڵك زوخاو دەرخوارد دەدرێن و گەنج دەكوژرێنو ژنان قەڵب دەكرێن، ئەی راگرتنی ئەو تاوانانە كاری پیرۆزو شایستەی قوربانیدان نین؟" دەیگوت:-

" جگە لەوانەش جارێکی دیکە قبوڵی ئەوە ناکەم بێن بە ئارەزووی خۆیا ببڕن و ببەنو سوکایەتیمان پێ بکەن".

ئەو شەوەی کە رەئوفو خوشکەکانی لە گەڵ ئافتاو گەیشتنە باخەکە،سەرەتایەکی وەرچەرخانی راکانم بوو سەبارەت بەو کەسانەی کە ئەوان و چەندین کەسانی دیکەیان بەو دەردەسەریەبردبوو، لە بینینی ئەو دیمەنانە ویژدانمان ئازاریان دەدایین ئەشکەکان بەرەو چاومان قوڵپیان دەدا، من زۆرم ئاوات دەخواست کە راستیەکانم بۆ رون بێتەوە و بڕیارێکی دروست بدەم، ئەوسەر خۆ هەڵگرتنەی ئەو چەند کەسە لەو شەوە زۆر شتی بۆ روون کردمەوەو بەرچاو رونیەکی پێ بەخشیم، دایە مریەم ئافرەتەکانی بردبوە ژوورەوە هەموو شتیان بۆ گێرابوەوە، دایە مریەمیش بێ ئاگای ئەوان شتەکانی پێمان گەیان هەر لە لێدانی رەئوفەوە تا هەوڵی دەستدرێژیە نەزۆکەکەی نەجمەدین ئاغا بۆ سەر ئافتاو، وایشیا پێ راگەیاندین کە نەجمەدین ئاغا کوژراوە، ئێمەئاگاداری نیازی شێرۆ نەبووین تەمای چی هەیە، بەڵام دەمانزانی پاش بیستنی رەفتارەکەی نەجمەدین ئاغا تەواو وەزعی شڵژابوو، ئەو کاتەی ئافتاوگەیشتە باخەکە تەماشایەکی دواوەی کردوو دەستی نا بە سنگیەوەو هاواری کرد:-" گەردانەکەم"، دایە مریەم پێی گوت:-" گرنگ خۆتان بەسەلامەتی دەرچوون گەردانەیەك ئەوەندە ناهێنێ"، بەڵام بە لای ئافتاوەوە لە ژیانی گرنگتر بوو چونکە وا دەرکەوت دەسو دیاری یوسفی دەسگیرانی بوو گووتی:-" تەنها ئەوەم لەو بۆ بە جێماوە"، شێرۆ بەو شەوە ترسناکە رووی لە گوند کرد، نەشیگووت بۆ کوێ دەچم تەنها ئەوەندەی گوت کارێك هەیە دەبێ رایپەڕێنم، پشت بە خوا پاش تۆزێکی دیکە دێمەوە وە پێشی راگەیاندین کە کەسێ نەچێ بە دوویداو کەسێ باخەکە جێ نەهێڵێ و هیچ کەس سەنگەری خۆی بەرنەدا، رۆیشتنەکەی شێرۆ درێژەی کێشا بووە وتەوت لە ناو خۆماندا بەڵام لە کۆتاییا بڕیاری ئەوەماندا کە پەیڕەوی قسەکانی شێرۆ بینو چاو کراوەتر ئاگاداری دەورو پشتی باخەکە بین تا بتوانین بەرپەرچی هەر هەڕەشەیەکی هەڵکوتانە سەرمان بدەینەوە، منو دایە مریەم زۆر ترسی نەگەڕانەوەی شێرۆمان بوو، ئەو ترسەی ئێمە وای لە رەئوفو ئەوانی دیکە کرد کەهەست بە خەجاڵەتی بکەن، بە تایبەتی رەئوف خۆی بە بەزیویێك دەزانی، ئاگام لێبوو نزیکم دەکەوتەوە، لە تەکمەوە راوەستاو هەستم بە حەپەسانی دەکرد، ویستم لەو دۆخەی ببەمە دۆخیکی باشترەوە، گووتم: – "من زۆر بە داخەوەم بۆ ئەوەی بە سەرتان هاتووە ". گوتی: – "سوپاست دەکەم بەڵام ئێمە کێشەیەکی گەورەمان بەرەو رووی ئێوە کردەوە".

گوتم:-" نا بەپێچەوانەوە باشتان کرد روتان لێرە کرد". گوتی:

- "به راستی خەجاڵتین بەرامبەرتان".

به راستی خەجاڵەت دیار بوو، نەمدەزانی چی پێ بڵێم و چۆنی بدوێنم، هەروا چیم به سەر دەمدا بهاتایه دەمگوت بۆ ئارام کردنەوەی، زۆر به جدی ویستم تێبگەیەنم که ئەوه تەنها کێشەی ئەوان نیه، بەڵکو ئەوە کێشەیەکی هەموانەو هەموانیش بەرپرسین له چارەسەرکردنی.

رەئوف کابرایەکی زۆر هێمنی له سەرخۆ دیار بوو، خەمەکانی تەنها بۆ خۆی هەڵدەگرت و حەزی نەدەکرد کەسێ کەسێ شەریکی ئەو بار گرانیەی ببێ، به کپیو بێدەنگی هەناوی خۆی دەخواردەوە، ئەو بێدەنگیو مت بوونەیم به له دایك بووی زۆرو ستەمەکان دەزانی، بەوەی دەکرد هیچ لەو دەنگه بەرزانەی که لەوانەیه له ماوەی ژیانێکی تەواودا چەند جارێك دروست بن چی کاریگەریو توانای گۆڕینی ئاراستەو کۆتاییەکانیان نەبوبێ، له وانەیه له جاران پتر کێشەکانیان ئاڵۆزتر کردبێ. بێدەنگیو کەرو کپی خەسڵەتی زۆرینەی خەڵکانی ئەو دەڤەره بوون،

خۆ ئامادە کردنو بەرەو روبوونەوەکانو تۆڵه سەندنەوەکانیش هەر بەو بێدەنگیه دەکران، ئێمەش زۆر به بێدەنگی بەرەو کێشەیەکی زۆر گەورە هەنگاومان دەنا، کەسێکمان ئەوەمان لێك نەدەدایەوە گەر شتێکمان پێنەکرا، وەزعی ئەوانەی که پاڵیان پێوە داوین لەوەو پاش چۆن دەبێ، گەر ئەو بیرانەش هەبوایه له هەر تاکێکماندا بەهێمنیو بەو بێدەنگیه دەبوو، کەسێ دیکەمان گوێی لەوی دیکه نەدەبوو، شێرۆ به بێدەنگیو بێ رای هیچ کەسێك لەو شەوە پڕ وەیشومەو کورە دنەدانه ملی رێیەکی چارەنوس ونبووی گرتە بەر، ئێمەش زۆر هێمنانەو دۆش داماوانه چاوەڕوانی هاتنەوەو نەهاتنەوەیمان دەکرد، کەسێکمان رای له سەر ئەگەری هاتنەوەو نەهاتنەوەکەی نەدا، گەر ئاوا بوو چی بکەین و گەر بەو دیوەکەش بوو چی دیکه بکەین، هەر کەسێکمان رەنگی بێباکیمان له رووی ئەوی دیکه وێنا دەکرد و خۆمان به تەنها خەمخۆرێکی دەزانی، له دیدی هەر کەسێکمان ئەوی دیکه بەوەی دەکرد که چشی لەو ژیانه کردبێو بێباك بووین لەوەی که چی دەبێ یان نابێ، خۆمان تەنها به کوڕی ئەو ساتە دەژمارد که تیای بووین، دیار نەبوو دەستەڵاتمان به سەر چەند خولەکی دیکەوە هەیە یان نا.

کاتێ ئافتاو به رۆیشتنی شێرۆی زانی دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردنەوەو کەوتە نزاکردن و له خوا دەپاڕایەوە که هێزێکی وای بخاتە بەر سەری نەیارەکانی پێ پان بکاتەوەو به ساغو سەلامەتی بگەڕێتەوە لامان، من له دڵەوە گوتم ئامین لەوانەیه ئەوەکانیش وەك منیان کردبێ به بێدەنگی، ئەو دوعای دەکردنو ئێمەش ئامینمان دەکرد، هەموو دوعاکانی تەفرو تونا کردنی زاڵمەکان و سەرکەوتنی دۆستەکان بوو، ئافتاو هەندێجار وا له فکرەوە دەچوو

دەتوت ترسی ئەوەی هەیە شێرۆ بۆ ئەوە نەچوبێ کەئەو لێکی دەداتەوە، لە نکاودا دەنگی یەکێك لەوانەی کە لە چاوەدێری بوون خوڕی بە سەر کەسێکداو دەنگی چەند گوللەیەکیش بیسترا، ئێمە راچڵەکاین، رەئوف گوتی:-" مامۆستا دەترسێم شێرۆ بێت وبیپێکن"، بەڵام وام دەزانی کە شێرۆ بە شێوەیەك دەگەڕێتەوە و وا دزە دەکاتە شوێنێکەوە کە کەسێ نەتوانێ هەستی پێ بکاو نەکەوێتە مەترسیەوە، پاش تۆزێك دیار بوو گەیشتبوونە ئەوەی کە بەرەو باخەکە دەهات، چونکە قسەی ئاساییان لە تەك دەکردوو بەرەو لای ئێمەوە دەهاتن، کە نزیك کەوتنەوە بینیمان مام پیرۆت بە سواری وڵاخێکەوە رووی لێمان کردووە، لە وڵاخەکەی دابەزیبوو بە هەنگاوی خاوی بەرەو لای خانوەکە دەهات، بە پیریەوە چووم و ماندوو نەبوونم لێکرد، حەزم دەکرد هەواڵێکی شێرۆ بزانێ، تەماشایەکی ئەوانەی کرد کە لێی چووبونە پێش پێی گووتن:-" کەستان بە شێرۆ ناچن، شێرۆ کوا؟" گووتی:" وا بە تەما بووم شێرۆ یەکەم کەس بێ ببینم کەچی ئێوە بە گوللە پێشوازیتان لێکردم " یەکێکیان داوای لێبوردنی کردو گوتی:-

" مامە گیان ئەو گوللانەمان ئاراستەت نەکرد تەنها بۆ ئاگادار کردنەوەت بوو"، بەرەو لای خانوەکەم برد رەئوفو خوشکەکانیو ئافتاو بەرەو پیریەوە هاتن و یەك یەك دەستیان ماچ کرد، ئەویش گووتی:-" لە خوا بە زیاد بێ بە سەلامەتی گەیشتوونەتە جێ، زۆر ترسم لێ نیشت کاتێ بارو بنەی پێچراوەتانم بە جێماوی دی، نازانم چی وای لێکردن وا هەڵەپروزانە سەر دەرکەن، نەجمەدین ئاغا خەڵتانی خوێن بووە گوند هەژاوە، کە لە گوند دەرچووم لای ماڵی رەئوف دوکەڵ بەرز دەبۆوە، وا بزانم چ شتێکیان بۆ نەهێشتووی کاکە رەئوف، درکەکان خەریکی هەڵڕوشانی پێستی تۆن"، ئافتاو گوتی:-" مام پیرۆت ماڵی ئێمە چی بە سەر هاتووە؟ نەسوتێنراوە؟" مام پیرۆت گوتی:-" ئاگام لە ماڵی تۆ نیە، بەڵام بەوەی نەدەکرد سووتابێ، بسوتێو نەسوتێ هەر سوتاوە، ماڵی هەموومان سوتاوو روخاوە".

مام پیرۆت هەر لەو دەشتە وچانێکی خواردەوەو پرسی:-" ئەوانە کێن؟" وتم:-" ئەوانە هاتوون بۆ پشتیوانیمان، ئەوانە هاوڕێی شێرۆن". پێکەنیو گوتی:- " هاریکاری چۆن". گوتم:-" بە هەموو جۆرەکان". گوتی:-" ئەی کوا شێرۆ کوا؟" گوتم:-" مام پیرۆت کاتێ هاتی بۆ ئێرە لەو رێگاو بانانە کەسێکت تووش نەبوو؟" گوتی:-" نەخێر دەتەوێ کێم تووش بێت؟ شێرۆ؟" گووتم:-" نازانم پاش ئەوەی کاك رەئوف و ئەوان گەیشتنە ئێرە شێرۆ لێرە چوو، بێ ئەوەی کەسێ بزانێ کوێوە دەچێ، بێ ئەوەی بە کەسێ بڵێ". ئافتاو گوتی:-" مام

پیرۆت شێرۆ بەرەو گوند هات وا نیە؟" مام پیرۆت بە بزەیەکەوە گوتی:-" وا دیارە بە تەمایە سەری خۆی بە گوند بسپێریٚ".

هەموو بۆ ساتێکی کەم بێدەنگ بووین، مام پیرۆت پرسی:-" ئەوانە ژمارەیان چەندە؟" گوتم - "کیٚ؟" گووتی -" هاوڕێکانی شێرۆ". گووتم:-" تا ئێستە سیٚ کەس گەیشتوون". گووتی:-" یانی کەسانی دیکەش دێن؟" گووتم:-" دەبیٚ وابیٚ".

ئێمە لە خەمی شێرۆ بووین مام پیرۆت گووتی:-" خەمتان نەبیٚ باوەڕ ناکەم شێرۆ هەروا بە سانایی خۆی تووش بکات، بەڵام لەم کاتە چوونە گوند کارێکی ستەم و چەقۆ لە مل سوانە".

گووتم:-" مام پیرۆت نەیارەکان نیازی چیان هەیە؟" گووتی:-" کوڕم ناحەزەکانتان چەقۆ لە هەسان دەسوون و لە گەردنی ئێوە تینوون "، گووتی:- "ئەو شەوە دوو کەسیان دەرچوون و نەگەڕانەوە دوو کەس لەو هەردانە خوێنیا رژێنرابوو، نازانن خوێنی ئەو جووتە بئاڵێننە گەردنی کێوە بەڵام هەموو پەنجە راوەشاوەکان رووەو ئێوەن، من ئەو شەوە گوێم لە دەنگی تەقەکان بوو"، لەم کاتەدا دایە مریەم چۆڕیٚ ئاوی بۆ مام پیرۆت هێناو بە خێر هاتنێکی گەرمی کرد ئەویش دوو سیٚ قومی لیٚ خواردەوەو سوپاسی کرد پاشان دەستی کردەوە بە قسە کردن. گووتی:-" گوێم لە تەقەکان بوو، بە دەنگەکانیان زانیم کە زەفەریٚ بەم بێشەیە نەبراوە، گووتی:-" ئەو شەوە زۆر کەس لە گوند نەنوستن، من تا دەم بەیان گویٚ قولاغ بووم، چاوەڕوانی بەیانم دەکرد ئەو شەوە هەموو شت بێدەنگ بوو دەنگیٚ نەبوو شتێکمان پیٚ بڵیٚ، ویستم لە رۆشنایی بەیان شتێك ببیستم"، گوتی:-" لە گەڵ هێنانەوەی دوو تەرم بۆ گوند زانیم کە ئێرە ساغ و سەلامەتن". دایە مریەم دیار بوو نانێکی ئامادە کردبوو فەرمووی لە میوانەکان کرد بۆ ژوورەوە، من نانم خواردبوو، بەڵام لە گەڵ مام پیرۆت چووینە سەر خوانەکە، دیار بوو مام پیرۆتیش برسی نەبوو تەنها پارووەیەکی لیٚ خوارد، پێش ئەوەی ئەوەکان نان خواردنەکەیان تەواو کەن مام پیرۆت گووتی:-" من دەبیٚ بگەڕێمەوە تەنها بۆ ئەوەندە هاتم بزانم بە سەلامەتی گەیشتوونەتە جیٚ". هەموو ناڕازی بووین بەو بڕیارەی، ویستمان لەو بڕیارەی پەژیوانکەینەوە کە ناکریٚ بەو شەوە بگەڕێتەوە، بەڵام رەئوف تێی گەیاندم کە هەوڵدان بێکەڵکە، مام پیرۆت گووتی:-

" خەمی منتان نەبیٚ هەروا بە سانایی لە ناو ناچم، خوا هێشتوومی هەندیٚ شتی دیکەم نیشان بدات"، خوا حەفیزی لێکردین و گووتی:-" سەرتان لیٚ دەدەمەوە گەر شێرۆ هاتەوە سڵاومی پیٚ بگەیەنن". رەئوف دەستی لە نان خواردن کێشایەوەو هەردووکمان تا دەرەوەی

**باخەکە بە ڕێمان خست و لە ناو تاریکایی نوقوم بوو. لەو ساتەوە کەوتینە خەیاڵی دووکەس، یەکێ بە سەلامەتی بێتەوەو ئەوی دیکە بە هەمان جۆر بڕواتەوە ماڵی خۆی.**

ئەمەی دەیگێڕمەوە لە تەمەنی چواردە ساڵیمدا دیومن، واتە ئەو کاتەیە کە ئێستە تێیدام، گۆڕانکاریەکی دڵتەزێن وای لێکردم کە بتوانم شتێك بە پوختەیی بگێڕمەوە، ئەو رووداوانە جێ پەنجەی بە سەر هەموو بونمەوە دیارە و تێی گەیاندم کە دنیا هەر ئەوە نەبوو کە ئێمە لە گوندێکی دابڕاو دەمانگوزەراند، وە هێزیش تەنها ئەو هێزە وەك مۆتەکەیەی دەسەڵاتدارەکانی گوندەکەی خۆمان نیە، وە هێزی باخەکەش تەنها هێزێکی گەورەتر نیە، تازە بە تازە جیهان خۆی پێ دەناساندم، جیهانێکی گەلێ گەورەترو سامناکترو فراوانتر، بۆم دەرکەوت هەموو شتێکی گەورە لە دنیا شتێ گەورەتر هەیە نابوتو گچکەی بکاتەوە یاخود بۆ یەکجارەکی بیسڕێتەوە.

ئەو شەوەی نەجمەدین ئاغایان تیا بریندار کرد، گوندی خستبوە بەر نەعرەتەی خۆیەوە، ئێمە نەماندەزانی راستی مەسەلەکە چیە، بەڵام ژنە دراوسێکەمان کە سەری خستبوە سەر کەلی دیواری ماڵەکانمانەوە لەگەڵ دایکم بە سرتە دەدواو وای لێك دەدایەوە کە رەئوف ئەو کارەی بە سەر نەجمەدین ئاغا هێنابێ، وە دەشیگووت بەو شەوە هەڵاتوون و چیان هەیە جێیان هێشتووە، ماڵەکەی ئێمە کەوتبوە سەر ئەو گۆڕەپانەی کە مزگەوتەکەی لە سەر بوو لە ناوەڕاستی گوند، زۆری گرد بوونەوەکانی خۆشیو ناخۆشی لە مزگەوت و ئەو گۆڕەپانی پێش مزگەوتە دەگێڕدران، بە هۆی ئەو کونانەی بە سەر دەرگاکەوە بوون دەمانتوانی لەو بۆنانە بڕوانین بێ ئەوەی کەسێ پێ بزانێ، پاش ئەوەی ماڵەکەی رەئوف ئاگر تێبەردرا بەڵگەی ئەوەمان لا پەیدابوو کە رەئوف بەو کارە هەستابێ، هەر بەو شەوە چی پیاوی بڕوا پێدراوی ئلغا بوون لەوێ گرد بوونەوە، نەجمەدین ئاغا تیمار کرابوو، شاشێکی سپی لە ژێر جامانیەکەیەوە دیار بوو، کە دەکەوتە سەر تێوڵی، گریانی خوشکە چکۆلە هەشت مانگانەکەم وای لە دایکم کرد کە ناچار بێ بچێتە ژوورەوە، هەرچەند بۆ خەواندنی لە گەڵیا راکشابا، خۆیشی خەوی پێدەکەوت، لە بەر ئەوە داوای لێکردم کە منیش بنووم، ئێمە تەنها سێکەس مابووینەوە دوو برای دیکەم بە نەخۆشی ماڵ ئاواییان لێکردین و دووانیش لە بار چوبون، باوکمیش لە شەڕێکی خۆ بە خۆیی تیا چوبو، نەمویست دڵی دایکم بشکێنم چوومە ژوورەوەو لە سەر نوێنەکەم راکشام تا خەوی لێکەوت و پاشان چوومەوە پشتی دەرگاکەی سەر گۆڕەپانەکە، چاوم نایەوە بە کونی دەرگاکەوە، میرزا ئاغاو فەتە دەس مەعدەن و سالەو هەموو پیاوە توندو تورەکان کۆ بوبوونەوە، میرزا ئاغاو نەجمەدینی برای دوور لەوان وەستابوون بە شێوەیەك بوون کە نەیانەوێ کەسێ دیکە گوێی لەدەنگیان ببێت، پاشان لە پڕێکا لە یەك دوور کەوتنەوەو میرزا ئاغا ئەمریدا بچن بۆ سۆراخی هەڵاتوەکان، من لە تێڕامانی ئەمانە بووم

دەستێك خرایە سەر دەمم و هیچ بوارێکی تەقەلای خۆ دەربازکردنی بۆ نەهێشتم، دەمی نا بە گوێمەوەو بە چرپە پێی گووتم:-" تۆ کوڕی حەسەنی و ناوت تەهایە دەستم لادەدەم بەڵام دەنگ بەرز نەکەیتەوە و نەشڵەژێی، من چ کارم بە تۆ نیە"، زۆر لە سەر خۆ دەستی بەرز کردەوەو بەرەڵای کردم.. تەماشایەکیم کرد دەم و پلی بە جۆرێك هەڵ پێکابوو کە تەنها دوو چاو بریسکەیان دەدا، بەژنێکی گەورەی هەبوو زۆر چەمایەوە تا بتوانێ چاو بنێ بەو کونانەوەی کە من لێوەیان تەماشای دەرەوەم دەکرد، دیار بوو کارێکی بەوانەی دەرەوە بوو، تەماشایەکی دیواری حەوشەکەمانی کرد، پاشان سەر دەرگاکە، تەواو ئەو ناوەی بە چاو پشکنی، پرسیاری پێش گەیشتنی خۆی لێکردم، کە لەو پشت دەرگایەوە چیم دیوە بۆی بگێڕمەوە، دەنگی نامۆ نەبوو، هەستم دەکرد ئەو دەنگەم جارێکی دیکە بیستۆتەوە، بەڵام نەدەهاتە بەر زەینم حەزم لێ بوو زیاتر بدوێ تا بتوانم دەنگەکە بناسمەوە، بەڵام کەم قسەی دەکردو قسەکانی پرسیاری کورت بوون و بە چرپە دەیکردن، گووتم:-" پیاوەکان لێرە بوون بەڵام کەوتنە دووی هەڵاتوەکان"، دیسانەوە چاوی نایەوە کونەکانەوە، منیش چاومنا بە کونێکی دیکەوە تەنها سالەو نەجمەدین ئاغا مابوونەوە، لێی پرسیم:-

" ئەوە چیە بە دەستی نەجمەدین ئاغاوە؟" من تا ئەو کاتە نەمدەزانی شتێك بە دەستی نەجمەدین ئاغاوەیە، کە سەرنجم دایە شتێکی چوون زریزی بە دەستەوە ئاڵاندبوو، گووتم:-" پێدەچێ زریز بێ" ئەو گووتی:-" بەڵێ راست دەکەی زریزە"، پێی گووتم:-" تەها من بۆ کارێك هاتووم نامەوێ تۆ خۆتم تێگەیەنی"، ئەو کە قسەی لە گەڵ دەکردم من زیاتر هەوڵی ناسینەوەی دەنگیم دەدا، چاوی نایەوە بە کونێکەوە منیش هەمان شتم کرد، نەجمەدین ئاغاو سالە خەریك بوون دەرۆیشتن، پێی گووتم:

- "دەرگاکە بکەمەوە دەنگی لێوە دێت؟"

گووتم: - "گەر کەم بیکەیتەوە دەنگی نایا".

دەرگاکەی بە سانایی کردەوەو گووتی:

- " تەها تۆ خاوەن دایکێکی بێوەژنی خۆت تووشی کێشە مەکە بڕۆ بنووی چاکترە ".

ئەو شێوە ئاخاوتنە هەمان دەنگێکی وە بیر هێنامەوە، دەنگی ئەو پیاوەی کە لە باخەکەوە هاتبوو، رۆژی ناشتنی باوکم و قسەی لە تەك کردم، ئەو خوا حەفیزی لێکردم و چوو، بەڵام من دەمویست بزانم چی لە ئارادایە، دووی کەوتم بێ ئەوەی بزانم تووشی چی دەبم، بوونم لە دەرەوە بە هەمان شێوەی ژوورەوە نەبوو، دەرەوە بۆشاییەکی گەورەترو بارستایی ترسێکی گەورەتری لە توێدا بوو، بۆنی سۆو داری تەڕی سوتاو بۆن و بەرامەیەکی تازەی بە گوندەکە

دابوو، وام هەست دەکرد لە جێیەکی دوور لە گوندەکەی خۆمانم، بەڵام دڵنیا بووم لەوەی زۆربەی پیاوەکانی ئاغا لە گوند نەبوون، بەڵام ئەمەو ئەوەیشی کە کوڕی پیاوێکی لە ناوچووی پێناوی ئەوانم، باوەڕم نەدەکرد بتوانن شەفاعەتم بۆ بخوازن بە تایبەت گەر ببینن یاوەری کەسێکی بێگانەی دەرەوەی گوندم و بە ڕێی دزەکردنەوە خۆی خزاندۆتە ئارامانەوە.

ماڵی نەجمەدین ئاغاو میرزا ئاغا لە دەرەوەی گوند بوو، هاوشانی خانوەکانی دیکە نەبوون، ڕوبەڕێکی عەردی ڕوتەن کەوتبوە نێوان خانوەکانی ئەوان و هی گوندەوە، من نەمدەزانی لەو کۆڵانەی کە سالە پێچی کردبۆوە بۆی چی رویداوە، میوانەکەی خۆم بینی بەشوێنیەوە چوو، بەڵام کاتێ دووی کەوتم بینیم لە پێش ماڵی مام پیرۆت وەستاوە، پێش دەرکەکەیان درەختێکی بەرزی لێ بوو، زۆر بە سانایی بە درەختەکەدا سەرکەوت و چووە سەر دیواری ماڵەکەو خۆی فڕێدایە ئەو دیوەوە بێ ئەوەی ئەوە بزانێ کە من چاوم لێیەتی، زۆر سەرم سوڕما لەو کارەی ئەو پیێی هەستا، من وامزانی نیازی سەردانی مام پیرۆتی هەیە یاخود ئەو شەوە لەوێ لای ئەو دەمێنێتەوە، پاش تۆزێك چاوەڕوانی بینیم دووکەس لە دەرگاکەوە دەر چوون، ئەوەی دیکە نەجمەدین ئاغا بوو، نەجمەدین ئاغا بێ هیچ ورتەیەك پێشی کەوتبوو بەرەو دەرەوەی گوندی دەبرد، بە بن دیوارەکانەوە دەڕۆیشتن، منیش بە دڵەڕاوکەو ترسێکی زۆرەوە کەوتمە شوێنیان، کاتێ لە گوند دوور کەوتنەوە بە هەنگاوی گەورەتر دەڕۆیشتن، منیش ڕۆشتنەکەم خێراتر کردەوە هەستیان پێکردم بە پەلە نەجمەدین ئاغای بردە پاڵێکەوەو رووی لە من کردو خوڕی بە سەرما، من تەواو شڵەژام ترسام بمپێکێ، بە پەلە گوتم:- " ئەوە منم کوڕی برادەرەکەت"، لە ترسی ئەوەی نەوەك نەجمەدین ئاغا بمناسێتەوە ناوی خۆم نەگووت، داوای لێکردم کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵ، بەڵام من چ ئارەزوویەکی گەڕانەوەم نەبوو، بەوەی دەکرد نەتوانم ئەنجامی ئەو روداوانە جێ بێڵم، دیسانەوە نەجمەدین ئاغای دایەوە پێش خۆی، منیش بە هەمان شێوەی پێشوو و لە نزیکترەوە دووی کەوتم، ترسێکی گەورەی پاشەوەی خۆمیشم لێ نیشتبوو، کە دوومان بکەونو تووشی بەڵایەکمان بکەن، ئەوان هەڵوەستەیەکیان کردوو تەماشایەکی منی کردەوە، پێی گووتم:- " بە پەلە پێشمان بکەوە"، بەو قسەیە هەندێ ئارامی پێبەخشیم، دیسانەوە گووتی:- " پتر پێشمکەوە، بە تاو هەنگاو هەڵێنە"، تەواو بە نەرمە غارێ ئەوانم جێ هێشت، وام لێکدایەوە کە زۆر پێشیان کەوتووم و لەوانەیە بزریان بکەم یان شتێك روو بدات و بواری ئەوەم نەمێنێ بگەڕێمەوە گوند، لە ناکاودا لە نزیك باخەکە تەق و پۆقی شەڕمان گوێ لێ بوو، تەواو حەپەسامو لە جێی خۆم چەقیم و بڕیارمدا بە تەنێ یەك هەنگاو هەڵ نەهێنم، من ئەو ترسەم لە خۆ لوول دابوو لەملاوە گوێم لە

دەنگی گوللەیەك بوو، بە تاو رایچڵەکاندم، نەمزانی چی بوو، باوەرم نەدەکرد ئاغایەك بەو سانایيو ساکاریە بکوژرێت، هەندەی پیێ نەچوو برادەرەکەی باوکم گەیشت پیێمو بیۆەستان گووتی:- " بکەوە ریێ"، زۆر بە پەلە دەڕۆیشت و منیش ناچار بەو نەرمە غارەی پیێشوو کەوتمە شوێنی، بەڵام تادەهات لە شوێنی شەڕەکە دوورتر دەکەوتینەوە، بە ریێگایەکی زۆر دوورترو دریێژتر گەیاندمیە باخەکە.

ئەو دەمەی ڕوح جەستە جیٚ دیٚلیٚ، هاوکات لە ئازاریٚکی جەستەییو شەکەتیو سەرئیٚشە قورتار دەبیٚ. منی ڕوح هەرگیز هەستم بە ماندویٚتی نەدەکرد. بەو ئاسمانەوە ئاگاداری هەموو کیٚشەو ڕوداوی وردو درشت بووم. نەمدەزانی تا چەند روحم لە مۆلەق دەمیٚنیٚتەوە، هەموو دەنگەکان بەرەولام بەرز دەبوونەوەو بەڕەوانی دەمبیستن لیٚیان تیٚدەگەیشتم و دەمزانی کیٚ خاوەنیەتیو لە زاری کیٚوە دەرچووە. دەنگی خۆش و ناخۆش، سازو ناساز , وشەی جوان و دزیٚو، تەکبیر کردنەکان، نیازو مەرامی شەڕانگیٚزو خیٚر مەندەکان، پیلان و کارە نهیٚنیەکان، هەر لە منالیٚمەوە بەرزەبری ستەمەکان کەوتم، کەسیٚکی بیٚ پەروای بیٚ زەرەرو زیانی نیٚوەندی مرۆڤەکان بووم. لەو هەموو زەویو زارو خاکی خوایە چ بارستاییەك و قەبارەیەکی دیارم نەگرتبوو. هەر تەنها ئەوەندەیە کە کوشتن و بڕینو لیٚك ترازان و جوداکردنەوەی گیان و جەستە کاریٚکی ساناو بیٚ لیٚپیٚچینەوەیە، بیٚ چ گوناهیٚك و بیٚ دیتنی هەموو رووەکانی ژیان لە ژیانیان رەتاندم و دووریان خستمەوە. وەك و ئەندامیٚك لە خیٚزانیٚك دور چووم و لە بواری گەیشتنی دەنگەکان نەمام، نەمن دەنگم دەگەیشتنیٚ و نە چ روحیٚکی دیکە.. ئیٚمە روحیٚکی زۆر بووین بەو ئاسمانەوە. بیٚ هیچ ئاستەنگیٚ دەمانتوانی چوار دەوری زەوی تەی بکەین.. هەموو چاوەڕوانی جەستەیەك بووین تیٚی بچینەوە. وامان حەز لیٚ بوو کە لە هەمان زیٚد لە دایك ببنەوە، گەر بەو جۆرە بلوایە.. ئیٚمە تەنها روحە پاکەکان بووین. مافی مانەوەمان لە مۆلەق پیٚ بەخشرابوو. روحە خراپکارەکان نەماندەزانی بەرەو کویٚ دەبریٚن نەماندەزانی چارەنووسیان چیە. روحی پاك و نا پاکی تویٚی جەستەکانمان دەناسیەوە. روحە نەفرەتلیٚکراوەکان تام و چیٚژیٚکی هەردوو دیویان لەو تویٚی جەستەیە دەبینیەوە. مرۆڤ سەرپشکە لەوەی کە کام لەزەت و کام خۆشی و کام دونیا دەکاتە ئامانج و مەیسەرو لەباری دەکا بۆ تیٚر کردنی غەریزەو چیٚژەکانی خۆی. تەهای میٚرد مندالٚ یەکیٚ بوو لەو روحەپاکانەی کە روویان لە باخەکە دەنا. لە ماوەی چواردە سالٚی تەمەنیدا رازی نەبوو چ ئاویٚکی رەش و پیس وە بن رەگ و ریشەی خۆی بنیٚ. هەردەم ئاگاداری پاکژیو بەرزی روحی خۆی دەکرد. حەسەنی باوکی لە دوو تویٚی روحە پیسەکان ئاخنرا بوو، چ بەرگریەك و ئاگاداریەکی پاکی روحی خۆی نەکرد، هەرچەندە روحەکان لە شیٚوەی خیٚزان لەیەك نزیك دەبوونەوە. بەلاٚم چ پەیوەندیەکی هەمیشەیی و ئەبەدی لە نیٚوانیاندا نەبوو. من کە هیٚشتا لە خوارەوە ئەندامانی ئەو خیٚزانەی کە لیٚیانەوە دەرچووبووم بەردەوام بوون لە ژیان هیچ سۆزیٚکم بۆیان نەدەجولاٚ، زۆر باش نەیانمدەناسیەوە زۆربەی ئەو خەلٚکانەم بە ئاشناو نزیکی خۆم دەهاتنە پیٚش چاوو زۆریٚکیش نامۆو ناپەسەند دەیان نواند.

له پاش جودا بوونەوەی روحەکان له جەستەکان که سێ کوڕی کەس و باوکی کەس و برای کەس و خوشکی کەس و پیاوی کەس و نۆکەری کەس و ئاغای کەس نیه. لەو جودا بوونەوەیه سەربەستی و ئازادی وەدەست دێنێ.. ئەو ئاوێتەبوونی روح به جەستەیه بەند کردنێکه، مردن کۆتایی هێنانه بەو بەندی روحه. دانەوەی سەروەریه پێی .

ئێمه وەکو روحێك تێکەڵ بەو زمانەو بەو خەڵکانه دەبووین.. ختوکەمان دەدان به گوێیاندا دەمانچرپاند، لایان دەکردەوه . تەماشای ئەملاو ئەولایان دەکردو لەیەکدیان دەپرسی:– " ئەوه چی بوو؟ تۆش گوێت لەو دەنگه بوو؟"ئەو شەوەی تەها به دوی شێرۆوه ملی ڕێی باخەکەی گرت، زۆر به نزیکیەوه دەکشام. جار جاره هەستی پێ دەکردم، ترسێك سواری دەبو. جێی بەزەیی بوو. به تاوتر ڕێی دەبڕیو. له بەر خۆیەوه گۆرانی دەگوت تا ئەو ترسەی بڕەوێتەوه. هەرچەنده مەبەستی من تۆقاندن و ترساندنی نەبوو، ئەو زۆر نزیك بوونەوەیشەم بێ ویستی خۆم دەبوو. دەڕۆیشت و دۆزەخێکی به دووی خۆیەوه جێ دەهێشت، له دڕکستانێ خۆی دەربازدەکرد که له  سەرەتای بوونیەوه روحی دەچزان. خۆیشی نەیدەزانی چۆن وا قاچەکانی بەرەو جیهانێکی دیکەو ژیانێکی دیکەی دەبەن. ئەمان ڕێیان دەبڕیو لای باخەکەوه دەنگی تەقه دەهات، ئەو پیاوکوژانەی ئاغا ناردبوویانی، نەیاندەزانی بگەنه ئەوێندەر تووشی چی دەبن. له یەکەم نزیك بوونەوەو بیستنی دەنگێکی ئاگادارکەرەوه دەستڕێژیان له برادەرەکانی شێرۆ کردبوو.بەڵام لەو بڕوایه نەبوون که کەسانێك بتوانن به هەمان شێوه وەڵامیان بدەنەوه. شەڕو پێکدادان له نێوانیاندا ڕوویدابوو. هاوڕێکانی شێرۆ ئەو کات ئاگاداربوونەوه که گوێیان له دەنگی تەقه بوو. ئەو تەقانەی که مام پیرۆتیان لەوڕێگایه پێ پێکابوو. بەڵام شێرۆو تەها خۆیان لەو پێکدادانه لادا، به تایبەتی که بینیان پیاوانی ئاغا به کوژراویو و بەزینەوه دەگەڕانەوه. شەرمەزارو ترس لێ نیشتوانه تەرمی دوو هاوەڵی کوژراویان بردەوه، میرزا ئاغا دەهری بوبوو. خەڵکەکه که دەرکرابوونه دەرەوەو ماڵەکانیان دەپشکنرا، وایان لێك دەدایەوه که میرزا ئاغا بۆ بکوژی ساله دەگەڕێ، ئاگاداری بزربوونی نەجمەدین ئاغا نەبوون.

ئەمه سەرەتای سوتانی خاکێك و هەڵوەرینی هەزاران ڕوح بوو.

من لەگەڵ بادا و دژ به باو له ناو باوه بەو ناوەدا دەهاتم و دەچووم، باشترین بینەرێکی ئەو ڕووداوانه بووم. له نێو گوندەدا باسی کەسێك دەکرا که بینراوه له شێوەی تارماییەك هاتۆته گوندەکەیانەوەو به سەر دیواری ماڵەکاندا بەرەو گۆڕەپانی پێش مزگەوت هاژەی کردووه. شێرۆیان لێ بووبوو به تارمایی. به مووجیزەیان دەشوبهاند، دەیانگوت:– " ساڵانێکی زۆره

ئەم گوندانەی لای ئێمە لە دیتنی ئەم جۆرە شتگەلە بێبەش کراوە"، ئەو هەواڵە وەك و بۆنێك پەرش و بڵاو بۆوە. خەڵکەکە حەزیان بە بیستنی شتی چوین ئەفسانەکان دەکرد. حەزیان بە بیستنی حیکایەتی پاڵەوانێکی خەیاڵی دەکرد. خۆشیەکی پێ دەبەخشین. دەیانخستە ئەو بۆشاییەی کە ئازایەتی و جورئەتی تۆڵە سەندنەوە جێی هێشتبوو. لە شەوێکی وادا دەکرێ خێوو جنۆکەو پاڵەوانی داستانەکان ببینرێن. لەو شەوانەی کە تەرمەکان تەنها جەستەیەکی ساردی بێ ڕوح بوون. تەرمی کەسانێك کە تەنها وەزیفەیان گیان کێشان و تەرم خستنەوە بوو، سەرەتا خەڵکەکە ویستیان ئەو تارماییە بە نێردراوێکی خوا لە قەڵەم بدەن، کە بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێ حساب ناردویەتی، بۆ بارسەنگی هێزەکان. دەیانویست بیکەنە قەدەرێکی خوایی و دەستێکی غەیبی. بەڵام ئەم قسانە نەك بە ئەقڵی میرزا ئاغاوە نەچوو بەڵکە شێتگیری کردوو خەریك بوو لە پێستی خۆی بیهێنێتە دەرەوە. وەك و باران جنێوی ڕژاند بەسەر خەڵکە سادەو ساویلکەکە، پێی دەگوتن:-

" کوڕی سەگینە دەتانەوێ شەهیدەکانمان بکەنە نەفرەت لێکراوی خودا" , ئەمری کرد هەر ئەو شەوە دەبێ سۆراخێکی نەجمەدین ئاغای برایان چنگ بکەوێ و ئەو تەرمەی مام پیرۆتیش فڕێدرێتە ئەو دەشتانەو ببێتە خۆراکی ئاژەڵە برسیەکان. ئەو ئەمرەی لە زاری میرزا ئاغاوە دەرچوبا دەگەشتە دەستی فەتە دەس مەعدەن. ئەویش بەو دەستانەی ئیشارەتی بە کەسانێ ئەدا کە هەستن بەوکارە، ئیتر کەسێك نەبوو خاویو خلیچکیەك نیشان بدات. کەسێك نەبوو بتوانێ خۆی بداتە بەر تێسرەواندنی ئەو دەستە مەعدەنیانەی فەتە..

فەتە بە بست لە میرزا ئاغا دوور نەدەکەوتەوە، گوزەرانیشی لە کۆشکو سەرای ئەو دابوو، لە میرزا ئاغا پتر کەسێ نەبوو فەتە بدوێنی، یا داوای ڕاپەڕاندنی کارێکی لێ بکات، هەتا نەجمەدین ئاغاش ئەوەی پێ نەدەکرا. هەر لەبەر ئەوەش خۆشی بە چارەی نەدەهات و تیرو توانج و تەشەری لێ دەگرت و گوێگرانی دێنایە پێکەنین.

فەتە چ کارێکی گەورەو گچکەی لە خۆوە نەدەکردو ئەنجام نەدەدا. هەرگیزاو هەرگیز بیری توندو تیژیو داگیرکاریو داوێن پیسیەك لە مێشکیدا بوونی نەبوو، بەڵام ئەوەی کە لە میرزا ئاغاوە پێی بسپێردرایە بێ تێفکرین و لێپێچینەوە لە دروست و نادروستی ئەو فەرمانە، جێ بەجێی دەکرد، خوای دەکرد ئەو فەرمانەی میرزا ئاغا سوتان و روخان و هەڵتلیشانی زەویو ئاسمان دەبوو.

فەتە دەس مەعدەن، کوڕی هەیبەتی خاوەن شێوەو بەژنێکی تاك و تەنێ وبێ وێنە بوو. دیمەنی ئەوەند شیرین بوو کەسێ نەیدەتوانی بەرامبەری خۆی ڕاگرێ.گەر چاوت لە چاو بنایە

چاوت ئاوی تێدەزاو دڵ بریسکەیەکی وێ دەکەوت و هەژانێکی تەلسماوی جەستەتی دادەگرت، چەندین کەس بەرتیری ئەو جوانیەی کەوتبوون.
باس کردن لەو تارماییەی کە بینرا بوو لە گوندا نەدەسڕایەوە، فەتە چووە بن دەستی میرزا ئاغاوەو گوتی:– " گەورەم بەوە دەکا کەسێ دزەی کردبێتە گوندەوە وتارمایی نەبووبێ ".
میرزا ئاغا ئەمەی پشت گوێ نەخست و تێفکرینێکی لێکرد. تەواو چوو بە مێشکیەوە. وای بە بیردا هات گەر بزانن ئەو تارماییە، ئەو شتەی دیویانن بەسەر چ ماڵێکدا تێپەڕیوە لەوانەیە شتێکی لێ هەڵکڕێنن. چەند کەسێکیان راسپارد بۆ ئەو مەبەستە. لەو کاتی شڵەژان و ناهەمواری بارە دەرونیەی میرزا ئاغا ژنی حەسەن بە سنگ کوتان و هەراوە خۆی پێگەیاندو گوتی:
– " ئاغا کوڕەکەم.. تەهای کوڕم بزرە، دەترسێم تووشی قەڵبەیەك بووبێ".
بەڵام میرزا ئاغا کەوتبوە هۆڵی دەردو بەڵای خۆی و چ لایەکی لە دایکی تەها نەکردەوە، وەڵێ خەڵکەکە وەکو هەموو شتەکانی دیکە، وەکو بۆن، ئەو هەواڵەیان وەرگرت و بە یەکیان دەگەیاند، کەسێك نەبوو بیرێکی تەواوی بۆ ئەو کارە چوبێ. کوڕیژکەیەکی وا لە چ حساب وکتابی لێکدانەوەو پەیوەندی بە هاوکێشەکانەوە نەدەبینرا.. هەندێ دەیانگوت :– "داخوا چ بێوەژنێك کاری پێی بووەو پاشان دەیگێڕێتەوە "، سکاڵای ژنی حەسەن شتێکی ئەوتۆی لە مەسەلەکە نەگۆڕیو کەسێك ئاوڕی لێ نەدایەوە، هەرچەند ئەو گەڵ لەوە دەترسا کە تۆمەتێکی بخەنە پاڵ و ریسوای بکەن. بە بێدەنگی گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی و بەدەم هەڵکێشانی هەناسەی ساردو هەڵوەراندنی دڵۆپە فرمێسك بە حەوشەکەدا دەهات و دەچوو لە کونی دەرگاوە تەماشای دەرەوەی دەکردو سۆراخی بیستنی شتی تازە بوو، چاوەڕوانی دەرکەوتنی تەها بوو بەو شێوەیە ئەو شەوەی بوارد، بەڵام میرزا ئاغاو پیاوەکانی لە هەندێ لەو مەسەلانە کۆڵیانەوەو بەو ئەنجامە گەیشتن کە بە زۆری ئەو شتانە ئەوانەی روویداون لەو شەوە، کاری کەسانی باخەکە بوون و دەبێ ئەو شەوە چی لێی نەوەستن، بۆیە بڕیاریاندا چەند کەسێ بنێرنە سەریان و گەر نەجمەدین ئاغا لەوێ بێ رزگار بکرێ.

تا گەیشتینە باخەكە شەڕو شۆڕ بڕابۆوە، پیاوانی ئاغا كشابوونەوە. شێرۆ بەوەی دەكرد منی لەبەلاَ دوورە پەرێز كردبێ بۆیە خۆی تێنەگەیاندو بە ڕێیەكی دیكە ڕوومان لە باخەكە كردەوە. لە ڕێگا پێی گوتم:

– " تەها ئەوەی من كردومن بڕوام پێیەتی , تاوانی لە بەلاشم ئەنجام نەداوە، من شەڕم لە كۆلْ خەلْك كردۆتەوە.. ئەوەی دیتتن پێویست بە گێڕانەوەیان ناكات. لەوانەیە لەمەوپاش پتر لەم دیمەنە قێزەونانە ببیسیو ببینیو بەرگە نەگری". داوای لێكردم كە باش بیر بكەمەوە لەوەی پێی هەستاوم، كە چونمە بۆ باخەكە. گوتی:

– "چەرمەسەریو كێشەو شەڕو شۆڕی زۆر بەرەو پیرمان دێن، هەچ كەس لەم باخە لەوانەیە تووشی كارەساتی گەورەبێ. كەی دەتەوێ من دەتوانم بتبەمەوە. وە تا چەند زوو ئەوە بكەی لە بەرژەوەندی خۆتە ".

من گەلێك جاڕس و وەڕس بوبوم لەو ژیانە بێ ماناو دووبارە بوونەوەی ڕۆژەكانی گوند، حەزم دەكرد گۆڕانێك بەسەرژیانمدا بێت. وە حەزیشم دەكرد نزیكی دایكم بایەم. زیاتر حەزم بەوە بوو كە ئەویش بێتە باخەكە، نەك من بگەڕێمەوە لایان. گوتم: –" نەخێر نامەوێ بگەڕێمەوە ئەوێ من مندالْ نیم و دەتوانم پارێزگاری لە خۆم بكەم". شێرۆ چ فشارێكی نەخستە سەرم و دژی ئارەزووەكەم نەوەستا. تەنها ئەوەندەی گوت: –" كەواتە ئاگاداری خۆتبەو لە نزیكترین دەرفەت هەوالْی خۆت بگەیەنە بە دایكت تا بزانێ لە كوێی". من دەمزانی كە دایكم بەزووترین كات پێ دەزانێ من لە كوێم. چونكە تا لە گوند بووم. ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بەسات هەموو هەوالْی باخەكەمان پێدەگەیشت. بینینی هەندێ ڕوخساری ئاشنای چەشنی ئافتاوو كاك رەئوف و خوشكەكانی مایەی سەبوریو دلْنەوایی بوون بۆ من. وایان لێكردم كە هەست بە نامۆیی و دلْتەنگی نەكەم.

زۆرم پێ خۆشبوو دوور بووم لە زەبرو زەنگ و نەڕەی پیاوانی ئاغاو سمی بارگیرو ئەسپەكانیان. ئەو جیهانە بژیم كە دەمبیستەوە و لە چاوی كوڕو گەنجانی گوندەكەمانم دەبینیەوە.. ئەوانەی كە چاوەڕوانی پەنجەرەیەك بوون تا بتوانن لە میانەیەوە سنوری گوند ببەزێنن و جیهانێ بەدی بكەن كە لە مێژە بووەتە حكایەتی خەونەكانیان، جیهانێ دووربێ لە راوەشاندنی پەنجەی هەڕەشەكان و ترسی پەلكێشكردنەكانیان بۆ ئەو شەڕو شۆڕانەی كە ملهوڕەكان بۆ دامركاندنەوەی حەزو ئارەزووەكانیان لە ئەنجامی هەلْەیەكی كوتوپڕی دەیانهێنایە كایەوە، باسیان لەو ڕێگە چارانە دەكرد كە لێیەوە بتوانن بگەنە ئەو خواست و

خەونانە. بەڵام ئەم شتانە بە سرتەو چرپەوە دەکران، بێ ئەوەی وشەیەك لەسەر لێویان بماسێو یەکێ دیکە پێیانەوە ببینێ.

بەو جیهانی خەیاڵەوە گەشتمە بێ ئۆقرەیی بۆ دیتنی ئەو جیهانە. کاتێ کە ئامادەیی خۆم دەربڕی بۆ هەر چ فەرمانێك پێم بسپێردرێ. تەواو ئەو ئامادەییەم لە خۆدا دەبینیەوە. بۆیە کاکە شێرۆ کە تا ئەو کاتە وا تێگەیشتبوو کە نەمناسیوەتەوە کە نەمزانیوە ئەو بوو ئەو کەسانەی کوشت و من بە شوێنیەوە هاتم بۆ باخەکە، یان هەمان ئەو کەسەیە کە لە رۆژی سپاردنی باوکم بە خاك، چەند وتەیەکی گرنگی پێ وتم و هەندێ شتی فێر کردم، پێی گوتم:

– "وا دیارە نیازی ئەوەت هەیە لێرە بمێنیتەوە؟"

سەرم بۆ لەقاندو گوتم:– " بەڵێ دەمێنمەوەو دەتوانم نهێنیەکانیشت زۆر بە باشی بپارێزم".

پێی گوتم: – "مانەوەت لێرە خۆی پاراستنی نهێنیەکانەو ترسێکی ئەوتۆ لێرە بەدی ناکرێ".

تەوقەیەکی لەگەڵا کردم و گوتی:

– "ئاگاداری خۆتبەو چی کارێکیشت پێ هەڵسوڕا بیکە. تەنها خۆت نەخەیە بەر مەترسی".

بە تەنها جێی هێشتم و بەرەو لای هاوەڵەکانی بۆوە. ویستم بچمەوە خانوەکە، بینیم چەند وڵاخێك بە بارەوە بەرەو لای خانوەکە دەهاتن، ژنێکی بە سالاچوو جڵەویانی دەکێشا. بانگی کردم و پرسی:

– "تۆ تەهای؟" گوتم: – "بەڵێ ". گوتی:

–" دەتوانی هەندێ یارمەتیم بدەی؟" لەو کاتەدا کاك رەئوفیش ئامادە بوو. بارەکەی بەرەو تەنها ژورەکەی پشت خانوەکە برد، من و کاك رەئوفیش دووی کەوتین. بەڵام بەوەی دەکرد کە ئەوەندە پێویستی بە من نەمابێ کاتێ کاك رەئوفی بینی. بارەکە چەند سندوقێك وچەند چەکێ بوون دەمتوانی چەکەکان هەڵگرم و بەو شێوەیە یارمەتیان بدەم. ئەوانیش سندوقەکانیان داگرت و لە ژورەکەیان دانا. کاك شێرۆ دیسان هاتەوە لامان وابزانم لەبەر ئەوەی کاك رەئوف هەندێ قەڵەوو لەش قورس بوو، بۆیە کاك شێرۆ پاراستنی ئەو جبە خانەیەی بەو سپاردو منیشی کردە یارمەتیدەری. ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا کارێکی فەرمیم پێ بسپێردرێ وەکو کەسێکی گەورەو حساب بۆ کراو.

ئەو ژوورە چەك وفیشەك و تەقەمەنیەکی زۆری تێدا پارێزرا. کە یەکەم جارم بوو بەو رێژەیە چەکو فیشەك لە شوێنێك ببینم. وام هەست دەکرد کە نیازیانە چی لەشکرو سوپای دونیا هەیە بیشکێنن و سەروەریو سەربەرزی و سەرکەوتنێ بۆ خەڵکەکە و ناوچەکە تۆمار بکەن. ئەوەی بارەکەی هێنابوو. پێیان دەگوت دایە مریەم. ژنی کرێکار لە باخەکە کەم مابوونەوە،

زۆربەیان ناردرابوونەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی توشی گێرمەوکێشە نەبن و لە ناو نەچن، بەلأم ژمارەیەك رازی نەبوون بەڵك و دەیانویست وەك و پشتگیریەك بمێننەوە، بەڵێ واش دەرچوون، لە گەیاندنی فیشەك و خواردن بۆ شەڕکەرەکان رۆڵیان بینی..ئەو شەوە کارێکم پێ‌سپێردرا. خۆم بە کەسێکی سەرەکی باخەکە دەهاتە پێش چاو،چ حەزم لێ نەبوو لە ناوەوەی خانوەکە کات بە سەر ببەم، حەزم لە تێکەڵیو ناساندنی باخەکە بوو. کە یەکپارچە بوبوە گوڵ و بەری هەمە چەشنە , وە ناسینی ئەوانەی دەجەنگین.. هەرچەندە لە سەرەتاوە هەند نەبوون، بەلأنەکی رۆژبەرۆژ ژمارەیان لە پترو زیادبوونی دەدا. کە من چووم تەنها یەك دوو خەندەق لێدرابوو، ئیتر نەمدەزانی هی ماوەیەکی پێش ئەو کاتە بوون، یاخود لەو نزیکانە هاتبونە هەڵقەندن.لەو شەوەوە بڕیاریاندا کە خەندەقی زۆر لێدەن. پاش رۆژێك بیستمەوە کە لەو شەڕەی یەکەم شەوە، زیانیان بە بەرامبەرەکانیان گەیاندووە و دەبێ چاوەڕوانی هێرشێکی بەرفراوانتر بکەن و خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوە  ئامادە بکەن. ئەو کاتەی چوومەوە خانوەکە نەمدەزانی شەو چەند درەنگە، بەلأم بەوە دەچوو ئافتاو چاوەڕوانی من بێ.بە بیانووی جێگە بۆ خۆشکردنم دووم کەوت و رایەخی نوستنی نیشاندام و گوتی:

– "ئەوە جێی تۆیە،بزانە چی دیکەت پێویستە".گوتم:

– "سوپاس ئافتاو خان هیچم پێویست نیە".بەلأم ئەو رازی نەبوو جێم بێڵێ زۆر بە سۆزو میهرەبانیو خۆشەویستییەکی دایکانەوە دەیدواندم، دەیویست باسی ئەو شتانەی بۆ بکەم کە لەگەڵ شێرۆم دیون، نازانم چی وای لێکردم کە لە بەڵێنی خۆم بۆ شێرۆ پەشیمان ببمەوە و بەڵێنەکە بشکێنم. ئەوەی دیبومن هەمووم بۆ گێڕاوە. پێم گوت ئەوەی ئەو شەوە لەوگوندەمان رویداوە هەرگیز شتی وا نەبووەو خەڵکی نەیاندیتوە. بەلأم پاش ئەوەش جێی نەهێشتم، وام بیرکردەوەکە گومانی ئەوە بکا لەو تەنیاییەو پاش دیتنی ئەو روداوانە بترسێم بۆیە پێم گوت:

– "دەتوانم زوو بنوم و گەر تۆش بنوی چاکترە"، دەستی گوشیم وبە خوای سپاردم، منیش نەمزانی کەی خەو لە ئامێزی خۆش و گەرمی خۆی پێچامەوە ,

مرۆڤ له نێوان مەرگ و ژیاندا روح لەبەرێکی رارای بێدەستەڵاته. هەندێ جارو له هەندێ شوێن به بەژنی ژیاندا هەڵدەگەڕێت و ئاماده نیه هەرگیز دەسبەرداری بێ، وه به هەمان شێوەی کات وشوێن، پشتی تێ ئەکاتو رووەو پێشوازی دژەکەی دەچێ که مەرگه، ئەو مرۆڤانەی که کۆ بوبونەوه، هاتبوون بۆ روح سپاردن ، کەسێ نەبوو زامنی مانەوەی خۆی بکا لەو شەڕەی که به پیریەوه دەچێ. ئێمه چاکمان دەزانی که هێزێکی گەلەك له خۆمان مەزنتر هێرشمان دەکاته سەر. هێزێك چوون گورگ گەلێکی زامار که شێرۆ برینی له سەر جەستەیان دەم دابوو. شێرۆ توانیبووی ئیمان وه بەر هەموو ئەو خەڵکه بخاتەوه، ئیمانی رەوایی ئەو جەنگەی که دەمانەوێ بیگێڕین دژ به هێزێکی کوێرو کەڕو گەمژەی مرۆڤ تاسێن، شێرۆ دەیگوت:- " ئێمه تەنها بەرگری لەخۆمان و تۆڵەی مرۆڤه زوڵم لێکراوەکان ناکەینەوه، ئێمه خاکێك له ژێر پێیەکی فلقێنەر به دارو ئاووگوڵ و بەریەوه له مردن دەرباز دەکەین"، له پەنایەکا پێی گوتم:

- "مامۆستا من دەزانم به موڵکداری ئەمه زەویو زارو خاکی تۆیه، وەدان بەوەشدا دەنێم کەوایه، بەڵام وەك ئەوەیه تۆ خاوەن چاوێك بی له کوێر بووندا، وا ئێمەش دەمانەوێ ئەو چاوانه رزگار بکەین له تاریکی. توخوا گەر پێش شاڵاوی ئەو تاریکیەمان پێ نەگیرا بمانبوره".

ئەم قسانەی شێرۆ جێی رامان و درك کردنم بوو به راستیەك که شکم پێ دەکرد. لەو ماوەی مانەوەم لەو خاك و خەڵکی چوون ناو ئەفسانەکان تەنها روحەکان بەهادارترین شتێك بوون که بیرم له پاراستنیان و مانەوەیان دەکردەوه. زەویو زارو موڵك و ماڵ چ گرنگیەکی نەبوو به لامەوه، من هێندە پارەو پولم نەبووه له ژیانمدا فێری چێژی سامانو ماڵ نەبووم بۆیەوا بێ گوێدان چارەنووسی ئەو هەموو موڵکەم خستبوه مەترسیەوه. ئامادەیی خۆ بەختکردنی ئەو کەسانەی هاتبوونه کۆمەکیکردن و پشتگیری کردنی شێرۆ، دیتنی جۆرێ مرۆڤی نوێ بوون بۆ من. وامدەزانی ئەم جۆره بوونەوەرانه تەنها له رۆمان و داستان و فیلمەکاندا دەبینرێن، هەموو شتێك و هەموو رووداوەکانی دەورو پشتم جێی سەرنج و تێرامان بوون، تاس دەیبردمەوه. نەمدەزانی من به چی گەڕاوم و چۆن گەشتمه ئەو بارەی که تیایم. هەندێ جار خۆم رادەوەشاند، دەمگوت نەوەکو خەو بێت و من بەڕاست تێی گەیشتبم. هەستم به هەموو گۆڕانێ دەکرد له بوونمدا. گۆڕانێ هەر له روحمەوه تا هەموو ئەندامەکانی جەستەمی به سەر کردبووەوه. تا دەهات ماسولکەکانم توندتر دەبوون، ئەو شەوەی که دەستکرا به خەندەق لێدان و مەتەرێز کردن. زۆر خۆم چوست و چالاکتر دەهاته بەردیده، ئەوچالانەی هەڵمان دەقەند

رازی نەدەبوون هەروا بە سانایی قوول ببنەوە، رەنجێکی زۆری دەویست کارێکی گەورە بوو. شێرۆ زۆر بە جوانی و وردی ئەو نەخشەی خەندەق لێدانەی دارشتبوو. لە چۆنیەتی شێوەی چاڵەکان و ئەو شوێنانەی پێویستی بە خەندەق بوو. بە هۆی چاڵێکی شێوە جۆگە هەموو خەندەقەکانی گەیاندنە یەك، کە کەسێ دەیتوانی بە سکە خشکێ لەم چاڵەوە بگوازێتەوە ئەوی دیکە، بێئەوەی کەسێ ببینێ. لە ئەنجامدا ئەو خەندەق و چالانە وەك گەردەلولێکی شێت سورِو دەوری نەیارەکانیاندا، شکستیان پێ هێنان و دایانیانە سەر چۆك، بروام وا بوو کە لەسەر ئەردێکی کاکی بە کاکیش ئەو شەرە ئەنجام بدرابایە هەمان سەرکەوتن بە دەست دەهات. ئەو کەسانەی کە شێرۆ پەنای بۆ بردبوون لە باڵندە دەچوون، لەش سوك و چوست و چالاك بوون، ماندوێتی و برسیەتی شتێکی نامۆو نەناس بوون بەوان. خۆراکی زەرورو پێویستی ئەوان تەنها ئەو زەخیرەو تەقەمەنیانە بوو کە ئافرەتەکان دەیانگەیاندنە نزیکی شەرەکەو مەخزەنەکانیان پرفیشەك دەکردو ئەوانیش بە قەڵەمبازێك خۆیان پێ دەگەیاندن و کۆمەڵێ تەقەمەنیان دەبردنەوە خەندەقەکان. زۆرجار تەقەمەنیو فیشەك بە تورهەڵدان دەگەیەنران بە یەکتر. هەموو وەکو زریزێك و رێك چوون جۆگەلە ئاوێ پێکەوە لکابوون و پێك دەگەیشتن، منێ کە نزیکترین کەسێ بووم لە شێرۆ ئاکاداری هەموو ئەو شتانە نەبووم کە ئامادەی کردبوون بۆئەو شەرە. خواردنی ئەوەندە داین کردبوو کە بۆ ماوەیەك لێی بخورێو تەواو نەبن، خواردن بە پێی کاتی ژەمە ئاسایی یەکان بەش نەدەکرایەوە. بەڵك و بە گوێرەی دەرفەتەکان دەکرا، خۆیان وایان دەگێراوە دەیانگوت:- " لەم کاتانەدا ئێمە کاتو بەرنامەو ژیان لێمان تێك دەچێو پێیانەوە پا بەند نابین، لە کاتی پێکان و نەخۆشیەکانو خوێن بەربوونیشمان خۆمان تیماری یەکتر دەکەین و خۆمان دەبینە پزیشکی کوت و پری خۆمان". بەڵام بۆ ئەوکارە لوقمان ناوێك جێی متمانەو خاوەنی شارەزایی یەکی فریاگوزاریە سەرەتایی یەکان بوو. چەکێکیشی لە شان نابوو لەکاتی پێویست دەبوە شەرکەرێکی بە تواناو خاوەن سەلیقە، هەموو پێداویستیەکیان بۆ ئەو مەبەستی فریا گوزاریانە لەگەڵ خۆ هێنابوون. هەر ئەو شەوەی کە ژیانی هەموو ئەو دەڤەرەو خەڵکەکەی بە ئاراستەیەکی تۆقێنەردا وەرچەرخان، شێرۆ وردو درشتی ئەو شتانەی لەو شەوەدا کردبوونی بۆ گێرامەوە. پێم گوت:

- "گەردانەیەك ئەو هەموو خۆ خستنە مەترسیو  خوێن رشتن و نانەوەی شەرێکی خوێناوی دێنا؟" گوتی:

- "ئەوە بۆ گەردانەیەك نیە و ئەوەیش رودەدا ئەنجامی گێرانەوەی خشڵ وزێر نیە، ئەمە کارێکە دەبوا لە مێژە بکرابا، گەر منیش دەستم پێ نەکردبا ئەوان لە زووەکەوە دەستیان

**پێکردووه،  بەڵام ئارامگرتوییو بێ چارەیی ئێمە کارەکەی دوا  خستبوو , ئەوانەی من کردومن ئەوان هەموو  ڕۆژێك دەیکەن و سەدان کەس کراونەتە قوربانی و خۆڵەمێشی لە خۆباییو خۆ بە زلزانینیان، ئەو پیاوانەش دەیانبینی کارێکی قورس و بێ بەهاو بێ بنەما ئەنجام نادەن. ئەوانە خۆ بەخش و خۆ بەختکەری هەموو ئەو جۆرە کارو هەڵوێستانەی هەموو شوێن وزەمانێکن، ئەوان خوا دروستی کردوون بۆ ئەم جۆرە ڕۆژانە و لادانی ئەو تەمتومانەی کە بە سەر سەرگەلێکی بێدەستەڵات و بێ پشت و پەناوەن"، دەیگوت:- " مامۆستا ئێستە من ناتوانم باسی هەموو ئەو شتانەت بۆ بکەم لە کارەسات وماڵوێرانیو کوشتن وبڕین کە بەسەر خەڵکانیان هێناون، بەڵام چ نەبێ بە دوو چاوی خۆت هەندێ شتت دیتن و زیاتریشت بیستن"، گوتی:- "بەڵێ من دەزانم دۆخێکی پڕ کەسەرو ترسناك لە ڕێگاماندایە، هەرکەس بیەوێ دەتوانێ هەر لەم ساتەوە لەم کایەیە خۆی دوور بخاتەوە، هاتنی هەموو ئەو کەسانەی لێرەن لەسەر ڕەزامەندی خۆیان بووە. مەرج نیە هەرکەسێ بتوانێ لەم بەحری غەم و خوێن ڕشتنە بەشدار بێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئامادەیی نیشاندا دڵسۆزانە بیکات و ئێمەو خەڵکانی دیکەش تووشی فەتارەت بوون ئەکات ".**

من هەرچەندە لەو هەموو بگرەو بەردەیە روحێکی بێ جەستە بووم، بەڵام ئەمە رێی لەوە نەدەگرت خەمناك و حەپەساو بم لەو شتانەی کە دەمدیتن. ئەو هەموو مەردومانە لە کاتی نوستن و بێ ئاگاییەکاندا دەیانتوانی هەندەك دوور بکەونەوە و شتەکان لە پێش چاویان لادەن، بەڵام منی روحی بێ جەستە ئەوەم بۆ نەبوو. دەبوا هەموو شتەکان بە تاریکی و رووناکی لە دەشت و ئاوەدانی ببینم. هەر ئەو شەوە چەکدارەکان شکانەوە و چەند کوژراوێکی دیکەیان بۆ خاوەنەکانیان و دڵگرانیو ترس ڕواندنیان بۆ خەڵکەکە لەگەڵ خۆیان بردەوە گوند، لە هەمان کات و شەودا تەرمی نەجمەدین ئاغایان لە پاڵێکی گۆڕستانەکە دۆزیەوە. شوێنی تەنها گوللەیەك بە سەر تێوڵیەوە بوو. پێڵوەکانی بەسەر چاوەکانیا نوستبوون. میرزا ئاغا کە ئەو دیمەنەی بینی قەڵەمی دەست و قاچی شکا. لەسەر چۆك بەرامبەری شۆڕبووەوەو دەستەکانی تووند گوشی. فەتە دەس مەعدەن بەنیازی راستکردنەوەی میرزا ئاغا چەند جارێك خۆی چەماندەوە بەڵام بێ سوود بوو، ئەو کاتەی شێرۆ تەهای لە ناو دەرگاکەیان جێ هێشت. توشی بووبوو بە توشی سالەوە، کە چاوەڕوانی رودانی ئەو شتە نەبوو ناچار سالەی دایە بەر دەبان و لەسەر ئەردەکەی بێ روح فڕێدا، خوێنێکی زۆری لێ چوو بوو. ئەو کوشتنی سالەیە ختورەی شتی خراپی بە دلی میرزا ئاغا بەخشی، بێ سەرو شوێنی نەجمەدین ئاغای ترسناك و هەڕەشە ئامێز دەهاتە پێش چاو، ئەمری سپاردنی سالەی بە چەند کەسێ دابوو خۆیشی لەگەڵ چەندینی دیکە کەوتبوە سۆراخی نەجمەدین ئاغا. چاکی دەزانی کە چوونە باخەکە مەحاڵە، بە تایبەتی پاش ئەو شەڕو شۆڕو ئامباز بوونە.. ئەو کاتەی جەستەی بێ گیانی نەجمەدین ئاغایان دیتەوە، خەریکی بە خاك سپاردنی سالە بوون. سۆراخ کردن لە دەوری گۆڕستانەکە لە بەرنامەدا نەبوو. ئەو هەواڵی دۆزینەوەی تەرمی نەجمەدین ئاغایە مەراسیمی ناشتنەکەی خێراتر کردوو خەڵکان کەوتنە دووی جەنازەیەکی دیکەو بەرەو گوند چوونەوە. کەس ورتەی لێوە نەدەهات کش و ماتیەك سەراپای دەڤەرەکەی خستبوە ژێر رکێفی خۆیەوە. خەڵکی واقیان وڕمابوو لەو شەوە سەیرو سەمەرەیە، نەیاندەزانی ئەو دەستە چی بوو بتوانێ دوو کەسی بە زەبرو زەنگی خاوەن دەستەڵات لە شەوێکدا بێ روح بخات و کەس نەیبینێ. بیریان لەو کەسە دەکردەوە کە وەکو تارمایی بینرا بوو بە سەر دیواری ماڵەکاندا تیژ تیژ بەرەو گۆڕەپانی پێش مزگەوتەکە رۆیشتووە. هەرکەس بە سرتەو بە جۆرێ بۆ ئەوی دیکەی دەگێڕاوە. زۆرێك لە خەڵکی گوند بێ ئاگا بوون لەوەی روویداوە. لە کاتی گەشتنی تەرمی نەجمەجین ئاغا بۆ مزگەوتەکە هەراو هەنگامەیەکی زۆر بەرز بۆوە، ئەو کەسە بێ ئاگایانە لە شیرین خەودا راپەڕین و بە ترس و

لەرزەوە بەرەو گۆڕەپانەکە چوون، ئاگادار بوونەوەی ژن و کچی میرزا ئاغاو خوشکەکانیان بووە هۆی سەرەکی شڵەقاندنی گۆمی مەنگی بێدەنگی خەڵکەکە، هەر لەو ئانوساتەدا، شکاوو بەزیوەکان گەیشتنەوە گوندو دوو تەرمی دیکەیان خستەوە نێو خەڵکەکەو بردیانیانە مزگەوتەکەوە. کەس و کارو ژن و منداڵانی ئەو دوو کوژراوەش هەندەی دیکە ئاسمان و دەورو بەرەکەیان پڕکرد لە هاوار و فیغان و گریان، زۆربەی پیاوەکانیش خۆیان پێ ڕانەگیراو وەکو وان دەستیان کرد بە فرمێسك ڕشتن، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون کەوتبوونە بیرو داڵغە لێدانی ئەو چەرمەسەریانەی لەمەوپاش توشیان دەبێ. نەیاندەزانی چ جەهەندمێك بۆیان سازدەدرێ، ئەوەندە زەرەرو زیانە هەرگیز بەسەر کەسانی دستەڵاتداری لەو جۆرانە نەکەوتووە. وایان لێك دەدایەوە کە لەوانەیە سبەینێش کە ئەوەندەی نەماوە بێت، دارو بەردی باخەکە گڕ تێ بدرێت و تۆڵەی هەموو ئەمانەو ئەوانەی پێشوشیان لێ بسێنرێ. ئەمەیان دەگوت و کەوتبونە سوسەی دیتنی ئەوانەی کە بە ساغ و سەلامەتی لەو شەڕە هاتبوونەوە، دەیانویست تێ بگەن کە ئەوان چی شەڕی لەگەڵ کردوون. ئەو باخە تەنها شێرۆیەکی دەبەنگ و مامۆستایەکی وەك مێینە ناسك لە خۆ دەگرێ . گەر ئەو کەتنەی لە گوند کرا دەستی ئەوان بێ. دەبێ کێی دیکە لە باخەکە مابێتەوە؟ لێیانیان دەپرسی ئەوانەی لەگەڵیان بەشەڕ هاتوون مرۆڤ بوون یاخود خێوو جنۆکە. ئەو چوار کەسەیش کە خزابوونە نێوەندی خەڵکەکەوە زۆر بە ترس و لەرزەوە جارجارە دوو وشەیان دەدرکاند. دەیانگوت نازانین چی بوون، بەڵام یەك و دووان نەبوون، لە هەموو سوچێك و بن بەردو درەختێکەوە دەستڕێژیان لێکراوەو بەرپەرچ دراونەتەوە، فەتە دەس مەعدەن هەندێ شتی لەو مەسەلەیە بەرگوێ کەوت. پیاوێکی خۆی راسپارد کە هەرچوار کەسەکە دوور بخاتەوە و بیانبا لە شوێنێ لە ماڵێ بە تەنێیان دانێ. ئەویش ئەو شتەی پێی راسپێردرابوو جێبەجێی کردو پیاوەکانی لە ژورێ ئلخنی و پێی گوتن نەچنە نێو خەڵکەوە، هەندێ پرسیاری لێکردن باسی زۆر شتی گوێ لێ بوو. ئەوەی بۆیان گێڕاوە گەیاندیە دەستی فەتە، ئەویش میرزا ئاغای بە سرتە تێگەیاند. میرزا ئاغا بڕیاری دیتنیانیدا تەرمەکانی بۆ چەند ساتێ جێ هێشت و چوو گوێی لەو چیرۆکە بێ کە ئەوان دەیانگێڕاوە، وایان بۆ باسکرد کە لەوانەیە پەنجا چەکدار بەرەو روویان بوبێتنەوە، دەیانگوت ئێمە گەلێ شەڕێکی گەورەمان ئەنجامداوە تا دەرباز بووین. میرزا ئاغا سەرسام و پەشۆکاو. ئەوانی لە ژوورەکە دەرکردو گوتی:

– "تێکەڵی خەڵك مەبن، ئەم شتانەی دیوتانن بۆ کەس باسی مەکەن".

ئەوان چوونەوە ماڵەکانی خۆیان. دنیا بەرەو روناك بوونەوە دەچوو میرزا ئاغایان ئاگادارکردەوە کە تەرمەکان ئامادەن. ئەویش ئەمری بە خاك سپاردنیانیداو خەڵکەکە دەمەو شەفەق بە شوێن سێ تابوتەوە بەرەو گۆڕستان بوونەوە، دیسان خەڵکەکە بە هەمان بێدەنگیو تۆقیویەوە کەوتنە رێ.

رەحیم و رەشە دوو خاڵۆزاو پورزای یەکدی بوون و دوو کەس بوون لەو چوارەی لە شەڕەکە بە سەلامەتی گەرابوونەوە. ئەوەی ئەو شەوە دیتبوویان لە باخەکە ترسێکی گەورەی پێدابوون، دەیانگوت مەحاڵە بتوانین بە رەنگاری ئەوانە ببینەوە. دەیانگوت ئەمە کۆتایی دڕکستانە و سەر هەڵدان و چرۆ کردنی گوڵەکانە، تازە بە تازە دڕك ناڕوێتەوە، تا بێ دڕك لە کورتی دەداو گوڵ و بۆنی گوڵ پەرشو بڵاوو باڵاتر دەبن. بیری ئەوەیان دەکردەوە کە تا زووە چارەسەرێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە . خۆیان کەسانێکی جاڕسبوو بوون. حەزیان لێ بوو رۆژێ زووتر ئەو ژیانەیان بە بارو جۆرێکی دیکە بگۆڕێ دەیانگوت:-

" تەمەنێکی تەواو لە پیاو کوشتن و دەستدرێژیو بڕین و داپاچین چۆن دەبێ. چما ژیان هەر ئەوەیە کەئاغاکان دەیانەوێ ".

بە هەمان دەستوری ئەوانی دیکەو بە هەمان باری دەرونیو شپرەزەییو چاو پڕ فرمێسکەوە و لەسەرەتای رۆژێکی نوێدا سێ جەستەی ساردو سڕ بە خاك سپێردران، زۆربەی خەڵکەکە لەوێ ئامادە بوون، میرزا ئاغا رازی نەبوو کەسێ لە ژنەکانیان دەنگ بەرز بکەنەوە و فیزاح و هەرا بکەن. دنیا تەواو روناك بوبۆوە، کە تەرمەکان خرانەچاڵەوە و پاش ئەوە بان دران. میرزا ئاغا دڵڕەق و بێ بەزەییو خۆ راگرانە لەو کارە بۆوە، لە کۆتایی مەراسیمەکە گەڵێ جیاواز بوو لەو ساتەی کە تەرمەکەی نەجمەدین ئاغای تیا دۆزیەوە. وەك و جاران بە روویەکی توندو تۆڵ و توڕەوە لووتی بەرز کردەوە و لە خەڵکەکەی دەڕوانی. پاشان کە لێ بوونەوە وەك ئەوەی چی نەبووبێ بەرەو گوند بۆوە، پیاوەکانی بە دەورو بەرو نزیکیەوە کەوتنە ڕێ، ئەوانی دیکەش بە شوێنیانەوە، هەر هەمان ڕۆژ هەموو ئاغاوپیاو ماقوڵ و ناسراوانی ئەو گوندی دەورو بەرانە، گەشتنە دیوەخانی میرزا ئاغا، ئەوان هاتبوون بۆ لە پرسە دانیشتن، بەڵام چ پرسەیەك نەبوو. میرزا ئاغا رازی نەبوو پێش تۆڵەسەندنەوە چ پرسەیەك بگێڕێ. پیاوەکانیش لە بری مزگەوت ناچار بەرەو دیوەخان چوون، میرزا ئاغا پێشوازی گەرمی لێکردن و خۆی دڵتەنگ و خەمبار نیشان نەدا. بەڵام باسی ئەو شتانەی کرد کە لەو شەوە روی داون، میوانەکان سەریان سوڕمابوو لەو شتانەی دەیانبیست. ئەوانیش وایان هەست دەکرد کە هێزێکی لە ناکاو پەیدا بوو لە ناوچەکە جێی مەترسیە بۆ هەموو لایەکیان. میرزا ئاغا وای بۆیان دەگێڕاوە کە ئەوەی

ئەوان نیازیانە گۆڕینی هەموو دەڤەرەکەیە کۆتایی هێنانە بەو دەستەڵاتانەی ئەوان هەیانە. پێیانی دەگوت:- " ئەوانەی بە شەڕ هاتوون خەڵکی ناسیاوو کەسانی ناوچەکە نین، ئەوە دەستی داگیرکاری تێدا یەو چەند خۆ فرۆشێك، دوژمنی دوریان هێناونەتە سەرمان و هەڕەشەی لە ناەبردنمان دەکەن". میرزا ئاغا ترس و نیگەرانیو دڵەڕاوکەیەکی زۆری خستە نێو دڵی میوانەکانەوە میوانەکان هەروا گوێیان بۆ میرزا ئاغا رادێرابوو، خۆیان شتەکانیان لێك دەدایەوە. هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد کە چ هێزێك و کەسێ بتوانێ ئەو جێ و پایەیەی ئەوان هەیانە پێیانی لەق بکات . چاکیان دەزانی کە کێ لە باخەکەیە، هەرگیزاو هەرگیز لە دوو پیاو پتری لێ نەبوە، ئەوەکانی دیکە ژنە کرێکارەکان بوونە. ئەی چۆن دەکرێ دوو کەس بتوانن شەش کەس ببەزێنن و دووانیشیان لێ بکوژن. چۆن توانیویانە دزە بکەنە نێو جەرگەی گوندێکەوە و کەسانێکی بەدەستەڵات و لە چینی سەرەوە لە ناو ببەن. ئەمانە هەمووی جێی مەترسی بوون، ئەو رۆژە میرزا ئاغا چی نەکرد، تەنها کاری گرنگی ئەو رەشکردنی باخەکەو رازی کردنی میوانەکان و خەڵکانی گوندەکەی خۆی بوو. بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە. وای بۆ شرۆڤە دەکردن کە بتوانێ کاریگەریەك بکاتە سەریان و مەترسی بوونی ئەو باخە ببێتە شتێکی راست و دروست. ئەوەی ویستی هێنایە دی هەرچی ئاغاو پیاو ماقڵان و دەستەڵاتدارانی ناوچەکە بوون پشتگیری خۆیان بۆی سەلماندو پێیان راگەیاند گەر دەیەوێ چەکدارەکانی خۆیانیان بۆ دەنێرن.بەڵام میرزا ئاغا سەرەتا رازی نەبوو، گوتی:- " جارێ خۆمان ئەوەندە پیاوەمان ماوە بتوانین خۆمان بپارێزین. بەڵام گەر کارەکە پەرەی سەند، ئەوە ئێوە برای ئێمەن".

ئێمە دوو کەسی پورزاو خاڵوزا بووین، درۆیە گەر بڵێین تەنها بینەرو سەرنج دەر بووین لەو زوڵم و زۆرەی کە ئەو دەستەڵاتدارانە سەپاندبوویان بەسەر هەموو خەڵکی رەش و روتی ناوچەکە، بە زۆر کردینیان بەدڕکناس و دڕکیان لە پێش چاو شیرین کردین، تەواو بە جۆرێك خۆمان نیشان دەدا کە نەك تەنها دڕکدارین، بەڵکو یەکپارچە بووین بە بەشێك لە دڕك و لە هەرکوێ بۆنی گوڵێ، شێوەی گوڵێ، خۆی بنوێنێ ئامادەین لە گڕو کڵپەی بئاژێنین و هەتا هەتایە خۆڵەکەی بەدەم باوە بە حەواوە بێت و نەتوانن یەکگرنەوە، من و رەحیمی پورزام گەلێ لە دەستە مەعدەنیەکانی فەتە دەسڵەماینەوە، رەحیم هەردەم پێی:- " دەگوتم رەشە چی دەکەی بکە تەنها ئەوە نەبێ کە دەتداتە بەر زەبری دەستە مەعدەنیەکانی فەتە، هەندی چەکوشێکی چەند حۆقەیی کاریگەرەو ئێسك و پروسکت وردو خاش دەکات، بەر کوێت بکەوێ هەرگیز ئەو شوێنەی جەستەت وەك جارانی لێ نایەتەوە "، راستی دەکرد.. هەرچەند بە چاوی خۆمانمان نەدیبوو ئەو دەستانە بە کەسێکا بسرەوێنێ، بەڵام بە پێش چاوی زۆربەی خەڵکانی گوندەوە بەسەری گوێرەکەیەکی بێوەژنێکی سرەواندبوو، وڕوکاسی کردبوو. خوێن لە لوتو گوێچکەیەوە فیچکاندبووی و خێرەو مەنان چەقۆیان گەیاندبوە گەردەنی و لەو ئازارەیان دەرباز کردبوو.

ئەو دەمەی ویستمان هەڵبێین ترسێکی بێ سنور دایگرتین، بە تایبەتی رەحیم هەر ئەویش ترسەکەی لە منیشدا چاندو تا لە گۆرستان نەهاتبوونەوە ئێمەش گەڕاینەوە ماڵی خۆمان و ئەو شەوە یەکدیمان جێ نەهێشت، ئۆقرەمان بە خۆماندا گرت، ئێمە خۆمان و خەڵکی گوندمان لە ئارای دوو بەردی ئاشدا دەبینیەوە، کە مەحال بوو لێی قورتار بین، هەر چەندە بڕیاری چارەنوسمان کەوتبوە دەستی میرزا ئاغا کاتێ دۆست و ناسیاوەکانی گوندەکانی دەورووبەر پشتگیریو رەزایی خۆیان بۆ میرزا ئاغا دەربڕی، سور بۆمان دەرکەوت کە بەڵێ مەینەتیەکی بێ وێنە بەرێوەیە و تەڕو هیشك پێکەوە گڕ دەگرن. ئێمە جەسارەت و جەربەزەیی ئەو پیاوانەی ناو باخەکەمان بە دوو چاوی خۆمان دیبو، بەڵام ئەو خەڵکە دوو دڵ بوون لەوەی کە داخوا ئەو ناکۆکیە بە بەرژەوەندی کاملادا دەشکێتەوە، ئەوان گاڵتەو سوکایەتیان دەکرد بەو هێزەی لە باخەکە بوو، ئاغاو پیاوەکانی هەردەم بەو شێوەیە باسیان لێوە دەکردن، تا ورەیەك بخەنەوە بەری ئەوانی دیکە و بەرەو دۆزەخ پاڵیان پێوە بنێن، ئەوان بەو شێوەیە رەفتاریان دەکردو هەندێکی دیکەش لە شێوەی ئێمەو رەئوف و ئەوانی دڵیان بەو بارو دۆخە خۆش بوبو چ باکیان نەبوو لەوەی کە چی دەبێ، ئەوەندە بێ ئومێدو بێ هیوابوون لەو ژیانەیان گەر دەستیان لە خۆیان چوبایە بە دەستی خۆیان ماڵئاوایی یان لە باقی تەمەنی

خۆیان دەکردو ئەو بۆگەنیەیان لە شوێنی خۆیان بۆ زیندوەکان بە جیّ دەهێشت، رەحیم هەموو ئەو قسانەی بیستبوو کە میرزا ئاغا بە خوێن بەرچاوگرتوییەوە کردبوونی، وە هەڕەشەو گوڕەشەی توندی تۆڵە سەندنەوەی لە خەڵکانی باخەکە دەکرد . بۆ ئێوارە رەحیم هاتەوەبن دەستم و گوتی:

– "ها دەڵێی چی؟ لەسەر راکەی خۆت ماوی؟ گەر بە قسەی من دەکەی ئەمشەو لەویا رۆژ دەکەینەوە".

ئێمە تەنها ترسی بە سوتەمەنی کردنی ئەو ئاگرە مان نەبوو، بەڵکو چاوەڕوانی سزایەکی قورسیشمان دەکرد بەرامبەر بەوەی کە لە شەڕێکدا بە بەزیوی‌و بە دوو کوژراوەوە گەڕابووینەوە. من زۆر ئامادە بووم بۆ ئەو کۆچە کەبڕیارمان لە سەردابوو. رەزامەندی خۆم بۆ رەحیم نیشانداو ملی رێی چوونمان گرتە بەر. بە نێو تاریکیو ترس و سڵەمینەوە، ئەو دەشت و رێگا پڕ لە درك و داڵ و تەپەو تەلان و تاوێرانەمان دەبڕی

بەرەو پێشەوە دەچووین و بەرەو دوا لامان دەکردەوە، هەردووکمان چەکی خۆمانمان پیّ بوو، جارجارە بەدەم یەکدی دەتریقاینەوە، پێکەنینمان بەو ژیانە دەهات و قیرسیامان دەکردو پێمان بەسەر دڕکستاندا دەناو دڕکمان دەشێلت و لەبن پێڵاوەکانمان دەمانفلیقاندنەوەو نەفرەتمان لیّ دەکردن، لەو رێی سەفەرەو پێش چونەکەمان سات بە سات هەستمان بە سەروەری خۆمان دەکرد و لە گۆمی جورم و تاوان دەهاتینە دەر، ئێمە کەسانێکی خوێنتاڵی ئەویستی دیدی خەڵکانیّ دی بووین، مەحاڵ بوو بوێرین ئەوە بکەین راستی رازەکانمان بدرکێنین، کەسیّ نەبوو متمانەی بەوی دیکە هەبیّ، بەڵام وێنای خۆمانمان لە نیگای خەڵکەکە دەخوێندەوە، تیژترین و کاریگەرترین نیگایەگ کە رۆژانە بەرەو رووومان دەبوونەوە تێڕوانینەکانی کچی هەیبەت و مام پیرۆت بوون، کە تەنها کەسانێك بوون لە چاو سورکردنەوەی هیچ کەس نەدەسڵەمینەوە، تەنها کەسیّ کە لەو تێڕوانینی ئافتاوە خۆی وەلاوە نەدەنا فەتە دەس مەعدەن بوو. دەیانگوت هێند بە کچی هەیبەتیان ناو بردووە فەتە مەیلی برایەتی بۆی هەیە، هەر بە چاوەکانی نەفرەت و ریسوایی بە سەرا دەباراندین، کەچی لە ئاستی دەس مەعدەن پێڵوەکانی دەنشتنە سەر چاوەکانیو سیمای چ گرژیو لۆچیەکی تیّ نەدەما.

ئێمە پارچەییّ بووین لەو زومرە نەویستانە، لەو ناحەزو نەیارانەی خەڵکانی رەش و رووت، بێزمان لە خۆمان دەهاتەوە، بۆیە بڕیارماندا خۆمان لەو ئەشکەنجەیە قورتار بکەین و هەولیّ بدەین رووەکان بە گەشی ببینینەوە. لەم غایەلەو قسەو لێکدانەوانە بووین گەشتینە جەستە

سارد و سڕەکەی مام پیرۆت، کە لە دویَ شەوەوە یەکیَ لە کوژراوەکان پیَکابووی و لەو دەشت و هەردانە بۆ ئاژەڵە گۆشت خۆرەکانیان  جیَ هیَشتبوو. لیَی نوشتاینەوە..نەماندەزانی چۆنو چی لە گەڵ بکەین، ئیَمە مام پیرۆتمان بیر نەمابوو. بەڵام وا لەناکاو شتیَکی لەو شیَوەیەمان تووش بوو. سەرەتا ویستمان لەویَی بنیَژین، بیخەینە کویَرە جۆگەیەکەوە و بانی بدەین.. پاشان بە باشمان زانی کە لەگەڵ خۆمانی ببەین بۆ باخەکە. ناچار دامان بە کۆڵماندا خویَن بە کراسەکانیەوە وشك هەڵاتبوو. هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد مام پیرۆتی لەرو لاوازی بە ساڵا چووی ئیَسك پوکەوە بوو هیَزو سەنگی هەبیَ و بە زۆر پیَمان هەڵگیریَ. بەسەر کوچك و بەردو نیَو دڕکدا دنەمان بە کویَرە جۆگایەك دەدا کە ئاوی لیَ بڕابوو. دەڕۆیشتین و لە ئەردیَکی وشك و دزیَو پتر چی دیکەمان نەدەدی، ئەردەکەو کۆڵەکەکەمان چوون یەك بیَ گیان بوون. مرۆڤ دەیتوانی بەبۆنکردن نزیك بوونەوەی لە باخەکە هەست پیَ بکردایە، کە نزیك بووینەوە بۆنی تەڕاییو ژیان و میَرگ و مرۆڤ دەگەیشتە مەڵاشومان، ترسی ئەوەمان لیَ نیشتبوو گوللەی یەکیَ بمانپیَکیَ. چاوەڕوانی ئەوە بووین لە ناکاودا لە سەرمان پەیدا بن و لیَمان بخوڕن،" نەجوڵیَن "، ئیَمە وامان بە بیردا دەهات کە هیَشتا دووربین لەوەی کە بکەوینە بۆسەیانەوە، گەلیَ لە شویَنی پیَشوو دورتر بووین، کە دوو کەس لە سەرسەرمان پەیدا بوون و لە جیَی خۆمانیان وشك کردین، بارەکە بە کۆڵی منەوە بوو، داوایان لیَکردم کەدای نەنیَم، داوایان لە ڕەحیم کرد کە دەستەکانی بەرز بکاتەوە، کاتیَ کە وەکو ویستی ئەوانمان ڕەفتار کرد، یەکیَك نزیك کەوتەوە و ئەوی دی لە جیَی خۆی دوور لە ئیَمە نەجووڵا، ئەوەی لە نزیکمانەوە بوو لیَی پرسین کە کیَین و کویَوە دەچین. ڕەحیم ڕاشکاوانە پیَی گوتن کە دوو کەسین لە هیَڕشبەرەکانی دویَنیَ و نیازمانە خۆمان بدەینە پاڵی باخەکەو بچینە ریزی ئەوانەوە، چەکەکانیان لیَ سەندین، ئەو چەکانەی کە ئیَمە هەڵمان دەگرتن و موڵکی ئاغامان بوون، بە پیَشە خۆیانیانمان داو بەرەو باخەکەیان بردین، کە چوینە باخەکە یەکیَکیان گەڕاوەو یەکیَکیان بە تەکمان کەوت، لە بن هەرچەند درەختیَك و مەشخەڵیَ هەڵکرابوو، هەستمان بە مەشخەڵانی نیَو باخەکە دەکرد، تەرمەکەیان لەسەر سەکۆیەك پیَ دانایین، ئەوەندەمان زانی غەڵبەغەڵبیَك پەیدا بوو. دەنگی غەڵبەغەڵبەکە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە. خیَرایی نزیك بوونەوەی دەنگەکان نیشانەی نزیك بوونەوەی خاوەنەکانیان یوو لە ئیَمەوە، ئەوەندەی پیَ نەچوو گویَمان لە دەنگی گریان بوو، گریانەکە بەهی ئافتاو دەچوو. ئەوەی لامان بوو دووری خستینەوە لەویَ.. دەنگەکان تەواو نزیك بوونەوە دەنگی ئافتاومان ناسیەوە شیوەنیَکی گەرمو  بەکوڵی دەگیَرا.. بەوەی دەکرد تەرمەکەیان هەڵگرتبیَ و بەرەو جیَیەکی دیکەی ببەن.

دەنگی گریانەکە دوور دەکەوتەوە و دەنگی پێی چەندکەسێك لە ئێمە نزیك دەبۆوە. تا گەیشتنە تەکمان و بە مەشخەڵێکەوە ئەو ناوەیان روناك کردەوە، ئێمە لە ژێر کەپرێك دانرابووین، دەریان کردینە دەرەوە. چوار کەس وەستابوون چاوەڕوانی دیتنی ئێمەیان دەکرد، رەئوفمان ناسیەوە، رەئوف هاوڕێیەکی نزیکی رەحیم بوو، بە خێرهاتنی کردین و ئێمەی بەوانی دیکە ناساند، شێرۆ هاتە پێشەوە و لێی پرسین کە چۆن وا هاتووین، من گوتم هاتووین ببینە کەسانێك لە ئێوە، پرسیەوە:- " بۆچی دەتانەوێ ببن بە کەسانێ لە ئێمە؟"، رەئوف گوتی:

- "کاکە شێرۆ من ئەمانە دەناسم گەر پێیان بکرابا لە زوەوە بو بوونە بەرهەڵستکار، بەڵام کەسێ دەسەڵاتێکی نەبوو " گوتی -" من دڵنیام لەم جۆرانە زۆرن و پاش ئەمان دێنە پاڵتان"، شێرۆ قۆڵی رەئوفی گرت و هەندێك لە ئێمەی دوور خستەوە ئاگامان لێ بوو دەدوان، پاش تۆزێ گەڕانەوە لامان و شێرۆ پرسیاری چۆنێتی کوشتنی مام پیرۆتی لێکردین و چۆنێتی هێنانی لەلایەن ئێمەوە، ئەوەی راستی مەسەلەکە بوو بۆمان گێڕاوە، بەوەی دەکرد بڕوای پێمان هێنابێ، من و رەحیم گۆڕمان بۆ هەڵقەندو ئافتاوو رەئوف و خوشکێکی و شێرۆو مامۆستاو دایە مریەم و چەکدارێ ئامادەی مەراسیمی ئەو ناشتنە بوون.

ئێمە کە هاتین ئەو بیرەمان لە کەللە دەرکرد کە جارێکی دیکە هەمان ژیانی پێشووترمان دووبارەو درێژە پێ بدەینەوە، زۆرمان لامەبەست بوو کە بتوانین لە ژیانێکی نوێی ئارامتر بژێین، ئێمە تازە کەوتبووینە ژیاننێکی دیکەو جیهانێکی دیکەی گەڵ لەوەی کە تیای بووین جیاوازتر ، ئارەزووەکانی ئێمە هەند نەبوون، کەم و گچکە بوون، کەچی هەرگیز نەماندەتوانی سنورێك بەرەو بەدیهێنانیان بشکێنین، ژیانمان وەکو ئەو پەلەوەرانە بەسەر دەبرد کە لە قەفەزەکاندا دەماندیتن، ئەو شەوەی کە رەحیم و رەشە جەستەی بێ گیانی مام پیرۆتیان وەکو نیاز پاکیەك بە کۆڵ گەیاندە باخەکە، پاکیو نا پاکی ئەو جوتەیان خستە ئۆباڵی من و منیان بە چاودێرو لێپرسراوی ئەوان لە قەڵەمدا، بەو شێوەیە وەك و هەرکەسێکی باخەکە مامەڵە و رەفتاریان لەگەڵ دەکرا، شێرۆ زۆری لەگەڵ هەوڵدام کە خوشکەکانم ببەم و باخەکە جێ بێڵم، دەیگوت:- " من بەرەو شوێنی دوور رێت پێ نیشان دەدەم. با تووشی ئەو ئافاتە نەبن کە هێشتا نەهاتووە"، دەیگوت:- "ژیانی ئارام و بەدڵەخۆ لەو باخە دەست ناکەوێ ". بڕیاری دابوو کە شەڕێکی چارە نوسسازی بگێڕێ و لێی پاشگەز نەدەبۆوە، ئەو شەڕەی تەنها بە شەڕی خۆی دەزانیو پێی خۆش نەبوو کە ئێمە تێوەی بگلێین، دەیگوت:- " ئێوە بۆ ئەو شتە لە بار نین، باری ژیانتان رێگای ئەوەتان پێ نادا، ئەم جۆرە کارانە پیاوی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەوە وەکو کاری خۆی تەماشا دەکات، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە پێوەی لکاوە و پێ ی ئاشنان، کەسانی پێش خۆیان ناحەزەکانیان دوژمنەکانیان هەند فشارو زوڵم و نا عەدالەتیان دەرهەق کردوون هەموو رۆژێك هەموو ساتێك لە بەربەرەکانین"، دەیگوت:- " ئەو جۆرە رەفتارانە لە تەکیان گەورە بوون و تازە ناتوانن لێی جودا ببنەوە".
ئەو داواکاریەی شێرۆ تەنها بۆ من و خوشکەکانم نەبوو ئەو ئافتاویشی بە خوشکی من و سەر بە منی دەژمارد، بەلاّم ئافتاو و خوشکەکانیشم بە توندی ئەوەیان رەتکردەوە، نەیاندەویست یەك بست لەو زێدی خۆیانە دورکەونەوە پێیان گوت:

- "کاکە شێرۆ ئێمە تەنها بەم هیوایەوە هەناسە دەدەین، ئێمە خۆ تەنها نین، کۆمەڵێ کەسوکارمان لێرەن کۆمەڵێ کەسوکاری گیاندارو بێ گیان.ئێمە ناتوانین ئەم هەموو شتانە جێ بهێڵین، ئێمەی کەسو خەڵکانی گوند یەکماڵ و یەك روح و یەك دڵ بووینە لە نۆشینی تاڵی و شیرینیەکان، ئێستە ناکرێ ئەوان لە تاریکی جێ بێڵین و خۆمان بەرەو جیهانی روناکی هەڵێین"، ئافتاو گوتی:

- "هاتنی ئێمە بۆ ئێرە خۆ دەربازکردن و دۆزینەوەی ژینێ نیە، هاتنی ئێمە خۆ خستنە سەنگەرەوەیە بۆ گۆڕینی ژینی خۆمان و هەموو خەڵکەکە"،

ئافتاوو خوشکەکانم دەیانگوت:- " کاك شێرۆ ئێمەش وەك و ئەو هەموو کەسانەین کە رویان لێرە کردووە بۆ یارمەتیدان، ملی ئێمەش وەك و ملی ئەوان لە موویەك باریکتر دەکەینەوە. چارەنوسمان دەبەستین بە چارەنووسی ئێوەوە".

پاش سپاردنی مام پیرۆت، شێرۆ هەموو کونو کەلەبەرو خەندەقو رێگەو بانەکانی باخەکەی نیشان رەشەو رەحیم دا، وە ئەو چەکانەش کە لێیان سەنرابوو بۆیان گێردرایەوە و بەرەو خەندەقەکانی بردن و ئەو شوێنانەشی پێ ئاشنا کردن، پاشان بە چەکدارەکانیانی ناساند، کە ژمارەیەکی دیکە هاتبونە پاڵ ئەوەکانی دیکە، ئەوانیش خزینە خەندەق و سەنگەرەکانەوە، بەڵام هەریەکەیان بە تەنێ و لە گەڵ کەسانی دیکەو دوور لە یەکتر.. شێرۆ هەموومانی ئاگادارکردەوە و داوای لێکردین کە هەرکەس لەلای خۆیەوە چاوکراوە و ئامادەی بەرپەرچدانەوەو بەرگری هەر ئەگەری مەترسیەکی کت و پڕی ببێ.. رەشەو رەحیم تەواوی سەرگوزەشتەی گوندیان بۆ باسکردین، پێیان راگەیاندین کە میرزا ئاغا رازی نەبوە پرسە بۆ براکەی و بۆ هیچ کەسی دیکە بگێردرێ، تا تۆڵەیان نەسەندرێتەوە، وایان بۆ باسکردین کە هەموو پیاوانی گوندو پیاوماقوڵان و ئاغاکانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەڵێنیان داوە کە بە هەموو جۆرێك پشتگیری لە میرزا ئاغا و خاکی ئەو ناوە بکەن، ئەو شکاندنەوەیەی شەوی کوشتنی نەجمەدین ئاغا و هەموو ئەو روداوانەی لەو شەوە رویاندا سەبوریەکیان وە من و ئافتاو بەخشی، تەواو بڕوامان بەوە هێنا کە جارێکی دیکە ناتوانین بە ژینی کۆیلەیی رازی بین و مەحاڵە دەستەڵاتی ئەوانیش بگاتە ئێرە، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە چەندین چەکداری دیکەی لەهاوڕێکانی شێرۆ گەیشتنە باخەکە. کاتێ گەیشتن دەتوت بۆ ئاهەنگ گێڕان هاتوون دەم بە پێکەنین و رووگەش دیار بوون. هەموو لە دەوریان کۆ بووینەوە بەیەك بەیەکمانیان ناساند، بەتایبەتی پیاوەکان و دایە مریەم. دایە مریەم وەك پیاوێك رەفتاری لەگەڵ دەکرا، بۆ یەك ساتیش چەکەکەی فڕێ نەدەدا. هەموو ئەو کەسانە چەکی خۆیانیان پێ بوو، شێرۆ پێی گوتن:

- "چەکەکانتانیش لە شان ناوەو هاتوون". دەیانگوت:

- "ئەم چەکانە ئەو کات لێمان جودا دەبنەوە کە ئێمە لێیان حودا بینەوە و جارێکی دیکە نەتوانین بە چاو بیانبینین و توانای ئەوەمان نەمێنێ هیچ ئەندامێك و هیچ پەلێ لەلەشمان ببزوێنین و پێی هەڵی گرین، دەناچەك هەرچەکی ئێمەیەو ئەم جۆرە کارانەش کاری ئێمەن".

بە هەمان شێوەی ئەوەکانی دیکە یەکەم ژەمیان خواردنێکی تایبەت بوو، پاشان بەرەو خەندەقەکان ملیانناو بوون بە دەستەیەك لەوانی دیکەی پێش خۆیان. تەهاو خوشکەکانم و

ئافتاو زۆر شادمان بوون بە دیتن و هاتنی ئەو چەكدارانە.. كەسێك نەبوو باوەڕ بە چاوەكانی خۆی بكا، دەیانگوت:- " ئێمە وامان دەزانی كە ئەم شتانەی ئێستە روو دەدەن مەحاڵە ببیٚ و شوێن و كەسێكی وامان شك نەدەبرد كە هەرگیز بتوانیٚ ببێتە پەناو ببێتە رابەر"، ئافتاو كە زۆری خەمەكانی لە كەسانی دیكە پتر لە خۆ لولدابوو فرمێسك لە چاوەكانیا قەتیس مابوون و بزەو پێكەنینی وەك چرۆ تازە لەسەر لێو دەپشكوت، چەندین ساڵ بوو ئەو شتانەمان نەدیبوو، ئەو هەموو خۆشیە بە جارێك دەباری، خۆشی هەند زۆرو قەبە بوو هەموومانی پڕكردبوو. ئافتاو دەیگوت:

- "من خەونێكی سەرەو قوچم دیوە، ئەوەی ئێستە دەیبینم پێچەوانەی خەونەكەمە، كوا گریان و كۆست كەوتن، كوا توانەوە و خوێن داچۆڕین، رۆژ بە رۆژ سات بە سات خۆشی بە لێزمە دەباریٚ".

تەڕاییو دەنگی پەلەوەرو بۆنی گوڵ و میوەی هەمە چەشنە، تام و چێژێكی نوێی دەبەخشی و ژیانێكی نوێی نیشان دەداین، دایە مریەم كە تێی دەڕوانین بزەی دەهات و لە خوا دەپاڕایەوە كە ئەو هەستەمان بەردەوام بێو جارێكی دیكە تەنها رۆژێكی ژیانی پێشوو نەبینینەوە.

لەو دوو رۆژە ئافتاو خەریك بوو جوانیە تێك شكاوەكەی كۆ دەبوونەوەو زیندو دەبۆوە. ئەو جوانیەی كەلە هەیبەتەوە وەری گرتبوو، ئەو هەیبەتەی كە جوانیەكەی لەبیری هیچ كەس لەوانە دەرناچیٚ كە تەنها جارێكیشیان دیتبیٚ، ئەو هەیبەتەی كە وێنەكێشێكی بلیمەت دێوانە دەكات و هەموو كارامەیی هونەرەكەی لە كێشانی تابلۆیەكی ئەو روخسارە لەسەر تاشە بەردێكی بەر ئەشكەوتیٚ خەرج دەكا. ئەو هەیبەتەی كە بەو ناسكیو بەو جوانی خۆیەوە كەسێكی بێدڵی بێبەزەیی وەك و فەتە دەخاتەوە، ئەو فەتەیەی كە مەیلی برایی بۆ كچی هەیبەت جوڵابوو.

تاك و تەرا كەسانی دیكە لەو گوندەی خۆمانەوەو لە گوندانی ئاغاكانی دیكەوە دەهاتنە لامان. دەهاتن و دەستیان دەخستە نێو دەستمان و سوجدەیان بۆ ئەو خاك و باخ و گوڵستانە دەبرد، سوێندیان دەخواردو بەڵێنیان پیٚ دەداین كە چارەنووسیان بخەنە پاڵ چارەنوسمان و توانایان بخەنە سەر توانامان و دوژمنمان دوژمنیان بێت و ئامانجیشمان ئامانجیان بێت، لە سەرەتای هاتنی هەركەسێك پێش هەمووشت و پاش خۆناساندنیان وسوێند خواردنیان. پیاسەو گەشتێكی نێو باخەكەیان دەكرد . هەناسەی هەوایەكی پاكیان هەڵدەمژی.. خۆیان لە تۆزو گەردی ئەو هەموو ساڵانی وشكیو بیٚ بۆنیو لەش لە دڕك چزانەیان لە خۆ دەتەكاند..

هێند خۆیان له باخه‌كه تل ده‌دا تا تاسه‌یان ده‌شكا. ئه‌و سا ده‌هاتنه‌وه لامان و ده‌یانگوت:– " خه‌نده‌قمان نیشانده‌ن، جێگاكانمان دیاریكه‌ن كاره‌كانمان پێ بسپێرن"، ده‌یانگوت :– " فه‌رمانه‌كانتان هه‌رچی بێ ئێمه جێبه‌جێیان ده‌كه‌ین. ئێمه خواردنو خه‌و له‌لامان گرنگ نیه، گرنگ ئه‌وه‌یه بتوانین ببین به مرۆڤ. ببینه مرۆڤێ بتوانین ئه‌م گوڵستانه بپارێزین و بست به بستی دڕكستانه‌كه‌ش پاك بكه‌ینه‌وه و سه‌رتاپای خاكی ئه‌م ده‌ڤه‌ره بكه‌ین به گوڵستان".

ماموٚستا شه‌ماڵ تاس بردبوویه‌وه. كونج به كونجی باخه‌كه‌ی ده‌پێوا، ده‌چوه بن ده‌ستی شێرۆوه‌و هیوا به‌خشی ده‌كرد، وره‌ی ده‌خسته‌وه به‌ر هه‌موومان، وای نیشان ده‌داین كه له‌و كارانه رازیه، به‌وه‌ی ده‌كرد هه‌رگیز چاوه‌ڕوانی شتێكی وا نه‌بووبێ، باوه‌ڕی نه‌كردبێ ئه‌وه‌نده كه‌سه تامه‌زرۆی به ده‌ستهێنانی ئازادی خۆیان و رزگاركردنی خاكێك بن له مردن.

دایه مریه‌م وه‌كو دایكی هه‌موومان به سه‌رمانی ده‌كرده‌وه، دایكێكی دادپه‌روه‌ری به یه‌ك چاو سه‌یركه‌ر، دڵی من و ئافتاوی ده‌دایه‌وه، سه‌ری له چه‌كداره‌كان ده‌دا، پێی ده‌گوتن:– " چیتان پێویسته؟"، ده‌چووه‌وه لای ژنه ره‌شپۆشه‌كان، ئاگاداری ده‌كردنه‌وه، گوێی له راكانیان ده‌گرت، راكانی ده‌گه‌یاند به یه‌ك، تا بیرو راكان لێك جیاواز نه‌بن، هه‌وڵیده‌دا هاوسه‌نگیه‌كی پوخت بخاته نێو مێشكه‌كان و كاره‌كانی نێو باخه‌كه.. ته‌های مێرد منداڵ چی پێ بگوترایه وه‌ك بروسكه به‌له‌شه سوك و گورجه‌كه‌ی رای ده‌په‌ڕاند. ئه‌ویش شوێنی به خۆی نه‌ده‌گرت و هه‌موو كه‌سێكی به‌سه‌ر ده‌كرده‌وه. هه‌ر جارناجارێك ده‌یدایه چریكه‌ی گۆرانی، گۆرانیه‌كی به سۆزو دڵگیر ..

ئه‌و كاته‌ی كه هه‌موو چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نیه‌كانیان گواسته‌وه بۆ ناو خانوه‌كه ئه‌و چ كارێكی دیاری كراوی به‌ده‌سته‌وه نه‌بوو، هه‌رچه‌نده ئه‌و ئه‌ركی چاودێری كردنی چه‌كانه له ئه‌ستۆی ئه‌ویش بوو، له هه‌ر سوڕانه‌وه‌یه‌كی به‌ناو باخه‌كه خێرا ده‌گه‌ڕاوه و سه‌رێكی لێ ده‌دان و ده‌یژماردنه‌وه، بوبوه خۆشه‌ویستی هه‌موومان، بوبوه برای ئه‌وانه‌ی برایان له ده‌ستدابوو، بوبوه كوڕی ئه‌وانه‌ی كوڕیان له ده‌ستدابوو. بوبوه كه‌سێكی نزیكی هه‌موومان.

ئەوەی بوو بوو، ئەوەی هاتە پێشەوەو رویدا راستیەك بوو دەبوا بڕوامان پیَ بكردبا، روداوەكان هەند بە پەلە چوونە پێشەوە و هێزی ئێمەش هەند بە خێرایی دەستەڵاتی خۆی سەپاند، كە دڵخۆشیەكی بە هەموو كەسێكمان بەخشی، سەركەوتن لە هەچ شتێكا، تاموچێژێكی تایبەتی هەیە، سەركەوتن لە كاریَ بە دڵیش نەبیَ، وا لە مرۆڤ دەكا سەركەوتنێكی دیكەش تاقی بكاتەوە، بەڵام تاقی كردنەوەو نەكردنەوەی ئەو شەڕانە بە دەستی خۆمان نەبوو. شێرۆ  شتگەلێكی ئەنجامدا ئەوانی دیكە بورۆژێنیَ، لوت بەرزیو بوغرایی ئەوانیش زۆر پەلەی پێكردن و وەزعەكەیان خراپتر شێواند، هەر هەموو ئەوانەی لە باخەكە بوون و ئەوانەیش كە پاشان پەیوەندیان پێوە كردین، رێی زەبرو زەنگ و تۆڵە سەندنەوەو  هێنانەدی رۆژێكی نویَ و ژیانێكی نوێیان هەڵبژارد. ئەوەی شێرۆ پێویستی پێبوو لە مرۆڤ و پێویستیەكانی دیكە بۆ ئەو مەبەستە بە دەستیهانی. هەموو پەلەپەلی كەورە بوون و یەكلاییركردنەوەی ئەو ناكۆكیەیان بوو، دەیانویست رۆژانی پاش ئەوە ببینن، دەیانویست وەرزی كرێوە و سەرمای هەڵلەرزێنەر ببڕنەوەو وەرزێكی نوێی پڕ گولَ و سەوزە گیاو زیندوو بێتە كایەوە. پاش ئەو شەوەی كە ئافتاوو ئەوان گەیشتنە باخەكە و شێرۆ رووی لە گوندەكەیان كردوو گۆبەرۆكەكەی بۆ گێڕایەوە، دۆخەكە گرژوو ئاڵۆز بوو، دوو رۆژان هیچ كارەساتیَ رووی نەدا، ئەو دوو رۆژە باشترین ماوەیەك بوو كە شێرۆ تیایدا هەموو كارێكی خۆی رێككخست. بەڵام پاش دوو رۆژەكە هێرش كردنە سەرمان بە بەردەوامی دەستی پێكرد هەر رۆژەی كۆمەڵیَ كەس دەنێردرانە سەرمان و چەكدارەكان هەرگیز جێی خۆیان بەر نەدەدا، لە هەموو هێڕشەكان نەیارەكان دەشكان و چەندین كوژراویان لێدەكەوتەوە. من نەمدەزانی ئەوە هێزی تەواویان بوو یاخود تەنها هەڕەشەو تاقی كردنەوەمانە، لەگەلَ هەر سەركەوتنێك و چەندین كەسی دیكە پەیوەندی پێوە دەكردین، سەرەتا لە گوندی میرزا ئاغاوە . بەڵام پاشان لە گوندە دوورەكانیشەوە دەهاتن و باسی دەڤەرەكەیان بۆ دەكردین، باسی ئەوانەیان دەكرد كە بڕوای تەواویان بەو هێزی باخە هێناوەو هێزێكی ئەو تۆ لە ئارادا نەماوە بتوانیَ بەلایدا بهێنیَ و شكستی پیَ بێنیَ، من گەلێك ئازارم دەچەشت و خەمی هەموو ئەو روحانەم دەخوارد كە لە جەستەكان دەردەپەڕێنران و بنیامەكان لە جولەو گەشەو قسەو گریان و پێكەنین دەكەوتن. بەڵام  هاوڕیَ چەكدارەكانی شێرۆ چ باكی ئەو شتانەیان نەبوو. دەیانگوت:– " ماموٚستا ئێمە وەكو تۆ نین،  ئێمە بۆ ئەمە لە دایك بووین، ئێمە گورزی دەستی پەروەردگارین و زاڵمەكانمان پیَ سزا دەدریَ، ئەو پەروەردگارەش هەچ كاتیَ كاری پێمان نەما زەلیل وداماوو بێدەستەڵات  و بیَ جورئەت فەرامۆشمان دەكاتو لە كاتو میعادی خۆماندا كەسێكی

دی وەك خۆمان دەنێرێتە سەرمان و ئەو روحەمان لێ دەکێشێتەوە ". شەڕەکان تا دەهاتن خوێناوی ترو گەورەتر دەبوون. من دیسانەوە کەوتمەوە هەوڵی بەربەست کردن لەو توندو تیژیە. ویستم چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوەو ئەو خەڵکانە لە مەرگ رزگار بکەین، بەڵام کەسێك ئەوەی نەدەویست، کەسێ لە قاڵبی خۆیدا نەمابۆوە. رێك وەك ئەو گیانلەبەرانەیان لێ هاتبوو کە لە رۆژانی زۆر سەختی بەفرو بەستەڵەکی بێ دەرفەتا بۆ دابێنکردنی پارووییێ، کون بە کون وگەز بە گەزی ئەو ناوە دەپشکنن، ئەو چەکدارانە هەموو کەیفساز بوون و بە شێوەیەك دەیاننواند دەتوت دەچنە ئاهەنگ و بەزم، هیچ ئامادەی ئەوە نەبوون کە گوێ لە کەسێکی وەکو من بگرن کە دەیەوێ ئەو بەزم و خۆشیەیان لێ حەرام بکات و بێ لەزەت تیا شکاندن، بەسەریاندا رابورێ.

ئەوەی وای لێ کردبوون ئەو سەرکەوتنانە بوو کە بە سانایی بە دەستیان دەهێنان، لە چەندین هێرشدا کەسێك نەیتوانی بگاتە سنوری باخەکە، هەرلەو دوورەوە دەشکان و بەزەرەرو زیانی چاوەڕوان نەکراوەوە دەگەڕانەوە، هەندێ جار لەملاو لەولاوە تاکو تەراك دەیانویست دزە بکەنە ناو باخەکەوە، بەڵام بە شێوەیەك پەرژینیان بەستبو، پەرژینی مرۆڤی چەکدار، کە بچوکترین خشۆك بێئاگایی ئەوان نەیدەتوانی دزەبکاتو تێپەڕێ. هەر هەموو ئەو هۆزو تیرانە پیاویان هەناردە سەرمان و لە هەموو پیاویان کوژرا، خوێنی زۆرێ لەوان رژانە سەر بەردو بن بنچکە دڕك و داڵی دەوری باخەکە. ئێمە زانیمان کە هەرچی هێزوو توانای ئەو دەڤەرە بوون بۆمان کەوتبونە خۆ، هەرچی ناکۆکیو دوژمنایەتیو کێشەیەکیان لە ئارادا بوو، هەموویان بەلاوە نابوو. تەنها ئەو شەڕەو ئەو ناکۆکیەی ئێمە لە گەڵیان توانیبووی تەنها بۆ جارێك یەکریزیان بکات و یەك دەنگ و یەك بڕیار بدەن و لولەکان ئاراستەی لایەك بکەن. شەڕەکە رۆژ بە رۆژ پەرەی دەسەندو ئەوانەشی کە روویان لێدەکردین ژمارەیان لە زیادبوونی دەدا، ئەو رەوشە وای کرد کە ئازوقەو خۆراك لەکەمی بدات، ترسی زۆری بڕانی ئازوقەمان لێ نیشت، چواردەوری رێگاو بانەکان لێمان گیرابوون. هەرگیز بیری ئەوەمان نەدەکردەوە بچین لە شوێنانی دیکەوە زەخیرەو پێداویستی شەڕ مسۆگەر بکەین. ئەو کەسانەی روویان تێدەکردین زۆربەیان کەس و کاریان دەربەدەر دەکران و دەس بە سەر ماڵەکانیاندا دەگیرا، یا دەسوتێنرا، زۆربەی ئەو خێزانانە بە روت و رەچاڵی روویان لە باخەکە دەکرد، بەڵام کە شەڕ پەرەی سەند، کەسێ نەیدەتوانی خۆی بگەیەنێتە لامان. بیستبومان کە چەندەها کەس لەوانە دراونەتە بەردەستڕێژوو کوژراون. بێ دەسپاراستن لە هەرچیەك لە ژن و منداڵ و پیرو لاو. ئەو هەواڵی کەم بوونەوەی خۆراکو ئازوقەیە لە باخەکە بڵاو بۆوە. خەریك بوو دەبوە جێی نیگەرانی

خەڵکەکە، بەڵام شێرۆ نەیدەویست کارەکە لە ژێر دەستەڵاتی دەرچێ و گرکانێك لە ناو خۆماندا بتەقێتەوە. بۆیە بڕیاریدا کە هێرش بکاتە سەر گوندەکان و شەڕەکە یەکلا بکاتەوە و ئەو کەسانەی لایەنگیری بوون لە مەترسی برسیەتی رزگار بن.
من سەرەتا وام بە بیردا هات گەر ئەو کارە بکەین ئەوە چی ژن و منداڵ و دارو بەردی ئەو گوندانە هەیە  بە روماندا دەتەقێنەوە و دەماندەنە بەر بەردو تف و نەفرەتی خۆیان، سەبارەت بەوەی کە ئەوەندە کەس و کارمان لێ کوشتوون، بۆیە ئەو لێکدانەوەیەم بۆ باسکردن و بە شتێکی خراپ و خەتەرناکم ناساند. بەڵام شێرۆ هەرگیز رازی نەبوو بە گوێم بکات. لەوەتی شەڕ هەڵگیرسابوو راکانم چ پایەو پێگەیەکی ئەو تۆیان نەبوو، بەبەراورد لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە کارمان بۆ دەسپێکردنی ئەو شەڕە دەکرد. شێرۆ پێی گوتم:- " هەموو قۆناغێك و راوێژ کارو پسپۆڕی بواری خۆی دەوێ"، تاڕادەیەکی کەم و زۆر راکەی دروست بوو، ئەوەی ئەوان لەم قۆناغە سەختە دەیانکردو سەرکەوتنیان تێدا بە دەست دێنا. هەرگیزاو هەرگیز لە ئاستی بیرکردنەوەو لێکدانەوەکانی مندا نەبوون، جارجار خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو لە هەرکاتو ساتێکدا بێت چواردەورمان دەتەنن و یەك تۆز دەرفەت بۆ رزگاربوونی بچوکترین زیندەوەریش لە باخەکە ناهێڵنەوە، هەموو کۆت دەکرێین و وەکو ئاژەڵ لە قەفەس دەخرێین و دەکرێینە جێگاڵتەی گەورەو بچوکی ئەو ناوە، ئەم نیگەرانیانەی من شایەتحاڵی نەشارەزاییم بوو لە تواناو بەرزەئاستی بیری سەربازی ئەو چەکدارانەو شێرۆ بە تایبەتی.
ئەو بڕیارە کوت و پڕەی شێرۆ چوون بۆنی گوڵەکان بە ناو باخەکە بڵاو بۆوە، زاخاوێکی دایە مێشکی خەڵکەکە، خەڵکی گوندەکە دەستیان کرد بە ئاهەنگ گێڕان و بەزم و خۆشی، هەر هەموو پشتگیری راکەیان کردوو بە باشترین هەنگاوێکیان ژمارد، دەیانویست ئەو خۆشیو سەر فرازیە بگوازرێتەوە گوندەکانیان و نێو ماڵەکانیان، ئەوان کە شوێن و ماڵی خۆیان جێ هێشتبوو، بە دانپیانانی خۆیان هەرگیز چاوەڕوانی دەرباز بوون نەبوون و بە بیریاندا نەدەهات بتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە گوندەکانیان، ئەوان وایان لێکدەدایەوە ئەو رۆژە یا بۆ شەوەکەی ئەو پلانە جێبەجێ دەکرێ، بەڵام وا نەبوو، کەوتنە گومانەوەو دەستیا کرد بە فشار خستنە سەر شێرۆ بۆ پەلە کردن لەو هەنگاوانە، بەڵام شێرۆ کە لە گەڵ هاوڕێکانی تاوتوێی ئەو کارەیان کردبوو وایان بە باش زانیبوو کە چەند رۆژێ دیکە دان بە خۆیاندا بگرن، ئەمان لە شوێنێکی چوون قەڵاوە سەنگەری خۆیانیان گرتبوو دەیانگووت:- " با چاوەڕوانی هێرێشێکی دیکەیان بین تا چ نەبێ هەندێ لاوازتر ببن و ئەو هێزەیان لە گوندەکان کەم بێتەوە"، چەند رۆژێك بەو چاوەڕوانیەوە دانیشتن، هێزەکانی ئەوان لە دوور دەبینران بەڵام

بەرەو پێشەوە نەدەهاتن، وەکو ئەوەی ئەوانیش چاوەڕوانی شتێك بن و پیلانێکیان دارشتبێ، زۆری هاتنی خەڵکەکە بۆ باخەکەو ئەو ئابڵوقەیەی خرابوە سەرمان وای کرد کە لەو چەند ڕۆژی چاوەڕوانیە ئازوقەکان کەمتر ببنەوە، نیوەڕوانێکیان شێرۆ لێم نزیك کەوتەوەو گووتی:

– "مامۆستا چاوەڕوانیەکەمان درێژەی کێشا وامان بڕیاردا ئەمشەو دەمەو بەیان هێڕشەکەمان ئەنجام بدەین".

هەمان شتی بە دایە مریەمیش ڕاگەیاندوو داوای لێکردین کە ئێمە لە باخەکە لە گەڵ چەند چەکدارێ بمێنینەوە، بۆ پاراستنی گیانی ئەو خەڵکە، لە کاتی ڕودانی هەر شکستیو دژە هێڕشێکی نەیارەکان بۆ سەر باخەکە،،ئەو کەسانەی کە پێویست وا بوو بمێننەوە، من و دایە مریەم و هەموو ژنە ڕەشپۆشەکان و ڕەئوف و خوشکەکانیو ئافتاوو تەهاو کاك لوقمانی برین پێچ بوو، گووتم: – "کاکە شێرۆ تۆ دەتەوێ چی بکەی؟ هێڕش بکەیو ئەمبارەکان تاڵان بکەیو بکشێیتەوەو دیسانەوە ئەو خەڵکانە بخەیتەوە ژێر ڕکێفی ئاغاکانەوە؟" گووتی:

– "مامۆستا ئەوەی ئێمە دەیکەین نازانین ئەنجامی چی دەبێ، ئێمە خۆمانیش تا ئێستا نازانین لەو گوندانە چیمان بەرەو ڕوو دەبێتەوە، گەر سەرکەوتین ئەوە بە کەیف و ئارەزووی خەڵکەکە هەڵسو کەوت دەکەین، بڕیاردان لە سەر مانەوەو نەمانەوەمان لە گوندەکان لە دەستی خەڵکەکەیەتی". شێرۆ ڕای خەڵکی ڕەشو ڕووتی بە لاوە گرنگ بوو، ئەو وەڵامەی شێرۆ حەکیمانە بوو، کاك ڕەئووف لێمان نزیك کەوتەوەو سڵاوی لێکردین، ئەویش هەمان پرسیارەکانی دوبارە کردەوەو هەمان وەڵامیشی درایەوە، پاشان پرسی:

– "باشە گەر ئێوە هێڕش ببەن پێویستیتان بەکەسانێ نابێ لە پاشتانەوە پێویستیەکانتان بۆ دەستەبەرکەن؟" گووتی " من وای بە باش دەزانم ئێمەیێ کە پاراستنی خۆراکو تەقەمەنیەکانمان پێ سپێردراوە بە پێی چوونە پێشەوەتان بە شوێنتانەوە بین ". منیش پاڵپشتی قسەکانی ڕەئوف بووم و گووتم:– " ئەوە کارێکی پێویستە.. وە بە لایەن خۆمیشەوە حەزم لێیە لە سەنگەرەکانی پێشەوە بم لە گەڵ ئێوە". لەو کاتەدا تەهاو ئافتاویش لێمان نزیك کەوتنەوەو هیچ قسەیەکیان نەکرد، دیاربو تەنها هاتبوون گوێیان لەو قسانە بێ کە لەو بارەیەوە دەکرا، وردە وردە خەڵکی گوندەکانیش ئەوانەی کە چاوەڕوانی ئەنجامدانی هێڕشەکە بوون تا ساتێ زووتر بە کەسو کاریان شاد ببنەوە لە دەورمان کۆ بوونەوە، غەڵە غەڵب پەیدا بوو، یەکێ لە ژنەکان گووتی:

– " ئێمە ئامادەین هاوشانتان بجەنگین گەر گومانی ئەوەتان هەیە هێزەکەتان لاوازە. ئەم شەڕە شەڕی خۆمانە ". یەکێ دیکە گووتی:

– "بەڵێ ئێمە ماڵ و خانوو کەسو کارمان جێ هێشتووە، بۆ ئەوە نەهاتووین هەتا هەتایە لەم باخە بمێنین و ئەوەکانی دیکە لەو مەرگەساتە جێبێڵین، ئێمە دەمانەوێ هەرچی خەڵکی گوندەکانن وەك ئێمە سەرفراز بن ".

ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون و قسەیان دەکرد هەموو بێوەژنو کچو پیاوی پەککەوتە بوون، دەیانویست هەموو بە شوێن هێرشبردنەکەوە بکەون و ئاگاداری هەموو شتێك بن. یەکێکیان کە پیاوێکی کامڵی گوندەکانی دیکە بوو گووتی:

– "کاك شێرۆ.. خوا بەو ڕۆژە نەکا گەر ئێوە شکست بێنن ئێمە لێرە چیمان پێ ناکرێ. پاش ئێوە ئێمەش ئاگر تێبەر دەدرێین و هەموو لە ناو دەچین، جا هاتنمان لە گەڵ ئیوە هێزێکی یەدەکەو گەر شتێکیشمان بە سەردێ هەر لە گەڵ ئێوە بێ باشترە، چ نەبێ زوو لە ناو دەچین و تووشی ریسواکردنو ئەشکەنجەدان نابین ".

ژمارەی ئەو کەسانەی لەوێ کۆ بوبوونەوە خۆی لە پەنجا کەس دەدا، شێرۆ داوای لێکردن هەندێ بێدەنگ بن، پێی گووتن:

– "باوەڕ ناکەم شکست بێنین، گەر ئەوەش بوو بەرەو سەنگەرەکانی خۆمان دەکشێینەوەو ئەو کات دەتوانین پارێزگاری لە ئێوەوباخەکەو خۆمانیش بکەین، وە من سەرکەوتنم وەکو ڕۆژ لێوە دیارە وە ناشلێم ئیوە بۆتان نیە بێنەوە گوندەکانتان، تەنها ئەوەندەیە کەی دەستەڵاتمان بە سەر گوندێکەوە شکا ئەوە ئێوەش دەتوانن بێنو تا ئێمە لەوێ بین ئێوەشی تیا بمێننەوە، بەڵام ئەگەر هێزی ئەوان دەریان پەڕاندین یا خەڵکەکە رازی نەبوون لە گوندەکانیان بمێنینەوە ئەوە بە ناچاری دەبێ پاشە کشە بکەین ". یەکێ هاتە وەڵام و گووتی:

– "کەسێ لەو خەڵکی گوندانە ئەوەتان لە گەڵ ناکەن، هەموو چاوەڕوانی فرادڕەسێکن لەو زوڵم و زۆرەیان قورتارکا "، گووتی" ئێمە دەچینەوە لای کەسو خزمەکانی خۆمان ئێمەی خەڵکی گوندەکان هەموو خزم و کەسی یەکین، هەموو پاڵپشتی ئێمەن و ئێمەش پاڵپشتی ئێوەین".

خەڵکەکە بە راکەی شێرۆ رازی بوون کە دەبێ چاوەروان بن تا گوندەکان ئازاد دەکرێن و ئەوکات بگەڕێنەوە، سەرەڕای ئەوەی باخەکەیان گەلێ خۆش دەویست بەڵام تەواو دیمەنیشیان تێك دابوو، کە دەیانویست میوە برنن چەندێکیشیان هەڵدەوەراندو بە خەساریان دەدا، چەندین لق و پۆپ شکابوونەوە، ناو باخەکە بەو توێکڵی بەرانە پیس بوبوو، بۆنی گوڵیان دەکردوو هەندێکیشیان دەقرتاند، دایە مریەم زۆری تەمبێ دەکردن کە بەو شێوەیە رەفتار نەکەن، بەڵام دیاربوو هەوڵەکانی بێ سوود بوو، هەر لەو گرد بوونەوەیان شێرۆ داوای لێکردن

که ئەوەندە بە ناو باخەکە گڕ نەخۆن و ئازاری درەختەکان نەدەن و گوڵەکان نەقرتێنن و بەرەکان نەوەرێنن. گووتی:- " ئەوەی ئێوە دەیکەن دژی ویستی خوایە و ئێمەشی پێ پەست دەکەن، ئێمە مانوو بوونی زۆرمان چەشتووە تا گەیاندوومانەتە ئەم دۆخەی ئێستە دەیبینن "، بە شێوەیەك قسەی لە گەڵ دەکردن کە نەبێتە هۆی زویر کردنیان. گووتی:- "ئێوە خۆشەویست و کەسی ئێمەن ئێوە بە میوان نازانین بۆیە ئەم شتانەتان بە راشکاوانە پێ دەڵێم"، گووتی "ئێمەو ئێوە یەك چارەنووس چاوەڕوانمان دەکات و هەموومان بۆ یەك ئامانج کار دەکەین دەبێ ئەم هەموو درەخت و گوڵ و سەوزاییو تەڕاییەتان خۆش بوێ، تائێوەش بتوانن لە دوا رۆژ گوندەکانتان بەو شێوەیە خزمەت بکەن و برازێننەوە"، پێی گووتن" ئەم سەوزاییانەی دەیبینن زۆربەی خۆڕسکن و کاری خوان گەر زیان بە کاری خوا بگەیەنن واتە دژی ویستی خوا رەفتار دەکەن"، خەڵکەکە کە ئەو قسانەیان بیست پەشیمانیەکو هەست بە گوناه کردنێکیان دەرهەق بە خوا لە روو رەنگی دایەوە، بە بێ دڵگرانی هەموو بڵاوەیان لێکرد، شێرۆ رووی لە ئێمە کردەوە کە هێشتا وەستابووین، رووی دەمی لە رەئوف کردو گووتی: - "کاك رەئوف هەر کاتێ ئێمە دەستمان بە جووڵە کرد ئەوە ئێوەش بەو پێداویستیانەوە دوومان کەون، بەڵام بە مەرجێ پاش دوور کەوتنەوەمان بە ماوەیەك".

بە رازی بوونی هەموومانەوە لە شێرۆ جودا بووینەوە، ئەو پێشنیارەی شێرۆیە دیار بوو بە دڵی تەهای مێرد منداڵ بوو، بۆیە دایە چریکەی گۆرانیەك کە نەماندەزانی کەی کاتی چڕینەوەیەتی، ئەو گۆرانیە تاقانەیەی کە گوێمان خەریك بوو ئاشنا بێ پێی، هەموو جار هەمان گۆرانی بە هەمان ئاوازو هەمان وشەگەلەوە دەیوتەوە، رەئوف دەیگووت:

- " ئەو گۆرانیە لەباوکیەوە بۆی ماوە، لە منداڵیەوە بەیناو بەین دەیوتەوە بەڵام لەو دەمەوەی‌س باوکی کوژرابوو گوێمان لە دەنگی نەبووە، کەچی لەوەتی هاتۆتە ئەم باخە ئەو گۆرانیەی یاد کردۆتەوە، دەیگووت -" بەڵام ئێستە ناسکترو دەنگ زولاڵانەتر دەیڵێتەوە".

دەنگی تەها تەنها دەنگێ بوو لە دەنگەکانی مرۆڤی ناوچەکە کە کەسێ نەبوو حەزی بە بیستنی نەبێ، جار جار کەسێك داوای لێ دەکرد بیڵێ، یا دەیگووت یا نەیدەگوتەوە.

ئەو پیاوانەی لە ناو باخەکە بوون هەر کەسەو سەنگەرێکی بۆ دیاری کرابوو، سەنگەرەکانی ئێمە پاڵ درەختێك یا جۆگەلەیەکی وشك یا پاڵ بەردێك بوون، ئەو شوێنانەبوون کە خۆیان هەبوون، لە حاڵەتێکی تەقو پۆقێکی هێڵەکانی پێشەوە دەبوا ئێمەش بە شێوەیەك دامازراباین کە وەکو ئەوە وابێ لە سەنگەرەکانی پێشەوە بین،

جگە لەوەی کە ناوچەکە سەرتاپا پارچەیەکی دابڕاوی هەموو شوێنەکانی دیکە بوو، ئەو باخەی ئێمەش بوبوە شوێنێکی بزرو بیٚ ناونیشان، هێزێکی زۆر ئابلۆقەی دابووین و بۆ هێرش کردنە سەر گوندەکان دەبوا سەرەتا لەو گەمارۆدانە رزگار بووینایە، کە ئەویش هێزێکی زۆری دەویست، شێرۆو دوو کەسی چەکدار کە وەکو سەردەستەی چەند کەسێك دیاری کرابوون خەریکی نەخشە دانانی ئەو دیوار شکاندنە بوون، نازانین گەیشتنە ئەنجامێك یاخود نا، دەمەو ئێوارە کە لە زەردەی ئەو خۆرەمان دەڕوانی دیمەنێکی دڵگیری بە باخەکە بەخشیبوو، کاتی خواردنی نانی ئێوارە بوو، چەند ژنێك کاری نان ئامادەکردنیان پیٚ سپێردرابوو، هەر ژنەو ناندانی کۆمەڵێکی خرابوە ئەستۆ، خۆر ئاوا بوبوو، بەڵام تەواو دنیا تاریك دا نەهاتبوو، دەنگی تەقە بیسرا، هەرکەس چی لە دەست بوو لایدایە لاوەو کەوتنە گرتنی سەنگەرەکانیان، سەرەتا لە لایەکەوەو پاشان لە لایەکی دیکەوەو ئەوەندەی نەبرد لە سەرتاپای سنوری باخەکە شەڕو پێکدادان دەستی پێکرد، هێرشێکی بەر بلاّو کرابوە سەرمان، ئێمە هەموو شوێنەکانی خۆمان گرتەوە، لە شەڕەکانی پێشوو چەکدارەکانی ئێمەلەو خەندەقانەوە شەڕیان نەکردبوو کە پێشتر هەڵمان قەندبوون بەڵکو هەموو کات لە دەرەوەی خەندەقەکانو لە پێشترەوە بوون، بەڵام لەو نزمی ئاستی گوللانەی کە جاروبارېە سەر سەرمانەوە ویزەیان دەهات دەمانزانی کە هێرش هێنەرەکان لە جارانی پێشوتر نزیکتر کەوتونەتەوەو چەکدارەکانمان لە ناو خەندەقەکانەوە دەجەنگن و بەرگری دەکەن، تەنها شوێنێك کە لاواز دەبینرا ئەو لایە بوو کە دەچەمایەوە بەرەو لای خانووی ژنە کرێکارەکان و ئەو ژنانەی لەم دواییە لە گوندەکانی خۆیان هەڵاتبوونو روویان لە باخەکە کردبوو، پشتەوەی باخەکە ریزە چیایەك تەنیبووی کە زۆر ئەستەم بوو کەسێك بتوانیٚ لەوێوە بێتە باخەکەوە، سەرباری ئەوەش شێرۆ دوو کەسی لەوسەر شاخانەش دانابوو، ئەو ئێوارەیەو بۆ یەکەم جار تەقە لای خانووی ژنەکانەوە بیسرا، شلەژانێك لە سەنگەرەکانی پێشەوە هەست پێکرا، شلەژانەکە کەوتە نێو ئێمەشەوە، بە یەکدا دەهاتین بڕیارماندا کە شوێنەکانی خۆمان بگرین و دۆخەکە لەوە خراپتر نەکەین، بەڵام ترسێك خۆی لیٚ نزیك دەکردینەوە، ترسەکەی ئێمە لەو تەقانەی لای ئەملاوە بوو، ئێمە لەو وەزعە ناهەموارە بووین گوێمان لە دەنگێکی کز بوو وردە وردە دەنگەکە بەرزتر دەبۆوە، تەهای مێرد منداڵ کە ئەویش سەنگەری گرتبوو دەستی کردەوە بە گۆرانی وتن، دنیا تەواو تاریك داهاتبوو، دەنگی تەها لەو تاریکیە تا دەهات بەرزتر دەبۆوە، دەنگی تەقەی خوێن رشتن و ئاوازی گۆرانیەك تێکەڵ یەکتر دەبوون، تەها پڕ بە قوڕگی گۆرانیەکەی دەوتەوە بەوەی دەکرد بیەویٚ دەنگی بگاتە سەنگەرەکانی پێشەوە،

بەراستی ئەو گۆرانیەی تەها هەندێ لە دڵەڕاوکەی کەم دەکردینەوە، دەنگی تەقەکانی لای خانوەکان تا دەهات پتر دەبوون، لە ناکاو گوێمان لە گریانو هاواری ژنەکان بوو، شێرۆ خۆی گەیاندە لامان و گووتی کەس شوێنی خۆی بەر نەدا، گەر لەو ساتەدا ئەو پەیدا نەبوایە ئێمە بەرەو لای ژنەکان دەبووینەوە، وە لەوانە بوو لەو رۆیشتنە زەرەری زۆرمان بکردایە، شێرۆ چەند هەنگاوێ چووە پێشەوەو خۆی دایە پاڵ درەختێ، ئەوانەی دزەیان کردبوە ژوورەوە گەیشتبوونە نێوەڕاسی باخەکە، دەستڕێژێکی زۆریان کرد رووەو خانوەکەی پشتەوەی ئێمەو دەنگی ویقەیەکی ئافتاومان گوێ لێبوو، لەو ساتەدا تەهاش گۆرانیەکەی بڕایەوە، شێرۆ تەقەی لێ دەکردن و ئێمەش تەقەمان لە هەمان ئەو شوێنە دەکرد کە دەستڕێژەکەیان لێوە کرد، شێرۆ نەڕاندی:- " کەس شوێنی خۆی بەر نەدا"، هەستمان دەکرد دەنگی تەقە لە سەنگەرەکانی پێشەوە دوور دەکەوێتەوە، لە ناکاو تەقە کردن لە ناو باخەکە بڕایەوە، گوێمان لە دەنگی چەند کەسێ بوو کە لە لای خانووی ژنەکان و پشتی دزەکەرەکانەوە بانگیان لێکردین و گوتیان:- " کەس تەقە نەکا"، بانگی شێرۆیان کرد شێرۆش لە پاڵ درەختەکە دەر چووە دەرەوەو داوای لێکردین کە تەقە نەکەین، پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی هاتبوونە ژوورەوە، پشتیان لێ گیراوەو تەنگەتاو کراون و ناچار روویان لە جەرگەی باخەکە کردبوو، ئێمە ئاگامان لە زەرەرو زیانی قۆڵەکانی دیکە نەبوو، هەر پاش بڕانەوەی تەقەکان بەرەو لای ئافتاو چووین، ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو تەهاش پێکرابێ بۆیە وا دەنگی بڕایەوە، بەڵام کاتێ نزیك بووینەوە تەماشا دەکەین ئافتاو پێکراوەو تەهاش بە دیاریەوە دانیشتووە، خوشکێکی رەئوف سەری ئافتاوی نابوە باوەشی خۆیەوە و فرمێسکی دەڕشت، ئافتاو هێشتا زیندوو بوو، ویستمان هەڵی بگرین و بیبەینە ژوورەوە، بە دەستی ئیشارەتی ناڕازی بوونی نیشانداین، گووتی:

- "جارێ با تۆزێ پشوو بدەم"، پرسی - "چی رویداوە؟ دەڵێی دەنگی تەقە بڕایەوە یان من توانای بیستنم نەماوە؟ "

سنگی خوێناوی بوو، دیار بوو گوللە لە سنگی دابوو، کاك رەئوف پێی گووت: - "بەڵێ تەقە نەما، گوێچکەی تۆ هیچی نیە". بە زۆر دەیتوانی چاوو زمان هەڵێنێ، پێم گووت:

- "ئافتاو خان هەوڵدە قسە نەکەی با ئازارت پێنەگا. دەنگی تەقەش بڕاوەتەوەو نەیارەکانیش هەڵاتن". گووتی:- "کوا؟ کاکە شێرۆ کوا؟" لەگەڵ قسەکەی ئەوو شێرۆ لە سەری ئامادە بوو. گووتی:

– "ئافتاو خان وا خەریکە هیواکانت دێنە دی، ئەوەی بۆی هاتی وا خەریکەچنگت دەکەویٚ".
گووتی:
– "بەڵێ دەزانم.. دەزانم من دەمرم، ئەمانەم هەموو پێشتر دیون، دەمزانی چی رودەدا، بەڵام تکاتان لێدەکەم ئاگاداری خۆتان بن، تکاشم وایە ئەوانەی لە گوندەکانیش ماون رزگاریان بکەن"، گووتی:– " کاکە شێرۆ تۆ رۆژێکی نوێت بۆ ئەم ناوچەیە هێنایە کایەوە، لە سبەینێوە رۆژێکی نوێو مێژوویەکی نوێ دەست پێدەکا".
ئافتاو ئەو قسانەی دەکردو نیشانەی ئازارو ئەشکەنجە لە روویا رەنگی دەدایەوە، گووتی: –" من جێتان دێڵم، ئەم چارەنووسەی منیش بە دەستی کەس نیە، زۆر کار دەستی خوای تێدایە". تۆزێك ئارام بوو و گووتی:
– "کوا تەها؟ بۆ گوێم لە دەنگی تەها نیە؟" تەها بە دەم قوڵپی گریانەوە گووتی: – "تاتی ئافتاو وا لێرەم". ئافتاو گووتی:
– "تەها ئەو دەنگەی تۆ هی کاتە سەختەکانە، ئەو کاتانەی کە ئازارو خەم سووڕمان دەدەن، پێویستیم بە دەنگی تۆیە تەها گیان، تۆزێ لەو ئازارەم با کەمبێتەوە". تەها چاوەکانی سڕتن و پشتی لێ کردین و بە دەنگێکی زۆر خەمناك و نەغمەیەکی لە سەر خۆ هەمان گۆرانیو هەمان وشەکانی بەڵام هەندێك جیاوازتر وتەوە. لە گەڵ بەرز بوونەوەی دەنگی تەها یەك چرکە لە کەسێکەوە لە شتێکەوە نەدەهات، دەنگەکە بە هەموو جۆگەو کونو کەلەبەرێکی باخەکەدا دەڕۆیشت، هەموو بێدەنگ لە حزوری دەنگەکەی تەهاو روح سپاردنی ئافتاو راوەستابووین، پرمەی گریانی خوشکی رەئوف بێدەنگیەکەی شکاندو گۆرانیەکەی لە گەرووی تەها تاساند.
ئەو شەوە ژمارەیەك کوژراوو بریندارمان لێکەوتەوە، لوقمانی برین پێچ تا درەنگانیٚ برینی ساڕێژ دەکردن و چەندانی دیکەش خەریکی ناشتنی شەهیدەکانمان بوون.

دەنگ و گۆرانیەکەی تەها سروتێکی گونجاوو شیاوی ئەو شەوە پڕ زەبرو زەنگە بوو، لەو کاتی ئاویلکەدانەی ئافتاوە من گەڵ نزم بو بوومەوەو چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ئافتاو تەنها روحێك بێت و بەس، کە ببێتە شتێکی نەبینراوی چوون خۆم و لە گەڵما بەرز بێتەوە، لەو ساتەدا هەموو خۆشەویستەکانی مات و مەلول دەستەو ئەژنۆ بێدەستەڵاتانە بەرامبەر بە ویستی پەروەردگاریان وەستابوون و بێئەوەی دەنگیٚ دەرکەن دلۆپە فرمێسکیان هەڵدەڕشت، نەیاندەویست ئافتاو هەست بەو گریانەیان بکات، جگە لەوەی کە دنیا تاریك بوو چاوەکانیشی رەشکەوپێشکەیان دەکردو نەیدەتوانی تەڕی رومەتیان ببینیٚ، دەیزانی کە جارێکی دیکە رۆشنایی نابینێتەوە و ئەوە کۆتایی ئەو کاروانە پڕ مەینەتیو ئازارەیە کە بە درێژایی تەمەنی دەیچێژا، هەستی بەنزیك بوونەوەی لە یوسف دەکرد، ناوی وی لای کەسیٚ نەدرکاند، قسەی لە گەڵا دەکرد و خەیاڵی سەفەرێکی بەرەو هەوارگەی ئەو لە سەردا دێنان و دەبرد، لەو کاتەی کە ئازارێکی بیٚ سنوور سنگی لەت دەکرد ژیانی رابوردووی دێناوە پێش چاوانی، ئازیزترین کەسانی بیر دەکەوتەوە، زۆر شادمان بوو بەو کۆتاییە، بە مانەوەی لە سەر رێچکەیەکی پاکی دوور لە پیس بوون، لەو شەوە گەڵ روح لە بەدەنەکان جودا دەبوونەوە، هەردولا زۆر بە توندو تیژی هەڵیان دەکوتایە سەر یەکتر، میرزا ئاغا گەڵ یارمەتیو پشتیوانی لە دۆستو کۆنە دوژمنەکانیەوە بۆ رەوانە کرابوو، ئەوەی لەو شەوە بە کار هێنرا گەورەترین هێزێك بوو کە میرزا ئاغا پشتی پیٚ بەستبوو، چەکدارەکانی دابوە پێش و خۆیشی لە دواوە بە پارێزگاری فەتەو کەسێکی دیکەی خزمی خۆی چاودێری شەڕەکەی دەکرد، هەواڵی دزەکردنی ئەو چەند کەسە بۆ نێو باخەکە بە ئاغا گەیەنراو گەڵ دڵی پێیان خۆش بوو، ئەوە گرنگترین خاڵێك بوو لەو پیلانەی داڕێژرابوو، پێی وابوو ئەو چوار کەسە بتوانن ئەوەی بۆیان نەخشە کێشراوە بە پوختی ئەنجامی بدەن، ئەوە چەکدارەکانی پێشەوەو ئەوانەیشی لە ناو باخەکەن سەر لێ شێواوو شپرزە دەبن و دوور نیە لەو تاریکیە یەکتر قڕ بکەن، میرزا ئاغا سات بە سات چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە هەواڵی سەرکەوتنی پیٚ را بگەیەنن و بچنە باخەکەوەو مەرگی شێرۆو شەماڵ بە چاوی خۆیان ببینن،

ئەوانەی کە توانیبویان پەرژینی باخەکە بشکێنن، یەکەم لەمپەر کە بەرەو روویان بووەوە ژنەکان بوون، ئەو لەمپەرە لە سیٚ ژنی فیداکار پێك هاتبوون، بەڵام کەسیان نەپێکابوو، ئەوەندە نەبیٚ توانیبویان بەو تەقانە پێش وەخت هەموو لایەك ئاگادار بکەنەوە، ئەوان چوار کەسی شەڕکەرو بە ئەزموونی ئەو بوارە بوون، بە شێوەیەك لە شێوەکان توانیبویان دوو ژن بپێکن، چەند چەکدارێك فریای ئەو ژنانە کەوتن و کەوتنە تەقە کردن لەو چوار کەسە بواری

ئەوەیان پیّ نەدان کە خۆیان رزگارکەن، تا دەهاتن ئابلۆقە دەدران، پاڵیان پێوە دەنان بەرەو ناو جەرگەی باخەکە، ئەوان ناچار بەرەو ژوورتر هەنگاویان دەنا تا بەرەو رووی شێرۆو ئەوانی دیکە بوونەوە، لە هەموو لاوە گوللە باران کران، ئەوانیش بە هەموو چوار دەوری خۆیان تەقەیان دەکرد، هەر چواریان لە ناو باخەکە کوژران و کەسیّ نەیدەزانی گوللەی کیّ پێکابونی.

هێزەکانی میرزا ئاغا لە هەموو لاوە تووشی شکست هاتبوون، بە پێش چاویەوە پاشە کشەیان دەکردوو هەڵدەهاتن، بەلاّم ئەو چاوەڕوانی ئەوانەی ناو باخەکەی دەکرد و چاوەڕوان بوو شکست بەوان بێنن، بەلاّم چاوەڕوانیەکەی درێژەی کێشا، تا خەریك بوو چەکدارانی باخەکە لێی نزیك بکەونەوە، لەو ساتەوە بۆی روون بۆوە کە چی گوندو مالّ و حالّی هەیە دەکەونە بەر مەترسی لە ناو چوون، بۆیە یەکسەر بیری لە خۆ دەرباز کردن کردەوە،

بە بیّ ئاگایی کەسیّ لەوانەی کە کەوتبوونە گیانی یەکترو یەکیان قڕ دەکرد، سوپایەکی رەنگاو رەنگی زمان جۆراو جۆری جیاواز لە زمانی ئەوان جلەوی لەشکر کێشیان بەرەو ئەویّ بە رێوە بوو، ئەوەندەی نەمابوو پیّ بنێنە سنووری خاکەکانی ئەمانەوە، ئەو سوپایە چی لە پشتی خۆی بە پێوەو بە زیندوێتی جیّ نەدەهێشت، سوپایەکی برسیو تینوو و مانوو، سوپایەك کە کۆتایی خەونەکەی ئافتاوی بەدی دێناو ئەوەی دیبووی نیشانی ئەوانەیان دەدان کە تا گەیشتنی ئەوان زیندوو دەمێننەوە.

هەر ئەو شەوەو پاش گەڕانەوەی میرزا ئاغا بە بەزیویو دلّێکی وەك کەنگرەوە و کۆمەلّیّ کوژراوەوە، یەکیّ لە بەگزادەکانی ناوچەکە لە دیوەخان چاوەڕوانی بوو، ماوەی چ قسە کردنێکی بە میرزا ئاغا نەدا،گووتی:

– "ئاغا ئەوەی لە ئێوە قەوماوە من چ علاقەم پێوە نیە، هاتنی من بۆ شتێکی دیکەیە". میرزا ئاغا هێشتا توانای قسەکردنی نەکەوتبوەوە بەر بۆیە هەروا دیقەتی کابرای دەدا. کابرای بەگزادە گووتی:

– " ئاغا سوپایەکی بێگانەی بیّ شومار بەرەو ئێرەوە دێن، وەك کوللە چی شتێك بە شوێن خۆیانەوە ناهێڵن، تا هەموو شتێکی بلّندو بالاّ لە گەلّ زەوی هاو جووت نەکەن جێی ناهێڵن، چی کوڕو پیاوی گەنج هەیە بە سەربازیان دەکەن و بەرەو کوشتارگەکانیان دەبەن، چی ژنو کچی جوان و جحێڵیش هەنە پێش کوشتنیان گڕو کلّپەی دووری ژنەکانیان پیّ دادەمرکێننەوە،

میرزا ئاغا تەواو گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو، دەستێکی بە ردێنیا هێناو گووتی: –" جا ئێوە بە تەمای چین؟" کابرا هەردوو دەستی بە یەکدا هێناو گووتی:

– "هەرچی بکەین بێ سودە، بەم دەمو دەستە شتێکی وامان پێ ناکرێ"، گوتی: "هەرچی رێگاو بانە سەرەکیەکان هەیە گیراون و مەگەر روو لەو هەردانە بکەین، یان بەرەو رویان ببینەوە بەو شێوەیەش هەموو دەکوژرێین. بەڵام چاری دیکەمان نیە لەوە زیاتر"، میرزا ئاغا هەندێ بیری لەو هێزانەی خۆی کردەوە، بیری لەوانە دەکردەوە کە لەکاتی هێرش بردندا وەکو گیانلەبرێکی کێوی بێ سڵەمینەوە بەرو پێش دەچوون، بیری لەو کەسانە دەکردەوە کە لە کاتی شەرەکانی دژ بە باخەکەو ئەوانەشی لە شەرەکانی دژ بە گوندەکانی دیکە بەکوشتی دابوون، هەستی بە خەجاڵەتێکی گەورەو گران دەکرد، هەستی بە ماندوو بوون و لە ناوچوونی خۆی دەکرد، بیری لە کۆتایی هاتنی ئەو دەستەڵاتەی خۆی دەکردەوە کە چەندین ساڵە خەڵکی خۆیو کەسی خۆی پێ لە ناو دەدان و دەچەوساندەوە، پێکەنینێکی گەورەی بۆ کردو گووتی:

– " بەگزادە ئێمە بووین دەستەڵاتمان هەبوو، ئێمە بووین خاوەنی ئەو خەڵکە، ئێمە نیازە گڵاوەکانی خۆمانمان بەدی دێنا ئێستایش کەوتوینەتە بەر مەترسی لە ناو چوون، کەوتووینەتە نێوان دوو هێزی بێ بەزەیی، هێزێکی داگیرکەران و هێزیکی خەڵکانی رەش و رووت، ئێمە چ هێزێکی بەرگریمان تێدا نەماوە، ساڵانیکە ئاشێکی لەش لوشێنەرمان گرداوەو خەڵکانی پێ لە ناو دەدەین، ئێمە شیرەکانمان و چەکەکانمان بۆ گیانی یەکدی ئامادەو چاك دەکەین، من چ هێزێکی بەرگری شك نابەم، ئەو هێزی لەشکرەی تۆ باسی دەکەی لەم توانایەی ئێمە نیە".

میرزا ئاغا لەو قسەو باسانە بوو، لایەنگرەکانیشی ئەوانەی لە باخەکە جەنگا بوون تەرمی هاورێکانیان بەرەو گوند دێنایەوە، ئەوانەی لە گوند مابوونەوە هەر بە نەریتەکەی جاران لە پێش مزگەوت کۆ بوونەوەو یەك یەك ئەو جەستە بێ روحانەیان لە چەکدارەکان وەر دەگرت، لەشکرێکی بەزیوی خەڵتانی خوێن بە زەرەرو زیانێکی گەورەوە یەك لە دوای یەك دەگەیشتنەوە گوند، خاوەنی کوژراوەکان بە دیاریانەوە دانیشتبوون و بە بێدەنگی فرمێسکیان هەڵدەرشت.

فەتە دەس مەعدەن و چەندین چەکداری دیکە وەکو بت لە گۆرەپانەکە وەستا بوون و دیقەتی ئەو دیمەنە سامناکەیان دەدا، ئەوەندەی پێ نەچوو میرزا ئاغا لە گەڵ میوانەکەی بەرەو ئەوێ هاتن، یەك یەك دەچوونە سەر کوژراوەکان، بە میوانەکەی گووت:

- "بەم پیاوە نوستووانەوە دەتوانین چی بکەین؟ بێگومان ناتوانین چی شتێك بکەین، هەرچەندە هێشتا هەندێ پیاوی وامان ماون بتوانن ئاستەنگێ لە رویان دروستکەن تا شتێ بە شتێ بکەین، بەڵام هەر ئەوە نین کە ئامبازی ئەوان بن ".

میرزا ئاغا پاش ئەوەی ئەمری بە ناشتنی تەرمەکاندا ئەمریشی کرد کە چی چەکدار لە دەرەوەی گوندوو دەورو بەری باخەکە ماون بگەڕێنەوە گوند و هەموو خەریکی ناشتنی ئەو تەرمانە بن.

بارودۆخی شێرۆو شەماڵ و ئەوانەی لە باخەکە بوون لەهی گوند زۆر باشتر نەبوو، ئەوانیش کۆمەڵێ کوژراوو بریندار خەریکی کردبوون، چەندین کوڕی ئازاو گەنجی خاوەن خەونەکان لەو سەر عەردانە کەوتبوون و چاوەڕوانی شاردنەوەی جەستەیانیان دەکرد، ئەمان بە هەمان بیرو بۆچوونی جارانەوە لە لەمەو پاشیان دەڕوانی، هەموو لە مەراسیمی ناشتن بەشدار بوون و تاو توێی هەنگاوی پاش ئەوەیان لە بەر خۆوە دەکرد، چەندین چەکدار لە سەنگەرەکانی پێشەوە چاوەدێری جوڵەی دوژمنەکانیان دەکرد.

رەحیمی کەس و خزم و براو برادەری رەشە یەکێ بوو لە کوژراوەکان، کوشتنی رەحیم زۆر کاری کردبوە سەر رەشە گێژو دەبەنگی کردبوو، بە تاو فرمێسکی بۆ دەڕشت، خوشکەکانی رەئوفیش گریانیان نەدەبڕایەوە لە سەر تەرمەکەی ئافتاو، ژنە رەشپۆشەکان لە هەموو پتر داخ لە دڵو خەفەتبارو تازیەبارتر بوون، ئەوان چەندین دەستە خوشکیان لە دەس دابوو کە لە شەوە درێژەکان بە دیار رازو گلەییو رشتنی دەردەدڵەوە گوێیان لە یەك دەگرت و دڵی یەکیان دەدایەوە، سەرباری ئەوان دایە مریەم ئەو ژنە بە ئاوەزو دڵفراوانەی کە وەکو دایکێك نازی دەکێشان و رێنماییو سەرپەرشتیانی دەکرد، ئەو کاتەی گوێی لە دەنگی فیزاح و هەرای ژنەکان دەبێ هەوڵ دەدا خۆیانی پێ بگەیەنێ، بەڵام لە بەر بەرەو پێش هاتنی دزەکەرەکان بەرەو قوڵایی باخەکە ناچار لە پاڵ درەختێك سەنگەر دەگرێ، لوولەی چەکەکەیانی ئاراستە دەکات و لە گەڵیان بە شەڕدێ کەسێکیش نەیزانی یەکێ لەو چوارە دایە مریەم پێکابووی و کوشتبووی، ئەوانیش دەسبەجێ دەیدەنە بەر دەسرێژو لەو پاڵ درەختە دوور لە چاوی هەموو منداڵکانی ناو باخەکەی گیان لە دەست دەدات.

مردنی دایە مریەم گەورەترین خەمی بە شێرۆدا، چەند هەنگاوێ لەولای تەرمی دایە مریەمەوە چوار تەرمی نامۆو نەیار لە ناو باخەکە کەوتبوون و کەسێ نەدەچوو بەلایانەوە، پاش روح دەرچوونی ئافتاو رەئوف بەرەو لای ئەو تەرمانە چوو هەموویانی دەناسیەوە، یەك یەك چووە سەریان و وەکو ئەوانی دی فرمێسکی بۆ رشتن، کەس و کارو خوشك و براو دایکیانی

**دەهاتەوە پێش چاو، پێیانی دەگووت:-" هێشتا ئاگاداری ئەوە نین کە ئێوە هەرگیز جارێکی دیکە ناڕۆنەوە لایان و نایاندوێنن و بە نێو گونددا و بە پێش چاویاندا جارێ دیکە رانابورن ".**

**داوای لە شێرۆو شەماڵ کرد کە ئەمانیش بە هەمان دەستوورو رێزی ئەوەکانی دیکە بنێژرێن، ئەوانیش بەو جۆرەیان کرد کە رەئوف ویستی، بەڵام ئەوەی کە لای من دیار بوو تەنها روحێك وەکو خۆم بە حەواوە مایەوە، ئەویش روحی ئافتاو بوو کە لە مەراسیمی ناشتنی جەستەکەی خۆی دەڕوانی.**

ئەو ئێوارەیەی هێرشە بەرفراوانەکە کرایە سەرمان، گەورەترین پێکدادانێك بوو ئەو ناوچەیە بە خۆوەی بینیبوو، زەرەروزیانێکی گەورە بە هەردوو لامان گەیشت، کەزەرەرو زیانی سەرتاپای ناوچەکە بوو، گەورەیی زیانەکانی ئێمە لەوەدا بوو کە چەند ئافرەتێك پێوە بوبوون، مایەی خەمو خەجاڵەتی شێرۆو ئێمەش بوو، شێرۆ یەکەمجار بوو سەرکۆنەی خۆی دەکرد، یەکێ لەوانە دایە مریەم بوو، کە جێپەنجەیەکی ئازاراوی بە سەر روحی شێرۆوە جێ هێشت، دەیگووت:- " ئەوە تەنها دایە مریەمی من نەبوو، دایە مریەمی هەموو دارو درەخت و ژنە رەشپۆشەکان و سەرپاکی باخەکە بوو".

چەندین کەس خەریکی گۆرکەنن بوون، چەندین جەستە چاوەڕوانی شاردنەوە بوون و چەندین کەسیش بە دیاریانەوە فرمێسکیان دەرشت، گۆرانیەکەی تەها بەشێوەیەك لە گەرویا تاسا، تەنها وشەیەکی ئاساییش بە شوێنیەوە دەر نەچوو، ئەو گۆرانیەی لە خۆشترین و ناخۆشترین کاتەکاندا دەوتەوە، بەڵام ئەمجارە بەوە دەچوو کە هەرگیز لێی نەبیسترێتەوە، ئەو بێدەنگیەی نیشانەی پەستیو ناڕەزایی بوو، تا ماوەیەکی زۆر من و شێرۆو چەند چەکدارێکی دیکە لە پای کوژراوەکان لە گۆڕستانەکەماینەوە، پاشان شێرۆ بەرەو ناو باخەکەی بانگ کردین و ئێمەش دووی کەوتین، سەرەتا چووینە سەر ئەو بریندارانەی کە کاك لوقمان تیماری دەکردن، بریندارەکان خرابوونە خانوەکەوە، داوای لێبوردنیان لە شێرۆ کرد کە بریندار بوون و لە هێزەکەیان کەم کردۆتەوە، شێرۆ پێی گووتن:

- "من سوپاسگوزاری ئێوەم و شەرمەزارم بەوەی بە سەر ئێوەم هێناوە".

وەپێشی راگەیاندن کە ئەو کارەی ئەوان کردویانە گەلێ مەزن و جێی شانازی بووەو وە دوژمن بە شێوەیەك شکستە، توانای گیرسانەوەی نەماوە.

بریندارەکانمان جێ هێشت و کەوتە تاوتوێکردنی جێبەجێکردنی ئەو هێرشەی بڕیار بوو بیکاتە سەر گوندەکان، سەرەتا بە توندی ئەو بیرۆکەیەمان رەت کردەوە گوتمان پاش ئەوەندە شەڕکردن و ماندوو بوونە کێ توانای ئەوەی تێدا ماوە، بەڵام لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی پاش وتو وێژێکی چڕو پڕ بڕیاریاندا کە ئەنجامی بدەن، تا بتوانن پێش ئەوەی نەیارەکان هێزە شکست بووەکەیان کۆ بکەنەوە ئەمان کاری خۆیان مەیسەر بکەن.

دەمەو بەیان پێش ئەوەی هێرشەکە ئەنجام بدەن چەندین کەسیان راسپارد کە بۆیان نیە باخەکە جێ بێڵن، یەکێ لەوانە لوقمانی تیمارساز بوو، لە گەڵ گۆڕ هەڵکەنەکان و ژنەکان و چەند چەکدارێك، ئێمەش کە پێك هاتبووین لە من و تەهاو رەئوف دەبوا پاش ماوەیەك لە

جوڵە کردنی ئەوان بە شوێنیانەوە بکەوینە ڕێ، ئەو شەوە کەسێك نەنوستو تا بەیانی خەوە نوچکەمان بوو.

پاش مردنی ئافتاو کەسێ نەبوو باسی ئەو خەونە نەکا کە دیبووی، مردنی ئافتاویان بە سەرەتای هاتنە دی خەونەکە دەزانی، بەڵام بەو جۆرەی ئافتاو دیبووی نەدەهاتە پێش چاو، بە پێی ئەو خەونە دەبوا ئەو ناوچەیە هەمووی گڕی گرتباوغەرقی خوێن و سوتان بایە، دەبوا ئەو کارەساتانە هەموو ناوچەکەی بگرتبایەوە نەك تەنها گوندەکەو باخەکە، ئێمە وا خەریکین لە باخەکە دەر دەچین و بەرەو ڕزگار کردنی گوندەکانی دیکەش دەڕۆین، بەڵام دیار بوو ئێمە بێ ئاگا بووین لەوەی کە قەدەر چۆن هەموو شرۆڤەو بۆ چوونەکان تێك دەشکێنێ.

دەمەو بەیان کۆمەڵێ چەکداری شەکەت و ماندوو و دڵ بریندار بەرەو دەرەوەی باخەکە کەوتنە ڕێ، وایان نیاز بوو کاروانەکەیان نەوەستێ تا هەموو ناوچەکە لەو جۆرە دەستەڵاتانە پاك نەکەنەوە، لە گەڵ یەکەم جووڵە دەنگی زرمەی تۆپ بیسرا، بەڵام کەس نەیدەزانی چیە، ملی ڕێگایان گرت و دەنگەکە تا دەهات نزیکترو بەرزتر دەبۆوە، من وام لێك دەدایەوە تەنها لەو گوندانە نزیك بکەونەوە خەڵکی ڕوش و ڕووت بە گەورەو بچوکەوە تاویان لێ دەدەن و ئەوەی بێتە دەستیان لە دژیان هەڵی دەگرن، باوەڕ ناکەم لە هیچ شەڕو لە هیچ کارەساتێ ئەوەندە کەسو کارەیان لێ کوژرابێ، لە پاش ماوەیەك دەرچوونی ئەوان لە باخەکە ئێمەش بە شوێنیانەوە کەوتینە ڕێ، دەنگی هیچ تەقەکردن و نیشانەی شەڕێکمان هەست پێ نەدەکرد، تەنها هەندێ خوێنی ڕژاومان لە سەر بەردو خۆڵی ڕێگەکە دەدی کە هی شەڕەکەی شەوی پێشوتر بوو، کاك ڕەئوف پێی گوتم:

– "مامۆستا هیچ دەنگێ دەبیسی؟" گووتم: "نەخێر". هەندێ ترسو دڵە ڕاوکەمان پێکەوت، بەڵام ئێمە بێوەستان بەرەو گوند دەڕۆیشتین بە دوو وڵاخەوە کە خۆراکو تەقەمەنیمان لێیان بار کردبوو بۆ بە دەنگەوە چوونی چەکدارەکان، تەها وڵاخەکانی لێ دەخوڕین و ئێمەش چەند هەنگاوێك لە پێشیەوە بە چەکەکانی دەستمانەوە ڕێمان دەبڕی، ئێمە دەڕۆیشتین و دەنگی زرمەمان دەبیست، کە جێی سەرسوڕمان بوو، کاتێ لە گوند نزیك دەکەوتینەوە گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، بەڵام گەلێ دوور دەبیسران، یەك دەنگی شتی دیکەمان نەدەبیست کە نیشانەی ئاوەدانی لێوە بێت، بەڵام دەبوا ئێمە هەر بەرەو پێش بڕۆین، چونکە ئەوانەی کە پێش ئیمە کەوتبوون چاوەڕوانی گەیشتنی ئێمە دەکەن، کاتێ تەواو لە گوند نزیك کەوتینەوە لە دووڕا ڕەشە لە نێو گوند دەرکەوت، کە گەیشتین و چووینە گوندەوە کەسی لە مرۆڤ لێ نەبوو، تەنها چەند کەسێك لە گۆڕستانەکە بوون، ڕەشە پێی ڕاگەیاندین کە سوپایەکی

بێگانەی داگیرکەر رووی لە ناوچەکە کردووەو هەرچی چەکدارەکانی ئێمەشن لە گەڵ هی ئەم گوندەو گوندەکانی دیکە بەرەو روویان بوونەتەوە، ئێمە ویستمان درێژە بە رۆشتنەکەمان بدەین و ئەو پێداویستیانە بە چەکدارەکان بگەیەنین، بەلام رەشە رازی نەبوو گووتی:– " رایانسپاردووم کە کەسی دیکە لەوانەی ماون نابێ ئەم ناوە چۆڵ بکەن، تا بۆ هەر کارێکی پێویست و کوتو پڕی سازو ئامادە بن"، وە گوتیشی "چی خەڵکی رەشو رووتیش هەن روویان لەو هەردو کەژانە کردووە "، لەم قسانە بووین، تۆپ نزیکی گوندەکە دای لە زەوی، وردە وردە ژمارەیان زیادی دەکرد، تاوای لێهات تۆپ دەگەیشتە ناو گوند تەواو گوندەکەیان خستە بەر خاپور کردنەوە، تا دەهات خۆڵو تۆز بەری ئاسمانی دەگرت، خانوو لە دوای خانوو دەڕوخانو خاپوور دەبوون، رێگای نێوان گوندو باخەکەیان بە هەمان دەرد بردوو خستیانە ژێر بۆردومان کردنەوە، ئەو بیرەمان لە کەللەمان دەرکرد کە بەرەو باخەکە بگەڕێینەوە، رەشەو رەئوف وایان بڕیاردا کە وەکو خەڵکانی دیکە روو بکەینە ئەو هەردانە، راکەمان پەسەند کردوو کەوتینە رێ، وە گووتمان کەی ناوچەکە ئارام بۆوە دەگەڕێینەوە، قۆناغێك لە گوند دوور کەوتینەوە، لە لاپاڵێك وەکو پەناگەیەك وەستاین، لە دوورەوە دەماندی لە گوندەکانی دیکە دوکەڵ بەرز دەبۆوە، پاش ماوەیەك ولە دوورەوە سوپایەك چەشنی کوللەبەرەو لای ئەملاوە دەکشان، ئەو دیمەنەمان بینی دیار بوو کە چ هێزێك لە روویان ناوەستێو خۆی ناگرێ، ئێمە هەروا تێمان دەڕوانین و ئەوانیش تا دەهاتن نزیك دەکەوتنەوە تا گەیشتنە گوندەکەو هەندێ لەوێ گیرسانەوەو هەندێکی دیکەیان لە رۆیشتن نەوەستان و بەرەو لای باخەکە دەچوون، ئێمە تەواو هیوا بڕاوی گەڕانەوە بووین چ نەبێ ئەو رۆژە، ئێمە زۆر دوور نەبووین لە گوندەکە، لە ناکاو دەستیان کرد بە تۆپ بارانکردنی ئەو کەژو کێوانە، وایان لێ کردین کە بیر لە شوێنیکی دیکە و پەناگەیەکی دیکە بکەینەوە، رەشە گووتی:

– "من شوێنێکی باش شارەزام و گەر ببیینن هەندێ لەم گرژیەتان دەرباز دەکاو بە بینینی شاد دەبن"، من وای بۆ چووم کە شوێنێکی چوون سەیرانگا بێت و سروشتێکی دڵگیرمان نیشان بدات، ناچار بووین کە بە دوای بکەوین و خۆمان لەو تۆپبارانە قوتار کەین، بە شوێنی سەختیا دەبردین دڵنیا بووین لەوەی کە کەسێ بەو رێگایە دوومان ناکەون، ماوەیەك پێچاو پێچی ئەو کەژو کێوانەی پێکردین تا لە پڕ بەرامبەر دیوارێکی بەردە کەڵەك رای گرتین و گووتی "ئەو شوێنەی باسی دەکەم لە پشتی ئەم بەردانەوەیە گەر دەتوانن یارمەتیم بدەن ئەم بەردانە دووربخەینەوە"، بەردەکان بەردی گەورەو سەنگین بوون ئەوەندەمان دەتوانی تلیاندەین، بۆمان بەرز نەدەکرانەوە، بە تەهای گووت ئەو بارەکان بخات، ئێمەش دەستمان

کرد بە رمان و خلۆر کردنەوەی ئەو بەردانە، وردە وردە لە پشتی ئەو بەردەکەڵەکانە بەردێکی گەورەی چوون تابلۆیەك دەردەکەوت، کە تەواو بەردەکانمان نەهێشت دیمەنی ئافرەتێکی هەڵقەندراوی زۆر قەشەنگ دەرکەوت، رەشە پێی گوتین: - "ئەمە تابلۆ ناودارەکەی هەیبەتە، هەیبەتی دایکی فەتە دەس مەعدەن، کاتی خۆی نیگارکێشێکی بلیمەتی ئاشق نەخشاندوویەتی"، گوتی" کەم کەس ئەم تابلۆیەی دیوە، ئەوانەشی شوێنەکەیان پیٚ زانیوە نەیانوێراوە لای کەس بیدرکێنن، نەکا فەتە پیٚ بزانێتو ئێسکو پروسکی تێك بشکێنیٚ، فەتە لە بەری گران بووەو ویستوویەتی ونی بکات و نەبێتە وێردی سەر زمانی خەڵکی"، گوتیشی "فەتە زۆری هەوڵداوە وێنەکە بشێوێنیٚ، بەڵام بەردەکە ئەوەندە پتەوە دەستەڵاتی بە سەردا نەشکاوە".

بەڕاستی ئەو نیگار کێشە بلیمەت بووە، شێرۆ پێشتر هەندیٚ جار ناوی دەبرد بەڵام من نەمدەزانی بەو رادەیە بە تواناو خاوەن بەهرە بووە، ئەوەی ئەو نیگارو تابلۆیەی بدیبا جگە لە بلیمەتی نیگارکێشەکە، ئەو جوانیە بیٚ وێنەیەی ئەو هەیبەت ناوەی بۆ دەردەکەوت، وە ئەو تابلۆیە نەمریەکی بەو ژنە شۆخە بەخشیبو، کە تەواو دیقەتی ئەو تابلۆیەمانداو چاومان پێی حەساندەوە، رەشە بەرەو پشتی تابلۆکەی بردین و گووتی "ئەوەش شوێنی حەسانەوەو ماڵی تازەمانە" مەبەستی ئەشکەوتێك بوو کە کەوتبوە پشتی تابلۆکەوە، گووتی: - "ئا لێرە دەمێنینەوە تا خوا دەرویەکمان لیٚ دەکاتەوە"، چووینە ئەشکەوتەکەوە هەروا چاوێکمان پیدا خشاند، ئەوەندە مانوو بووین کەسێکمان توانای نە قسە کردن و نە بیر کردنەوەمان نەمابوو، هەر کەسێکمان لە لایەکەوە خۆیدا بە عەرددا، من پشتم دایە دیواری ئەشکەوتەکەوەو تۆزیٚ خۆم بەرەو پێشەوە پاڵناو چاوەکانم نوقاند، کاتیٚ چاوم کردەوە ناو ئەشکەوتەکە بەرەو تاریك بوون دەچوو، بەڵام هێشتا رووناکی لە دەرەوە دەبینرا، ئەوانیش نوستبوون، وام هەست دەکرد میزڵدانم وەختە بتەقیٚ لەوانەیە هەر لە بەر ئەوەش بووبیٚ بە ئاگا هاتبم، دەرچوومە دەرەوەو خۆم لەو ئازارە رزگار کردو چوومەوە پێش تابلۆکە بەو ئێوارەیە جۆرێکی دیکەی دەنواند، زەردەی خۆری لە سەر بوو رەنگی بە تابلۆکە دابوو، من وامدەزانی نیگار کێشەکە ئەو بەردەی بە پیٚوە بۆ ئەو مەبەستە راگرتووە، بەڵام وا نەبوو ئەو بەردە سروشت بەو جۆرەی ئامادە کردبوو بۆ نەخشاندنی نیگاری هەیبەت، لە ناو بارەکان گۆزەیەکی ئاو هەبوو، دوو سیٚ قوم ئاوم خواردەوەو ویستم بەرەو ناو ئەشکەوتەکە بگەڕێمەوە، رەئوف بەرەو دەرەوە هات گوتی:

- "کات ئێوارەیە". گوتم:

– "بەڵێ"، هەندێ جەستەمان حەسابووەوە، پاشان تەهاو رەشەیش هاتنە دەرەوە، رەشە بە لای راستدا پێچی کردەوە وامزانی دەڕوا دەست بە ئاو دەگەیەنێ، بەڵام ئەوەندەمان زانی لە سەرەوەی ئەشکەوتەکە بانگی لێکردین و گووتی:– "گەر دەتوانن وەرنە سەرەوە". ئەو شوێنەشی پێ نیشان داین کە لێیەوە چووبوە سەرەوە، بە هەرچی حاڵێ بوو خۆمان گەیاندە لایو بە دەست ئیشارەتی بەرەو لای گوند کرد، دووکەڵ بەرەو ئاسمان بەرز ببۆوە دیار بوو لە زووەکەوە بوو گوندەکەو باخەکەشیان ئاگر تێبەردابوو، دوکەڵی باخەکە گەلێ زۆرو چڕو پڕ بوو دیار هێشتا لە گەرمەی سوتاندا بوو، ئەو دیمەنە ترسناکو ناخۆشە تەواو سەرو دڵی گرتین، من خۆم گریانێك بەری قوڕگی گرتبووم ئاگام لێبوو رەئوف چاوەکانی دەسڕتن، لەو ساتەدا گوێمان لە نارە نارێکی کز بوو، تەها لە شوێنێك وەکو کەسێکی تۆقیو کروشکەی کردبوو، نارە ناری ئەو بوو هەرسێکمان تەماشایەکی یەکترمان کردوو بێدەنگ وەستاین، ئەوە یەکەم دەنگێ بوو پاش مردنی ئافتاو لە تەهامان دەبیست، هەر وەکو هەموو جار کەم کەم دەنگی بەرز دەکردەوە بەڕاستی کاتی زۆر سەیرو سەمەرەو گونجاوی هەڵدەبژارد بۆ چڕینی ئەو گۆرانیە، ئەو دەنگە بەربەستی فرمێسکەکانی تێك شکاندو هەمووومان دەستمان کرد بە گریانێکی روون و ئاشکرا، ئەو دەنگە خەمناکو سازگارەی لە پێچی کێوەکان دەنگی دەدایەوەو کەس نەیدەزانی ئەو ئاوازە تا کوێ بڕ دەکا، گۆرانی دەگوت و بە خوڕ فرمێسکی هەڵدەڕشت، باوەشم پێدا کردوو بە دەم پڵمەی گریانەوە گووتم:

– "تەها گیان ئەم دەنگە روناکە چۆن لەم تاریکستانە پەیدا بووە؟" تەها گۆرانیەکەی بڕیەوەو دایە گریانێکی بە کوڵ دەتوت منداڵێکی چوار پێنج ساڵانە، ئێمە کەفو کوڵمان دامرکابووەوە، بەڵام ئەو نەیدەبڕیەوە، هەمو کەوتینە دڵنەوایی کردنی، ماوەیەك لەو بەرزیەدانیشتین تا تەها هێور بۆوە ئەوسا دابەزینە خوارەوە، رەشە گۆزە ئاوەکەی هەڵگرت و هەندێ ئاوی بە دەمو چاوی خۆیدا کرد، گووتم:

– "کاکە رەشە ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە بمێنێ زەرورترە"، گوتی:

– "دەمو چاوێ بشۆن ئاو دەست دەکەوێ". دیار بوو ئاوێکی لەو ناوە شك دەبرد زۆرمان حەز لێ بوو دەمو چاوێ تەڕکەین، کە گۆزەکەمان بەتاڵ کرد هەڵی گرت و گووتی:– " ئێستە دیمەوە". ئێمەش کەوتینە ئامادە کردنی خواردن چەند ئەستورکێ لە هەگبەیەکدا بوو لە گەڵ هەندێ کەشکو دۆینە و چەند شتێکی دیکە، تا ئێمە دانیشتین رەشەیش بە گۆزەیێ ئاوەوە هاتەوە، رەشە مەشخەڵێکی دایساندو ناو ئەشکەوتەکەی پێ روناك کردەوە، هەندێ خواردنمان خوارد، من لەوان زووتر دەستم کێشایەوە، چاوێکم بە ئەشکەوتەکەدا گێڕا

نوسراوێكی نارێكم له سهر بهردێك بهدی كرد، لێی نزیك كهوتمهوه لێی نووسرابوو گۆڕی چیرۆكیٚ، باوهڕم به چاوهكانی خۆم نهدهكرد، بهردهكهم لادا كونێك له پشتیهوه بوو، دهستم به كونهكهدا كرد تورهكهیهك هاته دهستمهوه كۆمهڵیٚ كاغهزو كهرهسهی نیگار كێشانی تێدا بوو، كه كاغهزهكانم به یهكدادا ههندیٚ بیرهوهری تایبهتی خۆی و دهڤهرهكهی تێدا تۆمار كردبوو، كه دهبوو ببێته سهر دێڕی چیرۆكیٚ كه روویدابوو، ئهوه باشترین ههوێنێك بوو بۆ نووسینهوهو تۆمار كردنی ئهو شتانهی دیبومان لهو ماوهیه، ههموو ئهو بیرۆكهیهیان به دڵ بوو ، دهستمان كرد به نووسینهوهی ئهوانهی كه دیومانن، ههر كهسهو ئهوهی دیبووی دهیگێڕاوهو منیش بۆم دهنووسینهوه، به چهند رۆژێك ئهو كارهمان تهواو كرد، پاش ئهو چهند رۆژه نوسراوهكانی نیگار كێشهكهو ئهوانهی خۆمانیشمان له گۆزهی ئاوهكه ناو له ههمان كونمان شاردهوهو ههمان بهردمان نایهوه دهمهكهی و بهڵام بهو هیوایهی به ڕاستی نهبێته گۆڕو رۆژیٚ له رۆژان بهر رۆشنایی بكهون، هیوامان به نهمری ئهو تابلۆیه بوو كه نهوهیهكی دیكه له زهمهنێكی دیكه بۆ دیتنی ئهو تابلۆیه روو لهو شوێنه بكهن و ئهو نوسراوانهشیان بێته پێش چاوو بزانن كه شهڕی خۆركه چی پیٚ كردووین و چۆن ئهم نیشتمانه ههرگیزٚ له هێرش و پهلاماری داگیر كهرانی قڕكهریش دوور نهبوه. كه لهو كاره بووینهوه بڕیارماندا له ئهشكهوتهكه دهرچین و بكهوینه سهرو سۆراخی ئهوانهی كه دهماننناسین له خهڵكی باخهكهو گوندهكهش، من كهسێكی وام نهبوو بڕیارمدا له تهها جودا نهبمهوهو بكهوینه ههوڵی دۆزینهوهی دایكی گهر مابیٚ، گهر نهشماندۆزیهوه ئهوه ببینه ههموو كهسێكی یهكتر، زۆرم هیوا بهو كوڕیژكه دڵ روناكه ههیه.